# پەکەکە و پرسی کوردستان

## خوێندنەوەیەکی پەیماننامەی کەجەکە

**کەماڵ سولەیمانی**

2022

# پەکەکە و پرسی کوردستان
# خوێندنەوەیەکی پەیماننامەی کەجەکە

**کەماڵ سولەیمانی**

**٢٠٢٢**

پەکەکە و پرسی کوردستان
خوێندنەوەیەکی پەیماننامەی کەجەکە

ناوی ئینگلیسی:
PKK and the Kurdistan Question
A Critical Reading of the of KCK's program
نووسەر: کەماڵ سلیمانی
چاپی: یەکەم ٢٠٢٢


| | |
|---|---|
| ISBN: 978-82-693019-0-8 | بۆ چاپ |
| ISBN: 978-82-693019-1-5 | بۆPDF |
| ISBN: 978-82-693019-2-2 | بۆePub |


٢٠٢٢ @وەشانخانەی کۆمەڵگەی زارا
ZARA BOOKS

# پێڕست


پێشەکی ........ 5

**بەشی یەکەم ........ 15**

چاوخشاندنێک بەسەر پەیماننامەی کەجەکەدا ........ 15

کۆنفیدراڵیی دێمۆکراتی، سەروەریی سیاسی و سنوور ........ 22

کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی و پارادوکسی ناسیۆنالیزم ........ 25

دەوڵەتی یونیتەر (مەرکەزگەرا) ........ 34

کەجەکە و مافی چارەی خۆنووسین ........ 49

پەیڕەو کردنی یاسای مەرکەزگەرا و دێمۆکراسی جیهانی ........ 57

کەجەکە و تێگەیشتن لە دەسەڵات ........ 59

کەجەکە، دەوڵەت و بەڕێوبەریی ئایدیۆلۆژیکی ژیان ........ 68

**بەشی دووهەم ........ 79**

پەیماننامە، پێشینەی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیک ........ 79

**بەشی سێهەم ........ 119**

کوردایەتی، داگیرکەری و کۆڵۆنیالیزم ........ 119

دواوتە ........ 155

سەرچاوەکان ........ 167

## پێشەکی

لە دوایین لاپەڕەکانی پێداچوونەوەم بەسەر شیکردنەوەی پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (Koma Civakên Kurdistanê کەجەکە)دا، تووشی هێندێک گوتەی سەرسووڕهێنەری عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بووم کە لە یەکیاندا دەڵێ: «لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم، نە دەوڵەت دادەمەزرێ و نە شتێک دەکرێ. ئیزنی ئەو شتە نادەن» (Demokratik Kurtuluś، 2015: 51). دوای نزیک دوو دەیە پڕوپاگەندەی پەکەکە سەبارەت بە لەنێوچوونی حەتمیی دەوڵەت-نەتەوە، سەرسووڕماویی لەم گوتەیە بە جێی خۆی؛ لە خۆم پرسی کە چۆن ڕێبەرێکی سیاسیی دەتوانێ تا ئەو ڕادەیە سەبارەت بە ئاکامی تراژیکی سیاسەتی دوو دەیەی ڕابردووی خۆی خوێن سارد و بێ باک بێت؟ دەست هەڵگرتنی پەکەکە لە دەوڵەت لەبەر کات بەسەرچوویی بوو یان لەبەر ئەوەی بوو کە ناهێڵن کورد دەوڵەت دابمەزرێنێ؟

من کێشەیەکم لەگەڵ دروست یا هەڵەبوونی ئەم هەڵسەنگاندنەی ئۆجەلان نییە. تەنانەت، پێم وایە لە هێندێک بارەوە ئەم هەڵسەنگاندنەی ئۆجەلان تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییانە کە کورد لەگەڵیان ڕووبەڕووە وەکوو هەلومەرج، ستراتێژی، هەوڵی دەوڵەتان و ئیجماعی نەتەوەکانی زاڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدژی کورد. ڕاستە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەت، دەوڵەتان و دامەزراوە سیاسییەکان بە گشتی، دژی سەروەریی نیشتمانی کورد یان کوردایەتین و، بە ئاشکرا کۆردۆفۆب و دژە کوردن. تەنانەت توانیویانە ئیجماعێکی زۆر گەورەی نێونەتەوەییش دژی هەر جۆرە کیانێک کە ناسنامەی کوردی هەبێت، ساز بکەن. ئەوە جگە لەوەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرکام لەم وڵاتانە بەشێوەیەک هەموو ئاپاڕاتوسە دەوڵەتییەکانیان بۆ پەرەپێدان بە کوردۆفۆبیا و سازکردنی سووژەی نەتەوەیی دژە کورد بەکارهێناوە کە دژایەتی لەگەڵ کوردیان کردووەتە بەشێک لە کەلتووری گشتیی و سیاسیی کۆمەڵگاکانیان.

ئەوە دەتوانێ هەم تێگەیشتنێکی ڕاست بێ و هەم دانپێدانانێکی بەجێ، بەڵام ناوەخت. ڕاستە کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کۆردۆفۆبن. هەر سیاسەتێکی کوردیش کە ئەم ڕاستییە بشارێتەوە، بێگومان چەواشەکاری دەکا و سەر لە کورد دەشێوێنێ. بۆیە تەواوی ئەم باسانەی سەبارەت بە برایەتیی گەلانیش دەکرێن، سەر لە کورد دەشێوێنن. چونکە هیچ گەلێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە کە لە سەدەی ڕابردوودا، نەک بە برا، بەڵکوو کوردی تەنانەت بە مرۆڤی خاوەن مافیش زانیبێت. لە سەدەی ڕابردوودا، د. جەماڵ نەبەز گوتەنی، پێش ئەوەی کورد داوای مافی خۆی بکات جارێک ئەو گەلانە گوتاری برایەتییان نەورووژاندووە. غەیرە کورد تەنیا کاتێک باسی برایەتیی کوردی کردووە کە ویستوویەتی کورد بێدەنگ بکات و داواکارییە سیاسییەکانی کورد نائەخلاقی نیشان بدات. ئەمەیش، سنووری ئایدیۆلۆژییەکانی تێپەڕاندووە و هەموو هێزەکان، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە سێکۆلارەوە بۆ دینی، دەگرێتەوە.

بەڵام، تاڵیی ئەم ڕاستییانە ناتوانن ببنە پاساو بۆ سەرلێشێواندن و بردنی کورد بەرەو ئەو هەڵدێرە هزری و سیاسییەی کە پەکەکە سازی کردووە. وێدەچێ سەدەیەکی دیکەش کورد لەو سەرلێشێواوییەی کە پەکەکە سازی کردووە، ڕزگاری نەبێ. ئەم ڕستەیەی سەرەوەی ئۆجەلان دانپێدانانە بەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێزن نادەن سنوورەکان بگۆڕدرێن. کەچی نەک گۆڕانی سنوورەکان، بەڵکوو ئێستا هەزاران گەنج و لاو پێیان وایە بەم زووانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سنوورەکان هەر نامێنن. پرسیار ئەوەیە دوای ئەوە هەموو مزگێنیە جۆراجۆرانە، بۆچی ئۆجەلان لە ساڵی ٢٠١٣، لە زینداندا ئەویش تەنیا لە یەک ڕستەدا ئەو ڕاستییە باس دەکات؟ باشە هیوا و هۆمێدی و قوربانی خەڵکی کورد لە چ لایەنێکی وەها سیاسەتێکدا، کەمترین حیسابی بۆ کراوە؟

دیارە لەم نوسراوەیەدا هەوڵم داوە ئیعتیبار و مەرکەزییەتی تەواو بدەم بە دەقی نووسراوەکانی ئۆجەلان و، پەیماننامەی کەجەکە. تا ڕادەیەکی زۆر، هەر وەکوو ئەوەی ئەم دەقانە تەنیا سەرچاوەی تێگەیشتنی من لە ستراتێژیی ئۆجەلان و پەکەکە بن. هەوڵم داوە تا ئەو جێگایەی دەکرێ نەچمە دەرەوەی شیکردنەوەی دەق و زۆر کەم کتێب و سەرچاوەی دەرەکی بۆ باسەکە بەکار بێنم. دەزانم ئەم نووسینە ڕەنگە زۆر مرۆڤی دڵسۆز دڵسارد بکاتەوە، بۆیە تا ئەو جێیەی بۆم کراوە، زۆرتر پرسیار دەکەم. چونکە خودی دەقەکان بە ڕادەیەک شتی سەرسووڕهێنەریان تێدایە کە پێویست بە ڕاڤە و لێکدانەوەی مووقەڵشێن ناکەن. بۆ نموونە لە دوایین ساتەکانی کار لەسەر ئەو نووسراویەدا دیتم کە لە خودی دەقەکانی ئۆجەلاندا بەڵگە هەیە کە دامەزراندنی کەجەکە هیچ پێوەندییەکی

به بانگەشەکانی لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە یان بە گۆڕانی فەلسەفی و پاڕادیمی لە بیر و ڕای ئۆجەلانەوە نییە. بەڵکوو بە ئیعترافی خودی ئۆجەلان، دامەزراندنی کەجەکە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەلومەرجی ئۆجەلان و سازانی ناوبراو لەگەڵ تورکیا هەیە.

بە وتەی خودی ئۆجەلان، دامەزرانی کەجەکە بە ئاگاداریی و ڕەزامەندیی دەوڵەتی تورکیا بووە و، لە ئاکامی دانیشتنەکانی ئۆجەلان لەگەڵ ڕێکخراوە دەوڵەتی و ئەمنییەتییەکانی تورکیا هاتووەتە دی. ئەگەر نەڵێین جگە لە بەرژەوەندیی ئۆجەلان، دامەزرانی کەجەکە لانیکەم هیچ پێوەندییەکی بە چارەسەریی پرسی کوردی لە دەرەوەی باکوور نەبووە. ئۆجەلان بە ئاشکرا باس دەکات کە بۆ دامەزراندنی کەجەکە شەرتی بۆ ئاکەپە داناوە. بە گوێرەی نووسینەکانی خۆی، ئۆجەلان بە ئەمرە (تانەر Emre Taner، ڕاوێژکاری میتی) کوتووە کە بە شەرتی دێمۆکراتیک کردنی تورکیا، ئامادەیە کە کەجەکە دابمەزرێنێت. لە پارەگرافی سێهەمی لاپەڕەی ٢٣٩ی کتێبی Demokratik Kurtuluş لە دیدارێکی لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئۆجەلان بە سرری سورەییا ئۆندەر دەڵێت کە "**با ئاکەپە قبووڵی بکات کە یەکینەیەکی موحافەزەکار (کۆنەپارێز)ی دێمۆکراتیکە. با ڕێگا بۆ دێموکراتیزاسیۆن بکەنەوە ئەگەر خوازیاری چارەسەری دێمۆکراتیکن. من لە زەمانی ئەمرە و ئەوان[1]دا بەو مەرجە کەجەکەم دامەزراند**" (جەخت کردنەوەکە ئیی نووسەرە، .(Demokratik Kurtuluş, 2015: 239

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ ڕێککەوتنێکی ئاوا چارەنووسساز، ١٠ساڵ دواتر لە یەک ڕستەدا و ئاوا بە سەرسەرەکی باس دەکرێت؟ شەفافیەت و مافی بەشداریی نوێنەرانی خەڵک بە جێی خۆی، بۆ دەبێت ئۆجەلان نەتەوەی کورد تەنانەت بە شایانی کورتە ئاگادار کردنەوەیەکیش نەزانیت؟ بەرژەوەندیی تورکیا لە دامەزرانی کەجەکە چ بووە کە ئامادە بووە لەبری ئەو، مەرجی ئۆجەلان قبووڵ بکات؟ تورکیا بە چ مەبەستێک لەگەڵ ئۆجەلان پێک دێت کە سیستەمێک بۆ هەر چوار بەشی کوردستان دابمەزرێنێت؟ ئەو پرۆژەیە کە (بە پێی ئەو بەڵگەیەی سەرەوە) لە باشترین حاڵەتدا پرۆژەی هاوبەشی تورکیا-ئۆجەلانە، کە وایە تورکیا، چ خەونێکی بۆ داهاتووی کورد لەو پرۆژەدا دیوە؟ ئایا دوایی ١٧-١٨ساڵ پەکەکە ئامادەیە ڕوونکردنەوەیەک بدات و بڵێ کە چەندە ئاگاداریی ئەو پێکهاتنە بووە؟ ئەگەر ئاگادار بووە بۆ تا ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بە کورد نەداوە؟ پژاک لە ٢٠٠٤ نزیک ساڵێک پێش کەجەکە دامەزراوە، ئایا پەیوەندییەک لە نێوان دامەزرانی پژاک و پێکهاتنی ئۆجەلان لەگەڵ تورکیا هەیە؟ ئایا پەیوەندییەک لە نێوان ئەو پێکهاتنە و دامەزراندنی کۆمیسیۆنی میساقی میللی لە ساڵەکانی ٢٠١٢ و

۲۰۱۳دا هەیە؟ (بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە بەشی یەکەمی ئەو پەرتووکە). ئایا پەیوەندییەک لە نێوان ئەو پێکهاتنە و هەوڵی پەکەکە بۆ وەکارخستنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان هەیە؟

وەڵامی ناڕوونی هەموو ئەو پرسیارانە لە جێگای خۆی. بەڵام بە جێگای نووسینی هەزاران لاپەڕە سەبارەت بە نەمانی دەوڵەت-نەتەوە و ئیهانەتی کەسانی وەک خەتیب دیجلە [1] بە ئاواتەکانی کورد، بە گوتنی "دەوڵەت-نەتەوەی کوردیمان لە زبڵدان هاویشتووە،" نەدەکرا تەنیا بڵێن ئێمە دەستمان لە دەوڵەت-نەتەوە هەڵگرتووە؟ نەدەکرا بە جێگای بەکارهێنانی پڕوپاگەندەی نێونەتەوەیی و دانی بەناو "موژدەی" هێنانی سیستەمێکی نوێی بۆ مرۆڤایەتی، تەنیا بڵێن کە ئێمە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە بە مومکین نازانین؟ نەدەکرا بە جێگای شەرمەزارکردنی تەنانەت مەیلی سەروەری نەتەوەیی کوردیش، تەنیا کورتە ئاگادارییەک بە هەزاران گەنجی گیانفیدای لایەنگرانیان بدەن؟ بەرپرسیارەکانی ئەو سیاسەتە چ وەڵامێکیان بۆ ئەو پیرە دایکانە پێیە کە ئێستاش خۆ بە قوربانی "ئاڵای کوردستان"ی ڕۆڵە گیان لەدەسچووەکانیان دەکەن؟ باشە ڕێبەر و پارتی سیاسیی نابێ سنوورێک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەست و شعووری لایەنگرانیان دابنێن؟ لانیکەم بۆ ئەوەی لایەنگرانیان هەست نەکەن هەڵیانخەڵەتاندوون؟ من هەمیشە پێم وابووە کە ئۆجەلان تۆسقاڵێک باوەڕی بەم شتانە نییە کە لە دوای گیرانییەوە دەستی پێکردوون. هەستم دەکرد لە ناچارییان ئەم شتانە دەڵێ. بەڵام، ئێستا بەشێوەیەکی دیکە بیر دەکەمەوە.

کە یەکەم جار ئەم ڕستانەی سەرەوەم دیتن، بە خۆمم گوت، ئەگەر هەر لە یەکەم ڕۆژەکاندا دیبامن، هیچ پێویست نەبوو کاتی خۆم لەسەر شیکردنەوەی پڕۆژەیەک دابنێم کە خاوەنەکەشی باوەڕی پێی نییە. بەڵام، دواتر بیرم کردەوە کە ئێستاش هەزاران گەنج و لاوی دڵپاک، سەدان پاساو بۆ ئەم بیرۆکەیە دەهێننەوە و، تەنانەت زۆریش دڵگرانن کە کەسێک ڕەخنەشی لێ بگرێت. هەروەک لە بەشی دووهەمی ئەم نووسراوەیەدا باسم کردووە، ئەمە ڕاستی و واقعییەت نییە کە زۆربەی مرۆڤەکان بەرەو قبووڵی باوەڕ و ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت هان دەدات؛ هەربۆیەش واقعییەتەکان بە ئاسانی ناتوانن باوەڕمەندەکان هان بدەن کە دەست لە ئایدیۆلۆژییەک هەڵبگرن. بۆیە، سوور بووم کە هەرچۆنێک بێت ئەم نووسراوەیە بڵاو بکەمەوە.

[1] https://archive.fo/wip/YZdB9

لەوە ناخۆشتر، هێشتا لە شۆکی دیتنی ئەم ڕستانەی سەرەوە ڕزگار نەبووم کە تووشی ئەوانەی خوارەوە بوومەوە کە ئۆجەلان لە دیدارێک لەگەڵ "سەلاحەددین دەمیرتاش و پەروین بۆڵدان"دا بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ: "[کەماڵ] بورکای باسی فلان جۆرە چارەسەریی فیدراڵی دەکا و، سنوور بۆ کوردستان دیاری دەکا. ئەم سنوورانە لە کوێوە دەست پێ دەکەن و لە کوێ کۆتاییان پێ دێ؟ ئەو [فۆرمۆڵەی چارەسەری]ی ئێمە لەسەر بنەمای سنوور نییە. [فۆرمۆڵی] ئێمە هەم کوردانی ئیستەنبوڵ و هەم کوردانی هەکاری دەگرێتەوە. ...ئەگەر، ئێمەش بمانتوانیبایە وەک بارزانی بەرەو دەوڵەت-نەتەوە دەچووین، بەڵام ئەم [کارە] بەبێ شەڕ ناکرێت" (Demokratik Kurtuluś، 2015: 112). بەڵام، کەس نییە بە کورد بڵێ ئەگەر فۆرمۆڵی ئۆجەلان سنووردارە بە کوردی هەکاری و ئیستەمبوول و نێوانی ئەو دووشارە، بۆ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ناگەڕێن کە بۆ خۆیان فۆرمۆڵی گونجاو بۆ خۆیان ببینەوە؟ بۆ ئیزن بە خۆیان دەدەن کە فۆرمۆڵی هاوبەشی ئۆجەلان و تورکیا بەسەر بەشەکانی دیکە دابسەپێنن؟

ئەوە لە حاڵێکدایە لایەنگرانی پەکەکە لە ٢٠ساڵی ڕابردوودا، هەر کەس بە درۆش باسی دەوڵەتی کوردی کردبێت، بە دوژمنی مرۆڤایەتییان لەقەڵەم داوە. بەڵام ئۆجەلان تازە دەڵێ، ئەگەر منیش لە جێی بارزانی بام و نیگەرانی درێژەی شەڕ نەبام، هەر ئەو کارەم دەکرد، یان دوای سووککردنی چەمکی کوردایەتی، تازە لە ٢٠١٤ با دەداتەوە و دەڵێ "**من ئیزن نادەم کوردایەتی لە پاوانی (BDP)دا بێ. کوردایەتی مەکەنە ماڵ بەسەر بارزانی و لەیلا [زانا]وە، ئەوە مەترسیدارە. لەیلا باری کوردایەتی پێهەڵناگیرێت** (جەخت کردنەوەکە ئی نووسەرە،239: Demokratik Kurtulus, 2014 ). بەڕاستی ئەم سیاسەتە بۆ چییە؟ ئامانجی دوارۆژی چییە؟ ئەگەر تەنانەت، سەربەخۆییش شایەنی شەڕ نییە، بۆ لانیکەم پێش بە شەڕی ئیحتیمالیی کورد لەگەڵ کورد ناگرن؟ ئەگەر ئەم هەموو فەلسەفاندنە بۆ خۆپاراستن لە شەڕ بووە، ئەدی کوا ئاکامەکەی؟ بەڕاستی نەدەکرا ئۆجەلان لەجیاتی مزگێنیی لەنێوچوونی سنوورەکان و خەیاڵاتی کردنی هەزاران کورد، تەنیا هەوڵی دابا بەستێنەکانی شەڕی نێوخۆیی نەهێڵێ؟

کە بچینە سەر "مزگێنی"ییەکەی ئۆجەلان، هەر وەکوو لە سەرەوە بەڵگەم هێناوەتەوە، ئۆجەلان بۆخۆی باوەڕی پێی نییە. وەکوو ڕێز لە خوێن و قوربانیی هەزاران گەنج و لاو، لەم نووسراوەیەدا هەوڵ دەدەم بە جیددییەت هەڵسوکەوت لەگەڵ پڕۆژەی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (کەجەکە) بکەم و شی بکەمەوە. لەم نووسراوەیەدا ویستوومە

بەوردی مزگێنییەک لێک بدەمەوە کە ئۆجەلان بە ناوی سیستەمی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (کەجەکە) پێناسەی دەکات. ئەم سیستەمە کە لەسەر بنەمای "کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتی" دادەمەزرێت و کۆنفیدڕاڵیزمی دیمۆکراتیش وەک جۆرێک لە "چارەسەری دیمۆکراتیک" بۆ کێشەی نەتەوایەتی و دەوڵەت-نەتەوە لە ڕێی سازکردنی "نەتەوەی دیمۆکراتیک"ەوە پێشنیار کراوە. نەتەوەی دیمۆکراتیکیش گوایە جۆرێک لە دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆی گەلانە و، بەدووره لە کاریگەریی ئینتیما و، لایەنگریی تایبەتیی هیچ گرووپێکی ئیتنیکی یان نەتەوەیی نییە. ئەگەر بپرسین پێویستیی دانانی وشەی دیمۆکراتی لە دوای هەر وشەیەک لە چیدایە؟ وەڵامەکەی دەبێ لەم ڕستانەی ژیژەکی فەیلەسووفدا بدۆزینەوە کاتێک دەڵێ "هەتا دێ [باسی پرسی] دیمۆکراسی دەبێ بە باسێکی هەڵە، بە هۆی بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری و ئەمەش بووە بە چەمکێکی بێ ئێعتیبار، ڕەنگە پێویست بێ ئەو ڕیسکە بکەین و لێگەڕێین کە بەتەنیا دوژمن ئەو چەمکە بەکار بهێنێ” (Zizek, 2004a). دیارە ئەو پێداگرتنە زۆرە لەسەر فۆڕم و سیستەم و بەستنەوەی هەموو شتێک بە هاتنەدی سیستەمێک، دوو قوربانیی سەرەکی هەیە: یەکیان ئازادییە و، دووهەمیشیان سەروەریی کوردە. لێرەدا، دەرفەت و مەجالی ئەم باسە نییە، بەڵام ئەگەر سەدەی ڕابردوو لە مێژوودا ئەزموون و وانەیەکی دابێ، یەکیان وادە و بڵێنی مەهدییانە بووە. یانی ئەو بانگەشەیە کە سیستەمی ئایدیالی ئی ئێمەیە و کە هاتەدی، هەموو کێشەیەک چارەسەر دەکات و هەموو بایەخێک لەو سیستەمەدا وەدی دێ. کە سیستەمیش دامەزرا، هەموو شتێکی مرۆڤیش دەبێ قوربانی ئەو نیزام و سیستەمە موقەدەس و پیرۆزانە بکرێت.

هەم چەپی دەوڵەتگەرا و هەم ئیسلامیستەکان بە بەردەوامی ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤیان بەستووەتەوە بە هاتنەدی دەوڵەت و سیستەمی خوازراوی خۆیان. ئەو کەسانەی شارەزای ئیسلامی سیاسیین، دەزانن کە چۆن وادەی عەداڵەتی ڕەها دەدات. بەڵام لە حاکمییەتدا، هێمای ئەم عەداڵەت و دادپەروەرییە تاڵیبان، داعش، کۆماری ئیسلامی و حکومەتی ئاکەپە بووە. تەنانەت ئاکەپە سەردەمێک وەکوو مودێلی سەرکەوتوی دیمۆکراسیی ئیسلامی دەناسرا. ئیسلامیستەکانی تورکیا لە٩٠کاندا ڕەخنەیان لە کەمالیستەکان دەگرت و دەیانگوت کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا لە سایەی برایەتیی ئیسلامیدا، مەسەلەی کورد چارەسەر دەکرێت. بەڵام، ئێستا کە دەسەڵاتیان هەیە، دەڵێن هەر جێیەک کوردی لێیە، مافی کوشتاری کورد و مافی داگیر خاکەکەیان هەیە. پڕۆژەی ئۆجەلانیش کە بەختەوەریی کوردی بەستووەتەوە بە هاتنەدیی سیستەمی

کۆنفیدرالیزمەوە، هەروەک لەم نوسراوەیەدا نیشانم داوە، بەبێ ئەوەی ئەو سیستەمە ئیمکانی هاتنەدیی هەبێ، بووەتە هۆی لەدەستچوونی خودی کوردایەتیەک کە دەڵێ "لە لەیلا زانای مەکەن" بە بار.

پڕۆپاگەندە و باوەڕی گشتی لەنێو لایەنگرانی پەکەکەدا وایە کە ئەو پڕۆژەیە لە بنەڕەتەوە "دێمۆکراتییە"، بەو مانایە کە دەبێ دوایی بە دەوڵەت-نەتەوە بێنێ و گوایە دەوڵەت-نەتەوە گەورەترین لەمپەرە لەبەردەم دێمۆکراسیدا. بەڵام، هەروەکوو، بەتایبەتی لە بەشی یەکەمی ئەو نووسراوەیەدا بەڵگە دەهێنمەوە، ئۆجەلان دەیان شتی جۆراوجۆر و دژبەیەک دەڵێ و، هەر بۆخۆشی ڕاشکاوانە دەڵێ کە کۆنفیدرالیزمی دێمۆکراتی بە مانای لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە نییە. بەڵکوو هەم دەوڵەت-نەتەوە و هەم کۆنفیدرالیزمی دێمۆکراتی دەتوانن لەژێر یەک میچدا جێگایان بێتەوە. سەرەڕای ناوزەدکردنی دەوڵەتی یونیتەر و ناوەندگەرا بە فاشیزم و تۆتالیتەریزم، لە باسی تورکیادا، ئۆجەلان لە جێگای جۆراوجۆردا دەڵێ کە هەم سنوور و هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناوەندگەرای تورکی قبووڵە. تەنانەت، دەشڵێت دەوڵەت-نەتەوە ڕێخۆشکەرە بۆ گەشەی دێمۆکراسی. بانگەشەش دەکا کە دەوڵەتی کۆماری (جمهوریی، وەکوو ئەوەی تورکیا)، سیستەمی ئایدیالە بۆ هاتنەدیی دێمۆکراسیی خوازراوی ئەو و بۆ سازکردنی "نەتەوەی دێمۆکراتیک" (Demokratik Ulus).

ئۆجەلان لە کتێبی جۆراوجۆردا ئەم شتانە باس دەکات. بەڵام من زۆرترین سەرنجم خستووەتە سەر شیکردنەوەی پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (کەجەکە) کە ڕاستییەکەی یاسای کۆمەڵگەی ئایدیالی پەکەکە و، خۆڵقێنەری کەجەکەیە. ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕەسمی بە زمانی تورکی بڵاو کراوەتەوە و، وەرگێڕاوی کوردیی نێوەڕاست (سۆرانی)یەکەشی لە ساڵی ٢٠٠٨دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠١٦دا پێیداچوونەوە و، وەرگێڕاوی کوردیی سەروو(کورمانجی)یەکەش چاپ کراوە. لە زۆر جێیاندا وەرگێڕانەکان زۆرباش نین و لە زۆر جێیانیش چەمکە بنەڕەتییەکان بەهەڵە وەرگێڕدراون. وەرگێڕاوە کورمانجییەکە تا بڵێی بە زمانێکی سەقەت وەرگێڕدراوە. بۆیە لێرەدا هیچ کەڵکم لە کورمانجییەکە وەرنەگرتووە و تا ئەو جێیەی توانیومە، کەڵکم لە سۆرانییەکە وەرگرتووە. بەڵام، لەو جێیانەی هەستم کردووە کە دەبێ لە ڤێرژنە تازەکە کەڵک وەربگرم، تورکیاکەم دەکار کردووە. دیارە لە شتە بنەڕەتییەکاندا لە باری نێوەرۆکی یاسایییەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ڤێرژنە کۆن و نوێیەکەدا نییە. لە هێندێک بارەوە ڤێرژنی پێشوو ئازادیی زۆرتریشی تێدایە.

له چەند مانگی ڕابردوودا، لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ١١ بەشی کورتدا لایەنی جۆراوجۆری ئەم پەیماننامەیەم شی کردەوە. بە پێی ئەوەی کە خوێنەران لایەنگری چ پارتییەکی کوردی بوون، کاردانەوەی جیاجیا سەبارەت بە شیکردنەوەکانی من هەبوو. لایەنگرانی پەکەکە، تەنانەت کەسی بەرپرسیاریشیان وەڵامەکانیان لەڕادەبەدەر توندوتیژ و، زمانی وەڵامدانەوەکەیان پڕ لە تۆمەت و جنێو و بوختان بوون. ٣ کەس بە ناوی خوازراوی ژیرۆ، زنار سۆزدار و ئاراس کاردۆخ بە نووسین وەڵامیان دابووەوە. ژیرۆ و سۆزدار سەرەڕای تاوانبارکردنی من بە قەڵەمفرۆشی و خزمەت بە پرۆژەی تواندنەوەی کورد و کار بۆ بارزانی و ئەم شتانە، سۆزیان دابوو کە بەوردی وەڵامی "چەواشەکارییەکانی" من بدەنەوە. بەڵام، دوای ٥ یان ٦ مانگ هیچیان دیار نییە. دیار بوو کە ژیرۆ پێشتر پەیماننامەی کەجەکەشی نەخوێندبووەوە. تەنانەت، نەیدەزانی لە نووسینەکانی مندا کامە ڕستەیان ئی من و، کامەیان ئی ئۆجەلانن. تەنیا کەسێک کە بەبێ پشووسواربوون، وەڵامێکی ٤ بەشی لەسەر قەندیل پرێس نووسیبوو، "ئاراس کاردۆخ" بوو. ئێستاش وەڵامەکانی کاردۆخ لەسەر قەندیل پرێس هەن و، داوا لە خوێنەران دەکەم بیانخوێننەوە. وەڵامەکان منیان قانع نەکرد، بەڵام لانیکەم وەکوو ئەوانی دیکە ئابڕووی ئەو فیکرەی نەبردبوو کە بەرگری لێ دەکات.

پاش نووسینی پێنج شەش کورتە شیکردنەوە، ڕۆژێک ئاگادار کرامەوە کە لەسەر کڵابهاوس بەرپرسێکی پژاک بەناوی "ئەهوەن چیاکۆ" بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو نووسینانەی من دەکات. تایتڵی ڕوومەکەی "شەڕی تایبەت دژی تەڤگەری ئاپۆیی" بوو. کە بە ئەهوەنی گوێم لێ ڕاگرت، چەند ڕستەی چیاکۆ، زۆر سەرنجیان ڕاکێشام کە دەیگوت «تەنیا چەند ئەکادیمیسیەنن کە بوونەتە بەشێک لەم شەڕە». گوتیشی هیوام وایە بگەڕێنەوە. پرسیاری من ئەوەیە ئاخۆ گەر نەگەڕێنەوە چییان لێ دەکەن؟ و گەر بگەڕێنەوە بۆ کوێ بگەڕێنەوە؟

ئەم شێوە قسەکردنە بەلامەوە نەتەنیا ئەهوەن نەبوو، بەڵکوو پڕ بوو لە هەڕەشە. زۆرتر وەکوو شێوەی قسەکردنی خومەینیم دەهاتە بەرچاو، بەڵام، بەداخەوە دەنگی هەڕەشەکە لە چیاکۆ و لە چیاکانی کوردستانڕا دەهات نەک تاران. دەنگی هەڕەشەی شەرڤانێکی کورد پێش دانیشتنی لەسەر کورسیی دەسەڵات بوو. تێگەیشتن لەم شتە بۆ من زۆر سەخت بوو کە چۆن کەسێک ئەو مافە بە خۆی دەدات هەڕەشە لە ئەکادیمیسیەنێک بکات کە لانیکەم چەند قاڕە لەو دوورترە. بۆم پرسیار بوو کە ئایا ئەو بەڕێزە تا ئێستا قەت هەڕەشەی لەو ئەکادیمیسیەنە فارس و تورکانە کردووە کە ڕۆژانە

هەوڵ دەدەن کە گەریلا و پێشمەرگەی کورد بە تیرۆریست بناسێنن؟ یان چیاکۆی دێموکرات، من بە حوکمی کوردایەتی بە ڕەعییەتی خۆی دەزانێ و دەڵێ تۆی کورد ناتوانی بۆچوونێکی جیاوازت لەسەر پڕۆژەی سیاسیی من هەبێ. بۆیە، داوای تۆبەم لێ دەکا؟

بۆ منێک وەکوو زۆربەی ئەو کەسانەی لەمێژە لە دەرەوە دەژین، ئەو هەڕەشانە سەرەڕای خاویی سیاسیی و دژایەتی لەگەڵ ئازادیی بیروڕا، نیشانەی ئەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی بوون. قسەکردنی ئازاد لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا، کە پەکەکە دەڵێ هاوڵاتییەکانیان کۆیلەن، ئاساییترین بەشی ژیانی دێمۆکراتیکە. هەر تاکێک مافی هەیە سەبارەت بە هەر مژارێک کە پێی خۆشە، بنووسێت. بۆ وێنە، لە ئەمریکا، کە باشترین نموونەی دێمۆکراسیش نییە، کاتێک دانالْد ترامپ داوای لە باراک ئۆبامای سەرۆک‌کۆمار دەکرد کە ئەمریکایی بوونی خۆی بسەلمێنێ، کۆمیدیەنێک بەناوی بێڵ مایێریش بە ترامپی دەگوت، ئەگەر ترامپ بیسەلمێنێ کە دایکی ترامپ لەگەڵ مەیموونێکی سوور نەخەوتووە و ترامپ کوڕی ئەو مەیموونە نییە، من یەک ملیۆن و نیو دۆلاری پێدەدەم.[2] ترامپ لە کاتی سەرۆک‌کۆماریشیدا کێشەی لەگەڵ ئەو کۆمیدیەنە هەبوو و، دۆسیەکەشی بردە دادگا. بەڵام، دادگا وەڵامی ترامپی نەدایەوە. هەڤاڵان پێش دانی مزگێنیی سیستەمێکی دێمۆکراتیی بێوێنە بە خەڵکی جیهان، پێویستە یەک دوو لاپەڕە سەبارەت بە دێمۆکراسی بخوێننەوە.

ئەم نووسراوەیەی بەردەستتان، لە سێ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم، پێداچوونەوە و گۆڕینی ئەم کورتە نووسینانەیە کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و قەندیل پرێسدا بڵاو ببوونەوە. سەرەڕای ئەوەی هێندێک لە شتەکانی پێشووشم هێناونەوە، لانیکەم ٧٠ تا٨٠ لەسەدیشم گۆڕیوە. بەشی دووهەم، وتووێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ بەڕێز کاک بێهروزی شوجاعییە و لەوێدا سەرەڕای هێنانە بەرباسی لایەنەکانی دیکەی سیستەمی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی، باسمان لە پێشینەی مێژوویی ڕوانگەکانی ئۆجەلان و کاریگەریی کەمالیزم لەسەر ڕوانگە سیاسییەکانی کوردی باکوور کردووە. لە بەشی سێهەمدا کە وتووێژێکە لەگەڵ بەڕێز شەهلا خانمی دەباغی و، هەوڵمان داوە هێندێک چەمکی گرینگی نێو سیاسەتی کوردی بهێنینە بەرباس و هەڵیانشێلین.

[2] https://www.youtube.com/watch?v=WB4sGX0R5ak

هەروەها، باسی هێندێک ڕێگاشمان بۆ بیرکردنەوە لە سیاسەتی قەیراناویی کورد کردووە. هیوام وایە، خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەم مژار و بابەتانە بڕوانن.

لێرەدا پێویستە پڕ بەدڵ سپاسی کاک ڕێبوار ڕۆژهەڵات، کاک داود عوسمانزادە، کاک مانی ڕەحیمی و کاک ڕەزا شنۆیی بکەم بۆ ماندووبوونی لەڕادەبەدەریان کە بەسەر ئەم نووسراوەیەدا چوونەوە. بەتایبەت، بارگرانیی ئەم کارە لەسەر شانی دۆستانی ئازیزم کاک ڕێبوار و کاک داود و کاک مانی بووە کە چەندین جار بەسەر هەموو نووسراوەکەدا چوونەتەوە و هەوڵیانداوە کە تا ئەو جێیەی دەکرێ، ئەو نووسراوە بێ هەڵە بگاتە دەست خوێنەر. ئەو ئازیزانە بەو ماندوویی‌نەناسیی جوانمێریەیان بە تەواوی منیان قەرزداری خۆیان کردووە. هەروەها، پڕ بەدڵ سپاسی کۆمەڵگەی زارا دەکەم بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم بەرهەمە.

کەماڵ سولەیمانی
ئاگۆستی ۲۰۲۲

## بەشی یەکەم

## چاوخشاندنێک بەسەر پەیماننامەی کەجەکەدا

لە گیرۆداری گۆڕانکاریەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، تەنیا کۆسپ لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، واتە کۆکردنەوەی کوردەکان لە هەر چوار پارچە بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەزنی کوردی، بەڕێز ئۆجالانە. بەڕێز ئۆجالان هەموو کاتێک دەریبڕیوە کە دەبێت کێشەی کورد لە چوارچێوەی تەواویەتی (یەکپارچەیی) خاکی تورکیادا، واتە لە چوارچێوەی سنوورەکانی تورکیا، یان وەکوو دەڵێین لە چارچێوەی میساقی میللی (تورک)دا چارەسەر بکرێت. هەموو چاوپێکەوتنێک، هەموو موزاکەریەک لە دورگەی ئیمرالی بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیک لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە...مەبەست چارەسەری کێشەی کورد...

--نوورسەل ئایدۆغان، نوێنەری پارتی دیموکراتی گەلان لە پەرلەمانی تورکیا. [3]

جیاوازیی پەیماننامە کەجەکە لەگەڵ نووسراوەکانی تری ئۆجەلان، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕۆڵی یاسایی ئەو پەیماننامەیە. زۆربەی لایەنگرانی پەکەکە، لێکدانەوەی سەربەخۆی پەیماننامەکەیان زۆر بەدڵ نییە. بە شێوەیەک دەیانهەوێت بڵێن کە ئەو پەیماننامەیە بەتەواوی نوێنەرایەتی ڕوانگەکانی ئۆجەلان ناکات. بەڵام، لە ڕاستیدا ئەو پەیماننامەیە دەستکردی خودی ئۆجەلانە. من پێم وایە کە ئەو پەیماننامەیە لە هەموو کارەکانی تری ئۆجەلان زۆرتر وێنای بۆچوونەکانی ئەو دەکات. تەنانەت، سەرەڕای پێشەکییەکی شەخسی بۆ پەیماننامە و ڕاگەیاندنی ڕۆڵی خۆی لەوێدا، لە بەشەکانی تری

[3] بڕوانە ئەو ڤیدیۆیە: https://www.facebook.com/Behruz.Sucai/videos/494076487438335

دەقەکەش جێ جێ ئۆجەلان بە دەنگی یەکەم کەسی تاک دەنووسێت. خاڵێکی تر کە ئەو پەیماننامە لە نووسینەکانی دیکەی گرنگتر دەکات ئەوەیە کە ئۆجەلان پێکهاتەی یاسایی کۆمەڵگای خوازراوی خۆی لەو پەیماننامەدا وێنا کردووە. وێدەچێ ئەوە تەنیا کارێکی ئەو بێت کە بەبێ شیکردنەوەی زۆر، توانیبی بڵێت کە ئەو دونیایەی دەیهەوێ سازی بکات، چۆنە. ئۆجەلان کۆمەڵگای ئایدیاڵ، تاکی ئایدیاڵ، و سیستەمی ئایدیاڵی خۆی بە باشترین شێوەی مومکین لە ناو ئەو بەڵگەیەدا دەهێنێتە سەر کاغەز.

تەنیا، پرسیاری بەجێ لەوبارەوە دەکرێت ئەوە بێ کە چۆن سیاسییەکی کورد لە زیندانی تورکیادا دەتوانێت سیستەمی دڵخوازی خۆی بێنەتە سەر کاغەز. هاوتەریب لەگەڵ شەرعییەتی ئەو خاڵە، ئەو پرسیارە بە تەنیا ڕووبەڕووی ئەو پەیماننامە ناکرێتەوە. ئەو پرسیارە دەتوانیت لە پێش هەمووی وتار و نووسینێکی ئۆجەلان، دوای گیرانی لە ئیمرالی دابنرێت. دیارە بە پێچەوانەی لایەنگرانی پەکەکە، ئۆجەلان زۆر بە ڕاشکاوی خۆی خاوەنداریی لەو پەیماننامە دەکات و پێی وایە کە سیستەمی دڵخوازی ئەو وێنا دەکات.

بناغەی پەیماننامەی کەجەکە لەسەر چەمکی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی دانراوە کە وادەگەیەنێت کە ئەو سیستەمە هەم گەردوونی بێت و هەم کوردستانی. بەڵام جۆری کوردستانییەکەی بێ ئەملاو ئەولا بێ دەوڵەتە. لە لاپەڕەی ٦ی وەرگێڕدریراوە سۆرانییەکەدا هاتووە کە "کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی کوردستان سیستەمێکی دەوڵەت نییە، بەڵکوو سیستەمی دێمۆکراسی گەلە کە دەوڵەت نییە." وەک دەبینین دەوڵەتبوونی جۆری کوردستانی سیستەمەکە دوو جار ڕەتکراوەتەوە و جارێکیش پێداگری لەسەر گەلی بوونی دەکرێت. کە پێداگری لە سەر گەلی بوونی دەتوانێیت بە مانای دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ بێت یان دەکرێت هەڵگری ئەو گریمانە بێت کە دەوڵەت لە ناخی خۆیدا دامەزراوەیەکی دژە دێمۆکراسییە. یانی ئەگەر لە وڵاتێک دەوڵەت هەبێت دێمۆکراسی ناتوانێت ببێت. بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە تیۆریکانەش، فۆرمی کۆنفیدراڵی دێمۆکراتی کوردستان، بێ دوودڵی نادەوڵەتیە. بۆ چی؟ وەڵامەکە ناڕوونە وهەوڵ دەدەین لە درێژەی خوێندنەوەی پەیماننامەکەدا، ئەو بابەتە ڕوونتر بکەینەوە.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەو پێناسەی سەرەوە لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنەی خوارەوەیە کە دەڵێت سیستەمە کە "یاساکانی دەوڵەتی ناوەند[گەرا]" بەڕێوە دەبات. هەروەها دەڵێت "یاساکانی دەوڵەتی ناوەند[گەرا] لەگەڵ یاساکانی کەجەکە و یاساکانی یەکێتی ئەوروپا، یاسای" کۆمەڵگای ئایدیالی کەجەکە پێک دەهێنن. (پەیماننامەی

کەجەکە.، ٢٠٠٨، لاپەڕەی، ٦، چاپی ئازادی). لێرە چەند کێشەی سەرەکی هەن کە ئاماژەیان پێ دەکەین:

ئایا "گەلی بوونی دێمۆکراسی" کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی و "نادەوڵەتی بوونی" لە بەر ئەوەیە کە بۆ کورد دەوڵەت نامومکینە یان دەوڵەت لە ناخی خۆیدا/ زاتەن نادێمۆکراتیکە؟ بەشی یەکەم ڕوون نییە، بەڵام وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە دیارە: چونکە ئەگەر دەوڵەت دامەزراوەیەکی دژە دێمۆکراسیش بێت، "کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی کوردستان" لە دەوڵەت ڕزگاری نابێت. تەنانەت، دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندگەرادا دەبێت و یاساکانیشی جێبەجێ دەکات. دیارە لە حالەتێکی وەهادا لەگەڵ مانای گەلی بوون و نادەوڵەتی بوون کێشەمان بۆ دێتە پێش. ئەگەر وایە گەلی و نادەوڵەتی بوونەکەی، یانی چی؟ ئایا بەو مانایە دێت کە لە وەها سیستەمێکداکورد بە جێگای دەوڵەتی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی غەیرەکورددا دەبێت؟

دیارە لە لاپەڕەی ٧دا دەڵێت کە "کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیک بزووتنەوەی ئاواکردنی دێمۆکراسی و ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی گەلی کوردە." ئەوە دەتوانێت خوێندنەوەیەکی تایبەت لە هەلومەرجی بێدەوڵەتی کورد بێ. دەکرێت پێی وابێ کە لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگەی ئەو سیستەمە بێدەوڵەتە کورد پرسی چارەسەری دەکرێت. بەڵام، بەو مانایە نییە کە ناکرێت لە کۆدەقی دەرەوەی کوردستانیش کەڵک لەو سیستەمە وەربگیرێت. دەکرێت خوێندنەوەیەک ئەوە بێت کە بە هۆی ئەوەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ ئێمە ڕێگەچارەی مومکینە نییە، لە نەبوونی دەوڵەتدا، ئەوە باشترین ڕێگا چارەیە. ئایا ئەوە مانای گەلی بوونەکەیەتی؟ ڕوون نییە، بەڵام بەو پێناسەی کە کراوە، ئەو سیستەمە لە خودموختاریش کەمتر دەسەڵاتی دەبێت. چونکە جگە لە پەیڕەوکردنی یاسایی دەوڵەتی یونیتەر و ناوەندگەرا، ماهییەتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندگەرا، شێوەی پەیوەندییەکەی و سنووری پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی غەیرەکورد دیاری نەکراوە. لەوە بگەڕێین کە چوار دەوڵەتی دژە کورد، ٤ جۆرە یاسای جیاوازیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەر شەخسیەتێکی حەقیقی و حقوقی ژێر دەسەڵاتیان هەیە. ڕوونیش نییە کەجەکە چۆن وەکوو «پێکهاتەی سەرووی نەتەوە» لەناو ئەو چوار دەوڵەتە و یاسا دژ بە یەکەکانیاندا مانۆوڕ دەدات.

گرفتێکی تریش هەیە کە ئاڵۆزیی تیۆریکی ئەو سیستەمە دەگەیێنێتە ئەو پەڕی خۆی. هەر وەک لە سەرەوە نیشانمان دا، لە ڕێگەی خۆ ئەرکدارکردن بە پەیڕەوکردنی

یاسای دەوڵەتانی ناوەندگەرا، سیستەمی کەجەکە ڕەسمەن و هەر ئێستاش گوێڕایەڵی یاسایی ئەو چوار دەوڵەتە غەیرەکوردەیە. لە هەمان کاتدا بۆ بەشداری کورد لە سیستەمی یاسادانانی ئەو دەوڵەتانەدا، باسی هیچ میکانیزمێکیشی نەکردوە.

لە لایەکیش باس لە "یەکسانی" پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ غەیرەکورد و لە لایەکی تریشەوە باس لە "دەوڵەتانی دراوسێ" دەکات و دەڵێت کە گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیکدا "لایەنگری یەکێتی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە دێمۆکراتیکەکانە. لە پەیوەندی پێشخستن لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، بە پشتبەستن بە پرەنسیپی یەکسانی و یەکێتی ئازاد لە بواری سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بەیەکەوە ژیانی گەلان بە بنەما دەگرێت" و لە درێژەدا دەڵێت "جارێکی دیکە بانگەوازی بۆ گەلانی ناوچە دەکەم بەشداری لە یەکێتی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیانە دابکەن" (لاپەڕەی ٩).

١) سەرەڕای ئەوەی کە زۆر تامەزرۆم بزانم ئەو هێزە دێمۆکراتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێن، کەس زەحمەت نادەم بۆ ناوەکەیان، چونکە ئەم ناوچەیە هێزی لەم چەشنەی هەر لێ نییە.

٢) ئەوە ڕستانەی سەرەوە هیچ متمانەیەکیان بە لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوەی غەیرەکوردی تێدا نابیندرێ و وادەی لەنێوچوونی دەوڵەتانی غەیرە کورد نادات. بەڵکوو بەپێچەوانە، واقیعەتی بوون و تەمەنی درێژی "دەوڵەتە دراوسێکان" دەسەلمێنێت.

٣) هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە «گەلی و نادەوڵەتی» بوونی ئەو دێمۆکراسیەی کە ئۆجەلان لە قاڵبی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیدا بەڵێنیەکەی دەدات، لە بەر ماهییەتی دژە دێمۆکراتیک بوونی دەوڵەت نییە. چونکە غەیرەکورد دەتوانێت هەم دەوڵەت و هەم کۆنفیدراڵی دێمۆکراتی هەبێت.

٤) بەڵام کێشە گەورە لە ڕستەی "پەیوەندی پێشخستن لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، بە پشتبەستن بە پرەنسیپی یەکسانی و یەکێتی ئازاد" دایە؛ لەبەر ئەوەیکە:

ئ) دەوڵەتی دراوسێی کورد بوونی نییە، چونکە کورد دەوڵەت نییە. کورد ناتوانێت بە مانای یاسایی دراوسێی هیچ دەوڵەتێک بێت. کورد لە ژێر حوکمی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی ئۆجەلاندا، لە باشترین حاڵەتدا گوێڕایەڵی دەوڵەتی "ناوەندگەرا"، یونیتەر یان یەکینەیە بە ئەوەی کە کەمترین دەستێوەردانی و ڕۆڵی لە یاسای دەوڵەتی یونیتەریش دا هەبێت.

ب) دراوسێ تەنیا بە مانای لە پەنا یەکبوونی جوگرافی نییە. دراوسێیەتی دوو نەتەوە، کۆمەڵێک یاسای نێونەتەوەیی بەسەردا حاکمە. یەکەم خاڵ، ڕێز و دانپێدانان بە حاکمییەتی ئەرزی و سەروەری سیاسیی و جوگرافیای دراوسێیە. ئەگەر دراوسێیەک دان بەم خاڵانەدا نەهێنێت و ڕەچاویان نەکات لە یاسای نێونەتەوەییدا بە دەستدرێژیکەر دەناسرێت. کوەیت و عێراق یەک نەتەوەن (هەر دوویان عەرەبن)، بەڵام دوو دەوڵەتی دراوسێ دێنە ئەژمار. لە بیرمانە لە ساڵی ١٩٩٠ کە عێراق مەرجەکانی دراوسێیەتی لەگەڵ کوەیتی پێشێل کرد، چی بەسەر هات. بەداخەوە، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، کوردی باکوور و کوردی ڕۆژهەڵات—لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتیان نییە—وەکوو دوو دراوسێی تورکیای و ئێرانی دەبینرێن، نەک وەک هاووڵاتی. چونکە لە باشترین حاڵەتدا بەکەمینەکراون، دراوسێی سیاسیی کەس بە حیساب نایەن. هەر وەک دیتوومانە ئەگەر جینۆسایدیش بکرێین، جینۆسایدەکەشمان دانی پێدانانادرێت. هەر وەکوو جۆرج بووشی کوڕ، پێش ٢٠٠٣ بە بەردەوامی دەیکوت "سەددام خەڵکی خۆی جینۆساید کردووە." پەیوەندی دراوسێیەتی کوردی باکوور و ڕۆژهەڵاتیش لەلایەن تاران و ئانکاراوە دیاری دەکرێت. گریمان، سبەی ڕۆژ لە باکوور کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیش دامەزرا، کوردێکی ڕۆژهەڵاتی بەبێ پاسپۆرتی کۆماری ئیسلامی یان دەوڵەتێکی تری فارس ناتوانێت لە قتور ڕا بچێت سەردانی ئامۆزاکەی لە شارەکانی سەرا و چاڵدوران بکات.

ج) بانگەشەی یەکسانیی نەتەوەیی بێ دەوڵەت لەگەڵ نەتەوەی خاوەن دەوڵەت، چەواشەکارانەیە. واقیعیەتی ئیمکانی «پشتبەستن بە پرەنسیپی یەکسانی و یەکێتی ئازاد» لە باشوور و ڕۆژئاوا لە خۆر گەشتر دیارە. زۆربەی گرووپە تیرۆریستیەکان کە پشتیوانیی دەوڵەتێکیان هەیە لە زۆربەری دانیشتنەکانی ژنێڤ بەشدارییان هەبووە. بەڵام، قەت جارێک ڕێگەیان بە بەشداریی کورد نەداوە. کوردێک کە بە دڵی دەوڵەتە دژە کوردەکان نەبێت، تەنانەت لەکاتی سەفەر بۆ دەرەوەش لە ژێر هەڕەشەی گیران دایە. هەموو کەس دەبێ چیرۆکی سەفەری ساڵح موسلیمی لە بیر مابێت. بەڵام مەلا تێروریستەکانی تاڵیبان کە ئێستاش خەڵاتی گیرانیان لەسەر لانەبراوە وەکوو دیپلۆمات و نوێنەری ئەفغانستان لە ئەوروپا دەخولێنەوە. ئەوە لەکاتێک دایە کە تاڵیبان ئێستاش هێمای دژایەتی لەگەڵ هەموو شتێکی مرۆڤین. کوردیش تا دوو ساڵ پێش وەکوو قارەمانی پاراستنی شارستانییەت و یەکەم "دیواری پێشگرتن لە وەحشگەری" لەسەر سکرینی هەموو تەلەڤزیۆنێک بوون. بەڵام گرانی و سەنگی تاڵیبانی خاوەن دەوڵەت لەگەڵ ئی کوردی

بێ دەوڵەت هەڵبسەنگێنە؛ کێهەیان لە جیهاندا یەکسانە؟ جا ئەو جار ئێمە دەتوانین باسی یەکسانی نەتەوەی بێ دەوڵەت و نەتەوەی خاوەن دەوڵەت بکەین.

دیارە ئەوانە تەنیا بەشێک لە کێشەی تیۆوریکی پەیماننامەکەن. ئەو پەیماننامە کە لە ٢٠٠٥دا نووسراوە و بەشێک لە لۆژیکی زاڵ بەسەر نووسینییدا دەگەڕێتەوە بۆ باوبوونی باس لە گلۆبالیزاسیۆن (جیهانی بوون) و خەونی لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە. هەر بۆیە ئۆجەلان دەڵێت دەوڵەت خۆی ئەزەلی نەبووە تاکوو دەوڵەت-نەتەوەش ئەبەدی بێت و نابێ مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە بۆ گلۆبالیزاسیۆن بە بنەما بگیرێت. دیارە لەو کاتەوە تا ئێستا (بەتایبەت دوای برێکزیت (Brexit)، سەربەخۆییخوازی سکاتلەندییەکان و کاتەلۆنەکان لە ناو دڵی ئەوروپادا)، کەم کەس لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە و گلۆبالیزاسیۆن بە مانای نەمانی سنووری سیاسیی، بە جیددی دەگرێت.

تا ئەو جێیە کە باسەکە دەگەڕێتەوە سەر لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە، ئەو باسە زۆر پێش مارکسیش هەبووە. تەنانەت، مارکس بە شێوەیەک لەنێوچوونی دەوڵەتی کردە حەتمیەتی مێژوویی و شەرتی هاتنەدی کۆمۆنیزم. دیارە ئێمە کە لە دەورەیەکی نزیک ١٤٠ ساڵی دوایی مارکس دەژین، بێ دەوڵەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد، بە مانای بەردەوامی دۆخی نائاسایی و ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ هەڕەشەی جینۆسایدە. ئێستاش، نزیک ٢٠ ساڵ دوای ئەو تێزەی ئۆجەلان قەرەقۆڵەکان و سەربازگەکانی دەوڵەتانی زاڵ لە کوردستان زۆر زۆرتر و بەهێزتر بوون. لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامییەک کە ئۆجەلان پێی وابوو لە فیدراڵیزم نزیک بووەتەوە (بڕوانە، رهبریت و خلق، لاپەڕەی ٥١)، کچ و کوڕی کورد لەسەر گوتنەوەی زمانی کوردی دەگیرێن. وەزیری ئیرشادی دەوڵەتی ئێران پۆلیس بۆ پاراستنی زەمانی دەوڵەت و دەسەڵات بەکار دەهێنێت. لە تورکیا کوڕ و باببێک کە بە زمانی دەوڵەت نادوێن، بابەکە لەسەر شەقام و لە بەرچاوی کوڕەکەی دەکوژن. ئەگەر تەنانەت پەرلەمانتارێکیش ناوی کوردستان و نەتەوەی بێ دەوڵەتی کورد لە پەرلەمانی تورکی بهێنێت، سزا دەدرێت. لە حاڵێکدا هەموو بەیانینان منداڵەکانی ئەو پەرلەمانتارە دەبێ بڵێن: "بوونم، پێشکەش بە مانی نەتەوەی تورک بێت." دەوڵەت-نەتەوە تەنیا بەهێزتر بووە و ئێستا دەتوانێت لە ئانکاراڕا هەستێ و لە ڕۆژئاوا بۆمبی فۆسفۆری بەسەر کوردی بێ دەوڵەتدا بڕێژێت. تەنانەت، دەوڵەت-نەتەوە ئەوەیدیکەی کورد دەتوانێ کێشەی بۆ قسەکردنی پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانەکانی ئەورووپاش سازکات. ئەوەی ئێستا هەیە، زۆرتر وەک گلۆبالیزەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دژ بە نەتەوەی بێ دەوڵەتە. دەوڵەت-نەتەوە --لە زۆر بەشی جیهان– ڕێگای

باشتر و تکنۆلۆژی زۆرتری لە دەست دایە بۆ ئەمنیەتیکردن و بە کەمینەکردنی هەرچی زۆرتری مرۆڤی بێ دەوڵەت. کوردی بێ دەوڵەت لە هەلومەرجی نائاساییدا دەژیت و هەر لەو ڕۆژەڕا کە ڕێگە بە دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەی کوردی گیرا، کوردستان لە هەرلومەجی نائاسایی دابووە.

لەوەش زیاتر، بۆ من تەسەوریشی مومکین نییە کە ڕۆژێک لە نێوان کەنەدا و ئەمریکا و ئەمریکای لاتین سنوورێک نەمێنیت یان کابرایەکی دێیەکەی من کە هەوەسی کرد بچێت لەپەنا کۆشکی ئیلیزە لە پاریس ماڵێک بگرێ. ئەوەی کە ئێستاش لە ناو دڵی ئەورووپا، دەوڵەت-نەتەوە ئیلهامبەخشی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازییە، بە مانای نەمانی ئەو سیستەمە نییە. بەڵکوو دەلیلی تێگەیشتن لەو ڕاستیەیە کە باشترین حالەتی یەکسانی نەتەوەیی، خاوەن دەوڵەت-بوون دا مومکینە. دیارە، لە هێندێک بەشی جیهانیش وەکوو ئەوروپا --بە بەڕەسمیەت ناسینی سەروەریی هاوبەش لەسەر بنەمای جیاوازی زمانی، کولتووری، و ئیتنیکیی نەتەوەکان-- توانیویانە دەوڵەت-نەتەوە بێ قەیران تر، بێ کێشە تر و ئینسانیتر بکەن. ئەوانە پێمان دەڵێن کە ئیمکانی گەیشتن بە سیسسیتەمێیکی تر و بەدیل–بۆ دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەیی—لە پێشکەوتووترین بەشەکانی جیهانیش مومکین نییە. ئەو باوەڕە کە سیستەمێکی بەدیل یان باشتر لە دەوڵەت-نەتەوە بۆ تەعبیر و بەیانی ئیرادەی نەتەوەیی هەیە، لە هیچ جێیەک زاڵ نییە. لەسەردەمی ئەوڕودا، دەڵەت-نەتەوە تەنیا سیستمەی مومکینە بۆ دامرکاندنی هەستی یەکسانیخوازی بەکۆمەڵی نەتەوەکان. لە جێگایەکی وەکوو سکاتلند—خەڵکەکەی لە سایەی لامەرکەزی و دێڤێلاسیۆن—ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتیان بۆ بە دەستگرتنی قەدەری خۆیان زۆرتر بووە. بەڵام، ئەوە ڕاستیە تەنیا ویستی سەربەخۆیخوازیی و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی سکاتلەندی بەهێزتر کردوە. لە حاڵێکدا قۆرخکرانی موتڵەقی قەدەری کورد لە کوردستان، وای کردوە کە باسی سەربەخۆیی، دڵەڕاوکێ و مۆتەکەی شەو و ڕۆژی سیاسەتی کوردییە.

کە بگەڕێنەوە سەر پەیماننامەکە، یەکێک لە کێشە تیۆرییە هەرە گەورەکان لەوێدا ئەوەیە کە ئۆجەلان کە بوونی دەوڵەتانی غەیرەکوردی کێشەدار ناکات، تەنانەت هەر وەک ئاماژە کرا یاساکانیشیان پەیڕەو دەکات. لە هەمان کاتیشدا هاتنەدی فیدراڵیزمی دێمۆکراتی کوردستان دەبەستێتەوە بە نەبوونی دەوڵەت و ڕزگاریی خەڵکی کورد لە دەوڵەت. گەورەترین پاساویشی بۆ ئەو کارە ئەبەدی نەبوونی دەوڵەت-نەتەوەیە. بۆیە پارادۆکسێکی زۆر جیددی لە تێزەکەیدا دەبینرێت. یانی هەم واقیعیەتی ئەو دەوڵەتانە

و هەم گریمانە نەبوونی دەوڵەت وەکوو مەرجی زەرووری هاتنەدی کۆنفیدرالیزامی دێمۆکراتی کوردستان بەیەک ڕادە، بە بنەما دەگرێت. ئەو کارە دەکات لەبەر ئەوەی کە بە هیچ جۆریکیتر باس لە تێزەکەی مومکین نییە: یانی دەوڵەت نابێ هەبێت، بەڵام لەناویش ناچێت. بۆ نموونە سەرەڕای پەیڕەوکردنی یاساکانی دەوڵەتانی غەیرە کورد، ناچارە بانگەشە بکات کە حاکمییەتی دەوڵەتەکان و جیاوازی جوگرافیای سنوورییان لەبەرچاو ناگرێت؛ ئەگەرنا، پرۆژەکە ناتوانێ کوردستانی بێت. بۆیە دەڵێت کە بزووتنەوەی کورد بۆ "دامەزراندنی دێمۆکراسی خۆیەتی بەبێ ئەوەی سنوورە سیاسییەکان بکات بە کێشە یان بە بنەمایان بگرێت، لە ئێران و تورکیا و سووریا و تەنانەت پێکهاتەیەکی کوردی لە عێراقیش دادەمەزرێت، هەموو کورد کۆ دەبێتەوە بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی خۆی، و بە یەکگرتوویی کۆنفیدراڵیزمی باڵا پێکدێت" (وەرگێڕانی خۆم لە تورکیاوە، لە سۆرانیەکەدا بڕوانە خاڵی ٦، لاپەڕەی ٤ و ٥).

## کۆنفیدراڵیی دێمۆکراتی، سەروەریی سیاسی و سنوور

ئەگەر کۆنفیێدڕالیزمی دێمۆکراتی تەنیا بۆ بەش بەشی کوردستان بوایە، دەکرا نیزامێکی نزیک لە خودمختاری لێ پەیدا بێت. "بەڵام کۆنفیێدڕالیزمی باڵای یەکگرتوو"ی کوردستان بەبێ لەنێوچوونی سنوورەکان، دامەزراندنی لە ناو دڵی کورستاندا مەحاڵە. وێدەچی بۆیە ئۆجەلان لەو ڕستەی سەرەوەدا دوو هەڵسوکەوتی جیاواز لەگەڵ سنوورەکان باس بکات کاتێک دەڵێت "بەبێ ئەوەی سنوورە سیاسییەکان بکات بە **کێشە** یان بە **بنەما**یان بگرێت" (جەخت کردنەوەکە ئی نووسەرە).

١) نەکردنی سنوورەکان بە کێشە بەمانای قبووڵی ئەو سنوورانە و قبووڵی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر کوردستانە. یانی سیستەمی کەجەکە دان بە شەرعییەتی سنوورەکان و بە سەروەریی چوار دەوڵەتی زاڵ بەسەر چوار بەشەکەی کوردستاندا دێنێت. یانی کێشەیەکی لەگەڵ ستاتیسکۆ (هەولومەرجی هەنووکەیی) یان لەگەڵ جوگرافیای سیاسیی-کۆلۆنیاڵی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بە وتەیەکی دی بە تەواوی تەسلیمی سایکس- پیکۆ بووە.

٢) بە بنەما نەگرتنی سنوورەکان، بە مانای بە نەبوو و بە هیچ هێنانە ئەژماری ئەو سنوورانەیە. کە ئەو کات یانی ئێمە لەگەڵ بوونی سنوورەکان کێشەمان هەیە و ئامادە نین کە بە هەندیان بگرین یان تەسلیمیان بین. کە ئەو کات ماناکەی ئەوەیە کە کۆنفیێدڕالیزمی دێمۆکراتی کوردستان، سیستەمی ئالینگاری لەگەڵ سنوورە

داسەپێندراوەکانی نێودەوڵەتیی بەسەر کوردستاندایە. یانی ئەو سیستەمە، خۆی لە سەروو و لە دەرەوەی یاسایی دەوڵەت-نەتەوەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەبینێت و سەروەریی سیاسیی و ئیداری کەجەکە فەرز دەکرێت بەسەر سنووری دەوڵەتەکانی غەیرەکوردی و سایکس-پیکۆدا. کە بۆ ئەوەش پێویستە دەوڵەتانی غەیرەکوردی، دەست لە بانگەشەی خاکی بەسەر کوردستاندا هەڵبگرن و سەروەری کەجەکە بەسەر سنوورەکانی کوردستاندا بە فەرمی بناسن. ئەو کاتە کۆنفێدڕالیزمی باڵای دێمۆکراتی کوردستان لەژێر ڕیبەرایەتی ئیدارەی کەجەکە لە دایک دەبێت. ئەگەرنا، بەشەرتی مەحالی هاتنەدی ئەو سیستەمە، لە هەر بەشێکی کوردستان دوو یاسا و دوو ئیدارەی هاوتەریب حوکم دەکەن.

لێرەدا ئەو دوو بڕگە کە لە یەک ڕستەدا هاتوون سەداسەد دژ بەیەکن. بۆمان دەست نادات کە بزانین ئایا ئەو ناکۆکییە بەئەنقەست گونجێنراوە یان تەنیا ئاکامی نەزانینی دەرکەوتەی یاسایەکانی وەها بۆچوونێکە. ئەوەیکە ڕوونە ئەوەیە کە حاڵەتی دووهەم تەنیا لە ڕێگەی سەربەخۆیی و بوونی ئیدارەی سەربەخۆی کوردی مومکینە. جا چ نێوێک لەو ئیدارەیە دەنێن، گرنگ نییە. لە حاڵەتی یەکەمدا، هەر تێکەڵاوییەکی کوردی، دەبێ بە ئیزنی دەوڵەتانی زاڵ بێت. جا بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئەو دەوڵەوتانە چەندە یان کامەیان ئیزنی تێکەڵاویی بەشێکی کوردستان لەگەڵ بەشێکیتر دەدات یان نا. بەڵام، پێکەوەگرێدراویی یاسایی هەموو بەشەکانی کوردستان لەو جۆرە تێکهاڵاوییەدا مەحالە. ئەوەیکە مەحال نییە ئەوەیە کە هەر بەشێکی کوردستان تەنیا لە نێو چوارچێوەی یاسایی و ئیعترافی کورد بەیاسای زاڵ و ڕێز دانان بۆ سەروەریی یاسایی وڵاتەکانی دەسەڵاتدار، جۆرێک لە تێکەڵاوی لەگەڵ بەشەکانیتر هەبێت، ئەوە یانی سنوور نەکردنە کێشە.

پێویستە لە بیرمان بێ کە دێمۆکراتیکترین وڵاتی دونیاش، ئیزن نادات کە یاسا سنوورییەکانی پێشێل بکرێن. بۆیە پێویستە پرسیار بکەین کە ئایا کۆنفیدراڵیزمی باڵای یەکگرتووی کورد، بەبێ لە نێوچوونی حاکمییەتی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، چۆن مومکینە؟ ئایا بەبێ گۆڕینی سنوورەکان، دەکرێ ئەو سنوورانە بە بنەما نەگیرێن؟ ئایا بەبێ پێشێل کردنی حاکمییەتی ئێستای ئەو دەوڵەتانە، ئیمکانی دامەزرانی سیستەمێکی پارالێل و هاوتەریب هەیە؟ تەنانەت، بڵێین مەحاڵێکی ئاوا مومکین بێت، سەروەری بەسەر ئەو سنوورانەدا، بە دەوڵەتی ناوەندگەرا دەبێت یان بە کەجەکە؟

ئەگەر سەروەری سنوورەکان بە کەجەکە بێت ئەوە یانی کەجەکە دەوڵەت یان ئیدارەی سەربەخۆی کوردی بەدەستە. ئەو کات کورد لە سایەی کەجەکە، سەروەری

سنوورەکانی وڵاتی کوردستانی بەدەستەوە دەبێت و کوردستان بە سنووره جوگرافیایی تایبەتەوە، ڕەسمیەتی نێونەتەوەیی هەیە. ئەوەش یانی کورد، لە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتی غەیرەکوردیدا نەماوە و وڵاتی سەربەخۆی کورد لە دایک بووە. گریمان ئەو سیستەمە دەوڵەت-نەتەوە نییە. بەڵام، دیسانیش ئەگەر سەروەری و یاسایی سنوورەکان ئی کەجەکە نەبێت، داسەپاندنی سیستەمێکی ئاوا نێودەوڵەتی مەحاڵە:

یەکەم، ئەگەر سەربەخۆ نەبێت یانی سنوور و یاسایی نێونەتەوەیی پێشل کردووە. کە ئەوە هەڕەشە دەبێت بۆ حاکمییەتی دەوڵەتێکی تر. جا چە دەگات بە حاکمییەتی دەوڵەتی ناوەندگەرا کە جۆرە دەوڵەتێکە کە هیچ شێوەیەک لە دابەشکردنی دەسەڵات، لەسەر بنەمای جوگرافی، ئیتنیکی یان زمانی قبووڵ ناکات. ئەگەر بیکات ئەوە ئیتر ناوەندگەرا نییە و نەماوە. (پێویستە لە بیرمان بێ کە ئۆجەلان لەو پەیماننامەدا لەگەڵ یونیتەر و ناوەندگەرا بوونی دەوڵەتی غەیرەکوردی، کێشەی نییە. دواتر زۆرتر دەپرژێمە سەر ئەو باسە). لەوە گرینگتر ئەوەیە کە تەنانەت دەوڵەتی کۆنفیدراتیویش ناتوانێ شتێکی ئاوا قبووڵ بکات. گریمان، ڕۆژێک هات و دەوڵەتی کۆنفیدراتیو (کە ئەوە جیایە لە کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی ئۆجەلان) لە ئێران و عێراق دامەزرا: ڕۆژهەڵات بوو بە بەشێک لە سیستەمی کۆنفیدراتیوی ئێرانی و باشووریش بەشێک لە دەوڵەتی کۆنفیدراتیوی عێراقی. جا ئەو جار ئەگەر هەر یەک لە ڕۆژهەڵات یان باشوور بیانهەوێت بن بە بەشێک لە ئیدارەی یەکتر، دەبێ یەکیان لە کۆنفیدراسیۆنەکەی تر بچێتەدەر. دیارە ئەوەشیان تەنیا کاتێک مومکینە کە یاسای یەک یان هەر دووک لەو کۆنفیدراسیۆنە خەیاڵیانەی ئێرانی و عێراقی، ئیزنی جیابوونەوە و لکاندن بدەن بە پێکهاتە ئیتنیکیەکان.

دووهەم، دەوڵەتێک کە قبووڵ بکات کە شارۆمەندی وڵاتێکی تر هەمان مافی هەبێ کە شارۆمەندی خۆی هەیەتی، ئەوە ئیتر دەوڵەت-نەتەوە نییە. وەکوو بڵێین کوردی دیاربەکر بەبێ ئەوەی ببێت بە هاوڵاتیی ئێرانی، بتوانێت ببێت بە پارێزگاری سنە یان بە پێچەوانە. چونکە ئەگەر کوردیش بەو مانایە "سنوور نەکات بە کێشە،" دەوڵەتی ناکورد دەیکات "بە کێشە و بە بنەماشی" دەگرێت. بۆیە دێمۆکراتیکترین دەوڵەت-نەتەوەش ناتوانێت هەڕەشەیەکی ئاوا بۆ دەسەڵاتەکەی قبووڵ بکات. ئەوە جۆرێک لە بە ڕەسمی ناسینی دەوڵەت-نەتەوەی هاوتەریب دێتە ئەژمار. یان خراپتر بەفەرمی ناسینی دەوڵەتێکی نێودەوڵەتی (کە گوایە پێکهاتووە لە کوردی سەر بە ٤ دەوڵەت) بۆ ئیدارەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی. کە لەڕاستیدا، ئەوە بە مانای قبووڵکردنی 'هاووڵاتی ناهاووڵاتیی' و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بە سەر نەتەوەی ژێر دەسەڵاتیدایە.

## کۆنفیدڕالیزمی دێمۆکراتی و پارادوکسی ناسیۆنالیزم

شتێکی سەیرتر ئەوەیە کە لێرەدا ئۆجەلان بەبێ ئەوەیکە بزانێ جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی بەراوەژوو بەرهەم دەهێنێتەوە. لە حاڵێکدا ئۆجەلان دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزم و کوردایەتی دەکات، لێرەدا زیندووی دەکاتەوە، هەڵبەت بە جۆرێکی پڕ لە کێشە. یانی هاوکات لەگەڵ مەحاڵ بوونی سیستەمەکەی، دوای مافی دامەزرانی سیستەمێکی تایبەت بۆ کورد دەکات. ئەوە جۆرێک ناسیۆنالیزمە؛ چۆنکە جیاوازی نەتەوەیی دەکات بە بنەمای شەرعییەتی مافخوازی ئیتنیکی. ناسیۆنالیزمی ئۆجەلان لە لایەک هیوای دەوڵەت لە کورددا دەکوژێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازی نەتەوەیی کوردی دەکات بە بنەمای جۆرێکی لاواز لە شەرعییەتی مافی نەتەوەیی کورد بۆ ئەوەیکە کورد ببێت بە خاوەنی ئیدارەیەکی سیاسیی تایبەت.

ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا داوای دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی تایبەت بە یەک نەتەوەیە (دەوڵەت و یان خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی) لە سەر بنەمای جیاوازیی نەتەوەیی یان ئیتنیکی. ئەگەر جیاوازیی نەتەوەیی کورد، بنەمایی شەرعییەتی داوای مافی دامەزراندنی کۆنفیدڕالیزمی دێمۆکراتی یەکگرتووی کوردستانی بێت، ئیدی ئەوە ناسیۆنالیزمە، بەڵام جۆرێکی سەقەت. سەقەتی ناسیۆنالیزمی ئۆجەلان لەوەدایە کە بەرهەمی پارادۆکسێکە. تەواوی پرۆژەی ئۆجەلان هەوڵێکە بۆ کوشتنی دەوڵەتخوازیی کوردی. ئۆجەلان بۆ ئەو کارە وا دەنوێنێت کە دژی هەموو جۆرە دەوڵەتێکە. گوایە هۆی سەرەکیی ئەو دژایەتییەشی لەگەڵ دەوڵەت، دەگەڕێتەوە بۆ زاتی نەگونجاوی دەوڵەت و دێموکراسی. ئۆجەلان دەیهەوێ کورد قانع بکات کە پێویست نییە هەڵوەدای دەوڵەت بێت. لەبەر ئەوەیکە گوایە دەوڵەت نامێنی و جێگای خۆی دەدا بە دێموکراسی. هەروها، گوایە مافی کوردیش تەنیا لە دێموکراسیدا (کەزەرووتەن نادەوڵەتیە) دەستەبەر دەبێت.

لە پەیماننامەکەدا بە بەردەوامی لەسەر دێموکراتیک بوون، بە مانای نادەوڵەت بوونی سیستەمی کەجەکە پێداگری دەکات. پەیامی سەرەکی ئۆجەلان ئەوەیە کە کورد تەنیا لە دێموکراسیدا (کە گوایە لە ناخی خۆیدا نادەوڵەتیە) بە هەموو مافەکانی دەگات. (بەڵام، هاوکات وادەی دێموکراتیک کردنی حزووری دەوڵەتی یونیتەری غەیرەکوردی لە کوردستان بە کورد دەدات). پارادۆکسی و دژبەیەکیی بانگەشەکانی ئۆجەلان هەر یەک و دوو نین. بەڵام، بەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزمەکەی بەو شێوەیە کە: لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی ناسیۆنالیزمە، بە شێوەیەکی گشتگیر و جیهانی (لانیکەم لەباری

تیۆریکەوە) ئەو شتە قبوول کراوە کە نەتەوە مافی خۆبەڕێوەبەری هەیە. بۆیە لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە و ناسیۆنالیزم، بە مانای لە نێوچوونی نەتەوە وەکوو یەکینەی (unit) بناغەیی شەرعییەتی مافی بە کۆمەڵی خەڵکە. لەسەر ئەو بنەمایش سەرووترین فۆرمی ئەو مافە، خۆبەرێوەبەری نەتەوەییە کە بە دامەزراندنی دەوڵەت مسۆگەر دەبێت. هەر بۆیەش وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نکۆڵی لە نەتەوەبوونی کورد دەکەن، ئەگەر بێت و نەتەوەبوونی کورد قبووڵ بکەن، دەبێ مافی سەروەیەکەشی قبووڵ بکەن.

گرینگە لە بیرمان بێ کە تا ئەو کاتەی کە نەتەوە بنەمای شەرعییەتی مافخوازی خەڵکە، ناسیۆنالیزمیش زیندووە. هەر داوایەکی سیاسییش کە لە سەر بنەمایی باوەڕ بە مافی نەتەوەیی بێت، ئەو داوایە ناسیۆنالیستییە. بۆیە خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی یەکێک لە سەرەکیترین هێماکانی ناسیۆنالیزمە. تاکوو وەها خۆبەڕێوەبەریەکیش دێموکراتیکتر بێت ناسیۆنالیستیریشە. لەبەر ئەوەیکە لەگەڵ چەمکی سەروەریی گشتی (خەڵکی یان نەتەوەیی) گونجاوتر دەبێت. هەر کەسیش بە هەر شێوەیەکی پێداگری لەسەر مافی تایبەتی نەتەوەیی خۆی بکات، بەبێ لەبەر چاوگرتنی جۆری ئایدیۆلۆژیەکەی، ئەو کەسە ناسیۆنالیستە.

لەوە گەڕێین کە ئۆجەلان بە چەندین شێوەی دژبەیەک پرۆژەی خۆی دەناسێنێت و پێوایە ناسیۆنالیزم دەکوژێت، بەڵام دیسان دێتەوە ناو بازنەی ناسیۆنالیزم و لەوێدا دەخولێتەوە. چونکە هیچ کەس ناتوانێ باس لە چەمکی نەتەوە لە دەرەوی ناسیۆنالیزمدا بکات. ئەوە کێشەیەکی گەورەی پارادیمی کە تەنانەت فوکۆ (فەیلسوفی فەرانسی) پێی وایە کە مارکسیش لەو پارادیمەدا گیری کردووە. تەنانەت، کە باسی سەرەکی ناسیۆنالیزمی میتۆدۆلۆژیکیش (Methodological nationalism) دەکرێت، لەبەر ئەوەیەکە کە لێکۆلەران و پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵاتی و مرۆییەکانیش لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، ناسیۆنالیزمی خۆیان نابینن. یان لێکۆڵەر پێی وایە کە دەکرێت چەمکەکانی وەکوو نەتەوە و کۆمەڵگا بەبێ تێفکرینەوە و وەکوو چەمکی خەساو و ئاسایی بەکار بێنرێن ( Matin 2020; Mohammadpour & Soleimani 2019; Chernilo, 2007 ).[4] بۆیە ئەگەر سیستەمی ئۆجەلان، کورد لە ژێر حوکمی دەوڵەت-

[4]بێگومان ئەو نوسراوەی ئەکادیمیسیەنی کورد، کامران مەتین، گرینگترین کاری وەرگێردراوەی تایبەت بە ناسیۆنالیزمی میتۆدۆلۆژیکە کە دەتوانن لە ڕێی ئەو لینکەوە خوارەوە فارسیەکەی دابەزێنن: https://www.academia.edu.

نەتەوەی غەیرە کوردیدا ڕابگرێت (کە وا دەکات)، کوردی مەحکوم بە قبووڵکردنی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی ئەوەیدیکەی کورد کردووە. ئەگەر کوردیش لە سایەی سیستەمی کەجەکەدا بە ئیدارەی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەری سیاسیی و جوگرافیی بگات، ئەوە یانی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی ساز بووە کە ڕەسمیەتی داوە بە ناسیۆنالیزمی کوردی.

ئۆجەلان وا پێشان دەدات کە یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزرانی کەجەکە، هاتنە دی مافی یەکسانی کوردە. بێگومان کە ئەو بانگەشەیە ڕاست نییە. لە بەر ئەوەی کە ئەگەر سیستەمی کەجەکەش بێتەدی، هەرگیز نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی خاوەن دەوڵەت، یەکسان نابێت. بەڵام، ئۆجەلان، کەجەکە وەکوو وادەی دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی کورد دەناسێنێت کە ئەوە خۆی پارادۆکس و دژەبەیەک بوونە. پارادۆکسەکە لەوەدایە کە ئۆجەلان بە شێوەیەک بانگەشەی یەکسانی نەتەوەی کوردی بێ دەوڵەت و غەیرەکوردی خاوەن دەوڵەت دەکات. ئۆجەلان بۆیە ئەو ئیددیعایە دەکات چونکە ناتوانێ هۆشیاریی نەتەوەیی-مێژوویی کورد لەبەرچاو نەگرێ. دەزانێ کە کورد هیچ پرۆژەیەک قبووڵ ناکات کە ڕاستەوخۆ نەتەوە-بوونی کوردی ئینکار بکات. بۆیە لە ژێر دروشمی "دەوڵەت کاتی بەسەرچووە" ئەو شتە بە کورد دەڵێت. لە ڕێی ئەو جۆرە غەیب گوتنە، دەیهەوێ کورد قانع بکات کە نەمانی دەوڵەت بە مانای نەمانی نەتەوە و مافی نەتەوەیی کوردی نییە. بۆیە ئۆجەلان هاوکات دوو کار دەکات:

١) ئامۆژگاریی کورد دەکات کە پێویست نییە خوێنی خۆیان بۆ دەوڵەت-نەتەوەی "بێ داهاتوو" بڕێژێن کە بە پێی غەیبگوتنی ئۆجەلان لەنێوچوونی دەوڵەت بە شێوەیەکی جیهانی حەتمییە. کە وایە کوردەکان دەبێت لە ئارەزووی بە دەوڵەت بوون دەست هەڵگرن؛ بەڵام هاتنەدی دێمۆکراسی و سیستەمی کەجەکە پێویستی بە لە نێوجوونی دەوڵەت-نەتەوەی غەیرە کوردی نییە.

٢) وێڕای ئەوەش، ئۆجەلان دەیهەوێ بڵێت کە کۆتایی دەوڵەت-نەتەوە، بەواتای کۆتایی نەتەوە و ئەو مافانەی پشتبەستوو بە نەتەوەبوون، نییە. هەر ئەم مەسەلەیە ناچاری دەکات بڵێت کە لە سەردەمی مەوعودی "پاش دەوڵەت نەتەوەشدا"، کورد مافە بەکۆمەڵەکانی لەدەست نادات؛ بەڵکوو گەرەنتی دەکرێن. لێرەدایە کە پارادۆکسەکە دەردەکەوێت: لە سەردەمی دوای نەتەوایەتیدا، میللەت نابێ چی دی قەوارەی مافخۆڵقێن بێت. بەڵام، ئۆجەلان بۆ دڵنیاکردنی کورد، دەیهەوێ بڵێت کە کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتی هەم بەمانای دەستهەڵگرتن لە دەوڵەت-نەتەوەیە و هەم تەزمین و گەرەنتی

مافه نەتەوەیەکانی کوردە. یانی جۆرێک وادەی درێژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و گەرەنتی مافی نەتەوەیی تایبەت، بە کورد دەدات. بەم کارە، هەم دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی کوردی دەکات و هەم وادەی تەزمینی مافی نەتەوەییانی کورد و کوردایەتیی لە سەردەمی مەوعودی دوانەتەوەییشدا دەدات. ئۆجەلان، بە پێچەوانەی لایەنگرەکانی، زۆر بە جیددی نیگەرانی دژایەتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردایەتی و مافی نەتەوەیی کوردە و وەها سیاسەتێک زۆر بۆ پرۆژەکەی خۆی بە مەترسیدار دەزانێت. بۆیە لە دیدارێکیدا لە هاوسەرۆکەکانی هەدەپە هۆشداریان پێدەدات کە "کوردایەتی مەکەن بە ماڵ لەسەر بارزانی و لەیلا [زانا]، ئەوە مەترسیدارە" (Demokratik Kurtulus, 2014: 239). بەو جۆرە، ئۆجەلان دەیهەوێ کورد قانع بکات کە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتی بە مانای "پۆست کوردایەتی" و لەنێوچوونی مافی نەتەوایەتی کوردی، نییە. بەڵکوو مافی نەتەوەیی کورد دەستەبەر دەکرێت و ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەردەمی پۆست ناسیۆنالیزمی مەوعودی ئۆجەلاندا، زیندو دەمێنێتەوە.

هەر وەکوو ئاماژەکرا، ناسیۆنالیزم یانی مافی حاکمییەتی نەتەوەیی کە لە سەر بنەمای جیاوازی ئیتنیکی و نەتەوەییە. بۆیە، غەیرەکورد، دەکرێ زۆر بە ئاسایی ئەم پرسیارە بکات کە ئۆجەلان بۆ بەر لە کوردستان داوای کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی، بۆ نموونە بۆ بەلووچستان ناکات؟ ئەگەر ناسیۆنالیست نییە، بۆ کوردستان وەپێش جێگای تر دەخات؟ یان بۆ لە تورکیا چەرکەز وەپێش کورد نادات؟ یان بۆ داوای لەنێوچوونی دەوڵەتی تورک و دامەزراندنی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی یەکسان بۆ تورک و کورد لە نێو تورکیادا ناکات؟ بۆ دەبێ ئەو سیستەمەی ئەو، پێداگری لەسەر مافی کورد و لەسەر بنەمای جیاوازی ئیتنیکی بکات؟

ئەوە جۆریک لە ناسیۆنالیزمە، چونکە هەروەک تیۆریسیەنی ناسیۆنالیزم ئێرنست گیلنەر دەڵێت: «ناسیۆنالیزم باوەڕێکە کە دەیهەوێ هاوسنووری لە نێوان ئەمری سیاسیی و ئەمری نەتەوەییدا ساز بکات»، یانی دەیهەوێ سنووری ئیدارەی سیاسیی و ئیدارەی نەتەوەیی بکات بەیەک. بەڵام ئەو ناسیۆنالیزمی ئۆجەلان وەکوو دەستی ڕاست بردن بە پشت ملدا بۆ گوێی چەپە.

لێرەدا مەبەستم زۆرتر دەرخستنی نەگونجاوی و دژیەکی تیۆریکی سیستەمی ئۆجەلان لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییە. ئۆجەلان ٧ ساڵ دوای بە فەرمی بڵاوبوونە پەیماننامەی کەجەکەش، پەکەکە و پژاک ئەرکدار دەکات بە پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتانی زاڵ بەسەر کورددا (بڕوانە، Demokratik Uygarlık 467 :2013 ,

Manifestosu). ٣ ساڵ دوای ئەویش، یانی کە لە ساڵی ٢٠١٦دا، پەکەکە چاو بە پەیماننامەکەدا دەخشێنێتەوە و دەقی پێشەکییەکەی ئۆجەلان هەر وەک خۆی دەهێڵێتەوە. جا کەس نازانێ کە چ موجتەهیدێک و چۆن دەتوانێ ئەو هەموو ناسیخ و مەنسوخە لێک دەکاتەوە.

زەحمەتە بەباشی بزانیین کە سەرچاوەی ئەو هەموو پارادۆکسە لەو پەیماننامەدا چییە. بەڵام، بێگومان ئەو گوتەیەی خوارەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ بێئاگایی ئۆجەلان لە تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم کە دەڵێت:

"بۆ کوردستان مافی چارەی خۆنووسین دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکوو بزووتنەوەی دامەزراندنی دێمۆکراسی خۆیەتی بەبێ ئەوەی سنووره سیاسییەکان بکاتە بە کێشە یان بە بنەمایان بگرێت. لە ئێران و تورکیا و سووریا و تەنانەت پێکهاتەیەکی کوردی لە عێراقیش دادەمەزرێت، هەموو کورد کۆ دەبێتەوە بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی خۆی، و بە یەکگرتوویی کۆنفیدراڵیزمی باڵای خۆی پێک دەهێنێت" (وەرگێڕانی خۆم لە تورکیاوە، لە سۆرانییەکەدا بڕوانە خاڵی ٦، لاپەڕەی ٤ و ٥). بەڵام لە لاپەڕەیەک دواتر سیستەمەکە بە هەموو گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیار دەکات و دەڵێ "جارێکی دیکە بانگەوازی بۆ گەلانی ناوچەکە دەکەم بەشداری لە یەکێتی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتییانەدا بکەن، دەوڵەتە دراوسێکانیش هەڵوێستی دێمۆکراتییانە نیشان بدەن" (لاپەڕەی ٩).

ئەو جۆرە ئاڵۆزییە تیۆریکانە و تیگەیشتنی لاواز لە سیستەمی دەوڵەت زۆر بەزەقی لەو پەیماننەمەیەدا دەردەکەون. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٨ی پەیماننامەکەدا، ئۆجەلان کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی وەکوو بەیانی ئیرادەی دێمۆکراتیکی کوردی بۆ یەکێتی نەتەوەیی کورد دەناسێنێ کە گوایە "کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی گوزارشت [لە] و دەربڕینی یەکێتی دێمۆکراتییانەی گەلی کوردە، کە بۆ چوار پارچە دابەشکراوە و لە هەموو جیهان بڵاوبۆتەوە." خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەو ڕستە هەست دەکات کە وێدەچی ئۆجەلان کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی بە تەنیا سیستەمێک بزانێت کە بتوانی ڕێگەچارەیەکی تایبەت بۆ یەکگرتنەوەی کورد بێت. بەڵام، لە لاپەڕەی ١٢دا، یانی ٣ لاپەڕە دواتر، سیستەمەکە دەبێت بە سیستەمێکی جیهانی، کە تەنانەت لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تێدەپەڕێت و دەڵێ کە "ڕێبەرایەتی (کەجەکە) سەبارەت بە بنەماکانی گۆڕانکاری بەم جۆرەوە گوزارشت لە تێڕوانینەکانی خۆی دەکات: لەڕاستیدا من ڕۆڵی خۆمان وەک پێهەڵگرتنێکی گەردوونی دەبینم کە لە ژێر ناوی گەلە

چەوساوەکانەوەیە. کاتێک دێینە سە ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست من سیستەمی کۆما جڤاکێن بۆ کوردان پێشنیاز دەکەم (لاپەڕەی، ١٢).

دیارە سەرەڕای ئەو کێشانەی ئاماژەیان پێکرا، گریمانەی جۆراجۆر لەو چەند ڕستەیەی سەرەوەدا هەن کە بۆ خوێنەر زۆر زەحمەتە کە بزانێ چ دەیتا و زانیارێک دەبێت بە بنەمای ئەو جۆرە خوێندنەوە پڕ لە گەشبینیانەی وەکوو:

١) ئیمکانی یەکگرتنەوەی کورد لە ژێر سایەی یاسایی دەوڵەوتانی مەوجود یان سەرەڕای دژایەتی ئەو دەوڵەتانە.

٢) تەسەووری مەیلی گەلان بەو یەکێتیە لە گەڵ کورد بە دەستپێشخەری کورد. (حیزبی کوردیمان هەیە نیزیک یەک سەدەیە کە پاشگری ئێرانی و عێراقی پێوەیە، بەڵام چوار عەرب یان عەجەمیان بۆ قانیع نەکراوە کە کوردی "خێڵەکی" ببێت بە پێشەنگی سیاسیی بۆ بردنی غەیرەکورد بەرەو دێمۆکراسی و ئازادی).

٣) یان ئەوەیکە گەلان وێدەچی بەرەو پیل بانگەوازی ئۆجەلان بێن، بەڵام دەوەڵەتەکان وێدەچی دژ بەو یەکیەتییە بوەستن. لە حاڵێکدا ئۆجەلان چاوەڕوانیی ئەو دەسپێشخەرییە دێمۆکراتیکەی ئەو گەلانەیە. لە حاڵیکدا پێی وایە کە هەموویان کۆیلەن و بۆ ڕزگاری لە کۆیلەییش دەبێ لە دەوڵەت ڕزگار بکرێن. لە ڕوانگەی ئەو دەوڵەوت و پەروەردەی دەوڵەتی بۆ تاک، هەم کۆیلەسازە هەم هۆی گشت بنبەستەکانە. بۆیە دەڵێت "نەتەوەی دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئەو تاکە کە دەوڵەت درووستی کردووە، ڕاناوەستێ. ئەو تاکەی کە دەوڵەت-نەتەوە دروستی کردووە، کۆیلەیە. دروستکردنی تاک و هاووڵاتی لەلایەن دەوڵەت هۆکاری هەموو بنبەستەکانە "(وەگێڕانی خۆم، بۆ سۆرانییەکە بڕوانە لاپەڕەی، ٢٣). بەڵام، لێرەدا چاوەڕوانە کە هەم لە کۆیلە (تاکی پەروەردەی دەوڵەت) و هەم لە کۆیلەساز (دەوڵەت) بەرەو پیل بانگەوازی ئۆجەلانەوە بێن.

٤) ئایا لێرەدا جگەی لەوەی کە دەوڵەت بە شێوەیەکی زاتی نادێمۆکراتیک و کۆیلەسازە و دامەزراندنی دێمۆکراسی بە مانای دوور کەوتنەوەیە لە دەوڵەت، خوێندنەوەیەکی تر دەکرێت؟ هەروەها، ئایا دەکرێت چاوەرانی ئەو دەستپێشخەرییە لە کۆیلە بکرێت؟ ئایا لێرەدا دێمۆکرات بوونیان بە مانای ئازادیی ئەوان نییە؟ دەکرێ لەژێر سێبەری دەوڵەتدا، کە هۆی کۆیلەیی ئەوانە، ئازاد و دێمۆکراتیش بن؟ یان ئەگەر ئازادی و دێمۆکراسی بە مانای لەنێوچوونی دەوڵەت بێ، دەوڵەت ئیزنی لە نێوچوونی خۆی دەدات؟ کە بە پیل بانگەوازیی ئۆجەلانەوە چوون بەکردەوە ئەو مانایەی هەیە. ئەگەر وایە چۆن داوا لە دەوڵەتان دەکات کە "دەوڵەتە دراوسێکانیش هەڵویستی

دێمۆکراتییانە نیشان بدەن." ئەو شتانە چۆن یەک دەگرنەوە؟ ئەگەر دەوڵەت پۆتانسیەلی هەڵوێستی دێمۆکراتیکی هەیە، بۆ تاکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت زەرورەتەن کۆیلەیە؟ یان چۆن دەوڵەت زەroورەتەن کۆیلەسازە و پۆتانسیەلی دێمۆکراسیشی هەیە؟ ئەگەر دەوڵەت پۆتانسیەلی دێمۆکرات بوونی هەیە بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی لە کوردستان بۆچی دەبێ بەبێ دەست هەڵگرتن لە دەوڵەت مومکین نەبێت؟ یان بۆ دەوڵەتی ئیحتمالی کوردی پۆتانسیەلی هەستیار بوون بە دێمۆکراسی نییە؟

٥) ئایا ئۆجەلان پێی وایە کە هەم گەلانی ناوچە و هەم دەوڵەتەکانیش هەمان جۆرە خوێندنەوەیان لە دێمۆکراسی هەیە، بۆیە دەڵێ "دەوڵەتە دراوسێکانیش هەڵویستی دێمۆکراتییانە نیشان بدەن؟" یانی گرفتەکە لێرەدا دەبێتە کێشەی پیادەکردنی دێمۆکراسی. لە حاڵێکدا دێمۆکراسیخوازیی تورک و فارس پێیان وایە کە دواکەتوویی کوردە بۆتە هۆی پێداگری کورد لەسەر داخوازی نەتەوەیی. دەڵێن کورد کە خۆی بە ئێرانی یان بە تورکیایی بزانێت دێمۆکراسی مافی یەکسانی دەداتێت. لە ڕوانگەی ئەوان مافخوازیی کوردی کۆسپە لە پێش دێمۆکراتیزە بوونی وڵاتەکانیان، نەک پێیان وابێ کە مەرجی هاتنەدی دێمۆکراسی و یەکگرتوویی لەنێوچوونی دەوڵەتە. بۆیەش لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک ڕێکخراوە غەیرەکوردی نابینین کە ۱۰۰ کەس لایەنگری بێت و خوازیاری لەنێوچوونی دەوڵەت بێت.

٦) ئەو گریمانە هەر زۆر زەقە وەکوو ئەوەی کە گەلانی ناوچە زۆر دێمۆکرات بن و ئیمکانی ئامادەبوونیان بۆ جووڵەیەکی دێمۆکراتیک و هەڵبژاردنی سیستەمی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی هەبێت و تەنیا دەوڵەتەکەیان پێشیان لێبگرێت بۆ یەکێتییەکی لەم چەشنە. دیارە واقیعێکی ئاوا سەلمێنەری نادروستی تێزی ئۆجەلانە کە بە پێی ئەو تێزە تاکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە هەمووی کۆیلەیە. ڕێگای ڕزگاریشیان کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیکە. دیارە لە حاڵەتی ڕاستی ئەو تێزەدا، گەلان قەت ناتوانن دێمۆکراتیک و ئازاد بن چونکە دەوڵەت کۆیلەی کردوون. لەنێوچوونی دەوڵەت و هاتنەدی دێمۆکراسیش پێویستی بە ئازادیخواز هەیە، کە هاووڵاتی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت کۆیلەیە، نەک ئازادیخواز. بەو پێیە پێشمەرجی ئازادی و دێمۆکراسی هاتنەدی پاشمەرجەکەیەتی. توتولوژیەکی تەواو کە لەنێوچوونی دەوڵەت بە پێشمەرجی هاتنەدی دێمۆکراسی دەزانێ و مەرجی هاتنەدی دێمۆکراسی و لەدایکبوونی مرۆڤی ئازاد کە پێویستی بە لەنێوچوونی دەوڵەتە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کە دەڵێت هاتنەدی نەتەوەی دێمۆکراتیک زەرورەتەن بەمانای لە نێوچوونی دەوڵەتیش نییە.

ئۆجەلان داوا لە "دەوڵەتانی دراوسێ" دەکات کە هەڵوێستی دێمۆکراتیکیان هەبێت یان ئیزن بدەن کە ئەو گەلانەی ژێر دەسەڵاتیان بێنە ناو سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دیارە ڕوون نییە بە چ متمانەیەک ئۆجەلان پێی وایە نەک هەر گەلان، بەڵکوو دەوڵەتانی ناوچەش بانگەوازێکی وەها بە هەند وەردەگرن. لە حاڵێکدا هەم ناوی ئەو و هەم پرسی کورد بە تەنیا بەسن بۆ ئەوەی کە ڕاست و چەپی هەموو نەتەوەکانی ناوچە لەدژی کورد یەک بگرن و بۆ یەکێتی نەتەوەی زاڵ و دەوڵەتەکەی دەست لە هەموو شتێک هەڵبگرن. لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان نموونەی ئاوامان بینیوە. کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان تەنانەت بەردێکیشی بەرەو تورکیا نەهاویشتبوو کە لە ٩٠،٠٠٠ مزگەوتی تورکی دژ بەکورد ئایەی "اشداء علی الکفار"یان دەخوێندەوە. ئەوانەی کە لە سەرشەقامەکان، لە ماڵەکان و لە شارەکان کورد دەکوژن، هەمووی بەشێک لەو گەلانەن و هیچ کات لە سەر کورژانی تاکی کورد، ئەو گەلانە جارێک ڕێپێوانێکیان نەکردوە. لە ساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا، حکوومەتی ئەردۆغان بەشێکی زۆر لە شارە کوردییەکانی وەکوو حەلەبی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد، وێران کرد. نەتەوەی "دێمۆکراتی" تورک لەو کاتەوە تا ئێستا لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بە ئەردۆغان و پارتەکەی داوە. تەنانەت کۆردۆفۆبیای ئەو گەلانە وای کردوە کە ئەو جۆرە حکومەتە دژەکوردانە بتوانن دەسەڵات بە دەستەوە بگرن.

ئۆجەلان پێی وایە بە ئاسانی دەکرێ ئەو گەلانە لە دەسەڵات و دەوڵەت جیا بکرێنەوە. فارس لە ترسی ئەوەیکە بە نەمانی کۆماری ئیسلامی وێدەچێ حاکمییەتی موتڵەقی فارس بەسەر ئێراندا نەمێت، ٤٣ ساڵە کۆماری ئیسلامی تەحەممول دەکات. چ دەگات بەوەیکە سەرەڕای دژایەتی حاکمییەتەکەیان بەرەو پیل بانگەوازی ڕێبەرێکی زیندانی کوردەوە بێن و سیستەمی پێشنیارکراوی ئەو بۆ پێکەوە ژیانێکی یەکسان و دێمۆکراتیک هەڵبژێرین.

ئۆجەلان پێش گیرانی لە ساڵانی٩٠دا، بەشێک لە خەباتەکەی تەرخان کردبوو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەستی یەک لە دوایی یەک، دەیویست ناکورد تێبگەیێنێ کە شەڕی کورد بۆ گەیشتنی کورد بۆ هێندێک مافی سەرەتاییە، نەک بۆ وێرانکردنی ماڵی تورک. بەڵام، لەبەر ئەو گەلە 'ئاشتیخوازە' تەنانەت دەوڵەتەکەشیان نەیدەوێرا وەڵامی ئاگربەستەکانی پەکەکە بداتەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ دوای ڕووداوی سورسورلوک ، بەشێکی زۆر لە تورک دژی گەندەڵی حکومەتی تورکی هاتنە دەنگ. بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ساڵ و نیوێک، بە گەورەکردنەوەی "هەڕەشەی کورد و پەکەکە" بۆ سەر تورکیا، تورک هەمووی لە پشت

هەڕەشەی حکومەتی ئەوکات بۆ دەرکردنی پەکەکە و دژ بە سووریا ڕاوەستان کە بوو بەهۆی گیرانی ئۆجەلان. کە باسی پرسی کورد هاتە گۆڕی کەمپەینی "خولەکێک تاریکایی بۆ ڕووناکی" تورکیا، جێی خۆی دا بە حکومەتی باخچەلی و ژیتەم و درێژەی کوشتاری کورد. پرسیار ئەوەیە ئایا ئۆجەلان ئەو شتانە نازانێت؟ بێ هیچ گومانێک ئۆجەلان زۆر باشتر لە منێکی ڕۆژهەڵاتی ئاگرداریی ئەوە مێژووەیەیە.

پرسیارێکی تر ئەوەیە ئایا ئۆجەلان بۆخۆی باوەڕی بە وەدیهاتنی سیستەمێکی بان-سنوور وەکوو کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی هەیە؟ بێ هیچ گومانێک باوەڕی بە شتێکی ئاوا خەیاڵی نییە. ئۆجەلانیش باوەڕی بە ئیمکانی هاتنەدی "کۆنفیدرالی دێمۆکراتی یەکگرتوویی" باڵای کورد کە لە پەیماننامەکەدا باسی دەکات، نییە. بۆیە، لە دەرەوەی پەیماننامەکەدا هەم سنورەکان و هەم دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەسەر ئەو سنوورانەدا زۆر بە جیددی دەگرێت. سیاسەتی تورکیا-تەوەری ئۆجەلانیش زۆر بە باشی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، بەتایبەت کاتێک باسی سیستەمی دەوڵەت بۆ تورکیا دەکات، دەوڵەتی "کۆماری دێمۆکراتیک" وەکوو مۆدێلی ئایدیاڵ پێشنیار دەکات و دەڵێت "سیستەمێک کە تێیدا دێمۆکراسی بە شێوەی ئایدیاڵ کار دەکات، کۆماریەتە" (Türkiye'de Demokratikleşme, 2011:49). کۆماری دێمۆکراتیکی پێشنیاری ئۆجەلان بێ ئەولا و ئەملا لە چوارچێوە سنوورەکانی ئێستای تورکیادایە و وەکوو هەموو دەوڵەتێکی عورفی ئەمڕۆیی، سنوور ناسراوی لەگەڵ وڵات و نەتەوەکانی تر هەیە کە بە وتەی ئۆجەلان "لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆی کۆمارێکی سەربەخۆ و ئازاد وەکوو بناغەی و بنەمای [ژیانی] کۆمەڵایەتی قبووڵ دەکرێت" ( Demokratik kurtuluş ve özgür yaşamı inşa25 :2015,).

لەوەش ڕوونتر ئەوەیە کە ٩ ساڵ دوای ڕاگەیاندنی پرۆژەی کەجەکە وەکوو شتێکی گەردوونی و دوای ئەو هەموو ریس و گوریس لێکهالاندنە، ئۆجەلان دەڵێت ئەگەر کوردی باکوور لە سەر جوگرافیایەکی یەکگرتوو بایە، وەکوو بارزانی هەوڵی بۆ دەوڵەت-نەتەوەی کوردی دەدا. لە ساڵی ٢٠١٤، لە دیدارێکی لەگەڵ هاوسەرۆکەکانی هەدەپە، پەروین بوڵدان و سەلاحەدین دەمیرتاش، ئۆجەلان دەڵێت کە گوایە "[کەماڵ] بورکای باسی فڵان جۆرە چارەسەریی فیدراڵی دەکات و سنوور بۆ کوردستان دیاری دەکات. ئەو سنوورانە لە کوێوە دەست پێ دەکەن و لە کوێ کۆتاییان دێت؟ [فۆرمۆڵی چارەسەری ئێمە بۆ کورد] لەسەر بنەمای سنوور نییە. [فۆرمۆڵی] ئێمە هەم کوردەکانی ئیستەنبوڵ و هەم کوردەکانی هەکاری دەگرێتەوە... ئەگەر، ئێمە بمانتوانییایە، وەک بارزانی بەرەو دەوڵەت-نەتەوە دەچووین، بەڵام ئەوە بەبێ شەڕ ناکرێت" ( Demokratik kurtuluś,

(2015: 112). دیارە، لە دانیشتنێکی پێشتریشدا هەر لەگەڵ ئەو دوو کەسایەتییە، ئۆجەلان باس لە نەبوونی ئیمکانی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی کورد بە هۆی کۆسپی زۆر لە پێش دەوڵەت-نەتەوە دەکات و بە بێهیواییەکی تەواوەوە دەڵێت کە "لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نە دەکرێت لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم دەوڵەت دامەزرێنی و نە شتێک دەکرێت. ئیزنی ئەو شتە نادەن" (هـ.س. ٥٢).

## دەوڵەتی یونیتەر (مەرکەزگەرا)

کێشەیەکی زۆر گرینگتر کە پێشتر بە سەریدا تێپەڕیم، مژاری دەوڵەتی مەرکەزگەرا، یەکینە یان یونیتەرە (unitary state) کە لە ڤێرژنی سۆرانی پەیماننامەی کەجەکەدا وەکوو "دەوڵەتی ناوەندی (central state)" وەرگێڕدراوە. لە ڤێرژنی تورکیاکەیدا دەڵێت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کەجەکەدا "سێ یاسا جێبەجێ دەکرێن یاسای یەکێتی ئەوروپا، یاسای دەوڵەتی یونیتەری (unitary state) ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق و یاسای دێمۆکراتیکی کۆنفێدراڵ" (لاپەرەی ٦). بەڵام، وەکوو ئاماژەم پێدا لە سۆرانییەکەدا بە جێی دەوڵەتی یونیتەر یان ناوەندگەرا، دەستەواژەی دەوڵەتی ناوەندی ( central state) بەکار هێنراوە. جیاوازیی نێوان ئەو دووە، تەنیا جیاوازیی دوو نێو بۆ یەک سیستەم نییە؛ بەڵکوو، تەعبیر لە دوو سیستەمی جیاوازە.

دەوڵەتی ناوەندی لە ئەدەبیاتی سیاسیی زۆربەی پارتە کوردییەکاندا بەکارهاتووە و بەکار دێت کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک هەر جۆرە مافخوازی و تەنات دامەزراوەی داهاتووی کوردیش کە لەسەر ئەو بنەمایە دانرابێت، دەکات بە ناوچەیی و ئی کەمینەیەک. ئەو جۆرە ئیرجاعە، دەوڵەتی ناکورد (بەناو ناوەندیش) وەک دەوڵەتی گشتی کورد و ناکورد دەناسێنێت و ماهییەتی ئیتنیکی ئەو دەشارێتەوە. کە ئەوە لە لایەک ستاتوس و پێگەی کورد بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەکات بە ئی کەمینەیەک و بە هەڵسوکەوتی دەوڵەتی "ناوەندی" غەیرەکوردیش، شەرعییەتی دەوڵەتێکی یونیۆرسال و گشتگیریش دەبەخشێت. (کە ئەوە بۆخۆی ڕەنگدانەوەی دەروونیکردنی گوتاری دەوڵەتی کۆلۆنیال و داگیرکەر لەلایەن کوردە).

بۆ ڕۆنکردنەوەی جیاوازیی ئەو دوو سیستەمە دەتوانین ئاماژە بە جیاوازی نموونەی دەوڵەتی تورکیا و نموونەی عێراق بکەین. لە نموونەی عێراقدا دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان [کە دەوڵەت (state)] نییە لانیکەم لە باری یاسایی و تیۆریکەوە و لەبەروارد لەگەڵ ئەو شتەی کە یاساکانی تورکی ئیزنی دەدات،

وەکوو حکوومەتێکی (government) هەرێمی-ناوچەیی دەناسێنێ و مەجالی زۆر بڕیاری پێ دەدات. بۆنموونە، پارێزگار و بەرێوبەرانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەلایەن دەوڵەتی بەغداوە دیاری ناکرێن. یان سیاسەتەکانی پەروەردەی کوردستان لە بەغداوە دیاری ناکرێن و بەغدا دەست لە هەڵبژاردنی ناوخۆی کوردستان وەرنادات. تەنانەت، لە سەردەمی سەددام حوسەینیشدا دەڵەوتی عێراق --وەکوو دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیا و سوریا-- لە ڕوویی ڕواڵەتییەوە سەتاسەت ناوەندگەرا نەبوو. یاسای عێراق لە سنووری تیۆریک، ڕواڵەتی و هێماییدا "لۆژیکی حوکمی زاتی" بەفەرمی ناسیبوو. لە تورکیا و ئێران و سووریا، سەرەڕای ئەویکە هیچ جۆرە کیانێکی ئیتنیکی سەر بە نەتەوە بندەستەکان ناتوانێ ببێت، هەموو یاسایەک و سیاسەتێکی ئیداری، ئەمنییەتی، ئابووری و پەروەردە... لە لایەن حکومەتی ئانکارا، تاران و دیمشەقەوە دیاری دەکرێن. لەبەر ئەوەیکە، ئەو وڵاتانە، سیستەمی سیاسییەکەیان ناوەندگەرا و یونیتەرە.

ئیعتیباردان بە دەوڵەتی یونیتەر و ناوەندگەرا وەک ئەوەی کە لە پەیماننامەی کەجەکەدا هاتووە پرسیاری زۆر بنەڕەتی دەهێنێتە پێش؛ وەکوو ئەوەیکە: ١) ئایا بەڕاستی ئۆجەلان جیاوازی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتی ناوەندگەرا نازانێ؟ بەشێک دەزانێت. ٢) ئەگەر جیاوازیەکەیان دەزانێ بۆ دەبێ لەو چەمکە کە بەمانای بەفەرمی ناسینی پێکهاتەی سیاسیی ئێستای ئەو سیستەمانەیە، کەڵک وەربگرێت؟ لە حاڵێکدا بەبێ گۆڕانی دەوڵەتی یونیتەر، هیچ کیانێکی کوردی (کۆنفیدڕاڵی دێمۆکراتی، خودموختار یان فیدراڵ) لە ناو ئەو پێکهاتانەدا ئیمکانی هاتنەدی نییە. ٣) ئەگەر ئۆجەلان مانای دەوڵەتی یونیتەر دەزانێ (کە دەیزانێ) بۆ بۆخۆی پێشقەدەم بووە لە قبووڵ کردنی ئەو سیستەمە؟

ئەو پرسیارانە زۆر بنەڕەتین چونکە دەوڵەتی ناوەندگەرا کە هەمان دەوڵەتی موتمەرکیزە، دان بە هیچ جۆرە دابەشکردنێکی دەسەڵات لە سەر بنەمای زمانی، ئیتنیکی یان خۆبەڕێوەبەری ناوچەیی خودموختاری یان فیدراڵی دانانێت. ئەگەر دان بە هەریەک لەو شێوانەی دابەشکردنی دەسەڵات دابنێ، ئیدی ئەوە لەم کاتە ڕا سیستەمەکە لە ناوەندگەراییەوە دەگۆڕێت و دەچێت بەرەو جۆرێک لە سیستەمی لامەرکەزی.

بەشێکی زۆر گرینگ لە ئەدەبیاتی سیاسیی لە تورکیا سەربارەت بە دەوڵەتی یونیتەر و پێداگرتنی لەسەر ئەو سیستەمە، پەرچەکرداری دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی تورکیا دژ بە مافخوازی کورد. تەنانەت بەشێکی جیددیش دژ بە جۆڵانەوەی پەکەکە و لە ساڵانی پێش ٢٠٠٠دا بەرهەم هاتووە. بۆیە مەحاڵە کە ئۆجەلان --وەک نووسەری سەرەکی ئەو

پەیماننامەیە-- ئاشنا بە مانای دەوڵەتی یونیتەر نەبێت یان نەزانێ کە بە گشتی لە کولتووری سیاسیی تورکیادا، خەڵک چۆن لە وەها چەمکێک تێدەگەن. یان بڵێین گریمانەی ئۆجەلان وابێ کە وێدەچێ ئەو چەمکە چەند جۆر ڕاڤە بکرێت. تەنانەت، زۆرترین پێداگری لە سەر دەوڵەتی یونیتەر لە لایەن میللیەتچی هەرکەرت پارتسی (مەهەپە) و گورگە بۆرەکانی لایەنگری ئەو پارتە فاشیستەوە کراوە. بۆ نموونە "دەوڵەت باخچەلی" سەرۆکی پارتی مەهەپە لە هەڵگیراوەیەک کە ڕۆژنامەی ئیندپێدێنتی تورکی هێناویەتی، سەبارەت بە دەوڵەتی یونیتەر دەڵێت کە: "ئەو پرەنسیپانەی کە ئێمە پشتمان پێ بەستوون: پرەنسیپی یەک وەتەن ، یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت و یەک زمانن. تاقانەیی دەوڵەتیی پاراستنی قەوارەی یونیتەرە:

(Bizim dayandığımız ilkeler: Tek vatan, tek bayrak, tek millet, tek devlet ve tek dil ülküsüdür. Tek devlet, üniter yapının korunmasını, tek millet, Türk milleti kimliğinin devamını; tek bayrak, milli devletin bekasını, tek dil, resmi dilin yalnızca Türkçe olabileceğini, tek vatan ise, ülkemize ortak koşulamayacağını ilan etmektedir[5].)

لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، لە کتێبی "دێمۆکراتیک ئولوس"دا کە ساڵی ٢٠١٣ هاتۆتەدەر، هەڵگیراوەیەک لە نوسینەکانی ئۆجەلان هەیە نیشان دەدات کە ئۆجەلان دەوڵەتی یونیتەر زۆر بە مەترسیدار و ئەگەر هێمای فاشیزم و تولیتاریزمیش نەبێت لانیکەم بە پێشزەمینەی ئەو جۆرە سیستەمانە دەزانێت. بەڵام، ئەو کتێبە ناڵێت کە ئۆجەلان لە کوێ و لە چ ساڵێکدا ئەو شتەی نوسیوە. کە زانیارییەکی ئاوا، ڕوونی دەکردەوە کە ئایا ئۆجەلان کاتی نووسینی پەیماننامەکە لە ساڵی ٢٠٠٥ و پەسەندکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی یونیتەری تورک و فارس و عەرەبی بەسەر کورددا، نەیزانیوە ئەو سیستەمە چییە؟ یان گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونەکانیدا هاتووە؟ دیارە گریمان کە گۆرانکاریش بەسەر ڕوانگەکانیدا هاتبێت، دیسانیش لەگەڵ ئەم پرسیارە هەر ڕووبەڕوین کە بۆ لە نوسخەی کورمانجی پەسەندکراوی ٢٠١٦ی پەیماننامەکەدا، پێشەکییەکی ئۆجەلان دەستکاری نەکراوە؟ پرسیارێکی دیکەیش ئەوەیە کە ئوجەلان چۆن دەیهەوێ دێمۆکراسی و دەوڵەتی یونیتەر لەگەڵ یەکتر کۆ بکاتەوە؟

بەپێی ئەو هەڵگیراوەیە لە ئۆجەلان کە لە کتێبی "دێمۆکراتیک ئولوس"دا هاتووە، بەشێک دەبێ کێشەکەی ئۆجەلان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، بە تایبەتی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، بگەرێتەوە بۆ بووچۆنی نابراو سەبارەت بە کاریگەری بنەڕەتی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی

---

[5] https://archive.fo/wip/ZPMzP.

لەسەر یونیتەر کردنی دەوڵەت. لە ویدا دەڵێت کە "ناسیۆنالیزم، ناوەندگەرایی لە بەرامبەر پێکهاتە فیدراڵییە دێموکراتییەکانی تر، لە دەوڵەتدا بەهێز دەکات. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی بەرەو پێکهاتەی ناوەندی-یۆنیتەر دەڕوات. لەوێش ڕا دەچینەوە بەرەو تێگەیشتنی دەوڵەتی فاشیست و تۆتالیتار" (دێمۆکراتیک ئولوس، ٢٠١٣: ١٥). کە بەوردی سەرنجی بدەینێ کێشەی ئۆجەلان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی لەبەر ئاکامی ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە دەڵێت دەوڵەت بەرەر ناوەندگەرایی، لەوێش ڕا دەوڵەت بەرەو فاشیزم و تۆتالیتاریزم دەبات. یانی بە وتەی ئۆجەلان دەوڵەتی یۆنیتەر هەڕەشەیەکی زاتیە بۆ "پێکهاتە فیدراڵییە دێمۆکراتییەکانی تر." تەنانەت، دیارە لێرەدا ئۆجەلان کێشەی لەگەڵ دەوڵەت زۆر کەمترە تا لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی. چونکە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی بە مەترسی سەرەکی بۆ بردنی دەوڵەت بەرەو دەوڵەوتی یونیتەر و ناوەندگەرا دەزانێت کە لە ڕوانگەی ئۆجەلانەوە ئاکامی دەوڵەتی ناوەندگەرا، دەوڵەتی فاشیستی و تۆتالیتارە.

دیارە بۆچوونی ئۆجەلان لەبارەی هەڵنەکردنی دەوڵەتی یونیتەر لەگەڵ پێکهاتەی کۆنفیدرالی ڕاستە. لە نووسراوەیەکی دانیال جوودا ئیلازار (Daniel Judah Elazar) بنیاتنەری سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی فێدڕالیزم (لە زانکۆیی تەمپڵی ئەمریکا) هاتووە کە "لە چەرخی دەوڵەتگرای ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی زۆر گشتی دەوڵەتەکان دوو جۆرن: یان یونیتەرین یان فیدراڵ" (Elazar, 1997: 1). بە پێی پێناسەی ئیلازار "دەوڵەتی یونیتەری دوای مۆدێلی وێستەفێلیا دامەزرا، کە زۆرترین گۆڕانکاری لەودا لەسایەی شۆڕشە دێمۆکراتیکەکانی سەدەی ١٨ و پرەنسیپانەی بنەڕەتیەکانی ئەو شۆڕشانە هاتە دی. بنەڕەتیترین پرەنسیپ لە دەوڵەتی یونیتەریدا کارامەبوونی ڕێکخراوەیی دەسەڵاتە. ئەو شتەی کە کارامەییش پێناسە دەکات زۆرترین هیزی کۆنترۆڵی ناوەند بەسەر پەراوێز یان زۆرترین دەسەڵات سەرووی هیرەم بە سەر ئاستەکانی خوارووتردا هەیە" (٢٤٣). یانی دەوڵەتی یونیتەری بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ فیدراڵ بێت یان لە ناوەندگەرایی دوور و جۆرێک لە دابەشکردنێکی دەسەڵاتی لەسەر بنەمایی ئیتنیکی، زمانی یان ناوچەیی تێدا هەبێت.

بەڵام، لە پەیماننامەکەدا، ئۆجەلان نە تەنیا دەوڵەتی یونیتەر کێشەدار ناکات، بەڵکوو یاساکانیشی قبووڵ دەکات. ئەوە بەو مانایەیە کە ئۆجەلان بەبێ دەبڕینی ناکۆکی خۆی لەگەڵ واقعیەتی "ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی" و پێکهاتەی دژە دێمۆکراتیکی دەوڵەتی غەیرەکوردی، بەسەریدا تێدەپەڕێت. بۆ خوێنەر ئەو پرسیارە کە ئۆجەلان چۆن هەم بەبێ

گۆرینی ماهییەتی دەوڵەتی یونیتەر کورد یاساکانی پەیڕەو دەکات و هەم دەشڵێ کە سەرەنجامی دەوڵەتی یونیتەر فاشیزم و تۆتالیتاریزمە چونکە لە ناخیدا دژی کۆنفێدرالیە؟ یان چۆن ئۆجەلان بەبێ ئەوەی کێشە بۆ وەها سیستەمێک ساز بکات بە ڕەسمی دەناسێت، دەڵێ "لەمە بەو لاوە لە کوردستان" یاساکانیان پەیڕەو دەکرێت؟ یان تەنانەت پێی وایە کە وەها دەوڵەتێک بەرەو پیل بانگەوازی ئەو دێت و ئیزن دەدات کە خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی بن بە بەشێک لە کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی بە ڕێبەرایەتی ئۆجەلان؟

لە کتێبی "Turkiyede Demokratikleme"دا، ئۆجەلان وەکوو "ڕێگا چارەی دێمۆکراتیک" دەڵێت کەجەکە "دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا و سنوورەکانی بە شەرعی قبووڵ دەکات. پرسەکانی وەکوو فۆرمی یونیتەری، فیدڕال، یان کۆنفیدراڵ ناهێنرێتە بەرباس. هاووڵاتیبوونی کۆماری تورکی نە تەنیا لە یاسایی بنەڕەتی و یاساکان بەڵکوو بەشێوەی دامەزراوەیش عەمەلی کردنی پێشنیار دەکرێت. بۆ ئەو شتانەی [لەچوارچێوەی] لێکدانەبڕاوی مافەکانی تاک و ئازادییەکانی بەکۆمەڵ، ئازادی و مافی ناسنامەی بێ بناوانە کولتورییەکان پێشنیار دەکرێن و جەختیان لەسەر دەکرێت" (٢٠١١: ٧٨). لێرەدا دەبینرێت کە ئۆجەلان وەک پڕوژەی چارەسەری دێمۆکراتیکی کەجەکە، سنوورەکانی تورکیا و هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورک --کە هێندیکیان تەنیا بۆ ئەسمیلەکردنی ناتورک دامەزراون-- بە شەرعی قبووڵ دەکات. ڕوون نییە کە ڕێگا چارەیەک کە کێشەی لەگەڵ ئەو شتە نەبێ کە ئۆجەلان بۆ خۆی بە فاشیزمی دەزانێ، چۆن دێمۆکراتیکە؟ یان خاوەنی ئەو تیۆرییە چ تێگەیشتنێکی لە دێموکراسی هەیە؟

لەوە گرینگتر قبووڵی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورک، بە مانای ئیعترافی بێ ئەولا و ئەملا بە شەرعییەتی دەوڵەت-نەتەوەی یونیتەری تورکیا. بەڵام، هەر بەو ڕادەیەش گرنگ ئەوەیە کە لە حاڵێکدا ئۆجەلان دەوڵەتی یونیتەر بە هێمای فاشیزم و نازیسم ناوزەد دەکات، لە ڕێگا چارەی دێموکراتیکەکەی نایباتە ژێر پرسیار. دەڵێت کە بە هیچ شێوەیەک فۆرمی حکومەت ناکات بەکێشە و پێداگری لە سەر سیستەمێکی فیدڕال یان کۆنفیدراڵ ناکات. کە ئەوە بە مانای دەست هەڵگرتنە لە سیستەمی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتی و کە ئەوکات ڕوون نییە کەجەکە چی لێ دێت. لەبەروەیکە ئیمکانی بوونی کەجەکە بە پێی تێگەیشتن و پێناسە ئۆجەلان لە دەوڵەوتی یونیتەر مومکین نییە. دەوڵەتی یونیتەر بە گوتەی خودی ئۆجەلان دژی دامەزراوە و مەرکەزەکانی کۆنفیدڕالە.

ئۆجەلان لە کتێبێکی دیکەیدا دەڵێت کە “لە ڕوانگەی دەوڵەتی یونیتەروە هەموو کەسێک [تەنیا] تاکە [تەنیا تاک مافی یاسایی هەیە] و سەربەخۆیە. یەک دەنگی هەیە. نەتەوە-دەوڵەت فاشیزمە. هیتلێر ویستی بۆ خۆڵقاندنی [مرۆڤی] تەک تیپ بەکاری بێنێت. هیتلێر و موسولینی لە مرۆڤکوژیدا چییان کرد دەوڵەت-نەتەوەش ئاوای کردوە. لە تورکیاشدا بەرەو ئەو ئاقارە هەوڵ دران، بەڵام لەگەڵ واقیعەکە گونجاو نەبوو” (Türkiye'de DemokratikleŞme27-426 :2014،). بەڵام، ئۆجەلان تەنانەت ئامادە نییە کێشەش بۆ جۆری یونیتەری دەوڵەت-نەتەوە و دامەزراوەکانی سازکات. پێویستە بڵێم کە ئۆجەلان ڕەخنە لە جینوسایدی تورکیا ناگرێت و تەنانەت لە کتێبی (248-249 :Bir Halkı Savunmak , 2015) پاساویشی بۆ دێنێتەوە. ئەگەرنا، یەکەم جینۆسایدی سەدەی ٢٠ لە جوگرافیای تورکیادا کرا، نەک لە ئەڵمانی نازی و ئیتالیای فاشیست.

ئەوەیکە ئۆجەلان لەڕاستیدا چی دەوێت یان باوەڕی ڕاستەقینەی ئەو چییە، بۆ خوێنەر ڕوون نییە. ئەوەیکە ڕوونە ئەوەیە کە ئۆجەلان دەتوانێ لە لاپەڕەیەکدا دەوڵەت بە فاشیست بناسێ و لە لاپەڕەی دواییدا بەرگری لێ بکات. لەویش ڕوونتر هەرچی زۆرتر و زۆرتر لێڵکردنی پرسی نەتەوەیی کوردە. ئەو جۆرە کێشانە بەشێکی بەرچاو و بنەڕەتی لە لۆژیکی زاڵ بەسەر دەقی پەیماننامەکەدان کە لایەنگرانی ئۆجەلان بۆ هەڵاتن لە بەر ئەو کێشانە، بە بەردەوامی دەیانهەوێ هێمنانە ئیعتباری سەربەخۆیی دەقی پەیماننامەکە ڕەتبکەنەوە. بۆیە ناڕاستەوخۆ دەڵێن کە دەبێ گرینگی سەرەکی بە نووسینەکانی تری ئۆجەلان بدرێت. هەروەها وا دەگەیەنن کە تێگەیشتن لەو پەیماننەیە تەنیا لەبەر تیشکی نووسینەکانی دیکەی ئۆجەلان مومکینە. بەڵام، ١) کێشەکە ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیە ڕەسمی ترین بەڵگەی پەکەکە و ئۆجەلانە و حوکمی یاسای هەیە. هەموو نووسینەکانی دیکەی ئۆجەلان دەکرێ لە حوکمی بۆچوون و شیکردنەوە و بە سپیکۆلاسیۆنی نووسەرێک بێنە هەژمار. بەڵام، پەیماننامەکە تەنیا سەندی ئەرکدارکەری سیاسیی پەکەکە و ئۆجەلانە. ٢) پەیماننامەکە بۆخۆی لە هیچ جێیەکدا خۆی ئاوا بێ ئیعتبار ناکات و هیچ ئاماژەیەکی بە سانەوی و ناسەرەکی بوونی خۆی وەک بەڵگەیەکی یاسایی ناکات. تەنانەت خۆی وەکوو دەقێک لە دەقەکانی ئۆجەلانیش ناناسێنێت. گەرچی، لە پێداچۆنەوەدا هەوڵم داوە کە هێندێک لە نووسینەکانی دیکەی ئۆجەلانیش کەڵکی زۆرتر وەربگرم. ٣) هەوەک دەبینین دەقەکانی تر دژبەیەک بوونی بۆچوونەکانی ئۆجەلان سەد بەرامبەر زیاتر دەکەن. پەیماننامەکە تۆزێک یەک ڕەنگترە لە نووسینەکانی

تری ئۆجەلان. کە ئەو نیشانی دەدات یان زۆربەی ئەو کەسانە ئاگرداری نووسینەکانی ئۆجەلان نیین یان هێزی ئیمان نەیهێشتووە ئەو دژبەیەکیانە ببینن.

هەروەها، لایەنگرانی ئۆجەلان، دوای بڵاوبوونەوە ڕەخنەکانم زۆر هەوڵیان داوە کە بڵێن پەیماننامەکە، یاسایی دەوڵەوتی ناوەندگەرا بەبێ مەرج قبووڵ ناکات. دیارە ئەو بانگەشەی ڕاست نییە. چونکە لایەنگرانی ئۆجەلان لە دوو ڕستەی پەیماننامە لەو بارەوە، تەنیا بە یەکیانەوە دەنوسێن و چاوەڕوانن کە خوێنەریش ڕستەی یەکەم بە نەبوو دابنێت. هۆی ئەو هەوڵەشیان ئەوەیە کە ڕستەی یەکەمی پەیماننامە سەبارەت بە قبووڵی یاسای دەوڵەتی بە ڕادەیەک ڕوون و حاشا هەڵنەگرە کە هیچ پاساوێکی بۆ نابینرێتەوە. دیارە، ئەگەر ئەو ڕستە گرینگە نییە، پەکەکە دەتوانێ لە پێشەکییەکە بیسڕێتەوە و ئێمەش و خۆشیان لەو سەرهێشە ڕزگار بکەن. سەرەڕای ئەوە لە کتێبی "Türkiye'de Demokratikleşme"دا، ئۆجەلان بۆخۆی دەڵێت کەجەکە "دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا و سنوورەکانی بە شەرعی قبووڵ دەکات. پرسەکانی وەکوو فۆرمی یونیتەری، فیدڕال، یان کۆنفیدراڵ ناهێنرێتە بەرباس" (٢٠١١: ٧٨). کەسێک کە لەگەڵ ئەلف و بێی تیۆرییەکانی سیاسەت ئاشنا بێت دەزانێ کە یەکێک لە گرینگترین دامەزراوەکانی وەڵاتێک یاسای بنەڕەتیەکەیەتی ( بڕوانە، Llewellyn ,1934).

بەڵام، بۆ تێگەیشتن لەو دوو ڕستە و گرینگییەکانیان هەردووکیان دێنم و دواتریش ڕوونی دەکەمەوە کە بۆ ئەو ڕستەی کە لایەنگرانی پەکەکە دەڵێن گرینگ نییە، زۆر گرینگترە لە ڕستەی دوایی. لە بیرمان نەچێ کە پەیماننامەی کەجەکە یاسایە، هەر کاما و وێرگولێکیش لە وێدا گرینگە و ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت.

--ڕستەی یەکەم: «لە ئێستا [٢٠٠٥] ڕا لە کوردستان ٣ یاسا حوکم و بڕیان دەبێت: یاسای یەکیەتی ئەورووپا، یاسایی دەوڵەتی یونیتەر و ناوەندگەرا و [دوایی هەموویان] یاسایی کۆنفیدراڵی دێمۆکراتی ( Bundan sonra Kürdistan da üç hukuk geçerli olacaktır: AB hukuku، üniter devlet hukuku، demokratik konfederal hukuk).

--ڕستەی دووهەم: دەوڵەتە یونیتەرەکانی ئێران، عێراق تورکیا و سووریا کە دانیان بە یاسای کۆنفیدراڵی گەلی کورددا نا، گەلی کوردیش بە یاسانی ئەوان ئیعتراف دەکات و لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ سازان بکرێت.

Üniter devletler olan İran, Irak, Türkiye ve Suriye Kürt halkının konfederal hukukunu tanıdıkça Kürt halkı da onlarınkini tanıyacak ve bu temelde uzlaşıya gidebilecektir.

١) له باشترین حاڵەتدا ئەو دوو حوکمە دژ بەیەکن لەحاڵێکدا تەنانەت یەک ڕستەی دیکەشیان لە نێواندا نەهاتووە.

٢) یونیتەربوونی ئەو دەوڵەتانە، نە لەو پێشەکییەدا و لە هیچ بەشێکی پەیماننامەکەدا نەکراوە بە کێشە و بە گرفت دانەندراوە. بەپێچەوانە، ئۆجەلان دەڵێ هەر نایهێنینە بەرباسیش.

٣) لە ڕستە و حوکمی یەکەمدا هیچ مەرجێکی حقووقی یان زەمانی و کاتی بۆ پەرڕەوکردنی یاسایی دەوڵەتی یونیتەر بوونی نییە. بۆ نموونە لە ڕستەی یەکەمدا ناڵێ بە مەرجی ئیعتراف بە یاسایی ئێمە. یان ناڵێ دوایی چەند ساڵیتر. دەڵێ هەر لە ئێستاوە یان لە ئێستا بەدواوە (Bundan sonra). بە هۆی ئەوەیکە لە ئێستاوە ئەمر بە عەمەلی کردنی و پەیڕەو کردنی یاسایەک دەکرێت، هەموو مەرجێک وەلانراوە.

٤) لە ڕستەی دووهەمیشدا کە دەڵێت ئەگەر ئەوان بە یاسای کورد ئیعتراف و کوردیش بە یاسای ئەوان ئیعتراف دەکات و بەو پێیەش دەسازێن؛ پەیڕەو کردنی یاسای دەوڵەتە یونیتەرەکان نەفی ناکاتەوە. بێ هیچ گومانێک زمانی نووسینی سەر لێشوێنەرە و ئاڵۆزە و دەکرێت تەنانەت وەکوو دوو ڕستەی دژبەیەکیش بخوێندرێنەوە. بەڵام، دەکرێ تەفسیرێک ئەوە بێت کە بە فەرمی ناسینی دوولایەنە و بۆ سازیش و پێکهاتنە، بوون و نەبوونی ڕستەی دووهەم کێشەیەک بۆ ڕستەی دووهەم ساز ناکات. ئ) کە ڕستەی یەکەم تەقەددومی حوکمی هەیە. ب) سازان و دان پێدانان ناکات بە مەرجی پەیڕەو کردنی دەوڵەتی یونیتەر.

٥) هەروەک پێشتر باس کرا، ٦سال دوایی دەرچوونی پەیماننامەکە، ئۆجەلان هیچ گومانێک لەسەر بێمانابوونی ئەو مەرجە ناهێڵێتەوە و لە کتێبی " Türkiye'de Demokratikleşme"دا، دەڵێت کە کەجەکە "دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا و سنورەکانی بە شەرعی قبووڵ دەکات. پرسەکانی وەکوو فۆرمی یونیتەری، فیدراڵ، یان کۆنفیدراڵ ناهێنرێتە بەرباس" (٢٠١١: ٧٨).

دیارە پێشتر باسمان کرد کە ئەگەر دەوڵەتەکان یونیتەریش نەبن مەحاڵە کە سیستەمێکی کۆنفیدرڵلی دێمۆکراتی وەکوو ئیدارەی بەڕێوەبەریی بۆ هەر ٤ بەشی کوردستان، بە کردەوە بێتە دی. لە سەرەوەش دیترا، کە ئۆجەلانیش باوەڕی بەوە نییە کە

دەوڵەتی یونیتەر بتوانێت پێکهاتەی فیدرال و کۆنفیدراڵ تەحەممول بکات. بەڵام، ئەگەر بچینە سەر کێشە تەکنیکییەکانی جێبەجێ کردنی یاسای ٤ دەوڵەتی یونیتەر و یاسای کۆنفیدرالی کەجەکە و یاسای یەکیەتی ئەوروپا، ئاڵۆزییەکان زۆرتریش دەبن. دەوڵەتی یونیتەر، نەک هەر لە ئیدارەی وڵاتدا زۆر ناوەندگەرایە، بەڵکوو لە پرۆسەی یاسادانانداندان ناوندەگەراتریشە. هەر وەک لەسەرەوە دیتمان ئۆجەلانیش دەڵێت کە دەوڵەتی ناوەندگەرا، تەنیا مافەکانی هاووڵاتی لە چوارچێوەی تاکە دەنگێکدا دەناسێت. ئەوەیکە چاوەروان بین کە چوار دەوڵەتی ناوەندگەرا، ئیزن بدەن کە هاوکات لەگەڵ یاسای خۆیان، ٥ یاسای تریش لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتیان پەیڕەو بکرێت، تەسەووریشی سەرسوڕهێنەرە.

خودی چەمکی ئیعتراف پێکردنیش لە دەقی پەیماننامەکەدا مانایەکەی ڕوون نییە. مەسەلەن، ئەگەر گرۆپێکی فمێنیستی بە تالیبان بڵێت ئەگەر ئێوە یاساکانی ئێمە بەڕەسمی بناسێن، ئێمەش یاساکانی ئێوە بەڕەسمی دەناسێن، تێگەیشتن لە مەرجێکی وەها ئەسڵەن مومکینە؟ لێرەدا باس لە دوو یاسایی ماهییەتەن جیاواز و تەنانەت دژبەیەک دەکرێت. بوونی یەکیان تەنیا لە نەبوونی ئەویدیدا مومکینە. بۆ نموونە، گروپێکی فمێنیستی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ تالیباندا تەنیا دوو ڕێگای لەبەرە: یان بیرۆخێنیت یان داوای هێندێکی ریفۆرمی لێ بکات کە لەگەڵ ماهییەتی تالیبان دژایەتی سەتاسەتی نەبێت. بۆ نموونە، دەتوانێ بە جێگای بۆرقە داوای چارشێو بکات. بەڵام، ناتوانێ بڵێ دەبێ تالیبان حاکمییەتی فیقهـ (شەرع) بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە، کە لە وەها حاڵەتێکدا یانی تالیبان گۆڕاوە. بۆیە، پرسیار ئەوەیە ئایا کەجەکە دەتوانێ بە کۆماری ئیسلامی بڵێ کە من سەنگسارم قبووڵە بە مەرجێک کۆماری ئیسلامی یەکسانی جێندەر قبووڵ بکات. یان بڵێ ئێمە پابەندی خۆمان بە ویلایەتی فەقیە ڕادەگەیەنین بە شەرتێک کە وەلی فەقیە یاساکانی یەکیەتی ئۆرۆپا قبووڵ بکات. ئەو یاسایانە ماهییەتەن دژبەیەکن. بۆیە ئیعتراف دوو لایەنە لێرەدا هیچ جۆرە زمینەیەکی هاوبەشی نییە؛ عەرەب کوتەنی "تەبیعەتی ئەشیا" ئیزنی شتێکی ئاوا نادات.

بەشێکی زۆر گرینگ لەو ئیعترافە—بە یاسای دەوڵەتانی دژە کورد لە پێشەکییەکەدا—لەلایەن ئۆجەلان و یەکلایەنە کراوە. ئۆجەلان کە وەکوو نوێنەری هەموو کورد قسە دەکات، یەکلایەنە دەستی لە دەوڵەتی کوردی هەڵگرتووە. پاساوی ناڕاستەوخۆی ئۆجەلان بۆ ئەو دەست هەڵگرتنە لە دەوڵەتی کوردی، لە پەیماننامەکەدا حەتمیەتی لە نێوچۆنی دەوڵەت-نەتەوەیە. بۆیەش ئۆجەلان لە پەیماننامەکەدا، بە بەردوامی بۆ سەلماندنی

دێمۆکراتیک بوونی پێداگری لەسەر نادەوڵەتی بوونی سیستەمەکەی دەکات. بەڵام، ٦ ساڵ دوایی نووسینی ئەو پێشەکییە، ئۆجەلان باس لە دەولەوتی دێمۆکراتیک دەکات. یانی دەوڵەت، بەتایبەت سیستەمی کۆماریش، زەرورەتەن نادێمۆکراتیک نییە و دەڵێت کە "دەوڵەتی کۆماری باشترین ڕژیمی دەوڵەتییە، دەوڵەت-نەتەوە نییە، دەوڵەتی دێمۆکراتیکە" (Turkİyede Demokratikleśme, 2011: 22). ئەوە بەو مانایە کە بە پێچەوانەی دەوڵەت-نەتەوە، دەوڵەت وەکوو دامەزراوە، زەرورەتەن نادێمۆکراتیک نییە. دوایی لە ڕێی پێناسەیەکی توتولوژیک و خۆدووپاتکەرەوە، دەلێت کە "دەوڵەتی دێمۆکراتیک، دەڵەوتێکە کە ئاوالآیە بەڕوویی سیستەمی دێمۆکراسی و لەگەڵی گونجاوە. دەوڵەت-نەتەوە وەها ئامانجێکی نییە و کۆمەڵگا لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. پرەنسیپی ڕیگاچارەی دێمۆکراتیک لەگەڵ [سیستەمی] کۆماری گونجاوە، بەڵام وەها گونجاویەکمان بۆ لەگەڵ سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا ساز ناکرێت" (هەمان سەرچاوە). یانی پێداگری لەسەر نادەوڵەتی بوونی سیستەمی دێمۆکراتی گەلی، بەهۆی باوەڕ بە دژایەتی جەوهەری دەوڵەت لەگەڵ دێمۆکراسی نییە.

دیارە ئەوەمان نابێ لە بیر بچێت کە ئۆجەلان سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتی یونیتەری تورکی ناکات بە کێشە، دەڵێت کە "ئێمە عایدی [سەروە] دەوڵەتین، بەڵام عایدی ناسیونالیزمی تورک نین” (Demokratik Kurturluś, 2015: 23). کە کار دەگاتە ئیحتیمالی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی تورک، ئۆجەلان تەنانەت بە پێویستی نازانێ پێداگری لەسەر ئیعترافی یاسایی بوونی کۆمەڵگەی کوردیش لە تورکیادا بکات. تا ئەو جێگایە کە لە بەرامبەر پێشنیاری هێندێک لە پارلمانتارانی کورد لەبری ئەوە کە لە "قانون ئەساسیدا بنووسرێت گەلی کورد-تورک"، ئۆجەلان نارەزایەتی دەردەبرێ و پاساو دێنییێتە کە گوایە "سەر بە دەوڵەت بوون و سەر بە نەتەوە بوون دوو شتی لە یەکتر جیاوازن. هاووڵاتی بوون سەر بە دەوڵەت بوونە، کە لەودا پرسی ئیتنیکی نییە. سەر بە نەتەوە بوون پەیوەندی بە ئیتنیکەوە هەیە" (هەمان سەرچاوە: ٤٣). ئەو پاساوە بۆ دەوڵەتێکی کە یەکێک لە مادده نەگۆڕەکانی یاسای بنەرەتی، لێکدانەبراوی زمانی تورکی و خاک و بایەخەکانی نەتەوەی تورکە، تەنیا لە کەمالیستێکی تورک دەوەشێتەوە. ئەو پاساوەی ئۆجەلان لەڕاستیدا دووپاتکردنەوەی بانگەشەی کەمالیستەکانە کە گوایە سیستەمی سیاسیی تورکیا بنەمای ئیتنیکی نییە. بەڵکوو، لەسەر مافی شارۆمەندی دامەزراوە و ناسیۆنالیزمی سیڤیکە.

بۆیە و بە دڵنیاوە، دامەزراندنی کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک بە مانای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی غەیرەکوردی لە کوردستان نییە. لانیکەم لە تورکیا، بناغەکە ئەو کۆنفێدرالیزمە، "وەتەنی هاوبەش" لە ژێر سێبەری "کۆماریەت" بە ناوی "نەتەوەی تورکیا" و قبووڵی هەموو دامەزراەکانی دەوڵەتی یونیتەری تورکە ( Demokratik Kurturluś, 2015: 43). بە ڕوونیش دەردەکەوێت کە کونفێدڕالیزمی دێمۆکراتی بەدیلی دەوڵەتی غەیرەکوردی نییە. دیارە هەر لەو ڕۆژەشەوە کە ئۆجەلان کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی ڕاگەیاندراوە، بە "نوێنەرایەتی" گەلی کوردیش ڕایگەیاندوە کە یاساکانی چوار دەوڵەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەڕەسمی دەناسێت. بەپێی دەقی پەیماننامەی کەجەکەش، کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیک—لە باشترین حاڵەتدا—هەوڵێکی ئیسلاحتەڵەبی ڕیشەییانەیە کە دەوڵەتی ناکورد لە کوردستان "بگەیەنێت بە ئاستێک کە سەبارەت بە دێمۆکراسی هەستیار بێت." کە هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەکرا، ئەو دێمۆکراسیەش ئامادەی کێشەدار کردنی ئەو سیستەمەش نییە کە بۆ خۆی بە هێمای فاشیزمی ناوزەد دەکات.

دیارە پەیماننامەکە ڕوونی ناکاتەوە کە ئەو "هەستیاری و نەبوونە کۆسپەی" دەوڵەتی غەیرەکوردی بە چ مانایەکە؟ هەر بۆیەش--وەکوو باس کرا—ئیعتراف کردن بە یاساییەکی تر لە لایەن سیستەمی کەجەکە و دەوڵەتی یونیتەر، ماناکەی زۆر زۆر لێڵە و لە باری تەکنیکییەوە زۆر کێشەهەڵگرە. ڕوون نیە کێ لەلایەن کوردەوە بڕیار لە سەر ئیعتراف بە یاساییەکی تر دەدات؟ یان ئیدارەی کۆنفیدراڵی و چوار دەوڵەتی دژەکورد چۆن لە سەر ئەوە پێک دێن؟ یان ئەویکەی چ مەرجەع و چ جۆرە میکانیزمێک دەبێت کە حوکم لەسەر ئەو بابەتانە بدەن و نەهێڵێن لێک تێنەگەیشتن بێتە پێش. یان ئەگەر کێشەی لەو چەشنە هاتە پێش، چۆن چارەسەر دەکرێن. مێژووی کورد لە باشوور، دەرسی لەڕادەبەدەر گرینگی سەبارەت بە تەکنیکی یاسایی، کاریگەری باڵانسی هێز لەسەر شێوەی ڕاڤەکردنی یاساکان سەلماندوە. بۆ نموونە دەبینین کە لە باشور لەدوای ١٩٧١، هەروەها ٢٠١٧ش دەوڵەتی عێراقی نە تەنیا ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کورد، بەڵکوو یاساکانی خۆشی دەژێر پێناوە و هەوڵی تەعریبــی کوردستانیشی کردووەتە ستراتیژییەکی سەرەکی (بەتایبەت دوای ٧١). هەروەها، هیچ ڕوون نییە کە چ میکانیزمێک هەیە بۆ دیاریکردنی زۆرتر یان کەمتر قبووڵکردنی" یاسایی کۆنفیدراڵی گەلی کورد" لە لایەن حکومەتە یونیتەرەکان. کێ بڕیار دەدا کە ئەو وڵاتانە چەندە، بە چ شێوەیەک، کەی و بە چ بەشێک لە یاسایی کۆنفیدراڵی ئیعترافیان کردووە؟

لەوە گرینگتر جا ئینجا "گەلی" کورد چۆن بڕیار بدا؟ کەی هەموو گەلی کورد ئەو مەجالە یاسایی و ئازادیی بڕیارەی دەست کەوتووە؟ پێش ڕاگەیاندنی "لە ئێستاوە (یانی لە ڕاگەیاندنی ئەو پەیماننامە ڕا) --بەبێ هیچ مەرجێک--یاسایی "دەوڵەتە ناوەندگەڕاکان" و ئەو دوو یاسایەی تر پەیڕەو بکرێت، گەلی کورد لە کوێ بوو؟ کێ بڕیار دەدا چەندە ئەو وڵاتانە دەبێ دان بە چ بەشێک لە یاسایی کۆنفیدراڵی دابێنن تا "گەلی" کورد بڕیار بدا؟ گەلی کورد چۆن بڕیار دەدا کە لە کامە وڵاتە، کامە یاسایە دەبێ چۆن پەسەند بکات؟ بڵێین یەکێک لەو وڵاتانە دانی بە بەشێک لەو یاسایە داهێنا، ئەدی چارە چییە ئەگەر سێ وڵاتەکەی تر مەجالی بڕیار و ڕاپرسییان بە "گەلی" کورد نەدا؟

یان پرسی مافی بڕیاری هەموو گەلی کورد بەجێی خۆی، تەنانەت هێزە سیاسییەکانی کوردیی لە چوار بەشی کوردستان بەنەبوو دانراون و دەڵێت کۆنفیدراڵی گەلی کورد "لەم چوارچێوایەشدا بۆ تەبایی و ڕیککەوتن هەنگاو دەهاوێژێ." پرسیار ئەوەیە کە چۆن ڕێبەڕیکی سیاسیی باوەرمەند بە دێمۆکراسی لە زینداندا ئیزن بە خۆیی دەدات کە بە ناوی هەموو کورد قسە بکات؟ دیارە لایەنگرانی ئۆجەلان و پەکەکە ئەو پرسیارەیان پێ زۆر ناشەرعییە. دەڵێن چۆن دەکرێت شەرعییەتی بڕیار یان نوێنەرایەتیی کەسێکی وەکوو ئۆجەلان --کە بەقەولی ئەوان بە میلیۆن لایەنگریی هەیە—دەخرێتە ژێر پرسیار؟ دیارە، ئەو ئیعترازەی ئەوان، شەرعییەت بۆ نوێنەرایەتی ئۆجەلان ساز ناکات، بەڵکوو کاراکتەری توتالیتاریستی ئەوان لەمەر هەڵسووکەوت لەگەڵ ڕەخنەگر دەردەخات. لەبەر ئەوەی کە:

١) ڕاستە دێمۆکراسی بە تەنیا هێندێک پڕۆسە و پرەنسیپی وەکوو هەڵبژاردن نییە، بەڵام هیچ دێمۆکراسییەک بەبێ باوەڕ و گرینگیدان بە ڕای خەڵک مومکین نییە. هەڵبژاردن تەنیا مەرجی دێموکراتیک بوونی سیستەمێک نییە. بەڵام، هەر سیستەمێک بێ هەڵبژاردن دیکتاتۆرییە.

٢) هەر لەو شتەی کە ئەوان پێی دەڵێن "دێمۆکراسی کاپیتالیستی" ساڵانە دەیان پرس هەیە کە بە جیا لە دەرەوە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا، ڕاپرسی لەسەر دەکرێت. یانی لە کاتێکدا خودی حکومەت و پارلمان هەلبژێراوی خەڵکن، دوای هەڵبژاردن و لەکاتێکیشدا کە دەسەڵاتیان بەدەستە، سەڵاحییەتیان نییە کە لەسەر هەموو پرسێک بڕیار بدەن. بەڵام، هەڤاڵان لایەنگری دێمۆکراسی ڕاستەخۆ، دەڵێن ئۆجەلان --کە لە هەموو تەمەنیدا جارێک هەلنەبژێراوە-- سەڵاحییەتی بڕیار لەسەر قەدەری ٤٠-٥٠ میلیون مرۆڤی کورد هەیە. بەڵام کەس مافی نییە بپرسێ کە سەرچاوەی شەرعییەتی

سەڵاحییەتی ئۆجەلان چییە؟ ئایا ئەو دڵگرانی و نارەزایەتییە لەگەڵ باوەڕ بە دێمۆکراسی ڕاستەخۆ دەگونجێت؟

٣) نە ئۆجەلان و نە هیچ ڕیبەرێکی سیاسیی دیکەی کورد، مافی ئەوەیان نییە کە بەتەنیایی لەسەر چارەنووسی هەموو کورد بڕیار بدەن، جا گرینگ نییە کە چەندە لای خەڵک خۆشەویستن یان نا. هەر وەکوو لایەنگری حیزبەکانی دیکەش ناتوانن ڕای ڕێبەرانی خۆیان وەکوو نوێنەری بیروڕای هەموو کورد نیشان بدەن، پەکەکەش ئەو سەڵاحییەتەی نییە. ئەو هەوڵەی پەکەکەیەکان وەکوو ئیسلامییەکان دەچێت کە دەڵێن موقەددەساتیان لە هەموو موقەددەساتی هەموو خەڵکانی پیرۆزترە و تەنانەت ناموسڵمانانیش مەحکووم بە قبووڵی بایەخەکانی ئەوانن. پرەنسیپی ناوخۆی پەکەکە، لە دەرەوەی پەکەکە بە پێوەری عەقڵی گشتی و پرەنسیپی ئازادی و قازانجی کورد هەڵدەسەنگێندرێت. هیچ بڕیارێکی هیچ حیزبێک لە سەرەوەی بڕیاڕی نەتەوەی کورددا نییە. بۆیە لە باشترین حاڵەتدا، پەکەکە حیزبێکە لە ناو دەیان حیزبی کوردیەکانی دیکەدا. تەنانەت، لەیەک بەشی کوردستانیش بڕیاردان و پێکهاتنی حیزبەکان دەبێ لەسەر چەند پرەنسیپی گشتی بێت. دەبێ بڕیاری کۆتایی لە هەمووی ئەو شتانە دا ئی خەڵک بێت. ئەوە جگە لەوەی کە، ڕێبەرێکی وەکوو ئۆجەلان بۆ خۆی ڕایگەناندوە کە خۆی بە "سەروە دەوڵەتی" تورکیا دەزانێت و تەنانەت دەڵێت کە "دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا و سنورەکانی بە شەرعی قبووڵ دەکات [و] پرسەکانی وەکوو فۆرمی یونیتەری، فیدڕال، یان کۆنفیدراڵ ناهێنرێتە بەرباس" (٢٠١١، ٧٨). ئایا لە وەها حاڵەتێکدا ئۆجەلان وەکوو هاووڵاتیەکی خوازیاری ئەرکداری بە یاساکانی تورکی، دەتوانێ کەمترین سەڵاحییەتی بڕیاری لەسەر چارەنووسی بەشەکانی دیکەی هەبێت؟

٤) تەنانەت، جیا لە مەسەلەی پێکهاتن لەگەڵ دەوڵەتەکان، پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەبێ خۆ لە کولتووری سیاسیی بەعس، پەهلەوی و کەمالیزم ڕزگار بکەن. پێیان وانەبێ لەبەر ئەوەی کە چەکیان پێیە و هێزی توندوتوژییان لەدەست دایە، مافیان هەیە هەموو ئەو شتانەی کە بە خاوەن چەک بوون دەتوانن بیکەن، شەرعییەتی هەیە. ئەو جۆرە تێڕوانینە لەگەڵ باوەڕ بە دێمۆکراسی و سەروەری خەڵک بە هیچ جۆرێک ناگونجێ. هیچ حیزبێک مافی نییە بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی خەڵک بڕیارێکی چارەنووس ساز بدات. ئەگینا، ئەو چەتەگەریەی کە لە باشووری کوردستان هەیە دەبێت بە نەریتی سیاسیی کورد. کە دەبینین چۆن لە باشوور حیزبی سیاسیی زۆرترین وزەی خۆیان لەبری دوژمن، بۆ شەڕ لەگەڵ کورد تەرخان کردووە.

٥) دوایی کورد لە چوار کۆدەقی جیاوازی سیاسیی، کولتوری، مێژوویی و ڕووبەرویی چوار جۆرە پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی خەبات دەکات. هیچ ڕیبەرێکی سیاسیی مافی ئەوەی نییە بە ناوی هەر چوار بەش، بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدات. تەنانەت، ڕێبەرێکی وەکوو ئۆجەڵان لە هەزاران لاپەڕە کە نووسیویەتی، ٢٠ لاپەڕەی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات نەنووسیوە و بەتایبەت کە بە ئاشکرا خۆیشی بە "عایدی (سەروە) دەوڵەتی" تورک دەزانێت ( Demokratik Kurtuluś: 23) . تەنانەت، لەبەر ئەوەی کە باسی زیندووکردنەوەی ئوممەی ئیسلامی و نەتەوەی هاوبەشی تورک و کورد دەکات و بەشێوەیەکی چالاکیش سیاسەت بۆ ئەو کۆدەقە تایبەتە بەرهەم دەهێنێت، وەکوو تاکیش مافی بڕیاری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان نییە. کوردی ڕۆژهەڵات لە کوێی کۆماری لاییکی تورکی و میساقی میللی، میللەت تورکیای، وەتەنی هاوبەشی تورکی جێگای دەبێتەوە، تاکوو ڕێبەرێکی کە شەو و ڕۆژی بەو کەڵکەڵە زەینیانە دەباتە سەرێ، ببێت بە پێشەنگی و حوکم لەسەر چارەنووسی بدات؟ لە نۆتەکانی زیندانی ئۆجەلان، هەمووی لەسەر ئەو وێنایانە نووسراون. جا ئەوە جگە لەوەی کە ئاستی شارەزایی ئۆجەلان بە ڕادەیەکە کە پێی وایە بوونی پارێزگایەک بە نێوی "ئوستانی کوردستان" نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەرەو فێدڕالیزم دەڕوات. تەنانەت، ئەوەندە شارەزای مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە نییە کە بزانێ ئەم دابەشکارییە جوگرافییە سیاسییە، ئی سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە و دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی دەوڵەتی پەهلەوی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فارس-مەرکەزی ئێران.

٦) هەر وەکوو لە سەرەوە باسم کرد، ئۆجەلان ئیعتراف بە جیاوازی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات و لە ڕەخنەکەیدا لە پڕۆژەی کەماڵ بوڕکای دەڵێت کە ئەگەر کوردی باکوور وەکوو کوردی باشوور لە سنوور و جوگرافیای دیاریکراو یەکگرتوودا ژیابا، ئەویش وەکوو بارزانی هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی هەڵدهێنایەوە. ئەگەر ئۆجەلان پێی وایە سیاسەتی باشوور بۆ باکوور یان پێچەوانەکەی نابێت، دەبێ خۆ لە قسەکردن بە ناوی هەموو کورد بپارێزێ.

بەڵام دەبینین کە پێش بڕیاری چارەنووسسازی پەکەکە و ئۆجەلان لە پەیماننامەکەدا لەمەر پەسەندکردنی یاسای کۆماری ئیسلامی و تورکیا و سووریا و عێراق، "گەلی" کوردی هیچ بەشێک ڕای نەپرساوە. هیچ بڕیارێکیش لە لایەن هیچ بەشێکی نەتەوەی کورد نەدراوە. بۆیە چ گەرەنتی و چ میکانیزمێک هەیە کە گەلی کورد، لەوەی بەدواوە لەمەر پەسەندکردنی یاسای دەوڵەتانی زاڵ خاوەن بڕیار بێ؟ لە پەیماننامەکەدا هیچ

میکانیزمێک باس نەکراوە، چۆن ئەوە دێمۆکراتییە کە بەبێ ئەوەی تەنانەت کوردێکیتر جیا لە ئۆجەلان ئەو یاسایەی پێشتر دی بێت. چۆن بە نێوی گەلی کورد ئەو هەموو بڕیارە دژیەکە دراون؟ ئەگەر نووسینی ئەو یاسایە بەشێک بێت لە پرۆسە و پراکتیس و کارنامەی پارتییەک بۆ دێمۆکراتیک بوونی، ئەوە بۆ خۆی گەورەترین سەنەدە و سەلمێنەری نەبوونی هیچ جێگە و پێگەی خەڵک و دیمۆسە لە دێمۆکراسی ڕاستەوخۆیی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی و لە فەلسەفەیی ئاپۆیزمدا.

ئەو جار جیاوازی ئەو جۆرە ئیرجاعە و ناوبردنەی "گەل"، لەگەڵ ئیرجاعی بڵێین دەوڵەتی توتالیتەری سووریا چیە؟ بۆ نموونە، دەوڵەتی سووریا لە ماددەی ٢ی یاسای بنەڕەتی سووریدا دەڵێت "حاکمییەت دەبێ لەسەر پرەنسیپی حکومەتی خەڵک، لە لایەن خەڵک و بۆ خەڵک بێت. خەڵک دەبێ خۆیان، سەروەری خۆیان بن." تەنانەت، لە سیستەمی ویلایەتی فەقیهیشدا، ٢ جار ڕیفراندۆمێکی شکڵی لە ئێران بەڕێوە چووە و یاسایی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەتیش بێ خستراوەتە بەردەم ڕای گشتی.

ئەوە بە هیچ جۆرێک ڕوون نییە کە کێ نوێنەرایەتی چ بەشێک لە "گەلی" کورد دەکا؟ میکانیزم و شەرعییەتی ئەو نوێنەرایەتییە چۆن دیاری دەکرێن؟ بۆ ئۆجەلان ناڵێت کە ئەو شتانە پێشنیاری شەخسی ئەون و لە ڕیفراندۆمێکدا دەیخەینە بەرباس؟ دوایی ئەگەر بڵێین ڕیفراندۆمیش بێت، بە چ پێوەرێک شتێک وەکوو بڕیاری هەموو کورد ناوزەد دەکرێت لە حاڵێکدا لانیکەم ٢ بەشی کوردستان هەر ئێستا لە ژێر حکومەتی نیزامیدایە؟ چۆن دەتوانین بەبێ ڕاپرسین، بزانین کە "گەلی" کورد چۆن بیر دەکاتەوە و کورد چی دەوێت؟ لەو دێموکراسیيانەی کە ئۆجەلان دەڵێ لەواندا هاووڵاتی "کۆیلەیە"، بۆ دانان و گۆڕینی هەر یاسایەک دەیان دامەزراوە و سەدان کارناس کاری لەسەر دەکات.

ڕێکخراوی سیاسیی ناتوانێت بەبێ نیشاندانی پێبەندی عەمەلی بە پرەنسیپەکانی دێمۆکراسی، دێمۆکرات بێت. هیچ ڕێکخراوێک ناتوانی بە کردەوە دێمۆکرات بێت، بەڵام بڵێ خەڵک مافی پرسیار و ڕەخنە و ڕادەربڕینی نییە. دێمۆکرات بوون و دەژێرپێنانی سەرەتاییترین پەرەنسیپەکانی دێمۆکراسی وەکوو باوەر بە مافی خەڵک بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان بەهیچ شێوەیەک یەک ناگرنەوە. وانە سەرەتاییەکانی باوەڕ بە دێموکراسی باوەڕ بەوەیە کە هاووڵاتی خاوەن بیروڕایە و مافی هەیە هەر پرسیار بکات و سیاسەتی هەر پارتییەکی سیاسیی بێنێتە ژێر پرسیار. ئەگەر کەسایەتیەک یان پارتییەک خۆی بە نوێنەری بە میلیۆن کورد بزانێ، دەبێ لێوەشاوەیی خۆی بە پرسینی ڕای تاک و کۆمەڵی کورد و ڕێزدانان بۆ مافی ڕادەبڕینیان نیشان بدات. حیزب و ڕێکخراوێک ناتوانێ

بانگەشەی دێمۆکراتبوون بکات و بڵێ ئێمە نوێنەری بە میلیۆن کوردین و بەڵام تاکی کورد مافی نییە قسە لەسەر سیاسەت و بەرنامەی ئیمە بکات. یان بڵێت تەنیا کاتێک دەتوانێ قسە بکات کە بەدەڵێ حیزب و ڕێکخراوەکەی ئێمە بێت.

## کەجەکە و مافی چارەی خۆنووسین

بە گشتی هیچ وێنایەکی ڕوون سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت لەو پەیماننامەی کەجەکەدا نابێندرێ. تەنیا بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین کە ئەو پەیماننامەیە لایەنگری لە دەوڵەتی کوردی ناکات، بەڵام ئالترنەتیڤ و بەدیلێکی ڕوونی پێ نییە. دیارە "ئeلترنەتیڤێکی" ناڕوونی بە ناوی کۆما جڤاکێن کوردستانێ داوەتە دەر کە وەکوو گەرەنتی سیستەمێکی دێمۆکرات و ئازاد و بەدیلی دەوڵەت پێناسەی دەکات. هەر وەکوو باس کرا، ئەو پەیماننامەیە بە گشتی ڕادەگەیێنێ کە دەوڵەت --بەبێ لەبەر چاو گرتنی جۆر و سیستەمەکەی-- هەر وەکوو دامەزراوە، بوونی دژ بە دێمۆکراسیە. بەڵام --دیسان وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد-- پەیامانامەکە، سیستەمی کەجەکە وەک هەوڵی دێمۆکراتیک کردن و ئیسلاح کردنی بە دەوڵەتی غەیرەکورد لە کوردستان ناو دەنێت. بانگەشەش دەکات کە دامەزراندنی سیستەمی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیک لەژێر سێبەری دەوڵەتی مەرکەزگەرایی غەیرەکوردیدا، مومکینە. ئەو بانگەشەیە یەکێک لە بنەڕەتیترین کێشەکانی ئەو پەیماننامەیە. لە حاڵێکدا پەیماننامەکە، هەر ئەو بانگەشەیەش وەکوو چارەسەری بنەڕەتی و دێموکراتیک و ڕادیکاڵی پرسی کورد، پێناسە دەکات. بە واتایەکی تر هەر ئەو چارەسەرە سیاسییە سەرەکییەی کە پێشنیاری دەکات، یەکێک لە گەورەترین ناکۆکی و دژیەکییەکانی پەیماننامەکەیە.

پەیماننامەکە حوکمی لەڕادەبەدەر گشتگیری تێدان کە هەر ئەوانەش کێشە و ناکۆکی بنەڕەتی تیۆریک ساز دەکەن. بۆ نموونە دەگوترێ کە «هەرچی سیستەمی دەوڵەت نەتەوەییە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بووە بە گەورەترین و جددیترین کۆسپ لە بەردەم ئازادی، دێموکراسی و پەرەسەندنی کۆمەڵگا» (، لاپەڕەی ٣). ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا ئاماژە بە ڕێکەوت و کاتێکی تایبەت دەکات کە لەو کاتە ڕا هاتنە دی دەوڵەت- نەتەوە بەبێ ئیستسنا وەکوو لەمپەر بۆ ئازادی و گەشەی کۆمەڵگا دەناسێنێت. دیسان، پێ دادەگرێت و دەڵێت "پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسین، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەوت، وەک مافی ئاواکردنی دەوڵەت لێکدراوەتەوە... ئەو (دەوڵەت-نەتەو)انەی لەم چوارچێوەیەدا ئاواکران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەمپەری

مەزنن لەبەردەم پێشکەوتن" (هەمان سەرچاوە). لێرەدا سەرەڕای ڕاگەیاندنی زەمانێکی تایبەت (یان سەرەتای سەدەی بیست) کە لەوێ ڕا لە دایک بوونی دەوڵەت-نەتەوە دەکات بە کێشە، لەو ڕۆژە ڕا مافی چارەی خۆ نووسین و دەوڵەت وەکوو ئاکامی چارەی خۆ نووسین بە لەمپەر بۆ ئازادی و پێشکەوتن لە قەڵەم دەدات. بۆ؟

لێرەدا کێشەی سەرەکی ئۆجەلان لەگەڵ هەموو جۆرە دەوڵەتێک یان هەموو جۆرە دەوڵەت-نەتەوەیەک نییە. بەڵکوو کێشەی سەرەکی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەی لە دایک بووی سەرەتاکانی سەدەی بیست، بەتایبەت ئەوانەی کە لەسایەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسین پەیدا بوون. هەر وەک دەزانین دەوڵەت-نەتەوە تەمەنی لە سەدەی بیست زۆرترە. زۆر کەس تەنانەت لە دایک بوونی دەوڵەت نەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ پەیمانی وێستەفێلیا (١٦٤٨)، ئەگەرچی من هاوڕا نیم. دەشزانین، بە هەموو کەموکورییەکانییەوە، لە سەدەی بیستدا، دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەم لەباری چەندایەتی و هەمیش چۆنیەتی دێمۆکراتیکترین بووە (دیارە فاشیزم و نازیسمم لە بیر نەکردووە). لە ڕاستیشدا، ئەو دێمۆکراتیک بوونە دەگەڕێتەوە سەر نەتەوەیی بوونی دەوڵەت. لە باری تیۆریکەوە، لەبەر ئەویکە نەتەوەیی بوونی دەوڵەت بە مانای --بەبێ لەبەرچاوگرتنی جینسیەت و دین و شتەکانی دیکە-- باوەڕ بە سەروەری گشتی و مافی حاکمییەتی هەموو ئەندامانی نەتەوەیە. لە هیچ چەرخێکی مێژووییدا، دەوڵەت بە هەموو کێشە و کەموکۆڕییەکانی ئێستایەوە، بەگشتی تا ڕادەی ئێستا نە دێمۆکراتیک بووە و نەبووە بە هۆی پێشکەوتن.

بەڵام، دژبەیەکی بوونی ڕاگەیاندنەکان و گوێ نەدان بە فاکتە مێژووییەکان یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو پەیماننامەیەن. سەرەڕای ئەو حوکمە گشتییەی سەرەوە، بۆ نموونە ڕایدەگەیێنێت کە پرۆژەی کەجەکە "پرۆژەی دێمۆکراتیزاسیۆنی دەوڵەت-نەتەوەیە؛" کە ئەوە زەرووره‌تەن نە بە مانای لەنێوبردنی دەوڵەت-نەتەوەیە و نە بەو مانایەش کە دەوڵەتی سووریا و عێراق کە ئاکامی مافی چارەی خۆنووسینن، دەبێ نەمێنن. هەر وەکوو چەندین جار ئاماژە کرا، تەنانەت، یاساکانیشیان دەبێ پەیڕەو بکرێن. بەڵام بۆ پرسی کورد، ئێمە نابێ لە مافی چارەی خۆ نووسین کەڵک وەربگرین. لەبەر ئەوەی کە پرسی کورد نەک لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی، نەتەوەیی دێمۆکراتیەوە چارەسەر دەکرێت. لەبەر ئەوەیکە گوایە دامەزراندنی دەوڵەت لە ڕێگەی مافی چارەی خۆ نووسین، گەورەترین لەمپەر بووە لە پێش گەشە و پێشکەوتن. گەرچی ئەوە یەکێک لە هۆ سەرەکیانە بۆ دژایەتی لەگەڵ دامەزراندنی

دەوڵەت کوردییە، نابێتە هۆی ئەوە کە مەسەلەن دژایەتی لەگەڵ بوونی دەوڵەتی عێراق و سووریا بکەین.

بێگۆمان، یەکێک لە باسە گرنگەکان لە پەیماننامەی کەجەکەدا، باسی مافی چارەی خۆنووسینە. لە پەیماننامەکەدا هاتووە کە «پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسین، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەوت، وەک مافی ئاواکردنی دەوڵەت لێکدراوەتەوە... ئەو (دەوڵەت---نەتەوە)یانەی لەم چوارچێوەیەدا ئاوا کراون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەمپەرێکی مەزنن لە بەردەم پێشکەوتن» (پ.ک.ل. ٣٠). وەکوو فاکتێکی مێژوویی ئەو بانگەشەیە ناڕاستە. بۆ خۆپاراستن لە درێژەی باسەکە تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە وەک نموونە فینلاند یەکێک لە وڵاتانەیە کە دوایی شەڕی یەکەمی جیهانی مافی چارەی خۆنووسینی وەدەست هێنا. بەڵام، ئێستا لانیکەم لەباری پەروەردە و بارهێنانەوە (بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی یونسکۆ) پێشکەوتووترین وڵاتی جیهانە.

شایانی باسە کە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت تورکیا و ئێرانیش درێژەی وڵات و سیستەمی پێش «چەرخی مافی چارە خۆنووسین» نین. نە تورکیای ئێستا عوسمانییە و نە ئێرانیش درێژەی سیستەمەکانی قاجار و سەفەوییە. چۆن ئیتالیا و ئیستەنبوڵی ئەمڕۆ، ڕۆمی کۆن بە حیساب نایەن و چۆن نەمسا (ئوتریش) درێژەی ئیمپراتۆری هابسبرگ نیە، ئاواش ئێران و تورکیا دوو وڵاتی دوای هاتنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و خۆڵقاوی هەلومەرجی دوای شەڕی یەکەمی جیهانین. دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ دا تەنیا ١٠ لە سەدی ئەو خاکەی تورکیای ئێستا بوو و تورکیای ئێستاش، بە قەولی کەماڵ ئاتورک (لە ١٩٢٣ دا)، ئاکامی هەوڵی «دوو نەتەوەی موسڵمانی تورک و کوردە بۆ سەروەری هاوبەشیان» بوو. (بەڵام برایان موسڵمانی تورک هەر ساڵێک دواتر ئەو وادەیان لەژێر پێ نا و هەوڵی قڕکردنی کوردیان دەست پێکرد).

ئێرانی مۆدێرنیش لە ساڵی ١٩٢٥دا دامەزراوەکە لەو دامەزرانەیدا جگە لە تاران و هێندێک شاری گەورەی فارس، غەیرەکورد هیچ ڕۆڵێک و مافی ڕادەربڕینی سەبارەت بە سازکردنی ئەو وڵاتە نەبووە. تەنانەت، ئەوانەی دژایەتیی یەکێتیی داسەپاوی تارانیشیان کردووە، بە شایەتی مێژوونووسانی غەیرەکورد وەکوو هۆما کاتۆزیان و کاوە بەیات، زۆر جار کۆمەڵکوژ کراون (براونە، Cronin, 2003). سەرەڕای ئەوەش، ئێستاش لە دەریای خەزەرەوە و تا شەتولعەرب و جەزیرە جۆراجۆرەکان لە ناوچانەدا --کە دەوڵەتی ئێران

بە سنووری خۆی لە قەڵەمیان دەدات-- کێشەیان لە سەرە. بۆیە، یەکەم دەرسی سیاسیی بۆ کورد ئەوەیە کە ئێران و تورکیاش دوو وڵاتی تازەن، و لانیکەم وەک دەوڵەت-نەتەوە، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی بوونیان نەبووە.

مافی چارەی خۆنووسین، لە ئەدەبیاتی سیاسیی دونیادا، بە مافی نەتەوەکان و «خەڵکان» --کە خۆیان بە خەڵکی جیاواز دەزانن-- بۆ دیاری کردنی قەدەری بەکۆمەڵیان ناسراوە. لانیکەم لە باری تیۆریکەوە، ئەوە جیاوازییە دەبێتە بە بنەمای شەرعییەتی هەوڵدان بۆ خۆبەڕێوەبەری و سەروەریی سیاسیی. نەتەوەکان (خەڵکەکان) لە ڕێگەی ئەو میکانیزمەوە، بۆ داڕشتنی بەرنامەی سەروەریی سیاسیی خۆیان، بکەری و بوونی خۆیان دەنوێنین. بۆیە، داڕێژەرانی سیستەمی کەجەکە پێویست ناکات سەر لە نوێ بێن بۆ کورد بێن بە داهێنەری چەرخی عارەبانە و سەرلێشواوی ساز بکەن. ئەگەر پێیان وایە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پرۆژەیەکی نامومکینە، بەسەداقەتەوە ڕابگەیەنن.

دیارە زۆربەی باسەکانی دیکە، لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینیش، ئۆجەلان شتی زۆر دژیەک دەڵێت. لە پەیماننامەکەدا جارێک دەڵێ مافی چارەی خۆنووسین بە "ئاواکردنی دەوڵەت لێکدراوەتە" و جارێکیش دەڵێ "مافی چارەی خۆنووسین ئاوا کردنی دەوڵەت نییە بەگوێرەی بنەمایی میللیگەرایی، بەڵکوو ئاواکردنی دێمۆکراسی خودە بەبێ ئەوەی سنوورەکان بکرێن بە گرفت یان بە بنەما بگیرێن" (ل. ٢٣). جارێکی دیکەش دەڵێت کە" مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بەمجۆرە تێدەگەم: ئەم مافە مافی ئاواکردنی دێمۆکراسی و بەڕێوەبەرایەتی خۆیە کە دەوڵەت نییە. مافی ئاواکردنی مۆدێلێکە کە ئەو جڤاتانەی خاوەن دەوڵەت نین لە گوند، گەڕەک و شارەکان کێشەکانیان گفتوگۆ دەکەن و بڕیار لەبارەیانەوە دەدەن و بە چارەسەری دەگەیەنن "(ل. ٢٢). ئەو مۆدێلەی دوایی کە ئۆجەلان بە مافی چارەی خۆنووسین پێناسەی دەکات، لە هەموو جیهاندا بە شوورا ناسراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە مافی چارەی خۆنووسینەوە نییە. لە هیچ سەرچاوەیەکی ئەکادیمیکدا، مافی چارەی خۆ نووسین ئاوا پێناسە نەکراوە. تەنانەت، لە مادەی ١ی ڕاگەیاندراویی گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە بۆ سازکردنی پەیوەندی دۆستانە لە ناو نەتەوەکان (nations) لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە پرەنسیپی یەکسانی ماف و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکان (peoples) و هەروەها بە ڕەچاو کردنی تەدبیری پێویستی تر بۆ پتەوکردنی ئاشتی جیهانی."

هەر وەک لە ڕاگەیاندنەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە لە یاسای نێونەتەوەییدا، مافی چارەی خۆنووسین دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان نەتەوەکان، نەک بۆ پەیوەندی نێوان گەڕەکەکانی گوند و شارەکانی کوردستان. ئەگەر پارتییەکی کوردی باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین نەبێت، دەبێ ئەوەندەی سەداقەت و بوێری هەبێت کە بڵێ باوەڕم بەو مافە نییە یان باسی ئەو مافە لە هەلومەرجی ئێستادا بە قازانجی کورد نابینم. پارتییەک کە خۆی بە خاوەنی پرۆگرامێکی گەردوونی بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتیی دێنێتە بازاڕ، دەبێ ئەوەندەی جیددیەت هەبێ کە خۆی لە پێناسەی هەوەسی چەمکێک کە بە شێوەیەک ئیعتیباری گەردوونی (و یونیوەرساڵی) هەیە، بپارێزێت. تەنیا بۆ ڕەزامەندی دەوڵەتانی دژە کورد نابێ چەمکی ئاوا بنەڕەتی بکرێت بە مەیدانی قیل و قال و سەدان جۆری یەجووز و لایەجووزو.

بەوەندەش ڕاناوەستێ و پەیماننامەکە جارێکی تر، پێناسەیەکی تر لە هەمان چەمک دەکات کە١٨٠ پلە دژ بەوانی پێشووترە. لەوپەڕی بێ جیددیەتیدا هەمووی ئەوەی کە پێشتریش ڕستبووی دەکاتەوە خوری و دەڵێت "مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بە بنەما وەردەگیرێ، بە ئەندازەی ئەوەی هەر گەلێک یان کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگا یان گەلێکی دیکە مافی بەیەکەوە ژیانێکی دێمۆکرات، یەکسان و ئازادی هەبێ، مافی دەستنیشانکردنی داهاتووی سەربەخۆی لەلایەن کۆمەڵگا یان گەلی پەیوەندیدارەوە دەبێت، مافی بەرخۆدانی گەلان و جڤاتەکان بەرامبەر فشار، تواندنەوە، قڕکردن و چەوساندنەوە وەک مافێکی ڕەوا پەسەند دەکرێت" (ل. ٣٥ یان ماددەی ٩، لە نوێیەکەدا). وەکوو دەبینین لێرەدا پێناسەی مافی چارەی خۆنووسین بە تەواوی لە پێناسەی شوورای گەڕەک و دێ دێتەدەر و دەبێتە پرسێکی چارەنووسسازی وەکوو "مافی دەستنیشانکردنی ئایندەی سەربەخۆیی" نەتەوەیەک. بەڵام بۆ کوردستان مافی چارەی خۆنووسین بڤەیە. "بۆ کوردستانیش لە جیاتی بینینی مافی چارەی خۆنووسین وەک ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە بێ ئەوەی سنوورە سیاسییەکان بکاتە گرفت و ئەو سنوورانە بە بنەما بگرێت بزووتنەوەی ئاواکردنی دێمۆکراسی خۆیەتی" (ل. ٤).

دەکرێ بپرسین کە کورد دەبێ چەند جاری دیکە جینۆساید و کۆمەڵکوژی بکرێت تاکووو لە لایەن پەکەکەوە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی شایەنی بڕیار بناسرێت تا وەکوو "هەر گەلێک یان کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگا یان گەلێکی دیکە مافی بەیەکەوە ژیانێکی دێمۆکرات، یەکسان و ئازادی هەبێت، مافی دەستنیشانکردنی ئایندەی سەربەخۆی لەلایەن کۆمەڵگا یان گەلی پەیوەندیدارەوە [بێت] مافی بەرخۆدانی گەلان

و جڤاتەکان بەرامبەر فشار، تواندنەوە، قڕکردن و چەوساندنەوە وەک مافێکی ڕەوا[ی بۆ] پەسەند [بکرێت]"؟ دیارە، دوو جار جینۆسایدی کورد لە چوار دەیەی ڕابردوو تەنیا لە یەک بەشی کوردستان، نابێتە هۆی ئەوە کە پەیماننامەی کەجەکە داوای مافی چارە خۆنووسین بۆ کورد بکات.

دەبینین کە وەکوو کاری ناسیۆنالیستەکانی فارس و تورک، کە دێتە باسی مافی چارەی خۆنووسینی کورد، پەیماننامەکە بە شێوەیەک ئەرجەحییەت دەدا بە خوێندنەوەی پرایمۆردیاڵ و ئەزلیخوازانەی تورک و فارس لە مێژوو. تەنانەت، دەکرێت جۆرێک خوێندنەوەی نوێ-عوسمانی --بە دڵی ئاکەپەشی-- لێ دەردەکەوێت. بە شێوەیەکی شاراوە، دەیهەوەێت سەربەخۆیی و هاتنە دی وڵاتانی دوا-عوسمانی وەکوو پرۆژەیەکی شکست خواردووی ئاکامی مافی چارەی خۆنووسین پێشان دەدات. لە حاڵێکدا کە ئەوە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان نییە کە واقیعی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات ناوەڕاستی ساز کردووە. بەپێچەوانەی ڕێبەرانی پەکەکە، نەتەوەی کورد باش دەزانێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆکە، ئاکامی دەربڕینی ڕا و مافی دەنگی نەتەوەکان سەبارەت بە چارە نووسی خۆیان نیە. بەڵکوو بە پێچەوانە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاکامی ڕاستەوخۆی رۆڵی زلهێزەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکەکانی ناوچە و بە زۆر بووە. ئەو زلهێزانە، لە دەرەوەی ویستی نەتەوەکانی ناوچە، چارەی نەتەوەیەکی وەک کوردییان دیاری کردوە و بڕبڕیان کردووە و وەکوو تۆوی هەرزنیش هاویشتویانەتە ژێر پێی چوار سیستەمی فاشیست. کە ئەوە لەلایەک بووەتە هۆی هەوڵ و خەباتی سەد ساڵەی کورد بۆ ڕزگاری لە جینۆساید، ئیتنۆساید و زمانکوژی و لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو سەرلێشێواوییە سیاسییەی ئێستای کوردی لێ کەوتووەتەوە. بە ڕای من د. جەمال نەبەز و د. ع. قاسملوو خوێندنەوەکی دروستیان لە هەلومەرجی نەتەوەیی کورد بووە کە پێیان وا بووە هەلومەرجی کورد، هەلومەرجی دوا-کۆڵۆنیال نییە، بەڵکوو گەورەترین سەلمێنەری دەست بە دەست بوون و درێژەی سیستەمی کۆڵۆنیال لە فۆرمێکی تر دایە.

خوێندنەوەی من لە باسی ئۆجەلان و بەدیکردنی هێمای نوێ-عوسمانی و ویستی ئەردۆغان لە باسی ئۆجەلان کۆمپلۆ و تیۆریی تەوتیئە نییە. بەڵگەی زۆر هەیە کە بەڕاستی ئۆجەلان بەرگری لە زیندووکردنەوەی میساق میللی و دەسەڵاتی تورکیا بە سەر کوردستانی باکوور، باشوور و ڕۆژئاودا دەکات. خویندنەوەی ئۆجەلان لە مێژووی دەوڵەت-نەتەوە دوای گیرانی، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەسمی مێژوونووسی تورکی

دەگونجێت. دیارە ئۆجەلان لە دیدارەکانی لەگەڵ نوێنەرانی هەدەپە لە ساڵی ٢٠١٣دا، بە ئاشکرا باسی نوێکردنەوەی میساقی میللی و پێشنیاری سازکردنی کۆمیسۆنی تایبەت بەو میساقە دەکات (بڕوانە، Demokratik Kurtuluś, 2015: 370, 388, 471). بە پێی ئەو میساقە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەبن بە بەشێک لە تورکیا و لەگەڵ هەوڵی فراوانخوازییئەردۆغان دەگونجێن. تەنانەت، بە ئاماژە بە کاریگەری نەرێنی هەلومەرجی دوایی شۆرش شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥، ئۆجەلان دەڵێت:

"لێکداپچڕانی میساقی میللی دوایی ١٩٢٥، لە ڕاستیدا لێکداپچڕانی کورد بوو. ئەو فەلاکەتە لە ڕاستیدا بۆ کورد بوو. موسڵ-کەرکوک، باکووری حەلەب ئەوانە، هەمووی ناوچەی کوردی بوون. پارلمانتەرە کوردەکان [لە مەجلیسی عوسمانی لە کاتی لۆزان] قیامەتیان سازکرد بوو و [بە دەوڵەتی تورک] دەیانگوت کە ئێوە ناتوانن ئاوا جوگرافیای کوردی بخەنە دەرەوەی [تورکیا]. تێگەیشتن لەو شتانە زۆر گرینگە. **ئێمە کاتێک باسی کۆنفێدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، مەبەستمان لە زیندوو کردنەوەی ئەو شتەیە. بەدواداچوونم کرد بۆ پەیامەکانی داودئۆغلۆ لە دیاربەکر ئەرێنی بوو. شتی وەکوو ئەوانە دەڵێت کە ئێمە دەیڵێین. دیارە سرووشتیە کە ڕاستییەکان دەبینن"** (جەختکردنەوەکە ئیی نووسەرە، هەمان سەرچاوە : ٤٢).

لە حالێکدا کاتێک ئۆجەلان لە سووریا بوو ئینکاری دەکرد کە شتێک بە ناوی کوردستانی سووریا یان ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت، دەیگوت کورد لەوێ موهاجیرن و کۆچبەرن (بڕوانە. رهبریت و خلق، ١٩٩٦: ٥٢). بەڵام دەبینین چۆن لێرە باسی ئاکامی خەراپی چۆنەدەری "ناوچەی کوردی باکووری حەلەب" لەژێر دەسەڵاتی تورک دەکات. ئەو وتانەی سەرەوە ئۆجەلان دەردەیخەن کە: ١) ئۆجەلان لەڕاستیدا مەبەستی لە کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی یان بە زمانی خۆی: "ئێمە کاتێک کە باسی کۆنفێدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، مەبەستمان لە زیندوو کردنەوەی" میساقی میللییە. ٢) دامەزرانی کەجەکەش هەر لە ئاراستەی سیاسەتی فراوانخوازییدەوڵەت تورک و هەوڵی ئەو دەوڵەتە بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان بووە. ئۆجەلان دەڵێ کە لە بەرامبەر وادەی دێمۆکراتێک کردنی وڵاتی تورکیا قبووڵی کردووە کە کەجەکە دامەزرێنێت. هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، ئۆجەلان ئیعتراف دەکات کە کەجەکەی بە ئاگاداری و بە ڕەزایەتی دەوڵەتی تورکیا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا دامەزراندوە. ئۆجەلان بەتایبەت باسی ڕێککەوتنی خۆی لەو بارەوە لەگەڵ ئەمرە تانەر دەکات کە لە ٢٠٠٠کاندا کەسایەتیەکی زۆر بەهێزی دەزگای میت بوو. ئۆجەلان لە

دیدارێکیدا لەساڵی ٢٠١٤ بە سرری سورەییا ئوندەر (ئەندامی تورکەمەنی هەدەپە) دەڵێت کە "با ئاکەپە قبووڵی بکات کە یەکینەیەکی موحافەزەکار[کۆنەپارێز]ی دێمۆکراتیکە. **ڕێگا بۆ دێموکراتیزاسیۆن بکەنەوە ئەگەر خوازیاری چارەسەری دێمۆکراتیکن. من لە زەمانی ئەمرە و ئەوانیشدا بەو مەرجە کەجەکەم دامەزراند"** (جەخت کردنەوەکە ئی نووسەرە، Demokratik Kurtuluş, 215: 239).

٣) هەوڵی ئۆجەلان بۆ گۆڕین و بێمانا کردنی چەمکی مافی چارەی خۆنووسین هەوڵێکی تیۆریکە بۆ ناشەرعی نیشاندانی داوای مافی چارەی خۆنووسینی کورد و سازکردنی نۆستالۆژی دابڕانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی. ئۆجەلان کە هەمیشە بەپێی بەرژەوەندیی ڕۆژ مێژوو دەخوێنێتەوە، تەنیا بۆ سەلماندنی هاوپەیمانی هەمیشەیی کورد و تورک لە مێژوودا، پرسی میساقی میللی لە مەسەلەیەکی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ڕا دەگوێزێتەوە بۆ ڕێککەوتنی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩ (بڕوانەTürkiye'de DemokratikleŞme ، 2011: 57). لێرەدا ئۆجەلان بە ئاشکرا هەوڵ دەدات تا لە ڕێگەی ئیستدلالی مێژوویی لێکدانەبڕاوی کورد و تورک بکات بە پرسێکی ئەبەدی. تەنانەت هەوڵ دەدات کە ئەو هاوپەیمانییە بەرێ بۆ سەردەمی سەلجوقی و بۆ شەڕی مەلازگرد ساڵی ١٠٧١ (Demokratik Kurtuluś, 2015: 268). دیارە شەڕی مەلازگرد لە هەمان کاتدا غەزوی ئیسلامیشە و وەها ئیرجاعێک "برایەتی ئیسلامی کورد و تورک" دەبات بۆ پێش دامەزرانی حوکمی ئالی عوسمان. کە ئەو ئاماژە و ئیرجاعە لەگەڵ تێزی تێکەڵ بوونەی "هەراز ساڵەی کورد و تورک وەکوو گۆشت و نینۆک" و برایەتی ئیسلامی گونجاوتریشە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە ئۆجەلان کۆمیسیۆنی میساقی میللی دامەزراند، تەنانەت لە پەیامی نەورۆزی ٢٠١٣دا ڕایگەیاند کە "ئیستا لە هەلومەرجێکی تازە و ئاڵۆزتر و بە قوڵاییەکی زۆرترەوە، وەکوو مێژووی نە زۆر دووری شەڕی ڕزگاری [یان شەڕەکانی سەربەخۆیی تورکیا] لە سایەی هاوپەیمانی کورد و تورک جارێکیتر ئەزموون دەکەین" (Demokratik Kurtuluś, 2015: 471).

کێشە و دوژمنایەتی ئۆجەلان لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسین، بۆ دەبڕینی وەفاداری و هاودەنگییە لەگەڵ ئەجندای عوسمانیگەرایی ئەردۆغان و داودئۆغلۆ. هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژە کرا، ئۆجەلان بەڕاشکاوی باسی لە نیزیکی پەیامەکانی ٢٠١٣ دادئۆغلوو لە دیاربەکر و تێگەیشتنی خۆی سەبارەت بە میساقی میللی دەکات. بۆیە، هەوڵی ئۆجەلان بۆ نیشاندانی شکستی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتانی دوا-عوسمانی، زۆرتر پەکووی پەکووی ئۆجەلان لەبری نەمانی ئیمپراتوری عوسمانی بۆ دڵخۆشی ئاکەپەیە

تا بەیانی ڕاستییە مێژووییەکان. لە پەیماننامەکەدا دوایی ئەو پاساو و ڕێخۆشکردنی تیۆریکانە، ئۆجەلان دەڵێ کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیک «بۆ کوردستانیش لە جیاتی بینینی مافی چارەی خۆنووسین وەک ئاواکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی... بزووتنەوەی ئاواکردنی دێمۆکراسی نەتەوەیی خۆیەتی» (ل.٤). لەبەر ئەوەیکە، لەڕاستیدا کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتیک پرۆژەی لەگۆڕنانی ئاواتی دەوڵەتی کوردییە.

## پەیڕەو کردنی یاسای مەرکەزگەرا و دێمۆکراسی جیهانی

بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی لایەنگرانی، ئۆجەلان جێبەجێکردنی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی نابەستێتەوە بە لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوە. تەنانەت، پێی وایە کە گۆرانکاریی ئەرێنی لە دەوڵەت-نەتەوەدا دەتوانێ سەرچاوەی خێر و بەرەکەت بێ. بۆیە ئۆجەلان زۆر بە ڕاشکاوی نیشان دەدات کە باوەڕە و پرۆپاگەندەی لایەنگرانی سەبارەت بە نەمانی سنوور و دەوڵەت-نەتەوە، جا ئەو جار هاتنەدی کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی تەنیا یەک ئەفسانەی سەرخۆشکەرە بۆ کورد. بۆیە ئۆجەلان بەوکەسانەی کە بە هەڵە لێی تێگەیشتوون دەڵێت کە "دەمهەوێ ڕابگەییەنم کە ڕێگای چارەسەری دێمۆکراتیک ڕزگاریی سەربەخۆیی تەواو لە دەوڵەت-نەتەوە نییە. [بەڵکوو] وەکوو دوو دەسەڵات، دێمۆکراسی و دەوڵەت-نەتەوە دەتوانن پێکەوە لە بن یەک بان (میچ)دا دابن. چواچێوەی کاریگەریی هەردووکیان دەتوانێ یاسای بنەڕەتیی دێمۆکراتیک بێت." بەوەندەش ڕاناوەستێ بەڵکوو هانمان دەدات کە بەتەواوی بڵێین کە بریا کوردیش دەوڵەت-نەتەوەی خۆی هەبوایە کاتێک کە دەڵێت "دێمۆکراتیزاسیۆن، ئیدارەی خودموختاری دێمۆکراتیک، دامەزراندی نەتەوەی دێمۆکراتیک، دێمۆکراسی ناوچەیی، و گەشەی کولتوری دێمۆکراتیک لە حەوزەی کۆمەڵایەتی لە نیزیکەوە پەیوەندیان هەیە بە گۆڕانی موسبەتی دەوڵەت-نەتەوە" (Demortakitk Ulus, 19:2016)

گەرچی ئۆجەلان، لە هێندێک لە نووسراوەکانیدا دەڵێت کە دەوڵەت-نەتەوە فاشیزمە، بەڵام ئەو چەند هەڵگیراوەیەی سەرەوە گومانێک لە ئەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئۆجەلان بە ئاسانی دەوڵەت-نەتەوە لەگەڵ "دێمۆکراتیزاسیۆن، ئیدارەی خودموختاری دێمۆکراتیک، دامەزراندنی نەتەوەی دێمۆکراتیک، دێمۆکراسی ناوچەیی، و گەشەی کولتوری دێمۆکراتیک لە حەوزەی کۆمەڵایەتی" بە گونجاو دەبینێ. لە حاڵێکدا پەیماننامەی کەجەکە، یاساکانی دەوڵەتانی توتالیتەری زاڵی بە سەر کوردستاندا پەسەند کردوە و تەسلیمی دەوڵەتگەرایی غەیرەکوردی بووە و دەشڵێت کە پەیماننامەی کەجەکە

"زهنییەتی دەوڵەتگەرایی تێپەڕ کردووە ... هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی دێمۆکراسی ڕادیکاڵانەیە کە پشت بە هێزی بڕیار و ڕێکخستنی دێمۆکراسیانەی گەل دەبەستێت، لە کوردستانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەویشەوە بۆ گشت جیهانی دەگوازێتەوە" (ل. ١١). هەر وەکوو پێشتریش باسمان کرد، ئۆجەلان دەڵێت کە دەوڵەتی یونیتەر، لانیکەم قۆناغی یەکەمی فاشیزمە. فارس گوتەنی، "باوەڕ بە کەلکی کەڵەشێرە بکەین یان سوێندەکەی بە حەزرەتی عەبباس؟"

دیارە ئەو پرۆژە جیهانییە، لەگەڵ پەیڕەوکردنی یاسایی چوار دەوڵەتی یونیتەریش دەگونجێت. زۆرتر وەکوو ئەوەی دەچێت کە نووسەر لە بیری نەبێت کە لە ٥ لاپەڕەی پێشووتردا چی گوتووە. ئایا یاساکانی ٤ دەوڵەتی یونیتەر ئیزنی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژە جیهانییە دەدەن؟ کۆماری ئیسلامی وێدەچی لەگەڵ پرۆژەیەک کە هەموو ئوممەی ئیسلام بهێنێتە ژێر ڕکێفی ئەو، کێشەی نەبێ. بەڵام، بێ شک مافی وەلی فەقیەبوون بە کوردێکی پێشتر مارکسیستی ئێستا زیندانی نادات. دواییش گریمان ئەو پڕۆژە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان هەموو جیهانە، بۆ پەیڕەوکردنی یاساکانی هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست یان هەموو جیهان ناخاتە بەرنامەی خۆیەوە؟ بۆ تەنیا یاسای وڵاتانی دژەکورد پەیڕەو دەکات؟ هەروەها، تێپەڕکردنی زهنییەتی دەوڵەتگەرا و قبووڵی یاسای دەوڵەتی یونیتەر چۆن لەگەڵ یەک دەگونجێن؟ ئایا پەیڕەوکردنی یاسای دەوڵەتانی دژە دێموکراسی دەتوانێت خۆی لە خۆیدا بەدیل بێ بۆ دەوڵەت و دەوڵەتگەرایی؟ بڵێین ئۆجەلان و پەکەکە زهنییەتی دەوڵەگەرایان تێپەڕاندبێت، بەڵام، ئایا هەلومەرجی جیهان ئەوەی کردووە؟ لەکاتێکدا کە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان لە باری سیستەمی سیاسییدا، نەتەوەکانی وەکوو سکات و کاتەڵان هەوڵی سەروەری خۆیان هەیە، بۆ کوردی ژێر هەڕەشەی جینوساید، تێپەڕکردنی زێهنییەتی دەوڵەتگەرا، چ پەیوەندییەکی بە دونیای واقیعەوە هەیە؟

ناڕوونی (بەئەنقەستی) سیستەمی کەجەکە سەرەکیترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی ئەو سیستەمەیە. لە لایەک باسی لە سیستەمی جیهانی دەکات، لە لایەکی دیکەوە دەڵێ یاسای دەوڵەتی یونیتەر پەیڕەو دەکات و سنوورەکانی قبووڵن، لەلایەکیتریش کۆنگرەی گەل وەکوو دەوڵەتی ئاسایی هەڵسووکەوت لەگەڵ دنیای دەرەوە دەناسێنێت: لە مادەی ١١ بەندی h دەدا ڕایدەگەیەنێت کە "کۆنگرەی گەل بە ناوی کەجەکەوە ڕێککەوتنامەکانی نێوان کۆمەڵگەکان و دامەزراوە جۆراجۆرە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان تاوتوێ دەکات و بڕیار لەسەر پەسەندکردنیان دەدات." کە دیارە لێرەدا

وەکوو دەوڵەت هەلسووکەت دەکات. وێدەچێ پێویست بە باسێکی زۆرتر لەو بارەوە هەبێت، بەڵام من ئەوەش تەنیا نموویەکی تر لە سەر لێشوێنەری تیۆریک و بەئەنقەستی نووسەری ئەو پەیماننامەیە دەزانم. لەحاڵێکدا هەموو سنوورەکان و دامەزراوەکانی تورکی بە شەرعی دەزانێ و لەلایەکیتریش کۆنگرەی گەل لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی بەبێ لەچاوگرتنی یاسا زاڵەکان، وەکوو دەوڵەت تەعامول دەکات و دەجووڵێتەوە و ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی واژۆ دەکات.

بە گشتی هیچ وێنایەکی ڕوون سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت لەو پەیماننامەیەدا نابێندرێ. تەنیا بە دڵنیایەوە دەکرێت بڵێین کە ئەو پەیماننامەیە لایەنگری لە دەوڵەتی کوردی ناکات. ئەو پەیماننامەیە بە گشتی دەیهەوێ بڵێت کە دەوڵەت --بەبێ لە بەر چاو گرتنی جۆری دەوڵەت-- دامەزراوەیەکی دژ بە دێمۆکراسییە. بەڵام لە سەرەوە دیتمان ئۆجەلان دەڵێت کە هەر ئەو بەناو بەدیلە، دەتوانێت پێکەوە لەگەڵ دەوڵەتی غەیرەکوردی لە بن یەک بان دابن. بەڵام، بۆ دەتوانێ بوونی دەوڵەتی غەیرەکوردی لە کوردستان دێموکراتیک بکات و لەگەڵی بچێتە بۆ بن یەک میچ، بۆ لەگەڵ دەوڵەتی کوردی ناحاوێتەوە، مەتەڵێکە کە ئۆجەلان ئامادە نییە کە وەڵامەکەی بە کورد بڵێت. ئەو بانگەشەیە یەکێک لە بنەڕەتیترین کێشەکانە لەو پەیماننامەدایە، لە حاڵێکدا هەر ئەو بانگەشەیەش وەکوو چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد، پێناسە دەکرێت. بە واتایەکی تر هەر ئەو چارەسەرە سیاسییە سەرەکییەی کە پێشنیاری دەکات، یەکێک لە گەورەترین ناکۆکی و دژیەکییەکانی پەیماننامەکەیە.

## کەجەکە و تێگەیشتن لە دەسەڵات

یەکێک لە کێشەکانی سیستەمی کۆما جڤاکێن کوردستانێ، ئەوەیە کە وەک سیستەمی فیقهی ئیسلامی هەم یاسایی حیزبێکە و هەم یاسایی ئیدەئالی سیستەمی بەڕێوەبەری سیاسیی وڵاتێک. یانی گوزارشت لە هەبوون و لە حاڵی جێبەجێکرانی سیستەمێکی ئاوا هەم پێش دامەزرانی کۆنفدرالیزمی دێمۆکراتیک و هەم دوای دامەزرانی دەکات. وەکوو کومونیزمی مارکس نییە کە تەنیا دوای تێپەڕکردنی قۆناغی سۆسیالیزم و لە ناوچۆنی دەوڵەت بێتە ئاراوە. هەر ئێستا لە ئارادایە و جێبەجێ دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا سیستەمێکی گەردوونی ئایدیاڵ و ئارمانییە کە پەیامهێنەر و سەلمێنەری لەنێوچوونی دەڵەوت لە داهاتووی مرۆڤایەتیدایە و لەژێر سایەی دەوڵەتێکی یونیتەر و ناوەندگەرای وەکوو تورکیاشدا پیادە دەکرێت. لە لایەک ئەو کۆنفدرالیزمی

دێمۆکراتیکە قەوارە بە کۆما جڤاکێن کوردستانێ دەدا؛ لە لایەکیش هیچکامێکیان بەبێ ئەوی تر جێبەجێ نابن. لە لایەکی تریشەوە پەکەکە وەکوو ڕێکخراوێک هەم هێمای کۆما جڤاکێن کوردستانێیە و هەم ئی کۆنگرەی گەلە. ئێستاش هەر دوو قەوارەکە بوونیان هەیە و ڕێبەری و باقی دامەزراوەکانی تریشی ڕاگەیاندراون.

ئەوە حکومەتێکی ئینتقالی و گواستنەوە یان شێوەیەک لە دەوڵەتی لە مەنفا و تەبعیدیش نییە کە هەوڵ بدات ڕێگە بۆ سیستەمی داهاتوو خۆش بکات. چونکە لەلایەک دەگوترێت کە کەجەکە "پڕۆژەی ستراتژی ئازادکردنی گەلی کوردستانە" (ل. ٢٢) و لە هەمان کاتیشدا کەجەکە ناوی سیستمی "ئاواکردنی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ"یە (ل.٢٠). تەنانەت لە لاپەڕەی پێشتریشدا، ئەو سیستەمە وەکوو ئاڵترناتیو و بەدیل بۆ تەواوی سیستەمەکانی بەڕێوەبەری سیاسیی لە هەموو جیهاندا پێناسە کراوە. (ل. ١٩). بەو پێیە کۆما جڤاکێن کوردستانێ هەم پرۆژەیە و هەم ستراتیژی ئازادی کوردە و هەم سیستەمێکی سیاسیی گەردوونییە و هەم دامەزراوەکان و سنورەکانی دەوڵەتی ناوەندگەرایی تورکیاشی قبووڵە و ڕێبەر و تیۆریسیەنەکەشی خۆی بە "عایدی دەوڵەتی تورکیا" دەزانێت.

ئەو سیستەمە گەردوونییە گوایە مژدەی فەلسەفەی ژیانێکی نوێ و دێمۆکراسییەکی تایبەت بە دیاری بۆ کورد دەهێنێت. بەڵام، گرنگیی نادات بە ویست و خواست و ڕای کورد و لە باشترین حاڵەتیشدا، وەکوو مەزهەبێکی سیکۆلارە (عیلمانیە) کە دەیهەوێ خەڵک بە زۆر ببات بۆ بەهەشت، بەڵام هەر لەم جیهانەدا. لەو سیستەمەدا کە خەڵک هیچ مافێکی ڕەتکردنەوە یا پەسەندکردنی سیستەمەکەی نییە و چەندین دامەزراوەی بنەڕەتی هەن کە دەکەونە دەرەوەی سەڵاحییەت و هەڵبژاردنی خەڵک. گرنگترینی ئەو دامەزراوانەش پێشەوایی (بە تورکی ئۆندەرلیکە) کە لە ڤێرژنی سۆرانی پەیماننامەی کەجەکەدا، وەک ڕێبەرایەتی هاتووە. وەک ئاماژە کرا ئۆندەر یان پێشەوا، نە تەنیا بەبێ ڕاپرسی لە خەڵک خۆی بە نوێنەری ئەوان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا دەناسێنێت، لە هەموو ئەو شتانەشدا کە پەیوەندییان هەیە بە «ژیانی ئازاد و دێمۆکراتیک»ەوە، مافی دوایین بڕیاری هەیە.

دیارە دژپێکبوون و ناتەبایی دەروونی دەقەکە، تەنیا بەشێکە لە کێشەی بنەڕەتی مانا و پێناسەی دێمۆکراسی لە پەیماننامەی کەجەکەدا. تێڕوانینی نووسەری پەیماننامە و قایل نەبوونی بە مافی لانیکەمیی کورد، یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تیۆرییکی ئەو پەیماننامەیە. وەکوو پارتە مارکسیستەکانی کلاسیک بە دابەزاندنی خەڵک و دیمۆس

بۆ «گەل» --خەڵک جگە لە چەپڵە لێدان بۆ حیزبەکان هیچ جێگایەکیان لە یاسادانان و بنیاتنانی سیستەمی سیاسییدا نییە-- تێڕوانینە کلێشەییەکانی ستالینیستی بە خەڵک و نەتەوە وەکوو ئاپۆرە و عەوام بە ئاشکرا لەو پەیماننامەکەدا زەق دەبنەوە. بۆیە، ئۆجەلان بەبێ کەمترین بایەخدان بە ڕای خەڵک، لە پێشەکی پەیماننامەکەدا، نە تەنیا خۆی وەک پێشەوای سیستەم لە ئێستا و داهاتوودا دەسەپێنێت، نمرەی ٢٠یش دەدا بە کارنامەی خۆی لە ڕابردوودا. وەکوو ئەوەی لە دەنگدانێکی گشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکەم هاتبێتەوە و سەداسەدی کورد دەنگی پێدا بێت، دەڵێ وەکوو ڕابردوو سەرکەوتووانە ئەرکەکانی پێشەوایی جێبەجێ دەکات. پێشەوایی خۆی لە پارتێکی کوردیدا کە زۆریش بە باوەڕ بە دێمۆکراسی ناوحیزبی نەناسراوە، دەگوازێتەوە بۆ پێشەوایی نەتەوەی کورد (ئەوان دەڵێن «گەل»). ڕاشدەگەیێنێ کە «ڕاشکاوانە دەڵێم؛ بە سەربەرزییەوە، ئەم ئاڵایە بەرز دەکەمەوە و هەر وەکوو ڕابردوو، لە ئەمڕۆ بە دواوەش بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەرکەکانی پێشەوایی (ئۆندەرلیغی) خۆم جێبەجێ دەکەم» (ل. ١٠).

لە هیچ جێگایەکی ئەو پەیماننامەدا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی بە مافی خەڵک (دێموس) لەمەر پەسەند و ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەمە نەکراوە. بۆ نموونە، هیچ باسێک لەوە نییە کە ئەگەر ڕۆژێک پەکەکە سەروەری و دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانی بە دەستەوە گرت، ئایا پێش پیادەکردنی سیستەمەکە ڕای خەڵکی سەبارەت بە سیستەمی کەجەکە دەپرسێت؟ تەنانەت، باسێکی لە مافی ڕیفراندۆم، ماف یان میکانیزمی گۆڕینی و چاکسازی سیستەمی تێدا نییە.

پەیماننامەی کەجەکە دان بە ڕۆڵی دێموس، وەکوو سەرچاوەی شەرعییەتی سیستمی سیاسییدا، ناهێنێت. لە کەجەکەدا —وەکوو هەر سیستەمێکی ئیدئۆلۆژیکی داخراوی دیکە— خەڵک سەرچاوەی شەرعییەتی سیستم نییە. خەڵک تەنیا مافی هەڵبژاردنی بەشێک لەو کەس و دامەزراوانەی هەیە کە یاساکانی ئەو سیستەمە جێبەجێ دەکەن. بۆیە ئەوە دێمۆکراسییەکی بێ دیمۆسە. وەکوو مەردمسالاری دینی کە ئەگەر ویلایەتی فەقیهیش لابەرەن، تەنیا خەڵکی دیندار دەتوانن سالار و حاکم بن. یانی لە سیستەمەکانی ئیدئولوژیکدا بە شیوەی تیۆریک، یان تەنیا لەسەر کاغەزیش بێ، هاووڵاتی بەبێ ئیمان ناتوانێت یەکسان بێت. بۆیە جیاوازی «خودی» و «غەیری خودی» لە سەر باوەڕ، دەبێتە سەرباری جیاوازییەکانی جۆراجۆری دیکە.

بەتایبەتی ئیدئۆلۆژیک بوونی ئەو سیستەمە کاتێک جوان دەردەکەوێت کە سەرنج بدەین بەو ماددانەی وەکوو ئەوەی کە دەڵێت هاووڵاتی کەجەکە «ئەرکدارە بە پەیڕەو کردنی ئەخلاقی کۆمەڵگای دێمۆکراتیک و ئازاد» (ل. ٣٨، بەندی خ). ئەو ئەخلاقە چییە؟ بنەما فەلسەفی و مەعریفییەکانی لە کوێوە هاتوون؟ کێ ئەو ئەخلاقە پێناسە دەکات؟ کۆمەڵگا و تاکی کۆمەڵگا چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پێناسە کردنی ئەو ئەخلاقە؟ سنوور و چوارچێوەی قانوونی ئەو ئەخلاقە چییە؟ ئەگەر ڕێبەر مرد چ مەرجەعێک ڕاڤەی ئەو ئەخلاقە دەکات؟ ئایا دوای مردنی ڕێبەر هیچ مەرجەعێک مافی پێداچوونەوە بە چوارچێوە و بنەماکانی ئەو ئەخلاقەی هەیە؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری تریش، تیشک دەخەنە سەر ڕاستیی ئیدارە ئیدئۆلۆژیک و بنەما باوەڕی سیستەمی کەجەکە.

دیارە بەشێک لەو پرسیارانە، لە پەیماننامەکەدا وەڵام دراونەوە. ئەو ئەخلاقە بنەماکەی فەلسەفەی ئۆجەلان، ڕێبەری هەڵنەبژێردراوی سیستەمەکەیە. لە پەیماننامەکەدا هاتووە کە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزرێنەر و ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستانە، دانەری ستراتیژی، تیۆری و فەلسەفی دێمۆکراسی... چاودێری پۆلتیکا سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانی دێمۆکراتی و یەکسانی گەلی کورد دەکات"... (بەشی سێهەم، مادەی ١١، ل. ٣٨). سیستەمێک کە وا دیارە ژیانی تاکەکانیشی لە ژێر چاودێری "دێمۆکراتیک" و نەزارەتی ئسیتیسوابی دادەبێت.

کۆمەڵگای ئازاد و تاکی ئەو کۆمەڵگایە تەنیا ئەرک و پابەندیی یاسایی نییە. بەڵکوو ئەرکی ئەخلاقیشی هەیە. هیچ ڕوون نییە کە لە لێپرسینەوەی ئەخلاقیدا چ جۆرە هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ هاووڵاتی دەکرێت. دیاری نەکراوە کە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێک کە ئەخلاقی دێمۆکراتیک و ئازادی نییە، چ جۆرە پرۆسەیەکی یاسایی یان چ جۆرە سزایەک ڕەچاو دەکرێت. ئەوانە زۆرتر بۆ ئیجتهاداتی دوایی قازی و دادگاکانی شۆرش هیشتراونەوە.

دیارە، فەلسەفەی ئۆجەلان و بۆچوونەکەی بۆ دێمۆکراسی، بە گوتەی خۆی گرنگییەکی زۆر بە دێمۆکراسی و ئازادی تاک نادات. بەڵکوو، شێوەیەک لە کۆلێکتویزم و کۆمەڵگەرایی مارکسیستەکانی دەوڵەتگەرای پێوە دیارە. ئۆجەلانیش نایشارێتەوە و ئەو جۆرەی بۆخۆی لە پەیماننامەکەدا دەڵێت "چەمکی دێمۆکراسی من دێمۆکراسی تاک نییە، دێمۆکراسی جڤات (کۆمەڵ(ەکانە" (ل. ١٤). یانی کەجەکە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی بۆ کردەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی هاووڵاتییان دیاری دەکات. لە سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا خەڵک سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵاتە.

له سیستەمێکی دیمۆکراتیکدا نە دەسەڵات قودسییەتی هەیە، نە فەقیهی جامیعی شەرایەت هەیە، نە دەسەڵاتیش دیاری دەکات چ کردەوەیەک ئەخلاقییە و چی ئەخلاقی نییە. دەسەڵات جێبەجێکەری یاساکانە و یاساکانیش بە پێی کاریگەری هاووڵاتی و تێگەیشتنیان لە بەرژەوەندی خۆیان و هاووڵاتیان بەبەردەوامی لە گۆڕاندان. دەسەڵات دەستکردی مرۆڤە و بە پێی بەرژەوەندی و تێگەیشتنی مرۆڤ دەبێ لە گۆڕاندا بێت. ئەرکدار و ئەخلاقمەندکردنی هاووڵاتی بە هەر جۆرە تێڕوانینێکی ئەخلاقیەوە، تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی تۆتالیتەری مەزهەبی وەکوو تاڵیبان و کۆماری ئیسلامیدا دەتوانی پرسی سەرەکی دەسەڵات بێت. لەبەر ئەوەی کە لەو جۆرە سیستەمانەدا، دەسەڵات تەنیا ئەرکی بەڕێوەبردنی یاسا نییە؛ بەڵکوو فەلسەفەی وجوودی دەسەڵات ڕێنوێنی مرۆڤە و ئەرکی دەسەڵاتە کە خەڵک بە زۆر بنێرێت بۆ بەهەشت.

لە وەها سیستەمێکدا هەموو کردەوەیەک و سیاسەتێک بە ناوی خەڵک و دێمۆکراسی پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە. ئەوەیکە لە سەر کاغەز بگوترێت کە لە وەها سیستەمێکدا "مافی بڕیار، گفتوگۆ و قسەکردن هی جڤات (کۆمەڵ)ەکانە" (ل. ٤)، نەک هەر، جۆرێک کۆلێکتیویزمی تاک خنکێنی پێوە دیارە، بە کردەوەش هیچ ڕێگەیەک بۆ قسەی جڤاتیش ناهێڵێتەوە. لەبەر ئەوەی کە دەکرێت بپرسین جڤات کێن؟ مەرجی بە جڤات ناسران چین؟ چ مەرجەعێک لەسەر چ بنەمایەک، جڤاتێک بە فەرمی دەناسێت؟ لە کاتێکدا کە کۆمەڵێک لە سەرچاوەی قودسی و پیرۆز بەسەر خەڵک داسەپاون (هەر لە پێشەوایی ڕا بگرە تا دەگاتە سیستەمی دەسەڵات) مانای جڤات چییە؟ بەتایبەت کە ئەو سەرچاوانە هەموو خۆ بە نوێنەری جڤات دەناسێنن و مەرجەعی سەرەکین لە دیاریکردنی سیاسەتی ڕۆژانە، ئەخلاق، فەلسەفە و تەنانەت زانستیش.

ئەوە لە کاتێکدایە کە نە تەنیا ئەو سیستەمە جگە لە یەک تاکە کەس، هیچ مرۆڤێکی تر بڕیاری لەسەر نەداوە، یەک پسپۆڕی یاسا، سیاسەت، مافناسی، و... تاقەگوتارێکیشی لەسەر نەنووسیوە. تەنانەت لەگەڵ تاکە جڤاتێکیش گفتوگۆی لەسەر نەکراوە. بەڵام، پێشەوا بە مافی خۆی دەزانێ کە بەبێ بڕیار و ڕای تاقە جڤاتێک ئەو ڕادە لە دەسەڵات بۆ خۆی دیاری بکات و بڵێ کە ئۆجەلان "چاودێری پۆلتیکا سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانی دێمۆکراتی و یەکسانی گەلی کورد دەکات و لەبارەی بابەت و مەسەلە بنەڕەتییەکان دوا ئۆرگانی بڕیاردانە" (ل. ٣٨، ماددەی ١١). قەرار وا بوو "مافی بڕیار، گفتگۆ و قسەکردن هی جڤاتەکان" بێ (ل. ٤)، بەڵام دوا بڕیار ئی پێشەوا و ئۆندەرە و هەر ئەویش بڕیاری کۆتایی لەسەر هەموو مەسەلە بنەڕەتییەکانی ژیانی ئازاد و

دێمۆکراتیک دەدا. ئەو حوکمە، ئەو مافەی دەداتێ کە سەرەڕای "چاودێری پۆلتیکا سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانی دێمۆکراتی"، تەنانەت "گونجاوبوونی بڕیارەکانی کۆنگرەی گەل [تەنیا بەشی هەڵبژێرراوی سیستم] لەگەڵ ڕێبازی شۆڕشی دێمۆکراتی، ژینگەپارێزی و ئازادی ڕەگەزی چاودێری [بکات]. سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی ئەرکدار [بکات]. بڕیاری کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی دەرهەق بە بابەتە سەرەکییەکان ئەرێ [تەئید]" بکات (ل. ٣٨، ماددەی ١١).

هەر ئەو تاکە کەسەش، پێش دامەزرانی سیستەمێکە خۆی وەکوو پێشەوای (ئۆندەری) ئەو سیستەمە ڕادەگەیەنێ و دەڵێت کەجەکە "گوزارشتی یەکیەتی و ڕێکخستنی گەلی کوردە و لەو بڕوایەدام کە لەم ڕێگایەشەوە سیستەم و فەلسەفەیەکی نوێی ژیانمان بۆ گەلەکەمان بەدەستهێناوە. جێگای شەرەف و سەفەرەزاییە بۆ من کە دامەزرێنەری ئەو سیستەمەم" (ل. ٤). لە کاتێکدا کە ئەو تاکە کەسە خۆی وەکوو پێشەوای فەلسەفەیەکی نوێی ژیان و سیستەمێکی سیاسیی جارێک بۆ مرۆڤایەتی و جارێک بۆ گەلەکەی خۆی دەناسێنێت کە ٧ ساڵی ڕەبەق بەتەنیا لە دوورگەیەکدا بە نامرۆڤانەترین شێوە بەدیل گیراوە. لە وەکیل و بنەماڵەی خۆی بەدەر، ئیمکانی دیتنی تاقە کوردێکی نەبووە و دڵۆپ دڵۆپی زانیاری ژیانی لە ڕێگەی دەزگا ئەمنییەکانی دوژمنەوە بەدەست گەیشتووە. لەگەڵ هیچ پسپۆڕێک سەبارەت بە هیچ یاسایەک، بە ژینگە، ژن، یاساکانی نێونەتەوەیی و تەنانەت لەگەڵ کادر و شەرڤانانی لایەنگری خۆشی ئیمکانی کەمترین بیر و ڕای گۆڕینەوەی نەبووە. بەبێ ئاگادارییی تاکە مرۆڤێکی دیکەی کورد، لە ناو زینداندا فەلسەفەی ژیانێکی نوێی بۆ هەموو مرۆڤایەتی نووسیوەتەوە و سیستەمێکی بە زمانی تورکی پێشکەش بە کوردی کردوە.

لەو سیستەمەدا، بەبێ ئاگاداری خەڵک یان گرنگییدان بە ڕا و بۆچوونی خەڵک، دەڵێ بۆ خۆی "[پێشەوا] و دامەزرێنەری کۆما جڤاکێن کوردستانە، دانەری ستراتیژی، تیۆری فەلسەفی دێمۆکراسی پشتبەستوو بە ژینگەپارێزی و ئازادی ڕەگەزییە، ئەو دەزگا ڕێبەرایەتییە (ئۆندەرلیک) لە گشت گۆڕەپان و بوارەکان، نوێنەرایەتی تەواوی گەل دەکات" (ل. ٣٨، ماددەی ١١). لە حاڵێکدا هیچ کوردێک دەنگی بەو سیستەمە نەداوە، یان نزیک لە سەداسەدی کورد هیچ ئاگادارییەکی لەو سیستەمە نەبووە، نووسەری بەرنامەکە، نە تەنیا خۆی وەکوو پیشەوایی فەلسەفەیەکی نوێ و نوێنەری هەموو گەلی کورد لە هەموو گۆڕەپانەکاندا ڕادەگەیینێ، ناویشی لێ دەنێت دێمۆکراسی ڕادیکاڵ. گوایە کە لەو سیستەمەدا "مافی بڕیار گفتوگۆ و قسەکردن هی جڤاتەکانە" (ل. ٤).

وەکوو دەبینین لە حاڵێکدا ئەوە ڕێبەریە خۆهەڵبژێر و خۆداسەپێنەرە، تەواوی لایەنەکانی ژیان مایکرومەنەج (وردە مودیریەت) دەکات و کورد گوتەنی "لە هەموو دیزان ئەسکوێیە." [6] تەنانەت، سیستەمەکەش هیچ کات لە هەلومەرجی شۆڕشی و سەربازی نایەتەدەر. شۆڕشی دێمۆکراتیک لە ژێر چاودێری و پێشەوایی ئەودا درێژەی دەبێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت لە سیستەمێکی تۆتالیتەری وەکوو کۆماری ئیسلامیشدا مەجلیسی خیرەگانێکی ڕێبەرایەتی هەیە کە لەسەر کاغەزەش بێ، مافی چاودێری و قسەیەکی هەبێت لە چۆنیەتی کار و کردەوەی "پێشەوا و ڕێبەر."

هەر وەکوو پێشتر گوترا، بە پێچەوانەی بانگەشەی پەیماننامەکە کە دەیهەوێ لە داهاتوودا سیستەمی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ سەقامگیر بکات، هاوشێوەی سیستەمێکە کە قەزافی لە چەند دەیە پێش ئێستا بە ناوی دێمۆکراسی جەماوەری و جڤاتەکان پێشنیاری کردبوو. بەڵام، لە سیستەمی ئۆجەلاندا جڤاتەکان مافی دوایین بڕیاریان نیە، ئەو مافە بە تەنیا ئی ئۆجەلان (یان پێشەوا و ڕێبەرە). ڕاستە، کە لە پەیماننامەکەدا تاک خاوەنی هێندیک مافە. بەڵام، گرنگیی سەرەکی بە مافی جەماوەر و جڤات دراوە (دیارە نازانم کە ئەوە لە کردەوەدا چ مانایەکی هەیە). دیارە دیسانیش لێرەدا شێوەیەک لە کۆلێکتیویزم و تەنانەت سەنترالیزمی دێمۆکراتیکی پارتە کلاسیکەکانی مارکسیستی خۆی دەنوێنێتەوە. بە تایبەت، کە پەیماننامەکە، دێمۆکراسییەکەی وەکوو سیستمەکی هیرەمی ("هەرەمی") پێناسە دەکات و ڕیسی "ڕاستەوخۆ" بوونەکەی، دەکاتەوە خوری. مەرکەزییەت و هەمەکارەبوونی پێشەواش، فۆرمیی و ڕواڵەتیی بوونی دێمۆکراسییەکە دەردەخات و بە هەزار جۆر جەماوەریی بوونەکەی دەباتە ژێر پرسیار. لانیکەم لە سیستەمی دێمۆکراسی ڕاستەوخۆی قەزافیدا، حیزب مافی بوونی نیە (پەرتووکی سەوز، ٢٠٠٩: ١٩-٢٦)، بۆیە پاڵێوراوان لانیکەم بەڕواڵەتیش بێ حیزبی نین.

دیارە ئۆجەلان، پێش نووسینی ئەو ڕستانە، دیسانیش بەبێ گوێدان بە ڕای تاقە کوردێک، ئاڵایەک بۆ سیستەمی ئایدیاڵی خۆی لە "کوردستان" پێشنیار دەکات و بەزمانێکی هێمنانە خڕبوونەوە لەبن ئەو ئاڵایەدا وەکوو پێوەری دێمۆکرات بوون بۆ هەموو لایەنەکان و جڤاتەکانی کوردی پێناسە دەکات. ئۆجەلان جارێکی تریش بە شێوەیەکی زیرەکانە مێژووی کورد بەگشتی بە شەخسی خۆیەوە دەبەستێتەوە و هەر بەشێک لە مێژوویی کورد کە بوونی شەخسی ئەوی پێوە دیار نەبێت بێ بایەخی دەکات.

---

[6] ئەو ئیدیۆمە، لە کوردیدا بۆ کەسێک بەکار دێت کە لە هەموو کارێکدا خۆ بە کوێخا دەزانێت.

له حاڵێک کە باس دێتەر سەر سەمبول و هێماکانی غەیرەکوردی وەکوو ئاڵای تورکیا بە فاتیح ئالتایلیی دەڵێت کە "تا ئێستا تەنانەت لە ئاستی خەیاڵیشدا بەزەینمدا نەهاتووە کە بێ ڕێزی بە ئاڵای تورکیا دەکەم." تەنانەت، لە هەمان وتوێژی لەگەڵ ئاڵتایلای لە ساڵی ١٩٩٦دا، ئۆجەلان دەڵێت لە کاتی گرتنی سەربازگەیەکی تورکی دیتم کە گەریلا ئاڵای تورکی دابەزاندوە چووم بە ڕێزەوە هەڵمگرتەوە. دەبێ هەر لەدرێژەی ئەو هەوڵە هێماییەدا بێ کە لە حاڵێکدا لایەنگرانی ئۆجەلان، تەنانەت سەلاحەدین دەمیرتاشیش ئاڵای تورکی وەکوو «بایەخی خۆیان» دەناسێنن، و هاوکات ئاپۆچییەکان لە هەر بۆنە و کۆبۆنەوەیەکی کوردیدا، ئاڵای کوردستان دەکەن بە کێشە.

لەبەرامبەردا، ئۆجەلان تەنیا ڕێبەری کوردە کە تا بۆی لواوە هەوڵی داوە کە هێماکانی کوردی بە ئاشکرا بێ بایەخ بکات. لە ٦٠ ساڵی پێشتردا کورد لە هەر هەلێکدا و لە هەر چوار پارچەی کوردستان هاواری کردوە «زیندووە قەت نانەوێت ئاڵەکەمان.» بەڵام، ئۆجەلان بە تەنیا بڕیاری نواندن و گۆڕینی ئاڵای کورد ڕادەگەیاند و بەبێ کەمتر بایەخ بۆ هێمای مێژوویی ئەو ئاڵایەی و جیگاکەی لە دەڵی کورددا، وەکوو دەوڵەت، ئاڵای کوردیشی توور هەڵدا. ئەوە لە حاڵێکدا ئێستاش دایکی شەرڤانانی پەکەکە، خۆیان بە قوربانی "ئاڵای کوردستانەکەی" ڕۆڵە شەهیدەکانیان دەکەن. بەو شێوە، ئۆجەلان هەمیشە هەوڵی داوە هەر شۆرشی شێخ ڕا تا ئێستا، تارمایی و شک بخاتە سەر بایەخی مێژوویی مافخوازی کورد. بۆیە جارێکی دیکەش بە تاکەکەسی ڕایگەیاندوە کە "بانگەوازی بۆ تەواوی گەلەکەمان دەکەم کە لە ژێر ئاڵای باکگراوند سەوز کە خۆرێکی زەردی تێدایە... دێمۆکراتی خۆی ڕێکبخات، یەکگرتوو بێت و خۆی بەڕێوە ببات" ( لاپەڕەکانی ٩ و ١٠). دیارە ئۆجەلان هەڵسوکەوتی ئاوای لەگەڵ هێماکانی مافخوازی کوردی زۆرە: پێش گیرانی لەزمانی کەمالیستەکانەوە، دەیگوت شێخ سەعید پیران جاسووسی ئینگلیسەکان بووە. دوای تێزی «برایەتی گەلان»یش دەڵێ، شێخ سەعید ناسیۆنالیستێکی دواکەوتوو (ئیلکەل میلییەچی) بووە. ئۆجەلان پێوەری دێمۆکراتبوونی بۆ هەموو کوردیش کردوە بە کرنۆش لە ژێری ئاڵاکەی بەبێ بەهەند گرتنی هەستی مێژوویی و خاوەندارییەتی بەملیۆن کورد لە ئاڵای کوردستان.

کە بگەڕێینەوە سەرباسی دێمۆکراسی، هەر کوردێک کە تێزی ئەوی قبووڵ نەبێت و ئیمان بە «فەلسەفەی» ئەو نەهێنێ، ئۆجەلان بە دێمۆکراتی نازانێت. هەر بۆیە، لە حاڵێکدا کە دێتە سەر دەوڵەتانی غەیرەکوردی دەڵێ، هەوڵی کەجەکە ئەوەیە کە بۆ لای دێمۆکراسییان ڕابکێشێت. بەڵام، بۆ هەموو لایەنەکانی کوردی مەرجی دێمۆکراتیک بوون

به هاتنی ئەوان بۆ ژێر ئاڵای ئەو و ئیمان هێنانیان بە تێزەکەی دادەنێت و بە زمانێکی دیپلۆماتیکیش هەڕەشەیان لێ دەکات و دەڵێ «لە چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان گەلی کورد پرەنسیپی یەکێتی دێمۆکراتییانە بە بنەما دەگرێت. مەیلی دەوڵەت بوون... وەک بەردەوامی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبینێت» بۆیە «بانگەوازی بۆ ئەو هێزانە دەکەم کە بۆ دێمۆکراسیبوون کراوە بن»، یانی تێزی من قبووڵ بکەن «و لەسەر بنەمایی یەکێتی نەتەوەیی دێمۆکراتییانە بەشداری لە کۆنفێدڕالیزمدا بکەن» (ل. ٨). هەر ئەو کوردەی کە بەپێی وتووێژی ئۆجەلان لەگەڵ مەهمەتی ئەلی بیراند، [7]"بە ئاژەڵ کراوە،" ئێستا، بڕیاری دێموکراتیکی دژ بە مەیلی بە دەوڵەت بوون ڕاگەیاندوە.

هێندێک جار وێکچوونی پێناسەی کەجەکە و قەزافی لە دێمۆکراسی سەرسوورهێنەرە. قەزافی دەنووسێ کە «مەجلیسە جەماوەرییەکان تاکە ئامرازی دێمۆکراسی خەڵکین. هەر سیستەمێک دژ بەو ڕێگەیە، یانی ڕێگەی مەجلیسە جەماوەرییەکان، بێت سیستەمێکی نادێمۆکراتیکە. هەر سیستەمێکی حاکم لە جیهاندا کە بەو شێوەیە بەڕێوە نابردرێت، دێمۆکراتیک نییە." بە متمانەیەکی ئاسمانییەوە دەڵێ «مەجلیسە جەماوەرییەکان، دوا وێستگەی گەلانن لە هەڵوەدایی مرۆڤایەتی بە دوایی دێمۆکراسیدا [و] ئاکامی لووتکەی بیری مرۆڤ و هەڵگری هەموو ئەزموونی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسین. [ئەو تیۆرییە] نەهایەتەن کێشەی دێمۆکراسی لە جیهاندا چارەسەر دەکات» (پەرتووکی سەوز، ٢٠٠٩: ٤٥-٤٦). ئۆجەلانیش بە هەمان متمانەوە ڕادەگێنێ کە «کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتی سیستەمێکە تەواوی گەلان و مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا تێیدا دەژی» (ل. ٩). دەشڵێت «ڕێگای سەرەکی دەرکەوتن لەم ڕەوش(ی هەنووکەیی مرۆڤ) ئەوەیە؛ لە جیاتی ئەو جیهانگیرییەی بەگوێرەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێش دەکەوێت، سیستەمی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتییە، کە پشت بە گەل دەبەستێت و هێزی خۆی لە بنکەی جەماوەرەوە وەردەگرێت... ئەمە مۆدێلێکی ڕێکخستنی شێوەی (هەرەم)ە. لێرەدا مافی بڕیار، گفتوگۆ، قسەکردن هی جڤاتەکانە» (پەیماننامەی کەجەکە. ل. ٣-٤).

---

[7] https://www.youtube.com/watch?v=ttJAAhrjCVc.

## کەجەکە، دەوڵەت و بەڕێوبەریی ئایدیۆلۆژیکی ژیان

پێویستە بڵێم کە سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییانەی، ئەگەر، بە فەرزی مەحاڵ، کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی جێبەجێش ببێت ئەو کۆنفیدراڵیزمیە بۆ خۆی دەبێت بەدەوڵەت. تەنانەت، هەر وەک لە خوارەوە هەوڵ دەدەم شی بکەمەوە، دەبێت بە دەوڵەتێکی تۆتالیتەر. بۆیە لە هەر جۆرە ئەگەرێکی جێبەجێ بوونی، کۆنفیدراڵیزمی دێمۆکراتی دەوڵەت هەڵناوەشێنێتەوە. بەڵکوو دەبێتە فۆرمێکی دیکەی دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیک وەک کۆماری ئیسلامی. لێرەدا من بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دەوڵەت لە پێناسەی ماکس وەیبر و بۆردییو کەڵک وەردەگرم. لە ڕوانگەی وەیبر "دەوڵەت ئەو دامەزراوەیەکە کە شەرعییەتی توندوتیژی قۆرخ دەکات." بۆردییو توندوتیژی هێماییش بە مافی قورخکردنی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە زیاد دەکات.

لایەنگرانی پەکەکە باسی ئەوەیکە کە پەیماننامەی کەجەکە دەسەڵات قودسی و پیرۆز دەکات، وەکوو ئیهانەت دەزانن. بەڵام هۆی ئەو ناڕاحەتییەی ئەوان، گرینگینەدان بە زمانی مەزهەبی و توتالیتەری پەیماننامەکەیە. کە دەڵێین بردنی خەڵک بە زۆر بۆ بەهەشت، مەبەست ئیهانەت کردن نییە. بەڵکوو مەبەست نیشاندانی لۆژیکی زاڵ بە سەر ئەو زمانەدایە. نموونەیەکی لەو زمانە "امر بالمعروف و نهی عن المنکر"ە (ئەمر بە چاکە و پێشگرتن لە خراپە) کە تا ئەمرێک بێت لە چوارچێوە ئەخلاقی تاکەکەسیدا بمێنێتەوە دەتوانێ کێشەیەک ساز نەکات. بەڵام، کاتێک بوو بە یاسا، دەبێت بە ئامرازێک بۆ دەسەڵاتداران بۆ داسەپاندنی کەیفی و هەوەسی ئەخلاق. بۆیە ئەمر بە مەعروف کە لە زەمانی عەبباسیاندا بوو بە یاسای دەسەڵات، موحتەسیبی لێ پەیدا بوو کە بۆخۆی هەر لە بازاردا هەم قازیی بوو و هەم پۆلیس. لەو دەورەیەی حاکمییەتی ئیسلامی سیاسیی، دادگای ئینقلاب و گروپی فشار و گەشت و هتد لێ پەیدا بووە کە هەموویان بە نییەتی بارهێنانی تاکی "بەئەخەلاق" و کۆمەڵگایەکی "ئەخلاقی"، سازکراون.

بەراوردکردنی یاسای کەجەکە لەگەڵ یاسای دەوڵەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی بەم مەبەستەیە کە چۆن یاسایەک دەتوانێ لە عەینی هەڵگرتنی زۆر دروشمی دێمۆکراتیک، زۆر نادێمۆکراتیک بێت. بۆیە ئەگەر قەوارە و ستراکچێری یاسا نادێمۆکراتیک بێ، زۆری و کەمیی یاسا و پرەنسیپی دێمۆکراتیک ناتوانن هاتنەدی سیستەمێکی دێمۆکراتیک گەرەنتی بکەن. ئەگەر پێشکەوتووترین یاسایەی جیهانیش بێنی بۆ ئێران، بەلام تەنیا ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی پێوە زیاد بکرێت، شتێک لە هەلومەرجی ئێستا ناگۆڕێت و دێمۆکراسی وەدی نایەت.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لە هێندێک نموونەدا یاسای کەجەکە و کۆماری ئیسلامی بەراورد بکەم. دیارە هەڤاڵان ئەو بەراوردکردنانەی یاسای کەجەکە و یاسای کۆماری ئیسلامیان زۆر پێ ناخۆشە. بەڵام، ئەوان دەبوو پێشتر ئەو ڕەخنە لە پەیماننامەکە بگرن کە لە ساڵی ٢٠٠٥وە هەڤاڵانی ئەرکدار کردووە بە پەیڕەوکردنی یاسای کۆماری ئیسلامی و هەموو دەوڵەتەکانی دژەکورد. بۆ نیشاندانی نادێمۆکراتیکبوونی یاسای کەجەکە هەر ئەوەندە بەسە کە یاسای کۆماری ئیسلامی، تورکیا و سووریا شایەنی پەیڕەوکردن دەبینێت. یەکێک بە ناوی خوازراوی کاردۆخ ڕەخنەی لە من گرتبوو کە بۆ پەیماننامەی کەجەکەم ١) بەروارد کردوە لەگەڵ یاسای کۆماری ئیسلامی کە یەکێک لە دواکەوترین یاساکانی جیهانە. ٢) بۆ هیچ باسم لە لایەنە ئەرێنیەکانی پەیماننامەی کەجەکە نەکردوە. لە وەڵامی پرسیارەکانی هەڤاڵ کاردۆخدا دەبێ بڵێم:

یەکەم، من لە کەلاسێکی مافناسی بەراوردی، وانە ناڵێمەوە کە هەموو لایەنێکی یاسایەک لێک بدەمەوە. من لێرەدا هەوڵم ئەوەیە کە نیشانی بدەم پەیماننامەی کەجەکە چەندەی کێشە و کەموکوڕی بنەڕەتی هەیە. نیشانی بدەم کە سەرلێشێواوی بۆ کورد ساز کردووە و سیاسەتێکیش کە لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژێت گەر بە نییەتێک باشیش بێت، ماڵوێرانی بۆ کورد دێنێت.

دووهەم، ئەو پەیماننامەیە و ڕووحی زاڵ بەسەر ئەودا، بە ڕادەیەک کێشەی هەیە کە تەنانەت بەئاسانی لەگەڵ یاسای کۆماری ئیسلامیش بەراورد دەکرێت. هەڤاڵان لەوە دڵگران نەبن کە بۆ من یاساکەیان لەگەڵ یاسایی بنەڕەتی سوئیس یان بلژیک بەروارد ناکەم. بەڵکوو، دەبێ لەوە دڵگران بن کە چۆن یاسای حیزبێکی سیکۆلەری موددەعی باشترین پڕۆژەی دێمۆکراسی، ڕەنگی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی پێوە دیارە. یان هەر ئیمکانی بەراوردکرانی ئەو یاسایانە دەبێ بۆ هەموو ئازادیخوازیک جێی سەرسووڕمان بێت.

هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ڕووحی زاڵ بەسەر یاساکەدا و ڕادەی هەبوونی مکانیزم و گەرەنتی پێشگرتن لە دیکتاتۆری لە یاسایەکەدایە کە دەتوانێ ئەو یاسایە بکات بە دێمۆکراتیک یان لە کردەوەدا بیکات بە گەرەنتی هاتنەدی تولیتالیتەریزم. بۆ نموونە، یەکێک لە دێمۆکراتی ترین ڕاگەیاندنەکان، لە مادەی ٢ی یاسایی بنەڕەتی دەوڵەتی دژەدێمۆکراسی سووریادا هاتووە. کە لەوێدا دەڵێت کە لە سووریا" حاکمییەت دەبێت لەسەر پرەنسیپی حکومەتی خەڵک، لە لایەن خەڵک و بۆ خەڵک بێت. خەڵک دەبێ خۆیان سەروەری خۆیان بن." بەڵام، هەر ئەوە یاسایە، لە هەمان ماددەدا ڕادەگەیەنێت کە "نەتەوەی سووری بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەی عەربە" و بەم شێوەیە کورد ئینکار

دەکات. بە ئینکاری کوردیش وەکوو خەڵک هەر لەو مادەیەدا، پرەنسیپی "حکومەتی خەڵک، لە لایەن خەڵک و بۆ خەڵک" دەخاتە ژێر پێ. بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی مافی خەڵک بوون و بڕیاری خۆ پێناسەکردن لە چەند ملیۆن مرۆڤ کە کوردن، دەستێنێتەوە. ئەوە دەیسەلمێنێت کە داڕشتنی چەند بڕگەی یاسایی جوان و بەڕواڵەت دێمۆکراتیک بەتەنیایی هاتنەدی سیستەمێکی دێمۆکراتیک گەرەنتی ناکات. یاسایی دێمۆکراتیک ڕادەی کاریگەری خەڵک دەباتە سەر، دامەزراوەی هەڵنەبژێراو کەم دەکاتەوە، مەجاڵی کەڵەکەی دەسەڵات لە دەست کەسێک یان ئۆرگانێکدا کەم دەکاتەوە، ڕادەی ناڕوونی یاسایی کەم و مەجالی ڕاڤە و تەفسیری دەسەڵات کەمتر دەکاتەوە، لە ڕوویی تیۆریکەوە مەجالی نایەکسانی تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا نادات.

لەگەڵ هەموو جوانی ئەو دروشمە یاساییانەی سەرەوە لە یاسایی بنەڕەتی سووریەدا، چەند کەس لە جیهان تەنانەت هەر لە ڕوویی هەڵدێت کە لە یەک ڕستەدا چەمکی سووریا و دێمۆکراسی لە پەنایەک دابنێت؟ لە بەر وەیکە لەو دروشمەدا، نە تەنیا میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو سەروەرییە لە یاسایی سووریادا نییە، بەڵکوو لە هەمان ماددەشدا پرەنسیپی بڕیار و سەروەری لە خەڵک ستێندراوەتەوە. پێویست نییە کورد بین تا بزانین کە چە فەلسەفەیەک بەسەر ئەو یاسایەدا حاکمە و تا بزانین کە لەوێدا خەڵک کەمترین مافی خۆپێناسەکردنی نەبووە. تەنانەت، خومەینیش دەیگوت «میزان رای ملت است». لەهەمان کاتیشدا ڕایدەگەیاند کە ویلایەتی موتلەقەی دینی، دەسەڵاتی هەیە کە پێش لە نوێژ و حەجکردنی کابرای موسڵمانیش بگرێت. ئەوە دەیسلمێنی کە یاسا لە ڕێگای گونجاندنی میکانیزمی هێزمەندسازی خەڵک و پێشگر لەکەڵەکەی دەسەڵاتی تاکەکەس و هێزی تایبەتدا دەبێت بە دێمۆکراتیک. نەک بە نێوهێنانی "گەل" و بە "گەل" هەڵاگوتن یان زیادکردنی چەمکی دێموکراسی لە هەموو ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی سەر بە دەسەڵات.

سیستەمی کەجەکەش کە مژدەی جیهانێکی دێموکراتیک دەدات هەر لە هەڵبژاردنی خودی سیستەمدا، ئیمکانی قسە و بڕیاری لە خەڵک ستاندووە و شەرعییەتی حاکمییەتی لە خەڵک وەرگرتۆتەوە. وەکوو لە کوردیدا دەڵێن ساڵی خۆش لەبەهارەکەی ڕا دەردەکەوێت. پرۆسەی و پرۆژەی دێمۆکراتیکیش لە نیشاندانی بەکردەوەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنی سیستەمدا، لە بەشداری و ئاگادارکردنی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سیستەم و لە باوەڕ بە مافی خەڵک بە وەها هەڵبژاردنێک دەردەکەوێت. تا ئێستا کێ دەزانێ کە ئۆجەلان و پەکەکە بەڕاستی چییان دەوێت کە هەر پرسیارێکی ئاوا هەڤاڵان دڵگران دەکات؟ ئایا کورد بە ڕادەی دەزگاکانی دەوڵەتی تورکی بایەخی نییە کە

له دامەزراندنی کەجەکەدا ڕای بپرسرابایە؟ یان پێی بگوترابایە کە بۆ دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە لەگەڵ ڕێبەرێکی زیندانی بۆ دامەزرانی کەجەکە، سات و سەودا بکات؟

هۆی دڵگرانییەکە ئەوەیە کە لایەنگرانی پەکەکە پێیان وانییە کە هاووڵاتی مافی قسەی لەسەر قسەی ڕێبەری ئەوان هەبێت. گوایە پرۆژەی کەجەکە "دێمۆکراسی ڕادیکاڵە کە پشت بەهێزی بڕیار و ڕێکخستنی دێمۆکراسییانەی گەل دەبەستێت." بەلام، ئەگەر کەسێک تەنیا بپرسێ کە تا ئێستا چەندە ڕای «گەل» سەبارەت بەو پرۆژە جیهانییە و بە پەسەندکردنی یاسای چوار دەوڵەتی دژەکورد پرسراوە، ئەو کەسە بە شێویەک ئۆتۆماتیک دەبێت بە خائین. ئایا ڕێکخراوێک کە مەرکەزیەت بدات بە پڕۆژەی دێمۆکراتیک، نابێ بە ڕواڵەتیش بێ لە دێموس بپرسێ کە سەبارەت بە پڕۆژەی ڕێکخراوەکەی چۆن فکر دەکاتەوە، قبووڵیەتی یان نا؟ بەڕاستی، پێوەر بۆ پەسەند و بڕیاری "گەل" چییە؟ ئەو جۆرە ئاماژەیە بە "گەل" چ جیاوازییەکی لەگەڵ شێوەی ئاماژەی خامنەیی و ئەردۆغان و ئەسەد بە مردم ایران و شعب سوری و تورک میلەتی هەیە؟

بۆ ئەوەی کە بزانین تا چ ڕادەیەک دێموس و خەڵک لە سیستەمی کەجەکەدا ونە، من هەوڵ دەدەم لە چەند نموونەدا، بەراوردی یاسای کەجەکە و کۆماری ئیسلامی بکەم:

لە یاسای کۆماری ئیسلامی دوو هێزی عەسکەری هەیە، هێزی بەرێوەبەر و یاسادانەر هەیە. پاراستن و هەڵگرتنی سیلاح پاوانی هێزی عەسکەرییە (یاسای بنەڕەتی، ئەسلی ١١٤). لە کەجەکەشدا هەمان هێز هەن، تەنانەت لە کەجەکەدا، هێزی عەسکەری، بە پێچەوانە سپای پاسداران بە شێوەیەکی یاسایی ئۆتۆنۆمە و حیزبیە و بە ناوی «ناوەندی گۆڕەپانی پاراستنی گەل: بەرپرسیارە بەرامبەر پاراستنی ئازادی و مافە سەرەکییانی گەلی کوردستان، گەرنتیکردنی ژیان و ئازادکردنی ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستانێ، پێشخستنی و ڕیکخستەکردنی هۆشیاری پاراستنی گەل بە گوێرەی ڕێبازی پاراستنی ڕەوا (بەرگری ڕەوا). ڕێکخستنی هێزەکانی پاراستنی گەل و گەیاندنی بە ئاستی پێویست، لە پێکهێنانی سیاسەتەکانی پاراستن (بەرگریدا) پێشەنگایەتی دەکات، پەیوەندییەکانی هێزی پاراستنی گەل کە لەناو سیستەمی (کەجەکە) پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی هەیە...» (ل. ٥٣).

تەنانەت دەڵێت کە "پەکەکە هێزی ئیدئۆلۆژیکی سیستەمی کەجەکەیە. ئەرکی پیادەکردنی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفەی پێشەوای هەیە. هەر بۆیەش لە چوارچێوەی ئۆرگانەکانی و دامەزراندنی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی جێگر دەبێت. هەر کادرێکی پەکەکە لە ناو سیستەمی کەجەکەدا، لەباری پێوەرەکانی ئەخلاقی، ئایدیۆلۆژیک، ڕێکخراوەیی و شێوەی ژیان بەستراوەتەوە بە پەکەکە " )ماددەی ٣٦، جەختکردنەوەکە

ئیی نووسەرە). ئەوە یانی سپا و ئیتلاعات و رەوابیتی عمومی و بەسیج و حەراسەت و گوزینیش و... هەموویان بە کۆ لە ئیداراتدا هەن. ئەو قۆڵە نیزامی-ئیتلاعاتی-ئەمنییەتی-ئینتزامییە بەکۆ و وەکوو یەک هێزی یەکینە "لە چوارچێوەی ئۆرگانەکانی و دامەزراندنی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی جێگیر دەبێت." هەر شوکری خودای کەمە!

لە کۆماری ئیسلامیدا وەلی فەقیە لەلایەن دامەزراوەیەک هەڵدەبژێرێت و بەڕواڵەتیش بێ مەجلیسی خیبرەگان بەسەر کاروباری ڕێبەردا چاودێری دەکات. لە کەجەکە دا "ئۆندەر" یان پێشەوا، بۆخۆی خۆی هەڵبژارتووە. سەرەڕای ئەو هەموو ستراتیژی و هەڵوێستە دژبەیەکانەی کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا هەیبووە، نمرەی سەد لە سەدیشی بە ڕێبەرایەتی خۆی داوە. لە کەجەکەدا بەڕوالەتیش بێ هیچ دامەزراوەیەک نییە کە چاودێری بەسەر هەڵسوکەوتی ئۆندەردا بکات، دەشڵێت کە "ڕاشکاوانە دەڵێم؛ بە سەربەرزییەوە، ئەم ئاڵایە بەرز دەکەمەوە و هەر وەکوو ڕابردوو، لە ئەمڕۆ بە دواوەش بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەرکەکانی پێشەوایی (ئۆندەرلیغی) خۆم جێبەجێ دەکەم" (ل. ١٠) سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕێبەری هەڵنەبژێراوی کەجەکە، لە بواری یاساییەوە دەسەڵاتی زۆر لە وەلی فەقیە زۆرترە. "ئۆندەری" پەکەکە دەسەڵاتی خۆی ئاوا پێناسە دەکات: "ڕێبەری کۆما جڤاکێن کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزرێنەر و پێشەوای [ئۆندەر، تورکیاکەی] کۆما جڤاکێن کوردستان، ستراتیژی، تیۆری و فەلسەفی دێمۆکراتی پشتبەستوو بە ژینگەپارێزی و ئازادی ڕەگەزییە، ئەو دەزگای ڕێبەرایەتییە کە لە گشت گۆڕەپان و بوارەکان نوێنەرایەتی دەکات. چاودێری پۆلەتیکا سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژیانی دێمۆکراتی و یەکسانی گەلی کورد دەکات و لە بارەی بابەت و مەسەلە بنەڕەتییەکان دوا ئۆرگانی بڕیاردانە"، تەنانەت "گونجاو بوونی بڕیارەکانی کۆنگرەی گەل [تەنیا بەشی هەڵبژێراوی سیستم] لەگەڵ ڕێبازی شۆڕشی دێمۆکراتی، ژینگەپارێزی و ئازادی ڕەگەزی چاودێری دەکات. سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی ئەرکدار دەکات. بڕیاری کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی دەرهەق بە بابەتە سەرەکییەکان ئەرێ [تەئید] دەکات" (ل. ٣٨، ماددەی ١١). بەراوردی بکەن لە گەڵ ئەوەی کە وەلی فەقیە لەلایەن نوێنەرانی مەجلیسی خیبرەگان کە لەلایەن خەڵک هەڵبژێراون، هەڵدەبژێردرێت و گوایە لە بەرامبەر یاساشدا لەگەڵ هەموو خەڵک یەکسانە. ئەو دەسەڵاتانەی کە ئوجەلان لەڕێگەی یاسای کەجەکەوە بۆخۆی دیاری دەکات، زۆر لە دەسەڵاتەکانی لڤیاتان تێدەپەڕێ، و زیاتر وەکوو پاشاکانی سەردەمانی کۆن دەچێت!

سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیکردنی زانست؛ سەرەڕای ٤٣ ساڵ دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زانست و بیری زانستی بە نێوی دژایەتی لەگەڵ بەناو "هێرشی کولتووری" و

زانسته مرۆڤییەکانی ڕۆژئاوایی، دیسانیش کۆماری ئیسلامی دینی کردنی زانستی بەئاشکرا نەهێناوەتە ناو یاسا بنەڕەتییەکەی. بەڵام دەزگای سەرەکی پەروەردەی کەجەکە بەئاشکرا "دەزگای سەرەکی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژییە... پەروەردەی کادیر و خەباتکارانی (کەجەکە) بەڕێوە دەبات، پەروەردەی دێمۆکراتی گەل[یش] هان دەدات" (ل. ٤٦-٤٧). هەر ئەو کۆمیتەیەش، "سەبارەت بە مێژوو و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە زەمینەی جیاواز و لەسەر بنەمای ڕێکخستن بوونی ئەکادیمیک خەباتی بەرفراوان و قوڵی تیۆری و ڕۆشنبیری بەڕیوە دەبات" (ل. ٤٦). هەموو چەشنە کارێکی ئەکادیمیک و ڕۆشنبیری لەو سیستەمدا لە سەر بنەمایی ڕەچاوکردنی "هێڵی فەلسەفی-ئایدیۆلۆژی" لەلایەن ڕێبەر دادەنرێت.

هاووڵاتیبوون بەراورد بکە؛ یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئەسڵی ٤١ دەڵێت کە "هاووڵاتی ئێران مافی ڕوای هەر ئێرانییەکە و دەوڵەت ناتوانێ ئەو مافە لە هیچ ئێرانییەک بستێنێتەوە." یاسای کەجەکەدا ئەو کەسەی تاوانی خیانەتی بەرامبەر پرەنسیپ و ئامانجەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان ئەنجام بدات، بە بڕیاری دیوانی باڵای دادوەری و ئەرێکردنی کۆنگرەی گەل لە هاووڵاتیبوون دەردەخریت (ل. ٣١). ئەوە لە حاڵێکدایە هەروەک لە سەرەوە دیتمان، کەجەکە لە ڕاستیدا حیزبێکی سیاسییە، لەبەر ئەوەیکە پەکەکە وەکوو ڕێکخراوەێکی سیاسیی لە هەموو کەلێن و قوژبنی قەوارەی کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیدا جێگیربووە. ئەوە بەو مانایە کە هەر شتێک کە لە ڕوانگەی حیزبیەوە خەیانەت دێتە هەژمار دەتوانێ ببێتە هۆی لەدەستدانی مافی هاووڵاتی بوون. هەربۆیەش یەکێک لەو پرەنسیپانە کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی مافی هاووڵاتی بوون، هێرش کردنە بۆ سەر ڕێبەری پەکەکە کە پەیماننامەکە دەڵێت لە «بەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر ڕێبەرایەتی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتی، وڵات، گەل، ئازادییەکانی بەڕێوەبردنی تێکۆشان لەسەر بنەمای هەڵوێستی بەرگری ڕەوا» دەکرێت. (ل. ٣٠). ئەی ڕێبەرانی حیزبەکانی دیکە؟ یان ئەگەر ڕێبەری حیزبێک ڕەخنەی لە ڕێبەری پەکەکە گرت و هێرشی تەبلیغاتی کردەسەر، چی بەسەر دێت؟

بۆ ئاخرین نموونەی بەئایدیۆلۆژیکردنی ژیانی مرۆڤ: یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی: «اصل بیست و سوم: تفتیش عقاید ممنوع است و هیچکس را نمی‌توان به صرف داشتن عقیده‌ای مورد تعرض و مؤاخذه قرار داد.» لە کەجەکەدا باوەڕ بە دەسەڵاتی کوردی و هەوڵ بۆ ئەو، دەکرێت بە چەواشەکاری و تاوان بێتە هەژمار «h/ لە هەموو ئاستێکدا بەرزکردنەوەی تێکۆشان بەرامبەر کارگەرییە چەواشەکاری، بە لادان و پووچکردنی فشارەکانی... پێکهاتە دەسەلاتگەراکان لە سەر لاوان...» دەکرێت (ل. ٢٩).

هەروەها «هاووڵاتی کەجەکە «ئەرکدارە بە پەیڕەوکردنی ئەخلاقی کۆمەڵگای دێموٚکراتیک و ئازاد» (لاپەڕەی ٣٨). بڕوانە ئەو چەند نموونەی خوارەوە سەبارەت بە "ئەرکە بنەڕەتیەکانی" هاووڵاتی کەجەکە، لە مادەی ١٠ی پەیماننامەکەدا هاتوون:

-"هاووڵاتییەکی کەجەکە کە لە دەرەوە دەژیت و کار دەکات، بەرپرسیارەتی گەڕانەوە و بەشداریکردنی لە ئازادییە بنەڕەتیەکان و بەجێ هێنانی ئەرکەکانی." چاو لە زمانی ئەرکی بەشداری لە ئازادی بنەڕەتی یان هەمان ئەرکی چوونی زۆرەملی بۆ بەهەشت. ئەرکداری بەشداری لە ئازادی یانی چی؟

-"هەموو هاووڵاتییانی کەجەکە، ئەرکدارن کە لە ئازادیی و مافە بنەڕەتیەکان بەرگری بکەن." ئەگەر نەیکرد چی بەسەر دێت؟ جیاوازی ئەو یاسایە لەگەڵ فیقهی ئیسلامی چیە؟ فیقهیش دەڵێ نوێژ باشە؛ ئەگەر کەسێک نوێژی نەکرد دەبێ سزا بدردێت. لۆژیکەکە یەک شتە.

- هەر هاووڵاتیەکی کەجەکە ئەرکدارە کە بۆ ئازادی جینسیەتی لەسەر بنەمایی گەشەی ژیانی یەکسان، دژی جینسیەتی کۆمەڵایەتی، هایرارشی، چینایەتی و تێگەیشتنی دامەزراوە نەریتی دواکەوتوو، خەبات بکات." دیارە لە زۆر وڵاتی دنیا، هەڵاواردن و تەبعیز لەسەر بنەمای جیاوازیی جینسیەتی، ئیتنیکی و... دژی یاسایەوە و لێپێچینەوەی لێدەکرێت، بەڵام ئەوەیکە یاسا هەر هاووڵاتییەک ئەرکدار بکات کە شەو و ڕۆژ ئاڵای خەباتی دژی "چینایەتی و تێگەیشتن دامەزراوە نەریتی دواکەوتووی" بە دەستەوە بگرێت ئەوە سیاسەتی ئەمری بە مەعروفی کۆماری ئیسلامییە. هەڵاواردن دژی یاسایە، بەڵام خەباتی چالاکانە دژی هەڵاواردن، ئەرکی یاسایی هاووڵاتی نییە. لەبەر وەیکە ئەو کات پۆلیس و دەوڵەت بەتەواوی حەوزەی ئەخلاقیش دەگرنە دەست خۆیان. کە نە تەنیا ئازادی و مافی ڕادەربڕین لە وڵاتێکی ئاوادا نامێنێت، بەڵکوو هەرکەس کە بە شێویەکی یاسایی چالاکوان نەبێت یان لەگەڵ سیاسەتەکانی دەسەڵاتد هاوئاهەنگ نەبێت، دەتوانێ بە بەهانەی خاوەنداریی لە بووچوونی دواکەوتوو و چینایەتی بکەوێتە ژێر هەڕەشەی دەسەڵات. ئەوە لەڕاستیدا مەجالی یاساییە بۆ سازکردنی لایەنگرانی "ئاتەش بە ئیختیاری" دەسەڵات لە فەزایی سیاسیی "خودی" و "غەریری خودی"دا کە هەر شتێک پێیان خۆشە بیکەن و هەر کەس پێیان خۆش بێت تووشی کێشەی بکەن.

-هاووڵاتی کەجەکە "دەبێ لە بەرامبەر هەر ناحەقییەکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ...هەڵویست بگرێت." ئەوە هەمان دروشمی "کل یوم عاشورا و کل ارض کربلا"یە.

-"له سه‌روه‌ی هه‌مان به‌شداری له هه‌ڵبژاردن، ئه‌رکداره به به‌جێهێنانی هه‌موو ئه‌رکه‌کانی به‌شداری دیمۆکراتیک." ئه‌گه‌ر که‌سێک گوتی باوه‌ڕی به ئازادی و مافی به‌شداری نه‌کردنه، چی لێ به‌سه‌ر دێت؟

-هه‌ر هاووڵاتیه‌کی که‌جه‌که ئه‌رکداره که "خۆی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگای ئازاد و دێمۆکراتیک بگونجێنی." ئه‌وه سه‌ره‌کیترین نموونه‌ی ویستی سیسته‌مه تولیتاره‌کانه که ته‌نیا به دژایه‌تی نه‌کردنی سیسته‌م ڕازی نابن. به‌ڵکوو هاووڵاتی ده‌بێ به‌کرده‌وه گونجان و پابه‌ندی خۆی به سیسته‌می ده‌سه‌ڵات نیشان بدات.

-"هه‌موو هاووڵاتییه‌کی که‌جه‌که به شێوه‌یه‌کی ڕێکخراوه‌یی ده‌بێ به‌شداری له ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی بکات." ئیدی ئه‌وه ڕه‌سمه‌ن که‌مپه که ته‌نانه‌ت ئه‌ندامه‌تی له ڕێکخراوه‌شدا، ئه‌رکی یاساییه. ده‌بینێن که ده‌سه‌ڵات که به ته‌نیا سه‌رچاوه‌ی ئه‌خلاقه و هه‌ر ئه‌ویش ئاکار و ڕه‌وشتی ئه‌خلاقی و چوارچێوه‌ی ئه‌خلاق و ئه‌رکه ئه‌خلاقیه‌کان بۆ کۆمه‌ڵگا دیاری ده‌کات و ته‌نانه‌ت بۆ به‌شداری له ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تیش، هاووڵاتی ناتوانێ بڵێ نا. بۆیه وادیاره ده‌بێ به‌یانان هه‌ستێ وه‌رزیش بکات، دوایی سروودی شۆڕشگێری بخوێنێته‌وه تا دوایی... و له سه‌عاتێکی تایبه‌تدا ده‌بێ بنوێت.

له هیچ کۆمه‌ڵگایه‌کی ئازاد و دیمۆکراتیکدا، خه‌ڵک ده‌سه‌ڵات به مامۆستا و پۆلیسی ئه‌خلاق نازانێت؛ به پێچه‌وانه، فه‌لسه‌فه‌ی بنه‌مایی یاساکانی که‌جه‌که پێی وایه که هاووڵاتی "ئه‌رکداره به په‌یره‌وکردنی ئه‌خلاقی کۆمه‌ڵگای دیمۆکراتیک و ئازاد "(لاپه‌ڕه‌ی ٣٨). له کۆمه‌ڵگایه‌کی ئازاد و دیمۆکراتیکدا ڕه‌خنه‌گرتن و ئاڵینگاری ئه‌خلاقی کردنی کرده‌وه‌کان و پراتیکی ده‌سه‌ڵات، سه‌ره‌کی ترین به‌شی مافی هاووڵاتییه. پاوان کردنی حه‌وزه‌ی ئه‌خلاق له لایه‌ن ده‌وڵه‌ت و ده‌سه‌ڵاته‌وه به مانای مه‌رگی دیمۆکراسی و ئازادییه و گه‌وره‌ترین سه‌لمێنه‌ری سه‌قامگیری ده‌سه‌ڵاتی تۆتالیته‌ر و تیرۆره. له وه‌ها سیسته‌مێکدا ته‌نیا ئه‌خلاق و سیاسه‌ت نین که پاوان کراون، زانستیش پاوان ده‌کرێت و هه‌وڵی ئیدئۆلۆژیک کردن و خۆماڵی کردن و شتی له‌و بابه‌ته‌ی بۆ ده‌درێت. ڕێبه‌رایه‌تی و ده‌سه‌ڵات له کوانتۆم فیزیکه‌وه بگره تا ده‌گات به‌وه‌ی که خه‌ڵک ده‌بێ چه‌ند منداڵیان ببێت یان نه‌بێت، دیاری ده‌که‌ن.

له ڕاستیدا، له‌و سیسته‌مه‌دا که که‌جه‌که به‌ناوی دێمۆکراسی ڕاسته‌وخۆ پڕوپاگه‌نده‌ی بۆ ده‌کات، بۆ ده‌سه‌ڵات و بۆچوونی پێشه‌وا و ئۆنده‌ر هیچ سنوورێک نییه. بۆچوونه‌کانی پێشه‌وا جگه له ئه‌خلاق و سیاسه‌ت و شێوه‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری قه‌واره‌ی "کۆمه‌ڵگای دێمۆکراتیک"، چوارچێوه کاری ئه‌کادیمیک و زانستیش دیاری ده‌که‌ن. له باری کاری زانستیشه‌وه، ڕێکخراوه په‌یوه‌ندیداره‌کانی زانست به‌رپرسیارن به ڕه‌چاوه کردن و

"پێشخستنی هێڵی فەلسەفی-ئایدیۆلۆژیی" پێشەوا. کۆمیتەی زانست-ڕووناکبیری کەجەکە، کە وەبیرهێنەرەوەی وەزارەتی حەقیقەتی جۆرج ئۆرڤێڵ و شووراکانی شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێران و چینە، سەرەڕای ئەوەی کە "دەزگای سەرەکی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژییە... پەروەردەی کادر و خەباتکارانی (کەجەکە) بەڕێوە دەبات، پەروەردەی دێمۆکراتی گەل[یش] هان دەدات" (ل. ٤٦-٤٧). هەر ئەو کۆمیتەیەش، "سەبارەت بە مێژوو و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا لە زەمینەی جیاواز و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی بوونی ئەکادیمیک خەباتی بەرفراوان و قوڵی تیۆری و ڕۆشنبیری بەڕیوە دەبات" ( ل. ٤٦). بەڵام ڕادەی ئەکادیمیک بوونی ئەو خەباتە و ئازادی ڕۆشنبیرییەکەی کاتێک دەردەکەوێت کە لە هێڵە سوورەکان و سنوورە ئایدیۆلۆژەکەکانی وردبینەوە.

لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کوردی ڕۆژهەڵات لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هێڵە ئایدیۆلوژیکەکانی دەسەڵاتیان بۆ فیکر و بۆ کاری زانستیان بەباشی ئەزموون کردووە. بۆیە، ترسێنەری وەها سیستەمگەلێک لە گۆشت و ئێسکیاندا هەست پێ دەکەن. بۆ ئەوان، ئەوە دەهۆڵێکە کە لەدوورەوەش دەنگی خۆش نییە. بەتایبەت کە ببیسن هەموو چەشنە کارێکی ئەکادیمیک و ڕۆشنبیری لەو سیستەمدا لە سەر بنەمای ڕەچاوکردنی "هێڵی فەلسەفی-ئایدیۆلۆژی" لەلایەن ڕێبەرێک دانراوە. ڕێبەرێک کە لە کۆخە و هەڵامەت ڕا تا دەگات فیزیکی ناوەکی هەموو شتێک دەزانی و کۆی چوارچێوە، کۆد، و سنووری زانستی هەموو مرۆڤایەتییە و مەرجەعی جامیعی شەرایتە. کە ڕێبەرێک بوو بە کۆکەرەوەی هەموو مەرجەکان (و جامیعی شەراییت) --کە کۆی مرۆڤ بە تەنیا ناتوانیت هەڵگری بێ-- دەبێ فاتیحەی زانست و ئەکادیمیا و ڕۆشنبیری بخوێنی و تا گوێت دەگیرێن بەرەو وڵاتێکی دێمۆکراتیک کاپیتالیستی وەکوو سوێد و سویس و کەنەدا و فینلاند هەڵبێیت.

کۆمیتەی زانست-ڕووناکبیری "کۆمەڵگای ئازاد و دێمۆکراتیک" کە "بەرامبەر بە ڕەچاوەکردنی هێڵە فەلسەفی-ئایدیۆلۆژییەکانی" کە لەلایەن "پێشەواوە دەستنیشان کراون بەرپرسیارە"، لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیدا، گۆمڕاکان و بەکرێگیراوانی "هێرشی کولتووری" کاپیتالیزم و "نێرسالاری"، "کۆنەپەرستی"، تێکدەرانی ژینگە بە قازانجی "کاپیتالیزم"، "ناسیۆنالیستەکان" و "لایەنگرانی دەوڵەتی کوردی" (ل.٢٩) دەستنیشان دەکات. ئەگەر نەیانکوژێت، لانیکەم "مافی هاووڵاتیبوونی کەجەکەیان" لێ دەستێنێتەوە.

ئەوانەی مافی هاووڵاتیبوونی کەجەکەیان لێ بستێندرێتەوە چییان لێ دەکەن؟ ڕاو دەنرێن؟ دەگیرێن؟ دەنێردرێنە ئۆردوگای کاری ئیجباری؟ یان دەکرێن بە بەندە و

غوەڵام؟ هەستاندنەوەی شارومەندی یانی هەستاندنەوەی ژیانی ئازاد. ئەو دەزگایانەی "کۆمەڵگای ئازاد "کە لە ژێر دروشمی "پێشکەوتن و یەکسانی و پارێزگاری" لە درێژەی "شۆڕشی دێمۆکراتیک"، زۆر مەترسیدارترن لە کۆماری ئیسلامی کاتێک کە شەڕڤان و گەریلای پارێزەری "یەکسانی و ئەخلاقی ئازاد و دێمۆکراتیک" دە سەر بیرمەندانی سەربەخۆ دەکەن.

کە ئەو دەسەڵاتە دەستی بە جێبەجی کردنی شۆڕشی کولتووری کرد ئەکادیمیسیەنی لایەنگری ئازادی زانست دەکەوێتە دەرەوەی هێڵی ئایدیۆلۆژی دەسەڵات. بۆیە دەبێ یان ئیمان بێنێ بە دینی فەرمی یان دەبێ لەبەر «دێمۆکراسی ڕاستەوخۆ و ئازادی” ڕا بکات. کوردی ڕۆژهەڵات دەزانێ کە چۆن دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک، حەقیقەت قۆرخ دەکات و چۆن دەسەڵات توندوتیژیی وەکوو حەقیقەت دەرخواردی خەڵک دەدا. لە چل ساڵی ڕابردوودا، خەڵک ڕۆژانە شایەتن کە بۆ ڕژێمێکی ئایدیۆلۆژیک هێز مەزنترین حەقیقەتە. دەتوانێ بە ڕێبەرێکی وەکوو خامنەیی --کە دەگریا و خۆی دەیگوت لایقی ڕێبەری نییە-- بڵێ مەعسووم و ئاسمانییە. یان دەتوانێ بڵێ فارسی زمانی هەمووی دانیشتوویەکی جوگرافیای ئێرانە و بە بەرهەڵستکاریش دەڵێ کە «هێزی ئینتزامی بەرپرسیارە لە پاراستنی ئەدەبیاتی فارسی.» بەوەی دەڵێن کاری زانستی و ئاکادیمیک لە چوارچێوەی هێڵی ئیدئۆلۆژیکدا. هەرکەسیش لە هێڵەکە بچێتەدەر هێزی ئینتزامی وە بیری دەهێنێتەوە هێڵی زانستی ئەدەبیات لە کوێیە.

"کۆمەڵگای ئازاد و دێمۆکراتیکی" کەجەکە لە سەر بنەمایی دینێکی سێکولەر بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت. کە ئەرکانی ئەو دینە و هێڵەکانی تەنانەت لە هێڵەکانی کۆماری ئیسلامیش ناڕوونترن. لانیکەم هێڵ و سنووره ئایدیۆلۆژییەکانی مەزهەبی حاکم لە ئێران دەکرێ لە لایەن هێندێک مەرجەعی شیعەوە بکێشرێنە ژێر پرسیار. تەنانەت، یاسایەکی ڕواڵەتی بنەڕەتیش هەیە کە لەسەر کاغەزیش بێ، مەرجەکانی لابردنی پێشەوایی دینی لە ئێران دیاری دەکات (بڕوانە ماددەی ١١١ی یاسای بنەڕەتی ئێران). بەڵام، لە دینی سیکۆلەری کەجەکەدا، تەنیا یەک موفەسسیر و ئیمامی ئەعزەم هەیە کە مەرجەعی موتڵەقی دینەکەیە. بۆیە «ئازادی» کۆمەڵگەی دێمۆکراتیکی کەجەکە، تەنیا لە سەمعەن و تاعەن گوتندایە. ئەگەرنا، هەر هەوڵێکی ئەکادیمیی لەو کۆمەڵگایە دەکرێ بە «هێرش بۆ سەر پێشەوا» ناوزەد بکرێت. «هیرش بۆ سەر پێشەوا» هیچ پێناسەیەکی نیە و وەکوو «موازین ئیسلامی» کە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا، دەکرێ هەزاران مانا و ڕاڤە هەبێت. پرسی «هێرش بۆ سەر پێشەوا» یەکێک لە حوکمە گشتییەکانی یاسای کەجەکەیە کە تەنانەت لە پێش هێرش بۆ سەر وڵات هاتووە. دەزگای

دەسەڵات بەرپرسیارە لە "بەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر ڕێبەرایەتی کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتی، وڵات، گەل، ئازادییەکانی بەڕێوەبردنی تێکۆشان لەسەر بنەمای هەڵوێستی بەرگری ڕەوا" (ل. ٣٠).

کەس نازانێ ئەو هێڵە ئایدیۆلۆژییانە چین و کەسیش نازانی کەی وێدەچی پێشێل بکرێن. لەبەروەیکە دەکەونە حەوزەی والله اعلم! لە سیستەمی ئاکادیمیکی مۆدێرندا، ئەکادیمیا و کاری ئەکادیمیک لەو جێگەیە ڕا دەست پێ دەکات کە دەسەڵاتی سیاسیی مافی دەستتێوەردانی نامێنی، لێرە ڕا کاری ئەکادیمیک کارێکی پرۆفیشناڵ دێتە ئەژمار. لە بەر ئەوەی کە بێ پرەنسیپ ترین ئەکادیمیسیەنیش دەبێت وابنوێنێ کە لێکۆڵینەوەکانی تەنانەت لە ژێر کاریگەری مەیلە ئایدیۆلۆژیکی خۆشییدا نین. بۆیە بە ڕواڵەتیش بێت، ئایدیۆلۆژیکترین سیستەمەکانی دێموکراتیکی کاپیتالیستی دەبێ شانازی بە سەربەخۆیی دامەزراوە زانستیەکانیان بکەن. لەبەر ئەوەی بێلایەنی ڕواڵەتی کاری زانستیان وەکوو بەشێک لە تایبەتمەندی و لۆژیکی دونیای مۆدێرن قبووڵ کردوە.

هیوادارم تا ئێستا خوێنەر بە باشی بۆی دەرکەوتبێت کە زۆربەی بەشەکانی پەیماننامەکە، هەم لەگەڵ بەشەکانی تری و هەمیش لەگەڵ خودی نوسینەکانی ئۆجەلان سەبارەت بە دەوڵەت-نەتەوە، دێموکراسی، چارەسەری پرسی کورد ناکۆکی زۆر بنەڕەتیان هەیە. لە بەشی دووهەمی ئەو نووسراوەدا، زۆرتر دەپرژێمە سەر هێندێک بنەمای تیۆریک و مێژوویی بۆچوونەکانی ئۆجەلان. بۆیە هەوڵدەدەم کە لە بەشی داهاتوودا بە سەربەستی زۆرترەوە بکەومە دەرەوەی دەقی پەیماننامەکە.

## بەشی دووهەم

## پەیماننامە، پێشینەی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیک [8]

**پرسیار**

کێشەی بنەڕەتیی پەیماننامەی کەجەکە چییە؟

**وەڵام**

بە باوەڕی من پەیماننامەی کەجەکە کێشەی بنەڕەتیی یەکجار زۆرن، یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەم پەیماننامەیە، ئەوەیە کە هەر ئێستا هەم پەیڕەو و پڕۆگرامی حیزبێکی سیاسییە کە ستراتێژییە سەرەکییەکانی پەکەکە دیاری دەکات و، کۆمەڵێک یاساوڕێسا بۆ هەڵسوکەوت و تەعامولی نێو حیزبییە و، لە هەمان کاتیشدا یاسایەکی بنەڕەتییە بۆ کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و سازکردنی کۆمەڵگای نموونەی خواستی پەکەکە. بۆیە، هەر لە ئێستاوە کۆمەڵگایەک کە بڕیارە پەکەکە دەستی بەسەردا بگرێت، شێوەی ژیان و هەڵسوکەوت و هەر جۆرە یاسایەکی، پێشەکی بۆ دیاری کراوە.

پەیماننامەی کەجەکە لە فەلسەفەی وجوودیی خۆیدا، زۆرتر وەکوو دەقێکی دینی دەچێ تا دەقێکی سیکۆلەر. دەق و یاسایی دینی بە شێوەیەکی سرووشتی کێشەیان لەگەڵ ڕۆڵی خەڵک لە یاسادانانیدا هەیە. دێمۆکراتیکترین یاسای دینی، ناتوانێ کێشەی وجوودی لەگەڵ ڕۆڵی یاسادانانی خەڵک و دیمۆس نەبێت. چونکە دین بەبێ بانگەشەی سرووشتی سەروو بەشەری خۆی، ناتوانێ باسی خودایی بوونی پەیامەکەی بکات بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی داسەپێنەرە. هەموو کێشەی دین و دینداران لەگەڵ یاسای بەشەری دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ڕۆڵی بەشەر لە یاساداناندا. بەپێچەوانە، یاسا دێموکڕاتیکەکان خەڵک بە سەرچاوەی سەرەکیی شەرعییەتی یاسا دەزانن.

---

[8] ئەو بەشە وەڵامی کومەڵێک پرسیارە کە لە لایەن بەڕێز کاک بێهروز شوجاعی ئامادە کرابوون.

لەبەراورددا، یاسای زۆربەی حیزبە کوردییەکان پێداگری لەسەر ئامانجی دوارۆژ دەکەن. سەرەڕای هەوڵ بۆ وێناکردنی شێوەیەک لە کۆمەڵگای خوازراویان، خۆ لەوە دەپارێزن بەتەواوی دەرفەت لە بکەری و ڕۆڵی خەڵک لە سازکردنی سیستەمی داهاتوویاندا بگرن. بەڵام، ئەوەی کە پەیماننامەی کەجەکە کردوویەتی شتێکە جیا لە هەمووی ئەمانە. بەو مانایە کە لەو بابەتەوە شێوەی ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی وەکوو فێقهی ئیسلامی دەچێ، نەک لە بارەی ناوەرۆکەوە (کە سیکۆلەرە)، بەڵکوو لە ڕووی ئیمکانی کارپێکردنەکەیەوە ئەو باوەڕە بەسەر دەقەکەدا زاڵە. بۆ نموونە دەڵێ لەو کاتە بەدواوە، ئەم کارە دەکەین. ئەوە شێوە ڕاگەیاندنە تەعەهودییە (خۆ ئەرکدارکردنی دەستبەجێ) کە هەر لە ئێستاوە دەگەیەنێت. بۆیە، بەهۆی هاوکاتی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی ئێستایی و هەروەها بەڵێنی کارپێکردنی وەک یاسای داهاتوو، ڕۆڵ و ڕای خەڵک لە ئێستاش و لە داهاتووشدا لە ژێرپێ نراوە.

ئەوە بڕیارێکی یاساییە کە بەبێ گرینگیدان بە ویستی کورد، بۆ ئێستا و بۆ داهاتووی هەموو کوردستان دراوە. پارتییەک کە ئێستا لە دەسەڵاتدا نییە بڕیارێکی ئاوا دەدات و تەنانەت ئاماژەش ناکات کە ئەگەر خەڵک دژی ئەو بڕیارە بوون، چ ڕوودەدات؟ یان ناڵێت کە نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا، مافی خەڵکی کوردستان سەبارەت بەو بڕیارە چییە. دیارە ئەمە تەنیا لەچوارچێوەی ڕاگەیاندنێک و ئەکتێکی زمانیدا نامێنێتەوە؛ بەڵکوو قسە-کردیە (Speech Act): یانی هەر خودی ڕاگەیاندنەکە، بە کردەوەش ئەژمار دەکرێت. نابێ لەبیرمان بچێ کە لەباری تیۆرییەوە، بەشیکی گرینگ لە واقیعی کۆمەڵایەتی لە زماندا ڕوو دەدات. ئەم قسە-کردەوەیەش لەلایەک بەشێک لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دڵخوازی پەکەکە دروست دەکات، و لەلایەکی دیکەیشەوە بنەما مەعریفی و یاساییەکانی کۆمەڵگای خوازراو دادەمەزرێنێت. کاتێک کە یاسای کەجەکە دەڵێت لەو ساتە بەدواوە یاسای دەوڵەتانی مەرکەزگەرا لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، ئەوە بە مانای قبووڵی خێرا و بەکردەوەی ئەو یاسایانەیە. هەروەها نیشانەی ڕادەی مافی بڕیار و ڕۆڵی خەڵکیش (دێموس) لە سەر مژار و پرسی چارەنووسساز لە دێموکراسی کەجەکە دایە. بەتایبەتی کاتێک پێداگرییەکانی ئوجەلان لەسەر چەمکی "دێموکراسی" و "دێموکراتیک" لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگای دێمۆکراتیکی پەکەکە لە پەیماننامەی کەجەکەدا هەر لە سەرەتاوە بێ خەڵکە، بێ دێموسە!

**پرسیار**

یاسای کەجەکە جارێک دەڵێ یاسای دەوڵەتانی یەکینە و مەرکەزگەرایی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا پەیڕەو دەکا، جارێکی تریش دەڵی ئەوان یاسای کۆنفیدڕالیی گەلی کورد قبوڵ بکەن یان ئیعتڕافیان پێ بکەن و گەلی کوردیش ئیعتراف بە یاسای ئەوان دەکات. ئەو کاتە بۆ نموونە سازانێک لە نێوانیان دروست دەبێ؟ بۆ من لێرەدا ڕوون نییە کە یەکەم جار دەڵێ یەکیەتیی ئەورووپا و دەوڵەتی یونەیتەر و کۆنفیدڕالیزمی دیمۆکراتیک لە لەهەمان کاتدا لە خاڵی دووەمدا دەڵێ کاتێک ئەوانە قەبووڵیان کرد، ئێمەیش قبووڵی دەکەین، لێرەدا دژوازی (پاڕادوکس)یەک هەیە.

**وەڵام**

بەڵێ، ئەوە بەتەواوی دژیەکییە. جا کێشە ئەوەیە کاتێک دەڵێ لەو ساتە یان هەر لەمەبەدواوە، ئەوە جۆرێک قسە-کردەیە (ڕاگەیاندن و بەکردەوەییکردنی هاوکات)؛ یانی ڕاگەیاندنەکە خۆی هاوکات کردەوەشە. قسەکە شێوەیەک لە کرداریش دێتە ئەژمار. بۆ ئەوەی نموونەیەکی ڕوونم هێنابێتەوە، کاتێک پیاوێکی شافێعی مەزهەب دەڵێ هەرسێک تەڵاقم کەوێ، هەر لە ساتی ڕاگەیاندنەکەڕا تەڵاقەکە دەکرێ کردەوە بێ و بەئەنجام گەیشتبێ، یانی قسە و کردە لێرەدا یەک شتن" کە ئەگەر هەر لەو ساتەوەختەوە ئەرکی بۆ ساز بووە، بەبێ چوونە دادگا و بەدواداچوونی پرۆسەی یاسایی‌یە و، ئەوەش پێی دەڵێن سپیچ ئەکت (speech act)/ قسە-کردەوە.

ئەم ڕاگەیاندنەی پەیماننامەی کەجەکە ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، واتا لەو ساتەوەختەوە پەکەکە ئەرکداریی خۆی بۆ پەیڕەوکردنی یاسای دەوڵەتانی داگیرکەر لە کوردستان ڕاگەیاندووە. ئەگەر پەیڕەوی نەکا، یاسای خۆی لەژێر پێ ناوە. ئەگەر ئەو کارەش بکات لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی کوردی و ئەخلاقی کوردایەتییەوە کێشەی هەیە لەبەر بایەخ نەدانی بە باوەڕی کورد سەبارەت بە دژەکورد بوونی ئەو سیستەمانە کە پەکەکە یاساکانیان پەیڕەو دەکات. ئەگەر ئەم کارەش نەکات دیسان جیددیەتی ڕێکخراوەیی و سیاسیی و ئەخلاقیی دەچێتە ژێر پرسیار، لەبەر ئەوەیکە قەوڵ و بەڵێنی یاسایی خۆی تێکشاندوە. لێرەدا مەسەلەکە زۆر جیددی و بنەڕەتییە. جیددی بوونەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە جارێک لەگەڵ یاسای خۆی و یاسای یەکێتیی ئەورووپا، بێ مەرج یاسای دەوڵەتانی ناوەندگەرا قبووڵ دەکات (دیارە ناوەندگەرا پێناسەی تایبەتیی خۆی هەیە). لە یەکەم ڕاگەیاندندا کەجەکە خۆی بە پەیڕەوکردنی سێ جۆر (یان لە ڕاستیدا ٦ جۆر یاسا) ئەرکدار دەکات. بەڵام، لە ڕستەی دواتردا شەرتێک دادەنێت کە ١

(ئەو شەرتە یەکجار زۆر ناڕوونە و ٢) هەر وەکوو لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، بەمانای ڕەتکردنەوەی بڕیاڕ و ڕاگەیاندنی یەکەمیش نییە. بەڵام، کێشەی گەورەتر لەوەدا ساز دەبێت ئەگەر بپرسین "کێ" پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەی، بە مەرج یان بێمەرج ڕاگەیاندووە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر جیددییە، ئەو کەسەی شتێکی ئاوای ڕاگەیاندووە بە چ شیاوییەک و بە چ بەرپرسیارێتییەک خۆی لە قەرەی ڕاگەیاندنێکی ئاوا داوە؟ شیاوی و بەرپرسیارێتیی ئەو ڕاگەیاندنەی لە کوێ هێناوە؟ کە هەر لەبەرچاونەگرتنی ئەو پرسیارانە خۆی ئاست و ڕادەی نادێمۆکراتیکبوونی ئەو ئەکت و کردەوەیە نیشان دەدات.

**پرسیار**

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەڵێ یاسای دەوڵەتی ناوەندگەرا قبول دەکات. لە دنیادا دوو جۆر دەوڵەت-نەتەوە هەن: دەوڵەتی ناوەندگەرا یان ناناوەندگەرا و فیدڕاڵ. باشە، ئەو دەوڵەتانە کە یونیتەرن و لەسەر چەمکێکی "ژاکۆبەن" دامەزراون، ئەسڵەن تۆ دەتوانی باسی حاڵەتێکی کۆنفیدڕاڵ یان تابعییەتێکی حقوقیی دەرەوەی دەوڵەتی یونیتەر بکەی؟ یان باسی حقوقێکی "پاڕالێل (هاوتەریب)" لەگەڵ دەوڵەتی یونیتەر دەگونجێ؟ ئەسڵەن شتێکی وا مومکینە؟

**وەڵام**

پێم وایە گرینگترین مەسەلە لێرەدا شێوەی تێڕوانینی حیزبێکی بە ئیتنیک کوردە سەبارەت بە کورد. کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەم حیزبە چەندە باوەڕی بە مافی خەڵک بۆ قسەکردن لەسەر یاسایەکی لەم شێوەیە هەیە. بۆیە زۆر گرینگە بپرسین کە ئایا ئەو یاسایە ئێستا جێبەجێ دەکرێت؟ ئەگەر ناکرێت بۆچی؟ ئەگەریش جێبەجێ دەکرێ، چۆن دەزانن کە نەتەوەی کورد بەو جێبەجێکردنە ڕازییە؟ ئایا ڕەزایەت یان ناڕەزایەتیی کورد لەو کارە هیچ گرنگییەکی بۆ پەکەکە هەیە؟ لەبەر ئەوەیکە پرس بە ڕای خەڵکی کورد نەکراوە ڕۆڵی خەڵک تا ئێستا سفر بووە، ئایا دەکرێ سیستەمێکی وەها هەر لە بنەڕەتدا دێمۆکراتیک بێت؟ بەتایبەت کە ئەو یاسایە ١٧ ساڵ لەمەوبەر، ئەرکی کورد یان پەکەکەی بۆ پەیڕەوکردنی یاسای دەوڵەتانی یونیتەری چەند وڵات و چەند نەتەوەی، ڕاگەیاندووە. پەیماننامەی کەجەکە دەقێکە کە پابەندی دەدات کە چەندین یاسای دژی ژن، دژی کورد، دژی بەرابەری و یەکسانی مرۆڤ پەیڕەو بکات و هەر ئەو دەقەش خۆی بە دێمۆکراتیک ترین یاسا ڕادەگەیەنێت، ئەوە چ جۆرە تێگەیشتنێکە لە دێموکراسی؟

سەرەڕای مەحاڵیی جێبەجێ بوونی پەیماننامەی کەجەکە، لەلایەک ئێستا پەیڕەوی ناوخۆیی حیزبێکە و پابەندبوون و ئەرک دەخاتە سەر شانی لایەنگرانی ئەو حیزبە و لەلایەکی دیکەشەوە وەکوو پرۆژەی سیستەمێکی ئیدەئال ناسێنراوە. وەکوو بڵێین مەدینەیەکی فازلە (شاری ئاواتەخواستە)یە. بڵێین مارکس کاتێک باسی سیستەمی بۆرژوازی وەکوو سیستەمی چەوساندنەوە دەکات، بێت یاسای لەنێوبردنی ئەو سیستەمە دابنێت و لە هەمان کاتیشدا پابەندیی خۆی بۆ پەیڕەوکردنی یاسای دەوڵەتی سەرمایەداری دابنێت و بشڵێت کە لە سیستەمی بێدەوڵەتی کۆمۆنیستیدا، هاوکات یاسای دەوڵەتی سەرمایەداریش پەیڕەو دەکات. یانی بڵێت کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤ لە چەوسانەوە، لە هاتنەدیی کۆمۆنیزم و جێبەجێ کردنی یاسایەک دایە کە وادەی لەنێوچوونی تەواوی دەوڵەتی سەرمایە دەدات. بەڵام بشڵێت لە سیستەمی کۆمۆنیستیدا ئێمەی یاسای خۆمان و یاسای دەوڵەتی سەرمایەداریش پێکەوە جێبەجێ دەکەین یان هەر لە ئێستاوە ئەم کارە دەکەین. وەکوو ئەوەی کە مارکس هاتباو گوتبای ئەوە یاسای بنەڕەتیی سیستەمی کۆمۆنیستییە، خەڵک دەبێ بەم شێوە هەڵسوکەوت بکات و لە ئێستاش بەدواوە ئەم یاسایە حوکمی هەیە و بڕ دەکات.

ئەوە بۆخۆی نەتەنیا کێشەیەکی تیۆریکە، کێشەیەکی قانوونیشە و بە کردەوەش مەحاڵە. چون یاسای حکومەتی ناوەندگەرای ئێران کە لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیهـ و، هی سووریا لەسەر عەرەببوونی سووریا، هی تورک لەسەر کەمالیزم و وەفاداری بە ناسیۆنالیزمی "مستەفا کەماڵ" دامەزراوە، بەڵام یاسای کۆنفیدڕالیی کوردیشی ڕەگەڵ دەدرێت؟ بڕگەی سێی یاسای بنەڕەتیی تورکیا کە یەکێک لە چوار بڕگەی نەگۆڕی ئەم یاسایەیە دەڵێ ناسیۆنالیزمی مستەفا کەماڵ لەسەر پرەنسیپی لێکدانەبڕاوی تورکبوونی خاک و نەتەوە و بایەخە تورکیاکانی وڵاتی تورکیا بنیات نراوە، ئەم بڕگەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا هەر بەشێکدا، چۆن پەیڕەو دەکەی؟

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە، کەجەکە بڕیارە سیستەمێکی دێمۆکراسی ڕادیکاڵ یان دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ بێت کە گوایە کێشەی لەگەڵ دێمۆکراسیی نوێنەرایەتی (یان پارلمانی)شدا هەیە، بەڵام هەر لە یەکەم هەنگاودا هیچ جۆرە دەرفەتێکی قسەکردن بە خەڵک نادات؟ بەڕاستی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی ورد دەیسەلمێنێ کە بەشی هەرە زۆری پەیماننامەکە، ڕۆڵ و دەسەڵاتی خەڵک و دێمۆس ڕەت دەکاتەوە و جێگە و پێگەیەک بۆ خەڵک و قسەی خەڵک لەسەر چارەنووسی خۆیان ناهێڵێتەوە. هەم لە شێوەی ڕاگەیاندنی ئەم یاسایەدا و هەم لە وێنای نووسەر و پەسەندکەرانی ئەم یاسایەدا،

تێڕوانین سەبارەت بە خەڵک و بە ڕادەی سەڵاحییەتی پەکەکە بۆ قسەکردن بە ناوی خەڵک، بەئاشکرا دەردەکەوێت.

لەلایەکەوە ئەم پەیماننامەیە پێداگری لەسەر دەوڵەت نەبوونی کەجەکە دەکات، لەبەر ئەوەی گوایە دەوڵەت زاتەن دێمۆکراتیک نییە. بۆیە نادەوڵەتبوونی کەجەکە زامنی دێمۆکراسیی ڕاستەوخۆ و بەشداریکەرانەیە. بەڵام لە کردەوەشدا ڕێگا بۆ بەشداری و موشارەکەتی خەڵک و بڕیاری سەبارەت بە سیستەمەکە دیاری نەکراوە و، لەسەر ئەم پڕۆژە و مژارە چارەنووسسازانەدا هیچ پرسێک بە خەڵک نەکراوە.

هەر وەکوو باس کرا کە دێتە سەر ئیمکانی جێبەجی کردنی ئەم پەیماننامەیە، یەکەم جار ڕایدەگەیێنێ کە لەمەودوا، ئێمە یاسای دەوڵەتانی داگیرکەر پەیڕەو دەکەین، لە ڕستەی دواتریشدا دەڵێت بە مەرجێک ئەوان دان بە قانوون و یاسای "گەلی کورد " دابنێن. لێرەدا یەکەم کێشە بانگەشەی نوێنەرایەتی و قسەکردن بەناوی "گەلە"و ڕاگەیەنراوێک بەناوی گەل کراوە. هەروەها، مەرجێکیش بەناوی "گەل، بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەتی غەیرەکورد لە داهاتوودا" دیاری کراوە. بەڵام، نە ساتی نووسینی پەیماننامەکە، نە ساتی پەسەندکردنی و نە ساتی ڕاگەیاندنی، گەل هیچ دەنگێکی نەبووە. ئەوەی کە تەنانەت مافی دەنگیشی نەبووە، وەکوو کێشە بۆ دێمۆکراتیک بوونی ئەو بڕیارانە سەیر ناکرێت. لەبەروەیکە باوەڕیان بە مافی پرسین و لێکۆڵینەوە و داوای ڕوونکردنەوەی تاکی ئازاد نییە، تەنانەت ئەگەر تاکێکی وەکوو منیش لەوە بارەوە پرسیارێک بکات وەکوو دوژمن سەیری دەکرێت.

بە ئەوەندەش قانع نەبوون و لەبری "گەل" لە داهاتووشدا بڕیاریان داوە. بۆیە پەیماننامەکە دەڵێت ئەگەر دەوڵەتی غەیرە کورد، دان بە یاسای گەلی کورد دابنێت، گەلیش دان بە یاسای ئەوان دادەنێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە "گەل" نە پەیماننامەکەی پەسەند کردووە و نە دانی پێدا ناوە؟ لە هەموو ئەم پڕۆسانەدا بە ناوی "گەل"ەوە قسە دەکرێت. بەڵام نە ئیحتیمال دەدرێت و نە گرینگیش دەدرێت بەوە کە ئایا گەل ئەو جۆرە قسەکردنە بە ناوی خۆیەوە پەسەند دەکات؟ یانی پرسیارێکی ئاوا هەر لە ئاراشدا نییە. ئەو "گەلە"، کەی ئەو سەڵاحییەتەی داوە کە بەناوی ئەوەوە قسە بکرێت؟ دوایی، ئەو گەلە (کە مەبەست هەموو کوردە) لە هەر چوار پارچەی کوردستان، چۆن و بە چ شێوەیەک پرسی پێ کراوە یان دەکرێت؟ هیچ یەک لەو شتانە دیار نین. یانی ئەو خەڵک و دیمۆس یان ئەو گەلێک کە بڕیار بەناوی دەدرێت، خۆی هیچ بکەری و ئەیجنسییەکی نییە. لە حاڵێک لە دێمۆکراسیی ناڕاستەوخۆ و پارلمانیشدا هەڵسوکەوتی ئاوا لەگەڵ

خەڵک ناکرێت. گەل بەو شێوەیە لە مافی بڕیار بێبەری ناکرێت و ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ خەڵک، لە ڕاستیدا لەژێرپێنانی سەرەتاییترین پرەنسیپی دیمۆکراسی هەژمار دەکرێ.

پرسێکی بنەڕەتیتر ئەوەیە کە دەوڵەتی ناوەندگەرا بە چ مانایەک دان بە یاسای "گەلی" کورددا دەنێ و چۆن؟ (گریمان یاساکە هی گەلی کورد بێ، کە نییە) ئایا بە مانای بە ڕەسمی ناسینی هەموو یاساکەیە یان بەشێکیەتی؟ لە هەریەک لەم سیناریۆیانەدا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جۆرە بە ڕەسمی ناسینە دەکرێت؟ دیسان کێ لە کاتێکی ئاوادا، نوێنەرایەتی کورد دەکات و چۆن؟ بڵێین دەوڵەتی ئێران ڕایگەیاند کە --بە مەرجێک کە کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا تابیعی یاسای ئێران بێ و چارەنووسی خۆی لە کوردی باکوور جیا بکاتەوە--ئیعتراف بە بەشێک لەو یاسای کەجەکە دەکات؛ ئەو کات هەڵسوکەوتی کورد چ دەبێ؟ ئەو جار میکانیزمی بڕیاری گەلی کورد لە هەر بەشێک یان لە هەموو کوردستان چییە؟ لە کاتی ئاوادا چ گرووپێک یان چ دامەزراوەیەک سەڵاحییەتی بڕیاری هەیە؟ کێ دەتوانێ لەسەر شیاوبوونی بڕیاری دەوڵەتێک بەناوی کوردەوە بڕیار بدات؟ یان چۆن بزانین ئەم بڕیارە نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە یاسای بەشێک یان هەموو یاسای گەلی کوردی قبووڵ کردووە؟ ئەوجار ئەم دامەزراوەیە کەی و لە کوێ سەڵاحییەت و دەسەڵاتی بۆ بڕیاردانی بە ناوی "گەل"ی کوردەوە وەرگرتووە؟ چ جۆرە میکانیزمێکی لەو کاتەدا بۆ قسەکردن بەناوی هەموو گەلی کوردەوە هەیە؟ بڵێین گەلی کورد لە باشوور ئەو دەرفەتەی هەیە؛ بەڵام تورکیا و سووریا و ئێران نەیانهێشت کورد بڕیار بدات، ئەوجار ئەو "گەل"ە چی بەسەر دێ؟ لە کاتێکدا ئازادی و فەزای ڕاپرسی نییە، کێ دیاری دەکات کە "گەل" لێرەدا چ جۆرە بڕیارێکی داوە؟ بەتایبەت کە بڕیارە گەل لە ڕێی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆوە بڕیار بدات، بۆ ڕاستەوخۆبوونی ئەو شتە نابێ بزانین کە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاواش دەڵێن چی؟ باسەکە لێرەدا بەتەنیا ئیمکانی جێبەجێبوونی یاساکەی نییە کە کێشەی بڕۆکراتیکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و نامومکینی دەکات، بەڵکوو بە کردەوەش ئیمکانی ڕاپرسیی گەلی کورد لە گۆڕێدا نییە.

پرسێکی بنەڕەتیتر ئەوەیە، بۆچی هەر دەوڵەتی کوردی دەبێتە لەمپەر بۆ دیمۆکراسی؟ بۆ ئەگەر لە ئێران، تورکیا، سووریا و عێراقدا دەوڵەت هەبێت، ئەوە کیشە نییە؟ تەنانەت، کەجەکە دەتوانێت هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتانەدا بەیەکەوە گرێ بداتەوە و بیانکاتە هێمای دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ بە

مەرجێک دەوڵەتی غەیرەکورد تەنیا هەستیار بێ بە دێمۆکراسی؟ بۆ ناکرێ دەوڵەتی کوردیش بە مەرجی هەستیاری بە دێمۆکراسی، بوونی هەبێت؟

**پرسیار**

دیارە لە تیۆریی عەبدوڵا ئۆجەلاندا بە شێوەیەک دەوڵەت-نەتەوە دیاردەیەکی خراپە و پێی وایە لە ڕێی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینەوە، دەوڵەت-نەتەوە بووە بە شتێکی چەوسێنەر، شتێک بووە کە مافی مرۆڤی پێشێل کردووە. باشە ئەگەر وەکوو پرەنسیپ دژی سازبوونی دەوڵەت-نەتەوەیە، چۆن دەکرێ قانوون و حقوقی کەجەکە لەژێر سێبەری دەوڵەت-نەتەوەی غەیرەکورددا، پەیڕەو بکرێت؟ ئەوەیش بۆ من معەممایە و، ئەگەر دەوڵەت-نەتەوە خراپە، بۆچی قانوونی دەوڵەت-نەتەوە لە باری یاسایی‌یەوە دەبێ دەسەڵاتی بەسەر کەجەکەوە هەبێ؟ ئەوە چۆن شرۆڤە دەکرێ؟ دواییش یانی هەموو فۆڕمێکی دەوڵەت-نەتەوە چەوسێنەرە؟ یانی دەوڵەت-نەتەوەی سوئێد و وڵاتانی ئەورووپی لەگەڵ تورکیا و کۆماری ئیسلامی هەر یەک شتن؟

**وەڵام**

کێشەی گرینگ ئەوەیە کە تەسەور و وێنای ئۆجەلان لە دەوڵەت-نەتەوە تەنیا نموونەی بەعس، کەمالیزم و پەهلەویزمە، هەڵبەت بەڕاشکاوی ئەوە ناڵێ، بەڵام ئەو مودێلەی گشتاندووە و تەعیمی داوە. پێی وایە هەموو دەوڵەت-نەتەوەیەک یەک جۆر پێکهاتەیان هەیە و کەم و زۆر ڕادەی دەسەڵاتی خەڵک لانیکەم لە باری تیۆریکەوە یەک شتە. هەر وەکوو باس کرا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە ناکات، بەڵام نموونەی باڵای ( ideal type) دەوڵەت-نەتەوە لە زەینی ئۆجەلاندا، دەوڵەتی کەماڵیستییە. بەو مانایە کە پەیماننامەی کەجەکە و بەشێکی زۆر لە ڕەخنەکانی لە دەوڵەت-نەتەوە، ڕەخنە لە دەوڵەتی کەمالیستین، گەرچی هێندێک لەمانەش لە کەجەدا بەهەرم دێنێنتەوە. بۆ نموونە، مەسەلەی ئیدئالیزەکردنی پێشەوا، ڕۆڵی بە وێنە و سەروو بەشەری پێشەوا و هەوڵی پەرەپێدانی پەیامی ئەو. لە یاسایی بنەڕەتی تورکیادا هاتووە کە "دامەزراوەی باڵای ڕۆشنبیری و زمان و مێژوویی ئەتاتورک" وەک ڕاڤە و چاودێریی ئەخلاقی ئەتاتورک و وەکوو دامەزراوەیەکی قازانجی گشتی لەژێر چاودێری و بە پشتیوانی سەرۆک‌کۆمار دادەمەزرێت کە پێک هاتووە لە ناوەندی توێژینەوەی ئەتاتورک، دامەزراوەی زمانی تورکی، دامەزراوەی مێژووی تورکی و ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەتاتورک بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، بۆ بەرهەمهێنانی بڵاوکراوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری

لەسەر بیرکردنەوە و پرەنسیپ و ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورک" (مادەی ١٣٤، یاسایی بنەڕەتی تورکیا).

ئۆجەلانیش هەر لە ژیاندا لانیکەم دوو ناوەندی هاوشێوەی کولتووری شەخسپەرەستی (cult of personality) هەر بۆخۆی لەنێو کەجەکەدا دامەزراندووە: "ناوەندی تێکۆشانی ئایدیۆلۆژی: بەرپرسیارە بەرانبەر... خەباتی تیۆریی پێویست لەسەر بنەمای ڕێبازی ڕێبەرایەتی ...پێشخستنی کار و چالاکییەکانی کولتووری، هونەری، ئەدەبی، بەڕێوەبردن و هەمیشەیی کردنی کار و خەباتی پڕۆپاگەندە و ئاژیتاسیۆن" (پ. ک. لاپەڕەی ٤٦). هەروەها، "کۆمیتەی ڕێبەرایەتی ...تەواوی ئەم کار و خەباتە لەپێناو ناساندنی ڕێبەڕایەتی لە ئاستی نێونەتەوییشدا ڕێک دەخات، لەبەرانبەر وەرگێڕانی پەرتووکە پێویستەکان، ڕێکخستنی هاوکاری و خەباتی هاوبەش لە ئاستە جیاوازەکاندا و، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکی لە جۆری کۆنفڕانس بەرپرسیارە» ( پ. ک. لاپەڕەی، ٥٣) [٩].

دیارە سەرەڕای کاریگەریی کەمالیزم لەسەر تەسەوری ئۆجەلان سەبارەت بە دەوڵەت، پەیماننامەی کەجەکە کێشەی بنەڕەتیی یەکجار زۆرن. بۆ نموونە لە لاپەڕە ٨دا ڕایدەگەیێنێ کە بناغەی مەیلی دەوڵەتبوون، نەتەوەخوازی (میللیگەرایی) و بەردەوامیی چەمکی دەوڵەت-نەتەوەیە، بەو مانایە نەک هەر دەوڵەت-نەتەوە، تەنانەت دەوڵەتیش بنەماکەی مەیلی بوونە دەوڵەتە کە لەئاکامدا بەرەو دەوڵەت-نەتەوە دەڕوات. یانی بوونی دەوڵەوت لە هەر فۆڕمێکدا، دەوڵەت-نەتەوە بەرهەم دێنێتەوە. وا دەنوێنێ کە وەک یەک پرەنسیپ کەجەکە دژی هەر جۆرە دەوڵەتێکە. لە هەمان کاتێشدا وا دەنوێنێ کە بوونی دەوڵەت وەکوو دامەزراوەی وڵاتێک، گوزراشت هەم لە بوونی دەوڵەت-نەتەوە و هەم لە نەبوونی دێمۆکراسی دەکات. بۆیە لە ڕوانگەی پەیماننامەی کەجەکەوە هاتنەدیی دێمۆکراسی، پێویستی بە نەمانی دەوڵەتە. دیارە بانگەشەش دەکات کە دەوڵەت سەردەمی خۆی تەواو کردووە و سەردەمی دەوڵەت بەسەر چووە. لە هەمان کاتیشدا بەردەوام وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە کە کەجەکە سیستەمێکی دێمۆکراتیکە، و دەوڵەت نییە. یانی ئەگەر دەوڵەت بێت، ناتوانێ دێمۆکراتیک بێت.

جا لێرەدا زۆر گرینگە کە لەبیرمان بێت پەیماننامەی کەجەکە تەنانەت کێشەی لەگەڵ مەیلی بەدەوڵەتبوونیشدا هەیە، نەک هەر لەگەڵ دەوڵەت یان دەوڵەوت-

---

[٩] پ.ک. کورتکراوەی پەیماننامەی کەجەکەیە و، لە درێژەی نووسراوەکەدا هەر بە کورتکراوی دێت.

نەتەوە. ڕاشیدەگەیەنێت "کە مەیلی بەدەوڵەتبوون کە نەتەوەخوازی (میللیگەرایی) بناغەکەی... سەردەمی خۆی تەواو کردووە... ئەم جۆرە مەیلانە بەشی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پێشخستنی کۆمەڵگای کورد ناکات" (پ. ک. ل. ٨). لەسەر ئەم بنەمایەشە کە بانگەوازی هێزە کوردییەکان دەکات کە بە قبووڵ کردنی پەیماننامەکە دێمۆکراتیکبوونی خۆیان نیشان بدەن. وەلانانی مەیلی دەوڵەت و قبووڵی سیستەمی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیک بە مانای دەست هەڵگرتن لە تێکۆشان بۆ دەوڵەتی کوردی بە پێوەری دێمۆکراتیکبوون لە قەڵەم دەدات. ئەگەر هێزێک تەنانەت بەشداری لە کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیکدا نەکات، بەو مانایەیە کە مەیلی دەوڵەت-نەتەوەی تێدایە و ئەوە خۆی کێشە بۆ خودی چارەسەرکردنی پرسی کوردیش ساز دەکات. چونکە دەوڵەت-نەتەوە بۆخۆی شتێکی کۆنە و دەورەکەی بەسەر چووە.

بەڵام کاتێک کە باس دێتە سەر دەوڵەتی غەیرەکوردی، وا دەگەیەنێت کە دەوڵەتی غەیرەکوردی دەتوانێت لە حالەتی دەوڵەت-نەتەوەبوونیشدا دێمۆکراتیک بێت. تەنانەت، ئەگەر دەوڵەتی غەیرەکوردی لەمپەر نەبێت لە بەرامبەر دێمۆکراسیدا، کەجەکە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی غەیرەکوردی نییە. باسی لەنێوبردن یان پێویستی دواییهێنان بە دەوڵەتی غەیرەکوردی لە پەیماننامەی کەجەکەدا بوونی نییە. دەوڵەتی غەیرەکوردی تەنیا هەستیاربوونی بە دێمۆکراسی بەسە بۆ ئەوەی کە کەجەکە ئیعترافی پێ بکات و بە ڕەسمییەتی بناسێت. دیارە هەر وەک باس کرا پێش هەستیاربوونی ئەو دەوڵەتانەش بە دێمۆکراسی، کەجەکە نەک هەر ئیعترافی بە یاسای ئەو دەوڵەتانە کردوە، بەڵکوو بەپێی یاساکەشی بۆ خۆی ئەرکی پەیڕەوکردنی یاسای ئەو دەوڵەتە دژەدێمۆکراسییانەی ١٧ ساڵە وەستۆی خۆی گرتووە. لە هەمووو ئەوانە گرینگتر، تەنیا لە پڕوپاگەندەی پەکەکە بۆ ئەو کوردانەی کە تورکی نازانن باسی کێشە لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوە هەیە. ئەو کەسانەی کە تورکی دەزانن، ئاگادارن کە ئۆجەلان لە کتێبەکانیدا و بەتایبەت لە کتێبی دێمۆکراتیک ئولوسدا، بەبێ پێچ و پەنا دەڵێت کە دەوڵەت-نەتەوەی کەمالیستی بە هەموو سنوور و دامەزراوەکانییەوە قبووڵە. لێرەدا هەوڵی من ئەوەیە کە بڵێم ئەگەر پەکەکە، دەقی پەیماننامەکەی خۆی بە جیددی بگرێت ئەو پەیماننامەیە وەکوو دەق، چ جۆرە کێشەیەکی تیۆریک و یاسایی و سیاسیی هەیە. ئەگەرنا هەر وەک لە بەشی یەکەمی ئەو نووسراوەدا باسم کرد، ئۆجەلان دەوڵەتی کۆماری (جمهوری) وەکوو سیستەمی ئایدیاڵ بۆ دێمۆکراسی ناوزەد دەکات.

لە کوردستانیش، کۆنفیدڕالیزمی دیمۆکراتێک جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی غەیرەکوردی نییە. کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتی پرۆژەی لەنێوبردنی دەوڵەتی غەیرەکوردی نییە، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا هەوڵێکی ئیسلاحتەڵەبانەیە بۆ دیمۆکراتیک کردنی دەوڵەتی غەیرەکوردی. بەڵام، کورد خۆی بۆ دیمۆکراتیک بوون دەبێ تەنانەت مەیلی دەوڵەتخوازیش لە خۆیدا بکوژێت. بۆچی؟ وەڵامەکەی لە پەیماننامەدا نییە. کێشەی گەورەتر ئەوەیە کە کەجەکە، دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی غەیرەکورد نییە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی غەیرەکورد ناوەندگەرا و یونیتەریش بێت. دیارە دەزانین کە دەوڵەتی ناوەندگەرا لەسەر بنەمای یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت دادەمەزرێ و، ئیزنی دامەزرانی هیچ جۆرە حکومەتێکی خودموختار، کۆنفیدڕال، فیدڕالیست و ئەم شتانە نادات. جا کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە پەیماننامەی کەجەکە بە ڕاشکاوی تەنیا دەوڵەتی کوردی و مەیلی دەوڵەتگەرایانەی کورد لەبەردەم هاتنەدیی دیمۆکراسی بە لەمپەر دەزانێت.

**پرسیار**

دەمەوێ بێمە سەر مەسەلەی ڕێبەرایەتی کە لە پەیماننامەی کەجەکەدا نووسراوە و لەژێر ئەم ئاڵایەدا، ئاڵای کەجەکە پێشەوایی خۆم تاکوو ئێستا چۆن بەڕێوە بردووە، لەمەوبەدواش هەوڵ دەدەم بە سەرکەوتوویی بەردەوام بم و بەڕێوەی بەرم، بۆ من جێگای پرسیارە کە تۆ قانوونێک دادەنێی وەک دامەزرێنەری جووڵانەوەیەک، بەڵام لە قانوونێکدا کە گوایە دیمۆکراتیکە، ناڵێت ئەم پێشەوایەتییە چۆنە؟ دەبێ خەڵک هەڵیبژێرێ یان لە چ پرۆسەیەکدا دەبێ ببێت بە ڕێبەر. یەکێکیش لە خاڵی ١١دا دەڵێ ڕێبەر و دامەزرێنەری کەجەکە عەبدوڵا ئۆجەلانە؛ یانی وەک ماددەیەکی قانوونی هاتووە؛ دیمۆکراتیک بوونی ئەمە بۆ من زۆر جێگای پرسیارە. یەکەم لە دیباچەکەیدا خۆی وەکوو ئۆندەر پێناسە دەکات و، دووهەم لە بەرنامەکەشدا کە هەر بۆخۆی نووسیویەتی، لە ماددەی ١١دا دیسان عەبدوڵا ئۆجەلان خۆی وەکوو پێشەوا دەستنیشان کردووەتەوە، ئەمە بە باوەڕی تۆ چ دیمۆکراسییەکە؟

**وەڵام**

یەکێک لەو شتانە کە لە پەیماننامەی کەجەکەدا دەکرێ زۆر قسەی لەسەر بکرێت، کێشەگەلی برۆکراتیکن، ئەگەر من ئەندامی کەجەکە بام، سەبارەت بە ماددەی ١١ کە دەڵێ عەبدوڵا ئۆجەلان ڕێبەر و دامەزرێنەرە و، سیاسەتە بنەڕەتییەکان دیاری دەکات، پرسیارم دەکرد، دەی باشە ئەگەر ڕۆژێک سەرۆک لە زیندان بوو یان مرد، چی

بکەین؟ بۆ سەبارەت بە جێگری ڕێبەری، چۆنیەتیی هەڵبژاردن یان بۆ ئەگەری لەدەستچوونی ڕێبەری، هیچ شتێک لەم یاسایەدا نییە؟ بڵێین ئەم ڕێبەرە گیرا، کە هەر ئێستا گیراوە، نەخۆش کەوت یان مرد، ئێمە دەبێ چی بکەین؟ زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسیارێتیی ئەم وڵاتە ئی سەرۆکایەتیی کۆما جڤاکێن کوردستانە، ئەگەر ڕێبەر مرد، کێ و چۆن جێگر هەڵدەبژێرێ؟ ئایا دامەزراوەیەک هەیە ئەم کارە وەستۆی خۆی بگرێت و، کەسێکلە جێگای ئەو دانێن، یان هەر شتێک بەناوی ڕێبەرایەتی نامێنێ؟ ئەوکاتە بەڕێوەبردنی سیاسەتە ورد و درشتەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان کێ بڕیاری لەسەر دەدات؟

شتێکی زۆر جیددیی دیکە مەسەلەی "گەل"ە. لە کتێبی ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکەبەرەکاندا، لەو فەسڵەیدا کە باسی شێخ سەعید دەکات، بەوردی لەسەر مەسەلەی گەل یان (هەڵک) بە تورکی دواوم. هەم ئۆجەلان بۆخۆی و هەم لایەنگرانی بە بەردەوامی بۆ نەتەوەی کورد، وشەی "گەل" بەکار دێنن. "گەل" هەمان "خلق"ی فارسییە، هیچ کاتێک ئێرانی بۆ ئەوەی پێی دەڵێن "ملت ایران"؛ "خلق ایران" دەکار ناکەن. چونکە "خلق"ی فارسی، "هەڵک"ی تورکی و "گەل"ی کوردی بە مانای کۆمەڵە خەڵکێک و جەماوەر بەکار دێنن. چونکە "هەڵکی تورکی یان خەلقی فارسی و گەلی کوردی" باری حقووقییان نییە و، بە مانای جەماوەرە. جەماوەر لە باری قانوونی و مافناسییەوە هیچ جۆرە مافێکی تایبەتیی نییە؛ وەکوو بڵێی گەلی دۆستان، گەلی برایان، گەلی کچان، گەلی کوڕان.

ئەم مەسەلەیە زۆر جێی پرسیارە کە بۆ هێندە جەخت و پێداگری لەسەر وشەیەک دەکرێ کە مافی نەتەوەییی کورد دەکاتە مەسەلەیەکی ناڕوون. بۆ لایەنگرانی پەکەکە بە کورد دەڵێن گەل، ناڵێن نەتەوە؟ تەنانەت ئەگەر چاو لێ بکەن، لە کتێبی "دێمۆکراتیک ئولوس"دا وشەی "ئولوس (نەتەوە) " بەکار دێنێ، چونکە لەوێ نەتەوە کاراکتێری ئێتنیکیی لەدەست داوە، بەڵام لە "کتێبی بەرگریکردن لە گەلێک"دا وشەی هەڵک (halk) بەکار دێنێ، چونکە لەوێدا مەبەستی لە "گەل"، تەنیا نەتەوەی کوردە. بەڵام پێش گیرانی ئۆجەلان بە بەردەوامی بۆ کورد لەگەڵ وشەی هەڵک، ئولۆسیش و بۆ پەکەکەش ئۆلۆسال هەرکەرتی (Ulusal Harakati) بزووتنەوەی نەتەوەیی بەکار دێنێت (بڕوانە لەبەرانبەر چەتەگەریدا).

لە تورکیا دوو وشە بۆ نەتەوە دەکار دەکەن، کە مەیلەو چەپ، سیکۆلەر و کەمالیستەکان "ئولوس" بەکار دێنن و، کۆنسێرڤاتیڤ و ڕاستگەرا و ئیسلامیستەکان زۆرتر

کەڵک لە وشەی "میللەت" وەردەگرن. پارتەکانی وەکوو پارتی دێمۆکراتیکی گەلان یان هەدەپە (Halkların Demokratik Partisi) خۆ لە بەکارهێنانی وشەی "نەتەوە" بۆ کورد دەبوێرن. هەوڵیان ئەوەیە کە کورد وەکوو نەتەوە نێو نەهێنن، بەڵکوو وەک کۆمەڵە گەلێک نیشانی بدەن. هەروەها دێمۆکراتیک تۆپلۆم پارتیسی (دەتەپە) یان پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتیک خۆی لە بەکارهێنانی چەمکی نەتەوە بۆ کورد خۆی دەپاراست (دیارە لەبەرئەوەی لە نێوخۆی تورکیادا نەیدەتوانی بە شێوەیەکی یاسایی چەمکی نەتەوە بۆ کورد بەکار بێنێت). نە کۆمەڵگا و نە "گەل" دەستەواژە و چەمکی ماف‌خوڵقێن نین و لەباری مافناسیی سیاسییەوە خەساو و بێ کاراکتێرن.

**پرسیار**

سەبارەت بە مەسەلەی پێشەوایی یان ئۆندەرلیک؟

**وەڵام**

ستیفن ئایرینگ لە کتێبی "ئەتاتورک لە خەیاڵ و خەونی نازییەکاندا"، بەوردی باسی کاریگەریی ئەتاتورک لەسەر بیروڕای نازییەکان دەکات. بەتایبەت نیشانی دەدات کە ئەتاتورک سەرمەشقی هیتلەر و بۆ باقی نازیستەکان نموونەی باڵای ئۆندەرلیک یان "فیورەرە" (ührerf) بوو. ئەتاتورک نە تەنیا ئیلهامبەخشی هێمای فیورەرە و پێشەوایی بوو بۆ نازییەکان، بەڵکوو نازییەکان ئەتاتورکیان پێ نموونەی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە ڕێبەرە بوو کە دەیتوانی ئاڵمان لەو قەیرانەی دوای پەیمانی ڤێرسای ڕزگار بکات.

دیارە دەبێ ئەتاتورک بۆچوونی بۆ پێشەوایی و ئۆندەرلیک لە ژێنەڕاڵی ئاڵمانی، کاڵمر ڤان گۆڵتز وەرگرتبێت. لە ڕوانگەی گۆڵتزەوە باشترین ڕێبەر، باشترین ژێنەڕال یان باشترین سەرباز و کەسایەتی عەسکرییە. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، "نەتەوەی عەسکەر" (*The Nation in Arms*)، گۆڵتز ئاوای وێنا دەکات: "ژێنەڕاڵ، لە کاتی مەترسیدا دەبێ بتوانێت جەماوەر وەجووڵە بخا تا ویستی خۆی بێنێتە دی. ئەو بۆ فەرمانڕەواییی خەڵک لەدایک بووە، نەک بۆ دڵخۆشکردنیان. ئەوانەی فەرمانڕەوای سرووشتین، بێ ئەملاوئەولا ئەوانەن کە سەربازی بێوێنەشن؛ بۆیە بۆ دانانی کەسێک لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی، زۆر سروشتییە بەدوای گەورەترین سەرکردە سەربازییەکاندا بگەڕێین" (١٨٧٠: ٤٨). گۆڵتز مامۆستای ئەکادێمیی حەربی یان عەسکەری عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بوو. گۆڵتز لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی وەک گۆستاڤ لەبۆن و ئاگۆست کۆمت - کە بەوردی "عەقڵییەتی ئاپۆرە" (Crowd Psychology)یان تیۆریزە کردبوو- ڕوانگەکانی گەورەترین و دەوامدارترین کاریگەرییان لەسەر بیر و بۆچوونی ئەفسەرانی

سپای مۆدێرنی عوسمانی و لایەنگرانی جەمعییەتی ئیتحاد و تەرەقی ( İttihad ve Terakki Cemiyeti) هەبوو. ئەوانە کە هەموویان تێڕوانینێکی لەڕادەبەدەر سۆشیال داروینیستیان سەبارەت بە کۆمەڵگا، دەوڵەوت و نەتەوەکان هەبوو، مان و بەقای نەتەوەیی‌یان لە سایەی ڕێبەرایەتییەکی عەسکرتاریدا بە مومکین دەزانی.

گۆڵتز و بە پەیڕەوی لەویش، لایەنگرانی جەمعییەتی ئیتحاد و تەرەقی، بەقا و مانی نەتەوەیی‌یان لە بەعەسکری کردنی هەموو هاوڵاتییاندا دەدیت. دیارە مستەفا کەماڵ ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢٣دا بە ڕاشکاوی دەڵێت کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئێمە هەموومان ئیتحاد و تەرەقی بووین (بڕوانە ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکەبەرەکان، فەسڵی ٨). بۆیە ئەگەر بەکورتی باس لەو ڕوانینە بکەین، هەموو نەتەوە وەکوو پایەگایەکی گەورەی عەسکەری دەبینێت. پێی وایە مانی نەتەوە لەو چەرخی پڕ لە ڕکابەریی ئەمڕۆدا، نەک هەرنەتەوە لە باری مەعنەوی و مۆڕاڵەوە، بەڵکوو لە باری فیزیکیشەوە دەبێ وەکوو سەربازێک ڕابهێندرێت.

ئەگەر کەسێک دەرفەتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوای ساڵی ١٩٠٨ عوسمانی هەبێت، بەڕوونی دەبینێ کە تێڕوانییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، تێڕوانینێکی تەواو نیزامییە. بەشێکی زۆر لە گۆڤارەکانی عوسمانی ئەو سەردەمە، ناوی نیزامییان هەیە: یەکیان نێوی نێزەیە، یەکیان نێوی سەربازە و ... نیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک فەزای سیاسیی و ڕووناکبیریی عوسمانی میلیتاریزە بووە. هەمووی ئەمانەش بۆخۆیان هێمای چەرخی یوژنیک و ئیسلاحی نەژادی و زاڵبوونی سۆشیال داروینیزم بوون. چەرخێک کە لەودا، هەموو ژیان وەک تەنازوع دەبینرا و جەستەی لاواز و مرۆڤی کەمئەندام، و عەشیرە وەکوو کێشەیەکی گرنگی سیاسیی- ئەمنییەتی و هەڕەشە لە مانەوەی نەتەوەیی دەبینران. لە فەزایەکی وەهادا عەسکەر و میلیتەری ببوو بە هێمای هێز و توانا و، تەنیا گەرەنتیی مانی نەتەوە و مرۆڤی ئایدیاڵ بوو.

زیا گۆکئالپ کە یەکێک لە تیۆریسیەکانی ئەوکاتەی ناسیۆنالیزمی تورک و مامۆستای مستەفا کەماڵ دەربارەی تورکایەتی بوو، بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لەژێر کاریگەریی ئەم جۆرە تێڕوانینە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتدا بوو. گۆکئاڵپ حاکمییەتی ئیدەئال و دڵخوازی تورکی تیۆریزە کردبوو کە حاکمییەتی گەل-ناوەند یان هەڵکچی بوو. لە حاکمییەتی گەل-ناوەند یان هەڵکچیدا، دەسەڵاتی ڕاست تەنیا دەبوو لە دەست ئیلیتی نەتەوە و بە گوتەی ناوبراو گوزیدەلەردا بێت، کە ئەم ئیلیتە لە ڕاستیدا عەسکەر و هێزی نیزامییە. زۆرجار گۆکئالپ دەڵێت کە هێزی نیزامی دوکتۆری نەتەوەیە یان هێزی نیزامی هەر

خودی نەتەوەیە. هەڵکچی دێمۆکراسیی دڵخواز و ئایدیاڵی گۆکئالپ گروپێکی ئیلیت بەڕێوەی دەبات کە دەرد و مەرگ و "پێداویستییەکانی گەل"بەباشی دەزانێت. ڕواڵەتی دێمۆکرات بوونی سیستەمەکە گوایە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئیلیتەکە و توانایی تێگەیشتنی ئەوگروپە لە دەردی گەل و گرینگیی بنەڕەتیدان بە پێداویستییەکانی گەل. (دیارە مستەفا کەماڵ دەیکوت حکومەتی هەڵکی نە دێمۆکراسییە و نە سۆسیالیستی). ئەم ئیلیتە باشترە پێشینەی سەربازییان هەبێت، ئەوان باشتر لە خودی گەل دەزانن بەرژەوەندییەکەیانی گەل چین. بەڵام جگە لە باوەڕی سۆشیاڵ داروینیستی و ئیمان بە ئەسڵەحییەتی مرۆڤی بەهێز، هیچ گەرەنتییەکی تر بۆ گەلی بوونی ئەو سیستەمە نەبوو. دیارە ئەم بۆچوونانە نزیک یەک سەدە بەسەر تورکیادا زاڵ بوونە و، هەر ئەوەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە لە سەدەی ڕابردوودا عەسکەری تورکیا باوەڕی بە ڕۆڵ و دەسەڵاتی ڕەهای خۆی هەبێت. تەنانەت عەسکەری تورکی خۆی بەتەنیا پارێزەری تورکیا و بەناو "دێمۆکراسی"یەکەشی دەزانی.

مستەفا کەماڵ شاگردی مەکتەبی ڕاستەقینەی ئەو مەکتەبە بوو. پێی وا بوو کە ئەو وەکوو ڕێبەر، ڕۆڵێکی زۆر تایبەتی هەیە لە گۆڕینی مێژوودا و لە بردنی نەتەوەی تورک بەرەو ڕووناکاییی مەدەنییەت. بە کاریگەری وەرگرتن لە کەسایەتییەکانی وەکوو گۆڵتز، ئوندەرلیک و پێشەوایی ئاپۆرەی گەلی بە ڕۆڵی سروشتی خۆی دەزانی. گۆڵتز زۆر بە جیددی لەنێو سپای عوسمانیدا باوەڕ بە دەگمەنی توانا و قابیلییەتی ژێنەڕاڵ و مرۆڤی عەسکەری پەرە پێدابوو. گۆلتر بۆ ژێنەڕاڵی نموونە وەکوو ڕێبەری دەگمەن بەتایبەت لە وەسفی خاوەنی "بوێریی بەرپرسیارەتی" کەڵکی وەردەگرت و دەشیکوت ئەو تایبەتمەندییە، سەرکردەی عەسکەری لە "گاران و مێگەل" جیا دەکاتەوە، یان وەک گۆڵتز خۆی دەڵێت "بوێریی بەرپرسیارەتی دەرکەوتەی جۆرێک لە گەورەیی‌یە و دەبێتە بەشێک لە سروشتی ژێنەڕاڵ کە بە هەموو سروشتی ئەو نەجابەتێکی دەگمەن دەبەخشێت. ئەم بوێرییە جۆرێک لە هەستی سەرووتربوونە کە بەبێ ئەوەی ژێنەڕاڵ تووشی تەوەهەوم بکات، لە مێگەل و ئاپۆرەی [خەڵکی ئاسایی] جیا دەکاتەوە" ( *The Nation in Arms*: *50*).

مستەفا کەماڵ دەیکوت: "بۆ زاڵبوون بەسەر ئالینگارییە دەگمەکانی ژیاندا، مێژوو سەلماندوویەتی کە [گەل] پێویستیی بێ‌ئەملاوئەولای بە توانای ڕێبەری خاوەن دەسەڵاتێکی بێهاوتا هەیە." لە ڕوانگەی ئەتاتورکەوە کە هەمان فەلسەفەی گۆکئالپ و لایەنگرانی ئیتحاد و تەرەقی بوو، مرۆڤی ئاسایی خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەت (یان

فەردی شەهسییەت) نییە. ئاپۆرەی بێکەسایەتی و داماو بۆ دەستپێشخەری تا بتوانێ بەرەو ڕزگاری هەنگاو هەڵنێتەوە، پێویستە وەدوای پێشەوا و ئۆندەر بکەوێت. بۆیە مستەفا کەماڵیش دەیگوت مافی حاکمییەت ئیی ئیلیتێکە کە لە پاڕلمانە و بە ناوی خەڵکەوە حاکمییەت بەڕێوە دەبات. بۆیە ئەتاتورک زۆر پێی ئاسایی بوو کە هەر لە کاتی ژیانیدا ناونیشانی ئۆندەر و ئەتاتورک (باوکی تورک)ی بەڕەسمی پێ بدرێت.

دیارە، هەروەکوو ئاماژەم پێکرد، مستەفا کەماڵ نە باوەڕی بە دێمۆکراسی هەبوو نە پێشی وابوو کە "دەوڵەتی هەڵکچی یان گەلی" دێمۆکراتیکە. لە نوتقێکدا لە پاڕلمانی تورک بۆ بەرگری لە یەکپارچەیی دەسەڵات (unity of power) و دژایەتی لەگەڵ لێک جیابوونی بەشەکانی دەسەڵات (وەکوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی یاسادانان، و دەسەڵاتی دادوەری) ڕایگەیاند کە "دەوڵەتی ئێمە دێمۆکراتیک نییە، سۆسیالیستیش نییە. سیستەمی سیاسیی ئێمە جیاوازە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە کتێباندا هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا سیستەمێک کە نوێنەری ڕاستەقینەی سەروەری و ئیرادەی نەتەوەیی‌یە، دەبێ لە ڕێی کۆمەڵناسییەوە ڕوون بکرێتەوە: ئەو سیستەمە دەوڵەتی گەلە (بڕوانە، Akyol 2016: 86 ).

ئەو باوەڕە موتڵەقە لە فەرماندەیی و پێشەوایی خەڵک، زۆر بە جیددی ئیلهامبەخشی هیتلەر و مۆسۆلینی و نازیست و فاشیستەکان بوو کە هەم هیتلەر و مۆسۆلینی خۆیان بە شاگردی مستەفا کەماڵ دەزانی و هەم فیورێر. بۆیە نازییەکان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و قەیرانی دوای شەڕ، ئیستدلالیان دەکرد کە پێویستییان بە فیورێر(پێشەوایە)کی وەک ئەتاتورک هەیە. بەتایبەت گۆڤارە دەستە ڕاستییەکانی ئاڵمانی بە بەردەوامی باسی پێویستیی ئاڵمانیان بە «فیورێر» یان «ئۆندەرێک»ی وەکوو ئەوەی تورکیا دەکرد کە توانیبووی هەم سەربەخۆیی وڵاتەکەی مسۆگەر بکات و هەم گرووپە ئیتنیکییەکانیش تەواو بتوێنێتەوە یان بە شێوەی فیزیکی بیانسڕێتەوە (بڕوانە، Ihrig: 2014). ئەم خاڵەی دوایی ئیلهامبەخشی پڕۆژەی هۆلۆکاست و قڕکردنی بە ملیۆن یەهوودی بوو.

کە بگەڕێینەوە سەر ئۆجەلان و مەسەلەی ئۆندەرلیک، کاریگەریی ڕوانگەی کەمالیزم زۆر بە ڕوونی بە ئاپۆیزمەوە دیارە. ئۆجەلان بەگشتی ڕوانگەی کەمالیزمی سەبارەت بە کارەکتەری تایبەتیی کولتووری- مێژوویی کورد، دەرروونی کردووە. بۆیە ئۆجەلان پێش گیرانیش، هەوڵی ئەو بووە کورد لە پڕۆتۆتایپی (نموونەی ڕەسەنی) کوردایەتی ڕزگار بکات، یانی لەو هێمایە کە کەمالیستەکان پێیان نموونەیەکی باڵای کارەکتەری کوردییە

کە هەموو کورد وێنا دەکات. تەنانەت، لە وتووێژێکدا لەگەڵ مەهمەت ئەلی بیراند، ئۆجەلان ئیعتراف بەوە دەکات کە گوتوویەتی: "گەلی کورد بە بەدەوی [مرۆڤی گەشە نەکردوو، مرۆڤی سەرەتایی] و بە پاتاڵ و حەیوان کراوە." [0]دیارە لە خوێندنەوەیەکی ورددا، شێوەیەک لە تاوانباری غەیرە کوردی سەبارەت بە داسەپاندنی جۆرێک لە "کەسایەتی" بەسەر کوردیدا پێوە دیارە. دەکرێت وەکوو خوێندنەوەیەکی پۆست کۆلۆنیالیستیش بێتە هەژمار. بەڵام، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئۆجەلان باوەڕی بە هێندێک کلیشەی کۆن و جێگرتوو سەبارەت بە کورد هەیە کە دەتوانن ئی پێش دەوڵەتی کۆماری تورکیش بن (بۆ ئەو ستریۆتایپانە سەبارەت بە کورد، بڕوانە ڕۆحات ئالاکۆم،٢٠١٠.( بۆ نموونە، ئۆجەلان لە کتێبی "لە بەرانبەر چەتگەری"دا، دەڵێت: "ئەوەی ئێوە لە پێشەوایی و بەهێزبوون تێی گەیشتوون، وێرانگەرییە. هەمووی ئەمانە ]سەلمێنەری درێژەی[ کۆنە بەڵای کوردی و خۆپەرەستیی کوردی و بەڕەڵایی کوردییە" (لە بەرانبەر چەتەگەری،١١٦). ئۆجەلان وەکوو کەمالیستەکان ڕوانگەیەکی زۆر زاتگەرایانەی سەبارەت بە کورد هەیە. ئامانجی سەرەکیی ناوبراو پێشەنگایەتیی کردنی کوردە بۆ ڕزگاریی کورد لەو "جۆرە کوردەی" ئێستا هەیە. بە کەم دیتنی کورد و خۆ جیاواز دیتنی ئۆجەلان لە کۆمەڵگەی کوردی، لە ئەدەبیاتی ئەودا شتێک نییە کە بە دەگمەن تووشی ببین. ئۆجەلان خۆی تەنیا وەکوو سیاسییەک و ڕێبەرێک نابێنیت، زۆرتر خۆی بە ڕزگاریدەری کورد دەبینێ. ڕزگاریدەرێک کە نەک هەر کورد لە دۆخی سیاسیی تایبەت ڕزگار دەکات، بەڵکوو پێش هەموو شتێک کورد لە کوردایەتی و لە سایکۆلۆجیی پڕۆتۆتایپیی مرۆڤی کورد ڕزگار دەکات. لەڕاستیدا ئۆجەلان خۆی وەکوو پێغەمبەرێکی سیکۆلەر دێتە بەرچاو کە دەیهەوێ کورد نەک هەر لە هەلومورجی سیاسیی، بەڵکوو لە کوردایەتی ڕزگار بکات.

زۆرجار ڕاوێژی دینیی ئۆجەلان سەرسووڕهێنەرە. مرۆڤ وەبیر گوتەکانی عودەی بن عامیر -فەرماندەی فتوحاتی عەرەب- دەخاتەوە کە بە فەرماندەی فارس کوتی: "هاتووین ئێوە ڕزگار بکەین لە کۆیلەتیی یەکتر ". ئۆجەلانیش دەڵێ ئەو کوردانەی "خۆیان پێ ئازادە، دەبێ لەپێشدا بە کۆیلە بگیرێن، دوایی سەرلەنوێ ئازاد بکرێن. ئەوە تەنیا فۆرمۆڵێکە بە ڕەوای دەزانم" (لە بەرانبەر چەتەگەریدا، ل٧٩). دیارە ئەوەیکە ئۆجەلان پێی وایە کە لە ئاستی تاکیشدا، مومکین نییە کە نەتەوەی کورد مرۆڤ و تاکی ئازادی هەبێت سەلمێنەری ئەو خۆ جیا بینییە کە لە وەها حاڵەتدا یان ئۆجەلان تاکی کورد نییە

---

[0] بۆ دیتنی وتووێژی ئۆجەلان و بیراند، بڕوانە ئەم لینکە،
https://www.youtube.com/watch?v=ttJAAhrjCVc

یان ئیستیسنا و نموویەکی دەگمەنە. کە باوەڕ بەو جۆرە دەگمەن بوونەش، زۆرتر وەکوو هەڵبژێراویی پەیغمبەرانە و ئەرکی ئاسمانی پێداران بۆ ڕزگاری کۆمەڵگایەکی تایبەت دەچێت.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەو جیاوازییەیە کە ئۆجەلان لەنێوان خۆی و، گشت کورددا دەیبینێ، جیاوازییەک کە زۆرتر لە ئەدەبیاتی پێغەمبەران، سەبارەت بە نێوانی خۆیان و ئاپۆرەی ئوممەتەکەیاندا دەبینرێت. لە ئەدەبیاتێکی وەهادا، خەڵک زۆرتر جەماوەرێکە و، تەنیا ڕێگەی ڕزگاری و فەلاحی لە ئیتاعەت و گوێڕایەڵیی موتڵەقدایە. شتێک بە ناوی سەروەریی یاسا و هەڵسوکەوتی یەکسان لەگەڵ یەکتر بەپێی پێبەندبوون بەو یاسایە نابیندرێت. لە پێوەندییەکی وەهادا، کەس ناتوانێ داوا لە پێبەندبوونی موفەسسیر و شاریع بە شەرعەکەی بکات. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ شەریعەت و یاسایەکی لەم شێوەیە، ئیتاعەتی کردووە بە سەرەکیترین مەرجی ڕزگاریی شوێنکەوتووانی. لە وەڵامی ئەوەی کە ڕێبەرێک بۆخۆی لە زینداندایە، بەبێ ئەوەی ڕای خەڵکی بۆ گرینگ بێت و بەبێ ئاگاداریی ئەوان خۆی وەک پێشەوا دەناسێنی، لەو تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێت. لە وتووێژێکدا، ئۆجەلان بە ڕاشکاوی باسی یەکبوونی ڕۆڵی پێغەمبەری و ئۆندەری دەکات و دەڵێت: "لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبێ تێگەیشتن لە پێغمبەران، بوون بە ئۆندەر و خەڵک وەدوای خۆدان، کارێکی زۆر زەحمەتە." [11]

ئۆجەلان -وەکوو تاکی تەنیا و زیندانی لەژێر چاوەدێریی ڕەهای دوژمن- داوا لە خەڵک و لایەنگرانی دەکات کە ئیتاعەتی بکەن لە پەیڕەوکردنی پەیماننامەکە. هەر ئەوەندە بۆخۆی تێگەیشتی ئەو ڕێبەرایەتییە لە دێمۆکراسیی و، لە پێگە و ڕۆڵی خەڵک ڕوون دەکاتەوە. تا ئێستا ڕێبەری هیچ سازمان و ڕێکخراوێکی چەکداریی جیهان، شتێکی ئاوای نەکردووە کە بێت ستراتێژیکترین بەڵگەی خەباتەکەی دژی دەوڵەتێک لەژێر چاوەدێریی هەمان دەوڵەتدا بنووسێ و چاوڕوانیش بێ نەتەوەیەک بێ ئەملاوئەولا پەیڕەوی بکات. نووسەری ئەم بەڵگەیە پێی وایە کە هەم ڕێکخراوەکەی ژێر فەرمانی و هەم نەتەوەی کورد دەبێ ئەم بەڵگەیە وەکوو ئایاتی قوڕئان چاو لێ بکەن و سەداسەد گوێڕایەڵی بن. تەنانەت کەمترین مافی قسەکردن لەسەر بەرنامەکە، لانیکەم بە هیچ کوردێک نەدراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە دوو ساڵە ئەم ڕێبەرە تەنانەت ئیمکانی دیتنی

[11] https://www.youtube.com/watch?v=cMfJRnWu52Y&t=549s

بنەماڵەکەشی نەبووە. هەموو کوردێک مافی ئەوەی هەیە کە بپرسێ ئەوە چ جۆرە تێڕوانینێکە سەبارەت بە کورد و شعوور و نەستی کورد؟

**پرسیار**

بە پێی ماددەی ٢ی پەیماننامەی کەجەکە کە گوایە سیستەمێکی دەوڵەتگەرا نییە، کۆنفێدڕاسیۆنێکی کۆمەڵایەتیی دێمۆکراتیک و سیاسییە کە بەشێوەی ئاسۆیی و هێرەمی ڕێک خراوە، مەبەستی لەو هێرەمییە چییە؟ ئەگەر شتێکی وا هەبێ چەندە دێمۆکراتیکە و ئیرادەی کۆمەڵانی گەل لە ڕێگای کۆمۆن، ئۆجاخ مەجلیس و کۆنگرە پەیڕەو دەکات، لێرەدا کەجەکە خۆی دەکاتە نوێنەری ئیرادەی خەڵک، ئاماژە بە جۆرێک دێمۆکراسیی ڕادیکال بەناوی دێمۆکراسیی جەماوەریش دەکات، لە هەمان کاتدا ماددەی ٥ی پەیماننامەکە دەڵێ هەر کەسێک کە لە کوردستان لەدایک ببێت شارۆمەندی کەجەکەیە و دەبێ ئەو ئەرکانە کە لە پەیماننامەدا باس کراون، جێبەجێ بکات.

١) کێشەیەک ئەوەیە کە ئایا ئەم شارۆمەندییە دڵخوازانەیە یان هەر کەسێک لە کوردستان لەدایک بوو، ئیجبارەن شارۆمەندی کەجەکەیە؟ ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە دروست بێت، چ کێشەیەک ساز دەبێت، لە حاڵێکدا لە ماددەی ٣٦دا دەڵێ پەکەکە هێزی ئیدۆلۆژیکیی سیستەمی کەجەکەیە و بەرپرسیارە لە عەمەلی کردنی فەلسەفە و ئیدۆلۆژیی ڕێبەرایەتی.

٢) لەگەڵ ئەوەی کە من دایک و باوکێکم موسوڵمان بۆیە ئەگەر دیندار نەبم یان ئەگەر لەدین لامدا دەبم بۆ موڕتەد جیاوازییەکەی چییە؟ ئایا ئەمە سیستەمەکی سیاسییە کە دەکرێ هەڵیبژێری یان وەک دین و ئیتنیستە لەگەڵ لە دایک بوون بەسەریدا دەسەپێت؟ ئەگەر ولامەکە بەڵێ بێت، ئەوکات من خاوەنی چ ئیرادەیەکی سیاسییم کە سیستەمێکم لەگەڵ لەدایکبوون بۆم هەڵبژێردرا بێت؟ ئەو دێمۆکراسییە لە کوێیە کە من وەکوو بیۆلۆژی شتێکم بەسەردا سەپا بێت؟

**وەڵام**

منیش هەمان خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوەم لەو ماددانە هەیە، بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١) هەڵبژاردن یان ڕەتکردنەوەی سیستەمی کەجەکە وەکوو سیستەمێکی سیاسیی، بژاردەیەکی بەردەمی شارۆمەند نییە، واتا شارۆمەند ناتوانێ هەڵبژێرێ یان بڵێ قەبووڵم نییە. بۆیە، ئەگەر بڕیاڕ بێ ئازادییەکیش هەبێت، لەنێو سیستەمدایە، نەک لە دەرەوەی ئەو یان لە هەڵبژردانی خودی سیستەم. شارۆمەند ئازادیی پێشووی لە هەڵبژاردنی

سیستەمدا نییە. هەربۆیە ئیزنی قسەکردن لەسەر دامەزرانی سیستەمەکەی پێ نەدراوە. ئازادییەکەی وەکوو ئازادیی نێو "مەردومسالاریی دینی"، واتا بۆ ئەوەی وەکوو "مەردوم" بێتە هەژمار، لەپێشدا دەبێ سالارییەت و سەروەریی دین قەبووڵ بکا، جا ئەوجار دەبێ بە "مەردوم" و بەشێک لە "مەردومی دیندار": کە "مەردومی دیندار" تەنیا کۆمەڵێکە کە مافی سەروەریی هەیە. ئەمە دەیسەلمێنی کە ئەوە ئایدیۆلۆژیی و سیستەمە کە خەڵک بۆ حاکمییەت هەڵدەبژێرێت، نەک پێچەوانەکەی. لە تەواوی ئەو شتانەی باس کران، لە هیچ جێیەکدا نەگوتراوە کە ئێمە سیستەمی کەجەکە بە باشترین سیستەم بۆ دوارۆژی کورد دەزانین؛ مەسەلەن، هیوامان وایە کە خەڵکیش ڕۆژێک دەنگی پێ بدەن. لە یەکەم ڕاگەیاندندا دەڵێ لەمەودوا ئەم شتە پەیڕەو دەکرێ و، ئەمەش حوکمی یاسای بنەڕەتی هەیە. یاسای بنەڕەتیی نەتەوە ڕادەگەیەنێ و پێناسەی دەکات. بەڵام، هیچ یاسایەکی دێمۆکراتیک نییە کە پێش ڕەزامەندی و دەنگی خەڵک، ئەم کارە بکات. لەم نێوەدا پرسیارێکی دیکە دێتە گۆڕێ، ئەی ئەگەر خەڵک دژایەتییان کرد؟

٢) سیستەمی پێشنیارکراو بەشی داسەپاوی هەیە و، ئەویش کەجەکەیە و بەشی هەڵبژێردراویشی هەیە کە کۆنگرەی گەلە. تەنیا کۆنگرەی گەل هەڵدەبژێرێت و، جیاوازیی ئەم دووانەش وەکوو جیاوازیی حکومەت و دەوڵەتە. دەوڵەت ئەم دامەزراوە ئەبەدییەیە کە سەرەڕای گۆڕانی حکومەتە جۆراوجۆرەکان، هەر بەردەوام دەبێت. لە وڵاتێکدا هەموو جۆرە حکومەتێک دێت، سەرۆککۆماری تازە، پارلەمانتەر و نوێنەری تازە، بەڵام قەوارەیەکی بەردەوام هەیە. بۆ وێنە کاتێک دنیا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، قەرزی دەداتێ، گرێبەست و بڕیارنامەی لەگەڵ دەبەستێ، هەمیشە لەسەر بنەمای بەردەوامیی ئەو دامەزراوەیە لە وڵاتێکدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. بڵێین لە تورکیا ئەردۆغان دێت، لە ئێران ڕەئیسی دێت و دەگۆڕێ، شتێک لە ئەرکەکانی ئەم وڵاتانە یان پەیمانە نێونەتەوەیییەکانیان ناگۆڕێ، چونکە حکومەتەکە دەگۆڕێت و، دەوڵەت بەردەوامە.

لە ڕاستیدا کەجەکە سیستەمی دەوڵەتە، بەڵام سیستەمێکی هەڵنەبژێراو. هەروەها سیستەمی نابەردەوامی کاتیشی هەیە کە بەڕێوەبەری کاری ئیداری و ڕۆژانەیە، بۆ ماوەی ٢ ساڵێک لەئەستۆی کۆمەڵە ئۆرگانێکی هەڵبژێردراودایە بەناوی کۆنگرەی گەل. کۆنگرەی گەل وەکوو حکومەت بەشی برۆکراتیکە کە لەژێر چاوەدێریی بەشێکی نەگۆڕ و هەڵنەبژێردراودایە. بۆیە کۆنگرەی گەل، وەکوو حکومەتێکی کەم دەسەڵات بەڕێوەبەری کاری ڕۆژانەی حکومەتییە. کۆنگرەی گەلیش وەکوو کەجەکە، هەم ئێستا

هەیە و هەم لە سیستەمی داهاتووشدا دەبێ هەبێت. لە بەشی گۆنگرەی گەلدا خەڵک مافی هەڵبژاردن و دەنگدانی هەیە، بەڵام سەبارەت بە شتی بنەمایی وەکوو خودی سیستەمەکە، ڕێبەرایەتی، سەڵاحییەت و دەسەڵاتەکانی ڕێبەرایەتی، تەفسیر و لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیکیی ژیان و دەوڵەت، سیاسەتە بنەمایییەکان و، تەنانەت سەبارەت بە پەیماننامەکەش -کە یاسایەکی بنەڕەتییە-، خەڵک مافی قسە و دەنگدانی نییە. بۆیە دەڵێم خەڵک ئەم مافانەی نییە، چونکە لە هیچ جێیەکی ئەم پەیماننامەیەدا باسی ئەوە نەکراوە کە بۆ ئەم شتانە پرس بە خەڵک کراوە، دەکرێت، یان خەڵک دەبێ لەسەر ئەم شتانە بڕیار بدات، جا دوایە وەکوو یاسا پەیڕەو دەکرێ. نا، دەڵێ هەر لە ئێستاوە پەیڕەو دەکرێت.

هاوڵاتیی کەجەکە نەتەنیا لە باری یاساییەوە، بەڵکوو لە باری ئەخلاقیشەوە دەبێ ئەخلاقی پەکەکە هەڵبژێرێ، واتا شارۆمەند و هاوڵاتی ئەرکدار کراوە کە ڕەچاوی ئەخلاقی کۆمەڵگای خوازراوی کەجەکە بکات. بەم مانایە کە شێوەیەک لە ئەخلاقی ئایدیۆلۆژیک بەسەر خەڵکدا دەسەپێندرێ. هەر وەکوو لە سیستەمی ئیسلامییەکانیشدا، هاوڵاتی موسوڵمان بێ یان نا، ناچارە ئەخلاقی ئیسلامی لەبەرچاو بگرێت. تەنانەت، ناتوانێ ڕەخنەشی لێ بگرێت. چونکە ڕەخنە لە سیستەمێکی ئەخلاقی بە مانای چوونەدەرەوەی گوتاری، لەو سیستەمە ئەخلاقییەیە. هەربۆیەش تاکی دیندار و غەیرە موسوڵمان دەبێ کۆمەڵە ڕەوشتێکی ئەخلاقی دینیی داسەپاو ڕەچاو بکات. بەهەمان شێوەش لەنێو خودی کەجەکەشدا خەڵک دەبێ ئەخلاقی کۆمەڵگای ئازاد و دێمۆکراتیک کە لەلایەن کەجەکەوە سەپێنراوە، ڕەچاو بکات. لە حاڵێکدا ژیان لەژێر ئیدارەی کەجەکەدا بەتەواوی ئایدیۆلۆژیک دەکرێت، ئەو ئیدارەیە دەتوانێت بە هۆی پێشێل کردنی ئەرکەکانی ئایدیۆلۆژیکیی ئەو ژیانە، مافی هاوڵاتیبوون لە هەر هاوڵاتییەک بستێنێتەوە. لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیشدا دەوڵەت وەکوو یەکەیەکی قانوونی (بڵێین لە تیۆریدا) مافی ئەوەی نییە شارۆمەند یان هاوڵاتی دەربکات، یانی یاسای کۆماری ئیسلامیش مافی ستاندوەی هاوڵاتیبوون بە دەوڵەت نادات، بەڵام لە پەیماننامەی کەجەکەدا، ئیدارەی کەجەکە دەتوانێ مافی هاوڵاتیبوون بستێنێتەوە.

**پرسیار**

لە خاڵی یەکەمی ماددەی ٣٦دا نووسراوە، هەر کەسێک لەنێو سیستەمی کەجەکەدا کار بکات، دەبێ ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی کەجەکە وەکوو بنەما وەربگرێت. ئەمە چ

جیاوازییەکی لەگەڵ سیستەمێکی تۆتالیتەر و فاشیستیدا هەیە؟ باسی کەمالیزم دەکرێت، ئەمە نابێتە جۆرێک کۆپیکردنی کەمالیزمی تورکیا؟

**وەڵام**

به باوەڕی من لەم بارەیەوە زۆرتر وەکوو سیستەمی ویلایەتی فەقیە دەچێت تا سیستەمی کەمالیزم، چونکە سیستەمی ویلایەتی فەقیە زۆرتر چاوەڕوانیی ئیلتیزامی عەمەلی لە هاوڵاتی بە ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت هەیە. کۆماری ئیسلامی دەڵێ تۆ ئەگەر بتهەوێ ببیە مامۆستا لە بەشی پەروەردە و فێرکاری، دەبێ لەباری تیۆری و بەکردەوەش ئەرکداری خۆت بە ولایەتی فەقیە ڕابگەیەنی. لە پەیماننامەی کەجەکەشدا داوای ئیلتیزامی عەمەلی یان ئەرکدار بوونی بەکردەوە دەکرێت. بۆ ئەوەی بتوانی لە سیستەمی کەجەکەشدا کار بکەیت، دەبێ ئیدیۆلۆژیی کەجەکە یان پەکەکە بە بنەما بگریت و، لەسەر ئەم بنەمایەیە کە مافی کارکردنت هەیە. واتا ئەم شتانە هەموو ڕاستی و دروستیی باسەکانی پێشوومان دەسەلمێنن. دەڵێ ئەگەر تۆ شارۆمەند یان هاوڵاتیی کەجەکە بیت، نەتەنیا وەکوو هاوڵاتیی ئەو، بڵێین غەیرە کوردیش لای تۆ هاوڵاتی بێ، وەکوو کورد ئەوەت بەسەردا سەپاوە، وەکوو چۆن کەسێک کە لەنێو بنەماڵەیەکی موسوڵمان لەدایک دەبێ و دوایی کە گەورە بوو و کوتی موسوڵمان نیم، مورتەدە و دەبێ بکوژرێت. دیارە، لێرەدا باسی کوشتن نییە؛ بەڵام دەڵێ دەردەکرێت. ئەگەر تاکێک کە هاوڵاتیی پەکەکەیە و لە وڵاتیکی تریش بژیت، دەبێ هەمیشە ئامادەی ئەم وەزیەفە بێ کە ئەو ئیدارەیە پێی دەسپێرێ یان بۆ حاڵەتی نائاسایی و، هەرکات کەجەکە داوای لێکرد، بگەڕێتەوە.

**پرسیار**

لە ماددەی ٦ خاڵی cدا دەڵێ، ئەو کەسەی خیانەت بە ئامانجی کەجەکە بکات، لە لایەن کۆنگرەی گەل و دیوانی باڵاوە لە شارۆمەندی دەردەکرێت، ئاخۆ مەسەلەی لە شارۆمەندی دەرکردن بەستراوەتەوە بە ئەوەی هاوڵاتییەک لە وڵاتێک قەتڵ، خیانەت یان دژی وڵاتەکەی جاسوسی و سیخوڕی کردبێت؟ دەتوانی حوکمی ئیعدامی بۆ ببڕییەوە، زیندانی بەسەردا بسەپێنی؟ دەتوانی لە شارۆمەندی دەری بکەی؟ ئەم سیستەمە لە کوێ هەیە؟ یانی تۆ ئەگەر دژی ئامانجی کەجەکە بجووڵێیەوە، خیانەتێک بکەی یان لە دژی ڕاوەستی، خیانەتت کردووە، من ئەگەر لایەنگری حیزبێکی دیکەم، لیبڕاڵ یان هەر بیر و باوەڕێکی دیکەم هەبێت، ئەمە کۆمەڵگایەکی ئیدیۆلۆژیک نییە بەڕاستی؟

**وەڵام**

ڕاستە، مافی هاوڵاتیبوون مافێکی زۆر بنەماییە؛ ستاندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون بە چ مانایەکە؟ واتا ئەو کەسە لە کوردستان دەردەکرێت؟ یان ئەو مافانەی هاوڵاتییەک خاوەنیەتی، لەناکاو لێی دەستێندرێنەوە؟ ئەمنییەتی نامێنێت؟ چی تر مافی خاوەن ماڵبوون و مالیکییەتی نییە؟ ئەگەر کەسێک تەجاوزی بە ماڵی و مافی کرد، پۆلیس نایپارێزێت؟ دادگا بەرگری لە مافی ناکات؟ ئەوانە هەموو لەدەست دەدات؟ ئەگەر توانای چوونی بۆ جێگایەکی دیکە نەبێت یان هیچ وڵاتێکی دیکە وەرینەگرێت، چی؟ ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە فەیلەسووفی ئیتاڵیایی جۆرجیۆ ئاگامبەن پێی دەڵێت "هۆمۆ ساکێر". ئەو جۆرە مرۆڤەیە کە لە ڕۆمی قەدیمدا نەدەکرا بیکوژییەوە و قوربانی بکەیت؛ بەڵام، دەکرا بەبێ لێپرسینەوە بیکوژی. لەم سەردەمەی تێیدا دەژین، مرۆڤبوون، کۆمەڵێک ماف دەداتە مرۆڤ، کە ڕاستییەکەی بەبێ هاوڵاتیبوون گەرەنتیی پاراستنیان نییە. لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونە کە ئێمە مافە بنەڕەتی و مرۆڤییەکانمان تەزمین کراون. بۆ وێنە ئێستا بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانەی دەچنە ئەورووپا (کە لە کەمپیشدا هێندیک مافیان هەیە) چەندین ساڵ لە کەمپ ڕایاندەگرن. چونکە هەر هاتنە نێو کۆمەڵگاکانەوە، دەبنە خاوەنی زۆر مافی بنەڕەتی وەکوو مافی مانەوە لە وڵات، بوون بە خاوەنی ئیش و کار و ماڵ، مافی پاراستن لە لایەن دەوڵەت و پۆلیسەوە. ئەو دەسەڵاتەی وڵاتێک ئیدارە دەکات، کۆمەڵێک بەڵێن و ئەرکیان سەبارەت بەو مرۆڤانە لەسەر شانە کە هەلی کاریان بۆ پێک بهێنێت، خزمەتگوزاریی تەندروستییان بۆ دابین بکەن و بە شێوەیەک دەخیل بن لە دەسەڵاتی سیاسیی و بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتەی بۆی هاتوون. بەڵام لەدەستدانی مافی هاوڵاتیبوون، تاک لە هەموو ئەم مافانە بێبەری دەکات و دەیباتە ڕیزی ئاژەڵانەوە، لەو وڵاتانەی کە ئاژەڵ هێشتا هیچ مافێکی یاسایی نییە.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو تاوانانەی دەبنە هۆی لەدەستدانی مافی هاووڵاتیبوون، زۆر زۆر ناڕوونن. سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کاکڵ و کرۆکی دەوڵەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی هەیانە، بەشێک لە گەورەترین کێشە یاسایی و حقووقییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ دەرفەتێک کە یاساکانی بۆ دەسەڵاتی ساز کردوە. ئەو ناڕوونییە باشترین زەمینەی بە کەیفی خۆ جوڵانەوە بۆ دەسەلات ساز دەکەن. بۆ وێنە، بەندەکانی مەوازینی (یاساکان) ئیسلامی و موحارەبە، جۆرە چەکێکیان خستووەتە دەستی دەسەڵاتەوە کە دەتوانن عادڵترین دەسەڵاتیش بکات

به قازیی بەلخ کە هەزار جۆر قیاسی کەشکی لە مەشکە بکات. مەسەلەن، موحارەبە یانی چی؟ شەڕ لەگەڵ خودا یانی چی؟ تەنانەت، دیندارترین مرۆڤیش دەبێ لە بوونی ئەم جۆرە تاوانە ناڕوونانە لە قانووندا بتۆقێ؟ چۆن بەڕاستی دیندارێکی بەویژدان دەتوانێ قەبووڵ بکا کە دەسەڵاتێک و لێکدانەوە و تەفسیرێک کە هیی پێغەمبەری زیندوو بووە، بە پشتبەستن بە چەند قەولی فەقهی بکەوێتەوە دەست مەلایەکەوە؟ ئەم پێوەرانەی بنەمای شەڕ لەگەڵ خودا دیاری دەکەن، چین؟ لە قانووندا ڕوون نییە، کێ دەتوانێ بڕیار بدات کە کێ شەڕی لەگەڵ خودا کردووە یان دەکات: ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەوەسی قازییەکان و هەوەسی قازییەکان تەنیا پێوەرە. ناڕوونیی بنەڕەتیی قانوونی، بەتایبەت لە کاتی نەبوونی نەریتی دێمۆکراتیکی دامەزراوەیی، دەتوانێ هەر سیستەمێک بەرەو تۆتالیتەریەنیزم بەرێ. لە سایەی دەرفەتی زۆری دەسەڵات بۆ بەکارهێنانی بەکەیفە و هەوەسی قانوون، تۆتالیتەریەنیزم دەبێتە نۆرمی حقووقی.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پەیماننامەی کەجەکە، لە کاتێکدا یەکێک لە پێشێلکارییە پرەنسیپەکان کە بە خیانەت لەقەڵەم دەدرێت، دەتوانێ ببێتە هۆی دەرکران لە کوردستان، واتای هێرشکردن بۆسەر ڕێبەری چییە؟ چمارەخنە دەتوانێ هێرشکردنە سەر ڕێبەری بێتە هەژمار؟ جیاوازیی ڕەخنە و هێرش چییە و، کێ جیاوازییەکە دیاری دەکات و پێوەرەکانی چین؟ ئەوە لە حاڵێکدایە هێرشکردن بۆسەر ڕێبەری بە گرینگتر لە خودی هێرش بۆسەر کەجەکە و وڵاتیش وەرگیراوە، ئەگەر کەسێک ڕای جیاوازی هەبوو، ئەمە بە هێرش لەقەڵەم دەدرێ؟ ئەگەر کەسێک گوتی لێرەدا ڕێبەر هەڵەی کردووە یان فڵان بۆچوونەی سەبارەت بە ئابووری، سیاسەت یان زانست ڕاست نییە، ئەم کەسە چی بەسەر دێت؟

**پرسیار**

لە کتێبی پارتی ڕێکخراوی سۆسیالیستیی کرێکاری ئاڵمانیادا لە ڕیزی یەکەمدا سەبارەت بە ئەرکی ئەندامان، نووسراوە کە "ڕێبەری گەل هەمیشە ڕاستە". ئۆجەلانیش لە پێشەکییەکەیدا لەپێش وتاری پەیماننامەی کەجەکەدا دەڵێ تا ئیستا بە باشی و سەرکەوتووانە ئەرکەکانی ڕێبەریم ڕاپەڕاندووە، لەمەودواش بەردەوام دەبم، ئایا ئەم هەموو شکستانە شتێک نییە پرسیار سەبارەت بە تواناکان و سەرکەوتووبوونی ڕێبەرایەتیی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان بێنێتە گۆڕێ؟ ئەگەر باوەڕمان وابێ ڕێبەر خەتا ناکات ئەوە هەمان باوەر بە مەعسومییەت و بە ئیمامەت نییە؟ بەڕاستی جیاوازیی ئەم

ئیدیۆلۆژییە لەگەڵ دین لە چیدایە؟ سنووری حەقیقەت و ڕاستی و، نێوانیان لەگەڵ فانتازیا لە کوێدایە؟

**وەڵام**

"ئەحمەد عەلەملهۆدا" ئیمام جومعەی مەشهەد دەڵێت: "تەنیا دوژمنانی ئینقلاب دەتوانن بڵێن یان دەڵێن کە ڕێبەری ئێران تەئیدی خودای نییە." کاتێک دەسەڵات شتێکی ئاوای ڕاگەیاندبێ، دەبێ بە نوێنەری ئەو شتە کە هانا ئارێنت بە تیرۆری موتڵەق ناوزەدی دەکات. ئەم فەتوایە دەسەڵاتی تیرۆری لەپشتە، ئەو تەنیا دەسەڵاتی مەلابوون و مەزهەبیبوونی نییە. لە ئێراندا دەرفەت و مەجالی ئەوە نییە کە تۆ بێی لەگەڵ عەلەملهۆدا کێشە ساز بکەیت و دیبەیتت هەبێ. ناکرێ پێی بڵێی کە ئەو بانگەشەیەی تۆ هەڵەیە، تەنانەت، لە چوارچێوەی لۆژیکی دەروون دینیشدا، لە خودی دیسکۆرس و گوتاری دەروون دینیشدا ئەو مەجالە و دەرەتانە نییە. یانی مومکینە زۆر کەسی دینداری شیعە و سوننە هەبن، ئەم بانگەشەیە بە دژی باوەڕی دینیی خۆیان بزانن. بەڵام، هیچ جۆرە مەجالێک تەنانەت بۆ ئالینگاریی دەروونیی دینیی ئەم بانگەشەیە نییە. دەسەڵات شتێک دەڵێ کە دەرفەتی کێشە بۆ سازکردنی نییە، دەرفەتی ئالینگاری نییە، هەرچەندە غەیرەواقعی و ناڕاستیش بێت. هەموو جۆرە دەسەڵاتێک هەوڵی سازکردنی جۆرێک لە ڕێژیمی حەقیقەتی هەیە، تەنانەت دەسەڵاتی زانستیش. بەڵام، لە سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا، لە سایەی دابەشکردنی ناوەندەکانی هێزەوە هەم لەنێو بیرۆکراسیی دەوڵەت و هەم لەنێو کۆمەڵگادا، تا ڕادەیەکی زۆر دەوڵەت توانای بانگەشەی حەقیقەتی موتڵەقی نامێنێ. لەڕاستیدا تۆتالیتەریەنیزم بەرهەمی توانای لەڕادەبەدەری دەوڵەتی مۆدێرن و دانی شەرعییەتی ئایدیۆلۆژیک بەم کۆنتڕۆڵەیە.

لە سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا، کۆنتڕۆڵی دەوڵەتی دەتوانێ یاسایی بێ، بەڵام، تەنیا مەرجەعێک نییە کە باسی شەرعییەتی کردەوە و پراکتیسی خۆی بکات یان لەو بارەوە دەسەڵاتی ئینحساری هەبێت. بەڵام بەپێچەوانەوە، لە دەوڵەتێکی ئیسلامیستیدا، دەوڵەت تەنیا مەرجەعێکە کە بە ڕەسمی مافی ئیسلامیبوون یان دینیبوونی کار و کردەوەکەی خۆی هەیە. هەربۆیەش، لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەدا، بە شێوەیەکی موتڵەق و ڕەها هەر دەوڵەتێکی دینی یان تۆتالیتەرە یان بەرەو تۆتالیتەریەنیزم دەڕوا. ئەگەر بەتەواوی نەبووبێت بە تۆتالیتەر، لەبەر ئەوەیە کە هێشتا نەیتوانیوە هەموو کۆسپەکان بۆ دەسەڵاتی موتڵەق لەسەر ڕێی خۆی لابەرێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکوو تورکیا، کاتێک ئاکەپە هاتە سەر کار، بەناوی لایەنگری لە دێمۆکراسی و مافی کورد،

دژایەتیی لەگەڵ هێماکانی دینیی دەوڵەتی کەمالیستی وەکوو "ناوەندی کاروباری دینی" دەکرد. تا ئەو کاتەی کە ناوەندەکانی دەسەڵات جۆراوجۆر بوون و، هەیمەنەی ئاکەپە مومکین نەبوو، ئاکەپە هەوڵی هاوپەیمانیی لەگەڵ کوردی دەدا و زۆر سیاسەتی بەڕواڵەت دێمۆکراتیکی ڕەچاو دەکرد. بەڵام، کە هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتی قۆرخ کردن و نەریتی دامەزراوەی ئێتنۆکراتیکی تورکی وردەوردە لەنێو چوون، دیمەنی ڕاستەقینەی ئیسلامیزمی بەناو دێمۆکراتیکی ئاکاپە دەرکەوت. ئێستاکە نزیکەی سێ یان چوار هەزار دۆسیە لە تورکیا دراونەتە دادگا، لەبەرئەوەی لە تویتێکدا ڕەخنەیەکیان لە ئەردۆغان گرتووە. هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کە بانگەشەی دەستڕۆیی و گەیشتن بە حەقیقەتی موتڵەقیان هەیە، لەکاتی دەسەڵاتداری هەر جۆرە ئالینگارییەک دژ بەو بانگەشەیەن لەسەرێی خۆیان لا دەبەن و سەرکووتی دەکەن.

کە بگەڕێینەوە سەر ڕێبەرایەتی سەرکەوتووانەی ئۆجەلان، بەڕاستی تەنیا لە خەوندا کەسێک دەتوانێ بڵێ لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بەولاوە، ئۆجەلان سیاسەتێکی سەرکەوتوویی هەبووە. لێرەدا من نامهەوێ وەک ئۆجەلان بێبەزەیی بم و ئەو جۆرەی ئەو ڕەخنە لە ڕێبەرانی دیکەی کورد دەگرێت ئاوا ڕەخنەی لێ بگرم. بۆ نموونە ئوجەلان بە شۆڕشی قازی محەممەد دەڵێ جۆک و بە شێخ سەعید دەڵێ بەکرێگیراوی ئینگلیز. بێشک سەرنەکەوتنی ئۆجەلانیش تەنانەت زیاتر لە ڕێبەرانی پێشوو دەگەڕێتەوە سەر ماڵوێرانیی مێژوویی و ژێئۆپۆلتیکی کورد. بەڵام هەر وەک ئۆجەلان و پەکەکە مافیان هەبووە و هەیە کە ڕەخنە لە ڕەوتە جۆراوجۆرە و مێژووەیەکانی کوردی بگرن، سەرەڕای پەرۆشی بۆ ئەسیربوون لەدەستی دڕندەترین دوژمنانی کورد، ئێمەش مافمان هەیە ڕەخنە لەو بگرین.

بەڕاستی لە پەکەکەدا، ئۆجەلان سەرچاوەی حەقیقەتی موتڵەقە. حەقیقەت بوونی گوتەکانی بەشێکە لە سیاسەتی ڕەسمیی ئەم ڕێکخراوەیە. قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان گومانیان نەخستووەتە سەر هیچ شتێک کە لە ئیمڕاڵی دێتەدەر، هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ ئەوەی هەلومەرجی تایبەتیی ئۆجەلان وەکوو کێشەیەکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیک بناسێنن یان بۆ ئەوەی کە بتوانن لە کاتی پێویستدا سەربەخۆییی خۆیان تا ئازادیی ئۆجەلان بپارێزێن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕژێمە حەقیقەتەی نێو پەکەکە کە هەرچی ئۆندەر(پێشەوا) بیکات، ئەو مەسڵەحەتە. تەنیا شتێک کە بۆ دەربازبوون لەبەرانبەر دنیایەک ستراتێژی و سیاسەتی دژبەیەک دەیڵێن، ئەوەیە کە "ئۆجەلان تەنیا

ڕێبەری مەعنەوییە". لە حاڵێکدا پەیماننامەی کەجەکە بەڕاشکاوی دەڵێ، ئۆجەلان "دوایین ئۆرگانی بڕیاردەرە".

ئۆجەلان چۆن دەتوانێ باسی ڕێبەرایەتیی سەرکەوتووانە بکات، کەچی لە ساتەوەختی گیرانیدا، ۱۸۰ پلە گوتار و سیاسەتەکانی گۆڕان. لێرەدا قەزاوەتی ئەخلاقی لەسەر کەسایەتی ئۆجەلان ناکەم. ناڵێم کە دەبوو بەرگری کردبا یان نەکردبا. قەزاوەتی من سیاسییە و زۆرتر لێکدانەوەی سیاسییە سەبارەت بە ڕادەی سەرکەوتنی ستراتیژی پەکەکە لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئۆجەلان لە ۱۹۹۹ بەدواوە. کە دیارە بەشێکی گەورەی ئەو بەرپرسیارێتییە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خودی پەکەکە. پەکەکە، دەیتوانی بڵێ کە ئۆجەلان ڕێبەری بێ ئەملاوئەولای ئەو پارتییەیە و ئەگەر تورکیا دەیەوێت ئۆجەلان ڕۆڵی کاریگەری ڕێبەرایەتی خۆی بگێڕێ، دەبێ لانیکەمی ئازادی و سەربەخۆیی بداتێ کە لایەنگرانی لە سەربەستی بڕیاری سیاسیی دڵنیا بن. بەڵام، لە ئەرزی واقیعدا چ ڕووی داوە: لە یەکەم دادگاییدا، داوای لێبوردنی لە «شەهیدان»، نەک شەهیدانی کوردستان، بەڵکوو لەو کەسانە کرد کە لە سووتاندنی چوار هەزار گوند و ئاگردانیی کوردستان، لە دەرپەڕاندنی ۳ ملیۆن و نیو کورد لە ماڵی خۆی و لە کوشتنی نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەسدا دەستیان هەبووە. لەو ساتەوەختەوە، ئۆجەلان ۱۹۹۹ شەرعییەتی ڕێبەرایەتیی چەند دەیەی خۆی بەتەواوی بردە ژێر پرسیارەوە و، داوای لە تورک و دەوڵەت کرد کە لێی خۆش بن. تەنانەت گوتی: «بۆ ئاشتیی نێوان هاووڵاتییان لە خزمەتی دەوڵەتدام، خواست و لێبڕاویی خۆم بۆ هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری تورکی ڕادەگەیەنم،" [12]. هەموو ئەم سیاسەتانەی دوای ۱۹۹۹ لە درێژەی ئەم قسانەدا بوون کە لە ماوەی کەمتر لە چەند هەفتە پاش گیرانی کردوونی.

هەر ئێستا شەڕی ئێران و تورکیا کەوتووەتە نێو جەرگی ئێمەی کورد و ڕۆژانە تورکیا بست بستی کوردستان داگیر دەکات. پەکەکە هیچ ستراتێژییەکی بۆ بەرگری لە خۆی و لەم شەڕە نابەرانبەرە نییە. لەلایەکەوە هەر لەسەر خوو و خدە و عادەتی پێش ۱۹۹۹ باسی داگیرکاریی دەوڵەتی تورک دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە خۆ لەگەڵ ویستی داگیرکەر دەگونجێنی و، هەوڵ دەدا کورد بۆ گونجاندن لەگەڵ ویستی داگیرکەر بۆخۆی و بۆ لەگۆڕنانی ناوی کوردستان و بەتورکیایی کردنی کورد، ئاسیمیلە بکات. لەلایەکیش

[12] https://www.youtube.com/watch?v=pHPUNF2ckTE

ڕێبەرەکەی ساڵی ٢٠١٤ داوای لە هێزی چەکداری دژی داگیرکەری کرد کە کوردستان بۆ ئەرتەشی داگیرکەر بەجێ بهێڵێ. ئاخر چۆن دەکرێ ڕێبەرێک ناچار بێ بە هێزەکانی بڵێ کە وڵاتەکەتان بۆ داگیرکەر بەجێ بهێڵن با نەبێتە هۆی داگیرکاریی زۆرتریش، بە خۆشی بڵێت ڕێبەرێکی سەرکەوتوو؟

دواتر ئۆجەلان دەستی کردووە بە مەدح و سەنای کەمالیزم، تەنانەت، لە دوو هەرزەکاندا دەیویست پێناسەیەکی نوێ لە کەمالیزم بکات و دەیکوت ئەوانەی کە ئێستا بانگەشەی کەمالیست بوون دەکەن، هیچ کامیان لە کەمالیزم تێناگەن. دەیویست مستەفا کەماڵ وەکوو ڕێبەرێکی لایەنگری دێموکراسیی پێشکەوتوو (ileri demokrasi) بناسێنی و ئەگەر هێرشی دەرەکی ناوخۆیی مەجالی دابا، مستەفا کەماڵ دێموکراسیی پێشکەوتوویی لە تورکیا سەقامگیر دەکرد. تەنانەت، لە کتێبی "بەرگریکردن لە گەلێک"دا، لە بەرانبەر شێخ سەعیددا بەرگری و داکۆکی لە سیاسەتی دژە کوردیی مستەفا کەماڵ دەکات. هەر ئەو ئاتاتورکەی کە لە ١٩٩٢دا کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ کە ئایدیۆلۆژییەکەی تورکیای تووشی ئاچمەز کردووە، نەک هەر لە باری نەتەوەیی‌یەوە، بەڵکوو لە باری پێشکەوتنی دێمۆکراسیشەوە.[13] لەگەڵ ئەوەیشدا، ئوجەلان لە وتوێژێکدا لە ساڵی ١٩٩٦ ئاتاتورک و کەماڵیزم بە دەسکردی زایۆنیزم و کۆلۆنیالیزمی ئینگلستان نێوزەد دەکات.

**پرسیار**

لە پۆستەکانی خۆتدا بەشێک لە کتێبێکی ئۆجەلانت دانابوو و، لەوێدا باسی ڕۆژئاوای کوردستان کرابوو کە لە بنەمادا کوردەکانی، خەڵکی باکوورن و بەشێک بوونە لە ڕەعییەتی عوسمانی کە دوایی هاتوون بۆ سووریا. هاوکات دەڵێ پاش دروستبوونی دەوڵەتی سووریا خەڵکی باکوور چوونە ئەم شوێنە، تەنانەت باسی "جەبەل اکراد" یان "چیای کۆرمێنج" لە باشووری لازقییە دەکات کە کورد چوونە ئەوێ، کورد خەڵکێکی خۆجێیی نییە، بۆیە ناتوانی باسی بوونی کوردستانێکی سووری بکەی، تەنیا دەتوانین بڵێین کوردی سووریا. لێکۆڵینەوەیەکم هەیە و وەکوو بەشێک لە کتێبیش چاپ بووە کە لەوێدا باسی ئەوەم کردووە لێکۆڵەرەکان دەڵێن پاش سەرکەوتن بەسەر خاچپەرەستاندا، سوڵتانە ئەییووبییەکان سیستەمی دەرەبەگایەتییان لە سووریا دامەزراند و بەم شێوەیە ڕێگەیان دا بە نیشتەجێبوونی چەندین هۆزی گەورەی کورد لە سەرەتای هەزارەی

[13] https://www.youtube.com/watch?v=8htjLNpI_Bs

پێشوودا. سەرچاوە مێژوویی‌یەکان باس لە نشینگە کوردییەکانی بەرزایی‌یەکانی سووریا دەکەن و دەقیقەن ئەو ناوچەیەی پێی دەڵێین "جەبەل اکراد" بۆ نموونە حسنالاکراد لە چل کیلۆمەتریی ڕۆژئاوای حمس هەڵکەوتووە. لێکۆلەر کێست دەڵێ ئەم ناوە پاش ساڵی ١٠٣١ی زایینی درایە قەڵاکە و ئەوکاتە کورد لەوێ هەبووە، کاتێک مرداسەک، ئەمیری حەلەب لەم ناوچەیە بە مەبەستی پاراستنی ڕێگەی بازرگانی، کۆلۆنییەکی سەربازی دادەمەزرێنێ، لە هەمان کاتدا لە باشوور پاش دەرکردنی خاچپەرەستان وەکوو ئیقتاع دەدرێتە میرێکی کوردی هەکاری. بەڵام، زۆرینەی دانیشتووانی پێشووش هەر کوردانی ئێزیدی بوون، یانی پێش ئەوەی کوردە موسوڵمانەکان لەوێ نیشتەجێ بن، کوردانی ئێزیدی لەوێ بوون. کێست ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەردەمی کۆنەوە ڕەوەندەکانی کورد بەرەو چیاکانی تۆرس کۆچیان کردووە و لەوێشەوە بەرەو باشوور بڵاوەیان کردووە. لەوێ لەگەڵ گەلانی دێرینی یەکجێ‌نشین تێکەڵ بوون. شەرەفخانی بەتلیسیش دەڵێ، پاش نەمانی ئەییووبییەکانیش، بوونی کورد لە ڕۆژئاوای سووریا و لوبنان و تەنانەت فەلەستینیش بەهۆی دەوڵەتە مرۆپییەکانەوە هەروا پەرەی دەستاند. شەرەفخان بەشێکی تایبەتی شەرەفنامەی تەرخان کردووە بۆ حاکمەکانی کلیس کە ئەوکاتە ڕووبەری جوغرافییایەکەی لە کلیسەوە بەرەو حەلەب فراوان بووە و سەبارەت بە ڕەچەڵەکی دەسەڵاتدارانی کلیس، شەرەفخان ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەتا گرووپێک لە هۆزە کوردییەکان کۆ دەبنەوە و بەرەو شام وەڕێ دەکەون، لەوێ دەچنە ملازمەتی سوڵتانی ئالی ئەییووبی ناحیەی قوسەیت کە لە نزیکی ویلایەتی ئەنتاکییەیە وەک سەنجەق باسی عەفرین و ئەوانە دەکەین، کتێبەکە لەسەر عەفرینە. سنجەق بۆ من دەسنتیشان دەکات و ئەویش تابیعەکانی لەوێ گەرمیان دەکەن و برێک لە کوردانی ئێزیدی و هەندێ کوردی دیکە کە پێشتر لەوێ دەژیان، لە دەوری سەرۆک هۆزێک کۆ دەبنەوە و پێکەوە بەیعەت لەگەڵ سوڵتانی ئەیبووبی دەکەن و جارێکی دیکەش سوڵتان میرنشینی کوردی شام و حەلەب دەداتەوە بەو سەرۆک هۆزە. مانایەکەی ئەوەیە پێش ئەوەی حاکمییەتی ناوچەی کلیسیش هەبێ، حاکمییەتی کورد لەو ناوچەیە هەبووە؛ لە عەفرین و لە ڕۆژئاوا بە گشتی زیاتر لە هەزار ساڵ بەرلە ئێستا کورد نیشیەجێی ناوچەکە بووە. لە حالێکدا ئۆجەلان لە کتێبەکەیدا کوردانی چیای کوردمانج وەکوو هەڵاتووانی عوسمانی دەناسێنێ کە چوونەتە چیای کورمانج و بە باوەڕی ناوبراو، ئیدعایەکی نادروستی وەها شەرعییەت دەدا بە بانگەشەی سووریا کە لە خاکی ڕۆژئاوادا بێگانەن.

**وەڵام**

ئەم جۆرە خوێندنەوە و لێکدانەوەیە بەتایبەتی بۆ کەسێک کە کێشەی لەگەڵ خوێندنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەزەلی هەیە، زۆر بێمانایە. گەرچی من هاوڕای خوێندنەوەی ئێوە لە مێژوویی کوردستانی ڕۆژئاوام، تەنانەت، ئەگەر خوێندنەوەی ئۆجەلانیش دروست بێ (کە نییە)، شتێک لە شەرعییەتی مافخوازیی کوردانی رۆژئاوا کەم ناکاتەوە. بیلادی شام کە بەشێک لە عوسمانی بووە، لە ١٩٤٠ بەم لاوە ٤ ولاتی فەلەستین، ئیسڕاییل، سووریا و لوبنانی لێ ساز بووە. بۆچی دوای ڕوخانی عوسمانی، تەنیا سازبوونی کوردستانێک لەنێو ئەو ٤ وڵات و ٣ دەوڵەتەدا حەرامە و تەنیا دەوڵەتی کوردی لە زەینی کوردیشدا میوەی مەمنووعەیە.

ئێمە باسی سەردەمێک دەکەین کە ئۆجەلان لە سووریا بوو. ئەوە بەڕاستی شتێکی سەیرە، جیا لە هەوڵدان بۆ پشتگری بانگەشەی درۆیینی دەوڵەتی سووریا، هیچ پاساوێکی تر بۆ ئەم خوێندنەوە هەڵەیەی ئۆجەلان نییە. خودی سووریا زۆر دواتر، لە ١٩٤٣دا ساز بووە. پێش ١٩٤٣ شتێک بەناوی سووریا نەبووە. یانی ئەو سووریایەی ئیستا ئیمکانی هەبوو کە بەتەنیا ٣ دەوڵەتی جیاوازی لێ وەپاش بکەوێت: لوبنان، دەوڵەتی سوننە و دەوڵەتی دەرووز. شامی مێژوویی‌یە، هیچ کاتێک پێکهاتەکی سیاسیی سەربەخۆ نەبووە. زۆرتر وەکوو ناوچەیەک ئیرجاعی پێ دەدرا؛ وەکوو عێراقی عەجەم یان عێراقی عەرەب. ئیرجاعی مێژوویی بە کوردستان، کاراکتەری سیاسیی و ئێتنیکییەکەی زۆر بەرجەستەتر بووە لە جوغرافیای بلاد الشام، ئەویش بەو کاراکتەرە ئێتنیکییە ناڕوونەی بوویەتی.

هەروەکوو ئاماژەم پێ کرد، ئەوکاتەی کە سووریا لەژێر دەسەڵاتی فەڕانسەشدا بوو، ئەگەری ئەوەی هەبوو کە دەوڵەتێکی بۆ دەرووز، دەوڵەتێکی بۆ مەسیحییەکان و دەوڵەتێکیش بۆ زۆرینەی سوننە لەسەر بنەمای نەتەوە سیستەمی سەردەمی عوسمانی لێ دروست بێت. فەڕانسە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی لەسەر بنەمای دینی و پێناسەی دینی لە نەتەوە، بۆ خەڵک بە ڕەوا دەزانی. بۆیە سەرەڕای دژایەتیی کوردان، کوردی وەکوو بەشێک لە زۆرینەی سوننە لەقەڵەم دەدا. فەرانسە ئامادە نەبوو لەسەر بنەمای ئێتنیکی ،کورد وەکوو کەمینەیەک قەبووڵ بکات، چونکە کورد کەمینەیەکی مەزهەبی نەبوو. دەوڵەتی فەڕانسە دەیویست کوردیش بەشێک لەو دەوڵەتی سوننە بێت و هەربۆیەش لە یەکەم ڕۆژەکانی حاکمییەتی دەوڵەتی کۆڵۆنیی فەڕانسەوە، کورد لە

بلادالشام بێ ماف مایەوە، چونکە لە بەرژەوەندیی فەڕانسەدا بوو کە دین بکاتە بنەمای مافی سیاسیی.

لە پەیوەندیی لەگەڵ سووریای ئیستاوە، کە نەبوو بە سێ دەوڵەت، زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر کێشەکانی فەڕانسە لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا. بەهۆی داگیرکرانی بەشێکی فەڕانسە و سازبوونی ئەو دەوڵەتەی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لایەنگری هیتلێر بوو، فەڕانسە کاریگەری و دەسەڵاتی نێونەتەوەیی‌یەکەی زۆر دابەزی. ئەوەش وایکرد کە لە سووریاش، ئینگلستان دەستی باڵای هەبێت و بەهۆی تێکەڵاویی ئینگلستان لەگەڵ عەرەبی سوننە، بەڵانسی هێز بە قازانجی عەرەبی سوننە و ویستی ئەو شکایەوە.

لەوەیش گرینگتر، بڕوا بە بەردەوامیی هەر سیستەمێکی ئیمپراتۆری لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەدا، ئەو بۆچوونە دەکات بە بۆچوونێکی کۆڵۆنیاڵ. بۆیە ئەگەر ئیمپراتۆریی عوسمانی لە شامیش مابایەوە، چونکە دەبوو بە درێژەی هێز و دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری کە ئەوکات دەبوو بە میرات بۆ گرۆپی ئتنیکی تورک، ئیمپراتوری سیستەمی پێش مافی نەتەوەکان بۆ سەروەری گشتییە، بۆیە درێژەی دەسەلاتی ئیمپراتوری لەدەست ئیتنیکێک یان نەتەوەیکدا بە زەرەری نەتەوەکانی تر شەرعییەتی نەدەبوو و دەبوو بە جۆرێک لە کۆلۆنیالیزم. درێژەی هیچ ئیمپراتۆرییەک لەگەڵ ویستی خەڵکان و گرووپە ئیتنیکییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا ناگونجێ. دەبێ ئەوە وەکوو ڕاستییەک لەبەرچاو بگیرێ کە درێژەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری لە ئەساسی خۆیدا دژی ژیانێکی ئازاد و دێمۆکراتیک و مافی نەتەوەکانە. لەبەرئەوەی کە مافی ڕێبەرایەتی، سەروەری و نوێنەرایەتی لە خەڵک دەستێنێ. بۆیە هەر جۆرە سیستەمێکیش کە درێژەی دەوڵەتێک بێت کە لەسەر بنەمای حاکمییەتی گرۆپێکی ئەتنیکی میراتگری ئیمپڕاتۆری دامەزراوە یان بەشێوەیەک پێوەندی بە درێژەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیمپڕاتۆریی پێش دەوڵەت-نەتەوەوە هەیە، ئەوە ئێستا بووە بە سیستەمی کۆڵۆنیاڵ و هیچ جۆرە پاساو و شەرعییەتێک بۆ درێژەکەی نییە. چونکە مافی "خەڵکەکەی" لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی لەژێر پێ ناوە. هەربۆیە گرینگ نییە کە ئەم هیزە کۆڵۆنیاڵ و ئیمپڕاتۆرییە لە دوورە وڵاتانەوە هاتبێت یان دراوسێی خۆت بێ.

ئۆجەلان لە پەیماننامەی کەجەکەدا کێشەیەکی زۆر جیددی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوە لەسەر بنەمای مافی چارەی خۆنووسین هەیە، بەڵام دێمۆکراسی بناغەکەی مافی سەروەریی نەتەوەیی‌یە کە ڕێگە بە خەڵک دەدات لەسەر مافی نەتەوەبوون پێداگر بن

و، خۆ بە سەرچاوەی ئیرجاع بۆ شەرعییەتی مافی خۆی بناسێنێت. بۆ ئەوەی بۆخۆی دیاری بکات کە ئەو وەکوو نەتەوە کێیە و بڕیار لەسەر ئیستا و داهاتووی خۆی بدات و، ئەگەر هێزێک لەمپەر بێت لەبەردەم مافی سەروەریی نەتەوەیەک، شێوەیەک لە داسەپاندنی ئیرادەی کۆلۆنیالیستییە. هەموو هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاکامی پرۆژە کۆلۆنیاڵیستییەکانە و، نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکە مافی ئەوەی هەیە کە خۆی لەم دۆخە ڕزگار بکات. چۆن لوبنانییەک بە مافی خۆی دەزانێ و پێی ڕەوایە کە سەروەریی خۆی هەبێت، بۆ نەتەوەی کوردیش ڕەوایە کە سەربەخۆ بێت. کوردیش سەردەمانێک وەکوو لوبنانییەکان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی و قاجاردا بوو، بۆیە ئەویش ئێستاش مافی ئەوەی هەیە کە وەکوو وڵاتە پاش-ئیمپراتۆرییەکان بۆخۆی قەدەری خۆی دیاری بکات، جا لە سووریا بێت یان لە هەر جێیەکی دیکە.

**پرسیار**

بەڕای جەنابتان ئەم سەرلێشێواوییە لە ڕووی تێنەگەیشتن و کەمزانینیانە، یان پلان و پرۆژەیەک لەپشت ئەم سەرلێشێواوییە هەیە کە بۆ ئەم ڕێکخراو و تەڤگەر و نەتەوەکەمان دروست کراوە بەداخەوە؟

**وەڵام**

ناتوانم بە متمانەوە بڵێم ئەو ڕێبەرانەی لە قەندیلن، لەم شتانە حاڵی نین. نازانم، چونکە لەنێو پەکەکەدا جۆرێک بار هاتوون کە لە وێدا جیابوونەوە، جۆرێک لە ئیرتدادی حیزبییە و، پرسیار و جیاواز بیرکردنەوەش لە ڕابردوودا هەڵسوکەوتی خوێناویی لەگەڵ کراوە. دیارە وەکوو ئالتووسێر دەڵێت، ئایدیۆلۆژی لە زاتی خۆیدا کۆیلەتی دێنێت. لە لایەکی دیکەشەوە، نەبوونی فەزایەکی یاسایی بۆ سیاسەتی کورد، هەموو حیزبێکی کوردی بە بەردەوامی لەگەڵ هەڕەشەی فیزیکی ڕووبەڕوو دەکاتەوە، کە زۆرجار ئازادیی نێو حیزبیش دەکاتە هەڕەشە و زمینەی لێکدابڕانی حیزبی. هەمووی ئەمانە تێفکرینەوەی بەردەوام لە ستراتیژیی حیزبی کوردیدا یان نامومکین کردووە یان لەوپەڕی خۆیدا سنوورداری دەکات. بە شێوەیەکی سروشتی ئەو کەسانە، گەرچی ناچارن ڕۆژانە تەزاهۆر بە بوونی ئازادیی نێو حیزب بکەن، کەچی لەوپەڕی خۆیدا لە ئازادییەکی وەها دەترسن. ئایدیۆلۆژیی داخراو نەزمێکی هزرییە کە لەسەر هێندێک پرەنسیپ و سوغرا و کوبرای تایبەت دامەزراوە. کەمترین شک لەو پرەنسیپانە هەم بۆ ئایدیۆلۆگەکان ترسێنەرە و، هەمیش دەتوانێ باوەڕمەند بۆ قووڵاییی دۆڵی بێباوەڕی هەڵدێرێ.

هەموو ئەو کەسانەی ئێستا لەنێو پەکەکەدان، ڕێبەرایەتیی ئۆجەلان و ئەسڵەحییەتی سیستەمی فیکریی ئەویان بێمەرج قەبووڵ کردووە. لایەنگرێکی پەکەکە ڕۆژانە دەبینێ کە دەوڵەت-نەتەوەی تورک ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت، چەک و تەکنۆلۆژیی بەهێزتر و پێشکەوتووتر لە سنوورەکان دادەنێ. تەنانەت کفری و کەلاریشی لە گەریلا کردووە بە سنووری ئەمنییەتی تورکی. بەڵام، گەریلا هەوڵ دەدا کە هەموو کەس قانع بکات کە سنوور نامێنێن. کە ئەوە بە واتایە کە واقیعییەتی ماددی و عەینی ناتوانێ بە ئاسانی لەسەر باوەڕ و ئایدیۆلۆژیەک کاریگەر بێت، ئەوە موعجیزەی باوەڕە. بەتایبەتی لە ژینگەیەکی بەستراودا کە تووشی بیری جیاواز نەبێت. شیعە هەزار ساڵە هەموو جومعان چاوەڕوانی مەهدییە، هەزار ساڵیشە نەهاتووە و قەتیش نایەت، بەڵام نەهاتنی مەهدی لە جومعەی داهاتوو و لە جومعەکانی داوای ئەویشدا، کاریگەریی لەسەر باوەڕی مرۆڤی باوەڕمەند نابێت. ئەو باوەڕە هەر لە بنەمادا لە سایەی لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە کۆمەڵێک لە واقیعییەت قبووڵ نەکراوە تا ئێستا بە دیتنی کۆمەڵێک واقیعییەتی دیکە گۆڕانی بەسەر دابێت.

لۆژیکی ئایدیۆلۆژیک، وەکوو لۆژیکی مەزهەبی بازنەییە و بەئاسانی تەحەمولی کێشە و دژبەیەک بوونی زاتی و دەروونیی خۆی هەیە. بۆ وێنە، شیعەی ١٢ ئیمامی لە مێژوودا هەموو حکومەتێکی پێ غاسب بووە، چونکە حاکمییەت پاوانی ئیمامی مەعسوومە. بەڵام، لەنێو هەمان لۆژیکەوە ویلایەتی فەقیهی هێناوەتەدەر کە وەلیی فەقیە نە ئیمامە و نە مەعسووم. بەڵام، خۆمەینی دەڵێ لەبەرئەوەی وێدەچێ ئیمامی مەعسووم هەزار ساڵی دیش نەیەت، حکومەتی مەلا واجبە. لە حاڵێکدا لە ئەساسی باوەڕەکەدا، مەسەلەی درەنگ یان زوو هاتنی ئیمامی مەعسووم هەر جێی باس نییە و نابێ هیچ شتێک لە ناشەرعییەتی حاکمییەتی غەیرە مەعسوم (جا مەلا یان سەر ڕوورت) بگوڕێت.

ڕۆژێک ئۆجەلان دەیکوت "کەمالیزم دەستکردی زایۆنیزم و بەریتانیایە" (بڕوانە رهبریت و خلق، ٣٨)، بەڵام ئێستا دەڵێت نە کورد و نە تورک لە مستەفا کەماڵ نەگەیشتوون. تەنانەت، دەڵێ خەتای بەرەی کۆنەپەرەستی، شێخ سەعید و بەریتانیا بووە کە پرۆژەی بەناو "دێمۆکراتیکی" ئەتاتورک سەرکەوتوو نەبووە. بۆیە دەڵێت کە «یاخیبوون[ی شێخ سەعید] هەموو ڕێگە بنەماییەکانی چارەسەریی [پرسی کورد] لەنێو دەبات. مەیلی تەسفییە و ئاسمیلەکردن تەواو دەکات بە مژارێکی سەرەکی. لە ڕاپەڕینەکەدا مستەفا کەماڵ هەست بە هەڕەشەیەکی جیددی دەکات کە خەلیفە و

ئینگلستان و هێزە نێوخۆیی‌یەکانی لایەنگری، دەیانەوێ لە ڕێگەی هەوڵی هاوبەشیانەوە کۆمار[ی تازە بنیاتنراوی تورک] بڕووخێنن. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەم هەموو توندوتیژییە بوو کە [لەلایەن دەوڵەتی تورک]ەوە بەکار هێنرا. چونکە زیاتر لە کێشەیەکی کوردی، [شۆڕشی شێخی] وەک هەوڵێک بۆ ڕووخاندنی کۆمار و هێنانەوەی ئیمپریالیزم و حوکمڕانیی سەڵتەنەتی هاوکاری [ئیمپریالیزم] دەهاتە بەرچاو. ئیتر لە دوای ئەوە، هەموو یاخیبوونەکان لەژێر کاریگەریی ئەم تێڕوانینە هەڵدەسەنگێندران... کاریگەریی بەریتانیا، واتە ورووژاندنی هەردوو لا، ڕۆڵێکی وێرانکەری هەبوو. هەروەها زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا هەمان کاریگەرییان هەبوو، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە نەهێشتنی گەلی ئەرمەن و ئاشووردا هەبوو. ئەگەر ئەوان دەستیان تێوەرنەدابا و، خۆیان تێهەڵنەقوتاندبا، تەسەور ناکرێ ئەم گەلانەش تووشی ئەم کارەساتانە بووبان [کە تووشی بوون]» (بەرگریکردن لە گەلێک، لاپەڕەی ٢٤٨-٢٤٩). بەڵام پەکەکەیەک دەتوانێ لە هەمان کاتدا بەرگری لە هەردووک خوێندنەوەی دژبەیەکی سەرەوە بکات و، وێدەچێ دژبەیەکیان نەبینێ.

هەر ئەو کاریگەرییەی پێشوو، کەسایەتیی ئۆجەلانی دەتوانێ لایەنگرانی بەو باوەڕە بگەیەنێ کە ڕێبەر باشتر دەزانێ سەڵاح و بەرژەوەندیی سیاسیی چییە و پێشی وایە دەبێ حەتمەن حیکمەتێک لە هەڵوێستی دژبەیەکی ڕێبەردا هەبێت. چاو لێبکە، خۆمەینی فەرمانی دەدا کە لاوانی ئێرانی بەکۆمەڵ لە شەڕی دژی عێراق خۆ بەکوشت بدەن. دەیگوت چ بکوژرێن و چ بکوژن، هەمووی بە قازانجی ئیسلامە. بە دەیان هەزار لاو خۆیان بە کوشت دا، بەبێ ئەوەی قەت جارێک بپرسن کە بۆچی دەبێ خودا لایەنگری ناسیۆنالیزمی فارس و دوژمنایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب بکات. یان بپرسێ کە بۆ خودا هێندە دڵی بە ئێرانەوەیە. مەنتیقەکە لە هەردووکیاندا یەکە، خۆ سپاردنە بە حیکمەتی لایەزالی ڕێبەری. نموونەیەکی دیکە، بۆ وێنە ئەگەر دیندارێک بڵێ "حیکمەتێک" لەوەدا بووە کە پێغەمبەری ئیسلام لە یەک کاتدا ١٣ ژنی هەبووە، پەکەکەیی‌یەک بەئاسانی دەڵێ تۆ دژە ژنی. بەڵام، ئۆجەلان سەبارەت بە هەمان شت تەنانەت دەڵێ "من دەڵێم کە کارێکی باشی کردووە. تەنانەت، دەڵێ ئەگەر چەند ژنی تریشی هێنابایە کارێکی هەڵە نەدەبوو. لەبەر ئەوەیکە، دەتوانین ئەوی وەکوو یەکێک لە عاشقە گەورەکان بهێنینە هەژمار" (بڕوانە رهبریت و خلق، ٧٨). تەنانەت، ئۆجەلان، دەڵێت ئیسلامی بەهەڵەداچوویی هەنووکەیی و شەریعەت کە دواتر پەیدا بوونە باسی چوار ژن دەکەن (ە.س. ٧٩. دیارە ئۆجەلان نازانێ کە لە ساڵی ٨ هیجریدا، قورئان هێنانی

ژنی ئازاد (غەیری کەنیز) سنوودار کرد بە ٤ ژن کە پێش پەیدا بوونی فیقیە--یان شەریعەت بە مانای گشتیەکەی--بوو). هەڵەبوونی زانیاری مێژوویی و دینییەکەی زۆر گرینگە نییە. ئەوەیکە گرینگە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا خۆی وەکوو باوکی فێمینیزمی کورد و ژنۆلۆژیی، دەناسێنێ، بە هاسانیی دەتوانێ بیروباوەڕی پێش ساڵی ٨ی هیجری سەبارەت بە ژن پەسەند بکات. بەڵام لەهەمووی ئەوانە ماڵوێرانکەرتر، گوێڕایەڵی بێ بیرکردنەوەی لایەنگرانییەتی کە جیاوازی لەگەڵ تەقلید و گوێڕایەڵی مەزهەبیی نییە.

**پرسیار**

بۆچی دروشمی پەکەکە لە سەربەخۆیی‌یەوە گۆڕدرا بۆ کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیک؟

**وەڵام**

بۆچی دروشمی پەکەکە لە سەربەخۆیی‌یەوە گۆڕدرا، تەنیا دەتوانم ئەم چەند شتەی خوارەوە بڵێم. دڵنیا نیم دروشمەکە یان باشتر بڵێین ستراتێژیی پەکەکە لە سەربەخۆیی‌یەوە دابەزیبی بۆ کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیک. تەنانەت، باسی کۆنفێدڕالیزمی دێمۆکراتیک هیچ پێوەندییەکی بە بانگەشەی لەنێوچوونی دەوڵەت-نەتەوەوە نییە. ڕاستییەکەی هەر وەکوو باس کرا، ئۆجەلان لانیکەم ٣ ساڵ پێش گیرانی هەر بە ڕەسمی، ڕۆژئاوای لە کوردستانی بوون سڕیبووەوە. سەبارەت بەو ساڵانەی کە گوایە پەکەکە گوتاری سەربەخۆیی هەبووە زۆرم لێکۆڵینەوەم کردوە. لە ڕاستیدا هیچ پرۆژەیەکی جیددیم نەدیتووە کە ڕوونی بکاتەوە پەکەکە چۆن دەیویست «کوردستانی یەکگرتوو و گەورە» بێنێتە دی یان لە چ ڕێیەک و بە چ جۆرە ستراتێژی و هەنگاوێکەوە کوردی بەرەو ئامانجێکی وەها دەبرد. تا کاتی سەربەخۆیی کوردستان، چ جۆرە هەڵسوکەوتێکی دەبوو لەبەرانبەر هەر یەک لەم وڵاتانەی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوون، یان خەونی کوردستانی سەربەخۆی چۆن دەکردە واقیعێکی بەرهەست و ماددی. تەنانەت، باسی کوردستانی سەربەخۆ زۆرتر وەکوو دروشمێک دەچوو کە لە نێوخۆی کورددا سەمپاتی و لایەنگرێکی زۆر جیددیی بۆ پەکەکە دروست کرد.

لە سایەی ئەو نووسینانەمەوە لەسەر پەیماننامەی کەجەکە، ویستوومە هەرچی زیاتر لەگەڵ مێژووی ئەم ڕێکخراوەیە ئاشنا ببم. بۆیە زۆرم هەوڵ داوە کە نووسینەکانی ئۆجەلان بخوێنمەوە و گوێ لە وتووێژەکانی ڕابگرم. ئێستاکە تەواو وەشک کەوتووم کە ئامانجی سەرەکیی ئۆجەلان وەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بووبێ. هەربۆیە، لێرە بە کورتی چەند شت باس دەکەم کە هیوام وایە بتوانم لە داهاتوودا هێندێک لێکۆڵینەوەی وردتر و جێی متمانە لەم بارەیەوە پێشکەش بکەم.

هەر لە ساڵی ١٩٩٣، یانی شەش ساڵ پێش گیرانی، ئۆجەلان لە کۆبۆنەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کێشەی کورد دێنێتە نێو گوتاری کۆسپ بوونی کەمالیزم لە پێش چارەسەری پرسی نەتەوەیی و دێمۆکراسی لە نێوخۆی تورکیا. هەر لەم کۆبوونەوە ڕۆژنامەوانییەدا کە لە لوبنان گیرا و جەلال تاڵیبانیش بەشدار بوو، ئۆجەلان پەیامی بۆ تورکیا نارد کە بەتەمای جیابوونەوە لە تورکیا نییە. دیارە وێدەچێ بە ئەنقەست هێندێک شتی دژبەیەک بڵێ کە سەرلێشێوێنەرە، بەتایبەت بۆ پێشگرتن لە بێ هیوایی لایەنگران و کێشەی نێو حیزبی. لەم کۆنفڕانسەدا، ئۆجەلان دەڵێ کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەوە "دەیانهەوێ ئارەزووی لایەنی نێونەتەوەیی، تورکی و کوردستانی بۆ ئاشتی بهێننە دی، دەمانەوێ ڕابگەیەنین کە ئێمە بۆ ڕێگاچارەیەکی موحتەمەلی سیاسیی ئامادەین ... ئێوەش دەزانن کە چەکدانانی یەکلایەنەی ئێمە لە خۆکوژی خراپترە ... مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە ئایا دەوڵەت ئامادەیە ڕیگاچارەی سیاسیی بگرێتە پێش یان نا؟ دەیهەوێ خوێنڕشتن ڕابگرێ یان نا؟ ئایا هێندێک تەزمیناتی یاسایی دەدات بە کورد یان نا؟ ئەگەر وەڵامی ڕوونی ئەم پرسیارانە بداتەوە، ئێمە دەتوانین ئاگربەستەکە بکەینە هەمیشەیی ... ئێمە ئامادەین بۆ چارەسەرێکی سیاسیی ... بەڵام تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر پرسی یەکپارچەیی [تورکیا]، بۆچوونی ئێمە، جیابوونەوەی زوو و دەستبەجێ لە تورکیا نییە. ئێمە لەم بارەیەوە واقیعبینین. کەسیش وا تێنەگات ئەمە تاکتیکە، هۆکاری ئەم شتە زۆرن. ئەو کەسانەی ئاگاداری هەلومەرجی مێژوویی، سیاسیی و ئابووریی ئەم دوو گەلی [تورک و کورد]ەن، دەزانن پارچەپارچە کردنیان مومکین نییە؛ وەکوو گۆشت و ئێسقان لێک ئاڵاون. لە زۆر وتووێژدا ڕامگەیاندووە کە ئێمە خوازیاری تەنزیم کردنەوەی سەرلەنوێی پێوەندییەکانی [نێوان ئەم دوو گەلەین]. گرێکوێرەی پێوەندیی هەزار ساڵەمان هەیە.» [14]

لەم کۆنفڕانسەدا نەتەنیا، پرسی کوردستانی گەورە هەر لەگۆڕێ نییە، پرسی کوردی باکووریش وەکوو کێشەیەک لە چوارچێوەی تورکیایەکی دێمۆکراتدا، دەکرێت چارەسەری بۆ ببینرێتەوە. لە حاڵێکدا ئۆجەلان باس لە ئاگربەستی ئەبەدی و خۆپاراستن لە پارچەپارچە کردنی تورکیا دەکات، خوازیاری هێندێک تەزمیناتی یاسایی‌یە کە لە ڕاستیدا بۆ جودابوونەوە پێویستی بە تەزمیناتی یاسایی تورکیا نییە. هەروەکوو باس دەکات دیارە زۆر پێشتریش لە وتووێژەکانیدا، ئۆجەلان ئامانجی خەباتی خۆی وەکوو

[14] https://www.youtube.com/watch?v=8htjLNpI_Bs

هەوڵێک بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی پێوەندیی کورد و تورک ڕاگەیاندووە. هەر لەوە کۆبۆنەیەوە دا، هۆی چەک دانانی یەک لایەنەی پەکەکە، دەگێڕێتەوە بۆ سەر ئیمکانی قەتڵی عام کرانیان لە لایەن تورکیا. بۆیە دەڵێ چەک یەک لایەنە و بێ تەزمیناتی قانوونی بۆ پەکەکە وەکوو هەوڵی خۆکوژییە.

لەوە گرینگتر باسێکی دوورودرێژی ئۆجەلانە لەگەڵ نەبیل الملحم کە لەساڵی ١٩٩٦دا کردوویەتی. لەو باسەدا ئۆجەلان نەتەنیا دژایەتیی بەکارهێنانی ناوی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا دەکا، دەڵێ دروست ئەوەیە کە بڵێی کوردانی سووریا، لەبەرئەوەی ئەوان کۆچبەری عوسمانین. بەڵام، لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە ئۆجەلان لەم وتووێژەدا بەتەواوی لایەنگری فێدرالیزمە، پێی وایە ئەگەر فێدڕالیزم بدرێ بە کورد، هیچ هۆکارێک نامێنێ بۆ ئەوەی کورد داوای سەربەخۆیی بکات. تەنانەت، بانگەشە دەکا کە کوردی ڕۆژهەڵات لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا، لە سیستەمی فێدڕالیزم نزیک بووەتەوە.

هەوڵ دەدەم هێندێک لەم باسەی ئۆجەلان کە لەژێر ناوی «رهبریت و خلق»دایە و، پەکەکە لە عەرەبییەوە کردوویەتە فارسی و بڵاوی کردووەتەوە، لێرەدا بە کورتی بێنمە بەرباس. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٥١دا دەڵێ: "ئێمە دەتوانین لەنێو سنوورەکانی تورکیادا بە دوای ڕێگەچارەی فێدرالییەوە بین." هەر ئەمە نیشان دەدات، ناوبردنی تورکیا وەکوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، تەنیا پڕوپاگەندەیە و ساڵانێکی زۆرە پەکەکە بۆخۆی باوەڕی بەم شتە نییە. هەر لە ١٩٩٦دا لانیکەم بەشێک لە سنوورەکانی کوردستانی بە سنووری وڵاتی «داگیرکەر» زانیون.

دوایی ئەوە الملحم دەپرسێت ئەگەر ئاوا بێ، پڕۆژەی تۆ و مەسعوود یڵماز (سەرۆک وەزیری تورک) یەک دەگرنەوە. ئۆجەلان لە وەڵامدا دەڵێ: "ئەگەر مەسعوود یڵماز بەڕاستی بەدوای ڕێگەچارەی سیاسییەوە بێت، ئێمە ئامادەین. یڵماز قسە لەم جۆرە ڕێگەچارانە دەکات، بەڵام پێم وا نییە سەداقەتێکی زۆری هەبێت. ئەم باسانە زۆرتر لایەنی تاکتیکییان هەیە. ئەگەر لەم ڕێگەیەدا هەنگاو بنێتەوە ... دێمۆکراسی سەقامگیر دەبێ و نەتەوەکان بە ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینە دەگەن ... ئەو نەتەوانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە یەکتر نزیک دەبنەوە و یەکێتی لە نێوانیاندا پتەوتر دەبێت» (لاپەڕەی، ٥١). دیارە ئەوە دەیسەلمێنیت کە ساڵی ١٩٩٣ش، ئۆجەلان مەبەستی لە ڕێگەچارەی سیاسیی هەر شتێکی وەکوو فێدڕالیزم بووە. بەڵام، ئەوکات بە تەقیەیەکی زۆرترەوە باسی کردووە.

دیاره، لەم وتووێژەشدا مەبەستی ئۆجەلان لە سەربەخۆییی ڕاستەقینە، سەربەخۆییی کورد نییە، بەڵکوو وەکوو هەر تاکی چەپی، پێی وا بووە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وابەستەی ئیمپریالیزمن. بۆیەش کوردانی باکوور بە فیدراڵیزم ڕازی بوون و، پێی وا بووە کەشێکی ئاوا دەبێتە هۆی سەربەخۆییی عەرەب، تورک و فارس لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا. بۆیە لە درێژەدا دەڵێ: "بە گوتەیەکی دیکە ئەو گەلانە لە ناوەندەکانی ئیمپریالیستیی ناوچەکە دوور دەکەونەوە... لە پاوانخوازیی سەرمایە ڕزگاریان دەبێت." دواتر دەڵێ: "دەوڵەتێکی دێمۆکرات لە ڕێی دابینکردنی ژیانێکی ئاوا پڕ بایەخ و باش بۆ هاوڵاتییانی و سازکردنی هەلومەرجی ئیش و کار و ئیمکانات بۆ گەلەکان، یارمەتیی بووژانەوەی کولتووریان دەدا. لە هەلومەرجێکی وەهادا گەلان چ هۆکارێکیان بۆ جیابوونەوە هەیە" (ل. ٥١). دوایی دەچێتە سەر باسی فیدراڵیزم لە ئاڵمان، سوئیس، ئیسپانیا و سۆڤیەت، بۆ سەلماندنی نموونەی باشی فێدڕالیزم کە سەرەنجامەکەشی نابێتە جودابوونەوە.

پاشان دەڵێ کە «وا دیارە ئێران بەرەو سیستەمی فیدراڵی دەڕوا. ئێران بوونی ناوچەکانی کوردستان، ئازەربایجان، خووزستان و بەلووچستانی قبووڵ کردووە» (لاپەڕەی ٥١). ١- دیارە ئۆجەلان نازانێ ئەم جۆرە دابەشکردنە جوگرافیاییانە لە زەمانی شا و پێش شۆڕشی ١٣٥٧ کراون. ٢- هەروەها ناشزانێت ئەو دابەشکردنانە تا چ ڕادەیەک کێشەی سنووری ئیتنیکیی ساز کردووە و، دەرفەت و مەجالی بۆ کێشەی ئیتنیکی پێک هێناوە. ٣- هەر ئەو ڕادەیەش لە زانیاریی ئۆجەلان سەبارەت بە ڕۆژهەڵات، نیشان دەدا کە هەرگیز بەشەکانی دیکەی کوردستان گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆ ئۆجەلان نەبووە. کەجەکە و پژاک پرۆژەی تایبەتیی دوایی گیرانی ئۆجەلانن، نەک خولقاندنی گرنگی یەکسانی هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ پەکەکە. دامەزرانی کەجەکە و هەدەپەش گوزارشت لە سیاسەتێکی زۆر جیاواز لە پێش گیرانی ئۆجەلان دەکات کە وەرچەرخانە سیاسییەدا پەکەکە و ئۆجەلان بە ڕاشکاوی شەرعییەتی دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردییان هێناوەتە ژێر پرسیار. وێدەچێ پێشتر باس لە دەوڵەتی کوردی شتێکی ئامرازی بووبێت لەبەر ئەوەی کە هیچ پرۆژەیەکی جیددی بۆ دامەزرانی ئەو دەوڵەتە نابینرێت. بەڵام، ئەو کات دژی دەوڵەتی کوردی نەبوون. ئێستا پرۆژەکە زۆرتر لە پڕۆژەیەک بۆ پێشگرن لە دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی دەچێت.

ئەو ڕستەیەی خوارەوەی ئۆجەلان، دروستیی ئەو بانگەشەیەی من باشتر دەسەلمێنێت کە دەڵێ: "ئەگەر لە عێراق شێوەیەک لە حاکمییەتی کورد بێتە دی، بۆ

دەبێ وەکوو زەربەلێدان لە یەکگرتوویی خاک و دەستێوەردان لە حاکمییەتی ناوەندی بێتە هەژمار؟ لە هەلومەرجی ئێستادا سیاسەتێک کە هەڕەشەیە بۆ یەکپارچەیی و یەکگرتوویی عێراق، ئەو سیاسەتانەن کە لەلایەن سەدام حوسێنەوە بەکار دەهێنران و بە وروژاندنی هەستی دواکەوتووی نەتەوایەتی لەنێو عەرەب و کورد و خەیاڵاتی خێڵەکی، یەکگرتوویی خاکی عێراقی تووشی هەڕەشە کردووە... ڕێگەچارە بۆ عێراق دەوڵەتێکی دێمۆکراتیکە و لەوێدا گەلان بە مافی نەتەوەیی و ئازادییەکانیان بگەن" (هەمان سەرچاوە).

گومانم هەیە سەبارەت بەوەی کە ئۆجەلان بە جیددی بەدوای پڕۆژەی سەربەخۆییەوە بووبێ، هێنانەگۆڕی سیرفی ئەم گوتارە بۆ کورد زۆر بە قازانج بوو. پێم وایە هێنانە بەرباسی پرسی سەربەخۆیی لە لایەن پەکەکەوە لە بنەمادا لە باری دیسکۆرسی و سیاسییەوە، یارمەتییەکی زۆر گەورەی کوردی داوە. بەڵام، لە هەمان کاتدا بۆ من زۆر جێی گومانە کە ڕێبەرانی پەکەکە بەڕاستی و سادقانە و لە دەروونەوە ئیمانیان بە سەربەخۆیی هیچ بەشێکی کوردستان هەبووبێ و هەوڵیان بۆ دابێ. لانیکەم لە ١٩٩٠کانەوە، باسی سەربەخۆیی بەتەواوی پڕوپاگەندە بووە بۆ ناوخۆی کورد و بۆ کۆکردنەوەی هێز. ناوەندێتیی زمان و ئەدەبیات و شێوەی تێڕوانینی پەکەکەش لەمەڕ پرسی کورد، هەمیشە تورکیا-تەوەر بووە. ساڵانێکی زۆر پێم وابوو ئەو گوتانەی خوارەوەی ئۆجەلان لە دوایین ڕۆژی دادگاکەیدا تەنیا تاکتیکی مرۆڤێکن کە لەژێر هەڕەشەی ئیعدامدایە. بەڵام، ئێستا بەوپەڕی داخ و دڵگرانییەوە هەست دەکەم کە لەگەڵ تورک ڕووڕاست بوو کە گوتی: "من هیچ کاتێک هەوڵی خەیانەت بە وەتەن و دابەش کردنی وەتەنم نەبووە.» هەروەها کوتیشی: "بۆ ئاشتیی نێوان هاوڵاتییان لە خزمەتی دەوڵەتدام، خواست و لێبڕاویی خۆم بۆ هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری تورکی ڕادەگەیەنم."[15] بەڕاستی وێناچێ دەستهەڵگرتنی ئۆجەلان لە دەوڵەتی کوردی ئیی چەند حەوتوو زیندانیبوونی بووبێ، بەڵکوو ئەگەری بەهێزتر ئەوەیە کە قەت باوەڕی بە دەوڵەتی کوردی نەبووبێت.

باشترین وێنای ئەو سەرکەوتنە، لەو چەند ڕستەیەی خوارەوەی نوورسەل ئایدۆغان، نوێنەری پارتی دیموکراتی گەلان لە پەرلەمانی تورکیادا، کراوە کە دەڵێ:

[15] https://www.youtube.com/watch?v=pHPUNF2ckTE

دونیا لە گۆڕاندایە، سوریا لە هەلومەرجی گۆڕان و وەرچەرخاندایە. ئەمریکا، روسیا و دەولەتە ئەمپەریالیستەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خەریکی گەمەن. ئەمانە حساب و کتابێکیان هەیە، پیلان و پرۆگرامێکیان هەیە. لە گێرۆداری گۆڕانکاریەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، تەنیا کۆسپ لە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، واتە کۆکردنی کوردەکان لە هەر چوار پارچە بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی مەزنی کوردی، بەڕێز ئۆجالانە. بەڕێز ئۆجالان هەموو کاتێک دەریبڕیوە کە دەبێت کێشەی کورد لە چوارچێوەی تەواویەتی (یەکپارچەیی) خاکی تورکیادا، واتە لە چوارچێوەی سنوورەکانی تورکیا، یان وەکوو دەڵێین لە چارچێوەی میساقی میللی (تورک)دا چارەسەر بکرێت. هەموو چاوپێکەوتنێک، هەموو موزاکەریەک لە دورگەی ئیمرالی بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیک لەسەر ئەم بنەمایە داڕێژراوە...مەبەست چارەسەری کێشەی کورد...بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆ، بڕوا بکەن، ئەگەر پ.ک.ک. واز لەو بۆچوونە بهێنێ بە باوەری من، من وای بیر لێ دەکەمەوە، گەورەترین ئامانجی ئەمریکا، گەورەترین ئامانجا بریتانیا دامەزراندنی دەوڵەتی مەزنی کوردیە. تەنیا هێزێک کە بتوانێ ڕێگری لەمە بکات ئەو پاردیگمایەیە کە بەڕێز ئۆجالان داڕشتووە. بۆیە ئێمە دەڵێین، حیزبی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) دەبێ خوێندنەوەیەکی باشتر لە (ڕەوەشەکە) بکات. [16]

[16] بڕوانە ئەو ڤیدیۆیە: https://www.facebook.com/Behruz.Sucai/videos/494076487438335

## بەشی سێهەم

## کوردایەتی، داگیرکەری و کۆڵۆنیالیزم [17]

**پرسیار**

باسێک هەیە کە زۆر جار دەڵێن ئێمە کۆڵۆنین یا داگیر کراوین؟ ئێمە کامیانین؟ ئایا هەردووکیانین یان یەکیانین؟ جیاوازی و لێکچوونەکانیان چییە؟ بۆ وێنە جیاوازیی ئێمە لەگەڵ کێشەی فەلەستینی کە دەڵێن داگیر کراوە، لە چیدایە؟

**وەڵام**

ئەو پرسیارە زۆر گرینگە و زۆریش دێتە پێش، وڵاتێک دەکرێت هەم کۆڵۆنی کرابێت و هەم داگیریش کرابێت، بەتایبەت لە دوای دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بە دواوە مەسەلەی داگیرکەری مانایەکی حقووقیی جیددیتری پەیدا کردووە. بەو مانایە وەختێک باس لە داگیرکەری دەکرێت شێوەیەک لە ڕەسمییەت و ئیعترافی نێونەتەوەیی لەسەرە. داگیرکەریی ئێستا بە مانای پێشێلکردنی یاساکانی نێونەتەوەیییە. ئێستا دابەشکراوی سیاسیی جوگرافیایی جیهان ڕەسمییەتی نێونەتەوەیی هەیە. تەنانەت، ئەو جێیانەی کێشەشیان لەسەرە دیارن. یانی کۆمەڵێک یاسا هەن کە مانا و چوارچێوەی داگیرکەری دەکەن. بەڵام، بۆ کوردستان بەکارهێنانی داگیرکەری لە باری حقووقی و مافناسییەوە کارێکی ئاسان نییە. بۆیە، بە پێچەوانەی چەمکی کۆڵۆنیالیزم، باسی داگیرکراوی لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا کارێکی ئاسان نییە. کاتێک باس لە مەسەلەی داگیرکەریی فەلەستین دەکرێت، دەیان بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە

---

[17] ئەو بەشە وەڵامی کومەڵێک پرسیارە کە لە لایەن بەڕێز شەهلا خانمی دەباغی ئامادە کرابوون.

مەسەلەی فەلەستین هەیە. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٤٨ بەو لاوە ئەو بەشانەی بە ئیشغاڵی ناسراون، دیارن. داگیرکراو ئەوانەن کە لە ڕوانگەی نێونەتەوەیییەوە داگیرکراو لە قەڵەم دەدرێن و لە چوارچێوەی یاسادا ئەو داگیرکەرییە مەفهووم و مانایەکی یاسایی دیاریکراوی هەیە.

ئێستا، ئەگەر بپرسن کوردستان کەی داگیرکراوە، وەکوو سەنەد و یاسا ناتوانین شتێکی زۆر تایبەتیی یاسایی نیشان بدەین. بەڵام، مەسەلەی کۆلۆنیالیزم دەتوانێت هەم کاریگەریی یاسایی هەبێ و هەم کاریگەریی ئەخلاقی. یانی ئەو باسە ئەخلاقییە دەکرێ سەرچاوە و شەرعییەتی لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا بۆ ببینرێتەوە. کاتێک باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکرێ، باس لە مافی سەروەری دەکرێ، باس لە مافی ژیانی یەکسانیی سیاسیی دەکرێ و ئەزموونی ژیان لەسەر بنەمای کولتوور و زمانی خۆت دەکرێ، باس لە مافی مێژوویی دەکرێت، باس لە هەڵاواردنی ئیتنیکی و زمانی دەکرێ و هەمووی دەتوانن مەجالی دیفاعی سیاسیی- ئەخلاقیی ساز بکەن. ئەو مەسەلە بنەمایییانە بەئاسانی دەتوانن هەم ئیستدلال و ئارگیۆمەنتی ئەخلاقی و یاسایی ئێمەش بەرەوپێش بەرن و هەم دەتوانین باس لە نەتەوەبوونی کورد بکەین. چونکە کورد خۆی بە نەتەوە دەزانێ و ئینکاری نەتەوەیی‌بوونیش ئاسان نییە، ئەوە هێز و سیلاحی ئەخلاقی و سیاسیی دەخاتە خزمەت پرسی کوردەوە.

بۆیە ئەگەر بنەمای دیفاع لە دۆزی کورد لەسەر چەمکی داگیرکرانی کوردستان بنیات بنێین، ناتوانین لە چوارچێوەی یاساکانی نێونەتەوەییدا بیسەلمێنین کە بۆ نموونە چۆن کوردستان بە تارانەوە لکێنرا. ناتوانین دەست لەسەر ڕۆژێک دابنێین کە کوردستان لە لایەن تارانەوە داگیرکرا. بەڵام هەر دەتوانین بڵێین کورد لە سازکردنی ئێراندا یان لە ئێرانی مۆدێرندا، یان لەوەی کە بەشێک بێ یان نەبێت لە ئێران، لەوەیکە ببێتە بەشێک لە وڵاتی فارس-مەرکەزی ئێران، پرسی پێ نەکراوە و ڕای وەرنەگیراوە. دەتوانین بڵێین لە نووسینی یاسای بنەڕەتیی مەشرووتییەتدا کە ئێرانی ساز کرد، دەستی نەبووە. کورد خۆی بە ئێرانی نەزانیوە، هەر ئەو کات دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی بەسەر کوردستاندا، شۆڕشی کردووە. بەڵام لە یاسای نێودەوڵەتیدا نە ئەو کات و نە ئێستا، باسێک لەسەر داگیرکردنی کوردستان نەبووە و نییە. ئەگەرچی هەر ئەو کات سمکۆ باسی هەوڵی داگیرکەرانەی ئێران لە کوردستان دەکات. بۆیە ئێمە دەتوانین ئیستدلال بکەین کە نەتەوەیەکی جیاوازین و کۆلۆنی کراوین. دەتوانین بڵێین جیهان لە باری ئەخلاقییەوە

بەرپرسیارە لەوەی کە بەسەرمان دێت. دەتوانین بڵێین لە ٢٠ەکانی سەدەی ڕابردوودا جیهان و زلهێزەکان مافی ئێمەیان پێشێل کرد.

لەو دونیایەی کە تێیدا دەژین، مافەکان لەسەر بنەمای جیاوازیی نەتەوەیی دیاری دەکرێن. ئێمەش پێویستە وەکوو هەر نەتەوەیەک لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییی ئەمڕۆدا لەسەر ئەساسی ئەوەی مافی نەتەوەییمان زەوت کراوە، بۆ وەدەست هێنانی هەوڵ بدەین. مافمان هەیە کە بە پێی کولتووری خۆمان بژین، خۆمان بەڕێوە بەرین. مافمان هەیە کە مەحکوومی ژیانێکی پڕ لە هەڵواردنی دامەزراوەیی، بێ نسیب لە مافی حاکمییەت و سەروەریی نەتەوەیی و بە بەردەوامی لەژێر هەڕەشەی توانەوە و جینۆسایددا نەبین. هەمووی ئەوانە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی سەروەری کە بنەرەتیترین زامنی ژیانی ئازاد و یەکسان و مانەوەی نەتەوەیەکە، لێمان ستێنراوە. بۆیە ئێمە لە دیاریکردنی قەدەر و چارەنووسی خۆماندا بێبەری کراوین.

**پرسیار**

بە واتایەک داگیرکاری زیاتر دەگەرێتەوە سەر داگیرکردنی خاک؟

**وەڵام**

جیهان دەزانێت کە جوگرافیایەکی مرۆڤی، کولتووری،زمانی، مێژوویی بە ناوی کوردستان هەیە. بەڵام لە یادگەی سیاسیی جیهاندا، کوردستانێکمان بە سنووری سیاسیی تایبەتەوە نییە. ئەگەر باس لە داگیرکرانی کوردستان بۆ غەیرە کورد بکەین، غەیرە کورد لێمان تێناگات، چونکە ناتوانین بەئاسانی باس لە ڕووداوی مێژوویی و ڕێکەوتی پەڕاندنی سنوورەکانی کوردستان لەلایەن داگیرکەرەوە بکەین. بڵێین وەکوو ئەوەی ڕووسیا لە ئۆکراین کردی، ئەگەر ڕووسیا هەموو ئۆکراینیش داگیر بکات، دوای هەزار ساڵی تریش خەڵکی ئۆکراین دەتوانن ئاماژە بە ڕۆژی لکاندنی ئۆکراین بە ڕووسیاوە بکەن، بەڵام باسی داگیرکەریی کوردستان بەو شێوەیە بۆ ئێمە مومکین نییە. لەبەر ئەوەی بەداخەوە، کوردستان وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێی نەناوەتە نێو چەرخی دەوڵەت-نەتەوەوە. کاتێک باسی داگیرکردنی خاک دەکەین، خاوەنداریەتی کورد ئیعترافی سیاسیی نێونەتەوەیی لەسەر نییە. بۆیە بە باوەڕی من دەبێ باسی لە لەژێرپێنرانی مافی نەتەوەییی کورد و لە ڕێی بێبەریکرانی کورد لە مافی سەروەرییەوە بۆ کێشەکە بچین. ئەم باسە بێ ئەملا و ئەولا دەمانگەیەنێتە باسی کۆڵۆنیکرانی کوردستان. ئەوەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسە کە ئایا کورد نەتەوەیە؟ ئەگەر نەتەوەیە، بۆ مافی

نەتەوەیی و سەروەریی نییە؟ کورد مافی نەتەوەییی خۆی چۆن و لەبەر چی لەدەست داوە؟ ئەوە باسێکی سیاسیی و مێژووییە و شەرعییەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دەیانەوێت کوردستانی مێژوویی بێمانا بکەن و پەیوەندیی کورد لەگەڵ ئەو بپسێنن. ئەو هەوڵە لە ڕۆژەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت- نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستی پێکردووە. پێشتر کە کورد دەوڵەت- نەتەوەی نەبووە، فارس و تورک و عەرەبیش دەوڵەت نەتەوەیان نەبووە. عەرەب، کورد و تورک بەشێک بوون لە ئیمپراتۆریی عوسمانی. بەشێکی کوردیش، پەیوەندییەکی پڕ لە کێشەی لەگەڵ بەناو ئیمپراتۆریی قاجار هەبووە. دواتر تورک، عەرەب و فارس مەجالی بۆ پەیدا بوو کە بە شێوەیەک بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام کورد بە زۆر لە بژاردەیەکی ئاوا مەحرووم کرا. لە حاڵێکدا کورد لەپێش عەرەب، تورک و فارس داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کردووە و لە ٧٩-١٨٨٠ دا کورد --بە ڕێبەرایەتیی شێخ عوبەیدیلا-- شۆڕشی یەکێتیی نەتەوەیی و یەک نەتەوەبوونی کوردی ڕاگەیاندووە.

شێخ یەکێتیی نەتەوەییی کوردی وەک بنەمای شەرعییەتی دەوڵەتخوازیی کورد، گەیاندە گوێی دونیا. بە کردەوەش شۆڕشی چەکداریی بۆ ئەو مەبەستە کرد و لە ساڵی ١٨٧٩ دژی خەلیفەی سوننی و لە ساڵی ١٨٨٠ش دژی قاجار ڕاپەڕی. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تازە ٢٦ ساڵ دواتر-- لە بەناو شۆڕشی مەشرووتەدا- فارس باسی سەڵتەنەتی وەکوو ئەمانەتێکی (ودیعەی) خودایی کردووە کە "خەڵک" تەنیا دەتوانێت لە ئیختیاری شای بنێن. بەڵام کورد داوای جیاوازیی نەتەوەییی خۆی لەسەر بنەمای مافی سەروەریی گشتی کردووە. یانی هەر لەو کاتەوە سیاسەتی کورد تەنیا مەرجی شەرعییەتی حاکمییەتی سیاسیی، لە نەتەوەییبوونی حاکمییەتدا دیوە. بۆیە بە شێوەیەکی مێژوویی، ویستی نەتەوەیی و ئیرادەی سیاسیی کورد لە پێش گەلانی تردا، بە شێوەکی جەماوەری لە چوارچێوەی شۆڕشی شێخ عوبدیلادا ڕاگەیەنراوە. دواتریش لە لایەن سمکۆ (کرمانج)، شۆڕشی کۆچگیری بە ڕێبەرایەتیی عەلی شەن بەگ (کوردی عەلەوی)، شۆڕشی شێخ سەعید (زازا) و شێخ مەحموود (سۆران) دووپات کراوەتەوە.

کوردستان لە مێژوودا مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی لێ ستێنراوە و بە بەردەوامیش سەرکوت کراوە، قەتلوعام و جینۆساید کراوە تا ئیمکانی دەربڕینی ئیرادەی سەروەریخوازیی نەمێنێت و لە ژێر فۆرمی جۆراوجۆری کۆڵۆنیکردندا بتوێتەوە. بەکۆڵۆنیکردن یانی ستاندنی ئیمکانی دەربڕینی ئیرادەی نەتەوەیی کە لە لایەن نەتەوەیەک یان وڵاتێکی ترەوە دژی نەتەوەیەک دەکرێت. لەو ڕێیەوە وڵات یان

نەتەوەی زاڵ بۆ درێژەدان بە حوکمی ناشەرعی و سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر نەتەوەیەکی تردا، ئیرادەی نەتەوەی بندەست تێک دەشکێنێ و ڕێگا نادات نەتەوەی بندەست خۆی پێناسە بکات و پێداگری لەسەر جیاوازیی نەتەوەییی خۆی بکا. بەڵکوو مەجالی هەموو جۆرە قسەیەکیشی سەبارەت بە چارەنووسی بەکۆمەڵی خۆی لێ دەستێنێ. تەنانەت لە درێژخایەندا وا دەکات کە باسی جیاوازیی نەتەوەی بندەست ببێت بە کێشەیەکی ئەخلاقی یان تەنانەت نەتەوەی بندەست لە باری سایکۆلۆژیشەوە، ورەی جیاواز دیتن و جیاواز پێناسەکردنی خۆی نەمێنێت. لە هەموو ئەو کەسانە دەپرسم کە گرفتیان لەگەڵ باسی کۆڵۆنیکرانی کوردستان هەیە، ئایا ئێستا کورد هەموو ئەو کێشانەی نین؟ ئەگە بەڕاستی کورد نەتەوەیە، ئایا کورد خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی؟ ئەگەر بە نەتەوەی دەزانن و پێتان بندەستە، بندەستیی نەتەوەیی یانی چی؟ مەگەر ئەوە هەمان کۆڵۆنیالیزم نییە؟ ئایا هیندوستانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا، لە کورد زیاتر ئازادیی قسەی سەبارەت بە چارەنووسی خۆی نەبوو؟ دیارە، هیندوستانیش پێش کۆڵۆنیکرانی دەوڵەت-نەتەوە نەبووە. بەڵام بەشێک لە نوخبەی کورد بە ڕادەیەک گوتاری «ئەوی دیکە»ی کوردی سەبارەت بە کورد، دەروونی کردووە کە لە کردەوەدا ناتوانن کورد وەکوو نەتەوە ببینن. هەر بۆیەش ناتوانن قبووڵ بکەن کوردستان کۆڵۆنیکراوە.

جا لەبەر ئەوەی کوردستان، نیشتمانی مێژوویی نەتەوەی کوردە، لە باری جوگرافیاییشەوە پێکەوە نووساوە، مافی کوردە هەر جۆرە حزوورێکی نەخوازراوی ئەوی دیکەی خۆی، بە داگیرکەری بزانێت. بەو پێیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ حزووری نەخوازراوی ئەوی دیکەی خۆی، هەبێت. چونکە کورد نە تەنیا خاوەنی مێژوویی جوگرافیایی کوردستانە و هەوڵی سەد ساڵی ڕابردووی دەوڵەتانی زاڵ بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی کوردستان و جێگۆڕکێ بە کورد، گەورەترین شایەتی ئەو ڕاستییەیە. بە سەدان جۆری هەوڵی گۆڕینی دێمۆگرافی و جێگۆڕکێ کردنیان بە کورد، گوزارشت لەو ڕاستییە مێژووییە دەکات. ئەوە شایەتی دەدات کە لەگەڵ ئەوەی کە سنووری کوردستان ڕەسمییەتی جیهانی و یاسای نێونەتەوەیی نییە، خاوەنداریەتی کورد لەو جوگرافیایە لە ڕوانگەی دەوڵەتانی زاڵەوە شەرعییەتی ئەخلاقی و سیاسیی هەیە. تەنیا ڕێگای پێشگرتن لە شەرعییەتی بانگەشەی کورد، دوورکردنەوەی کورد لە زێدی خۆیەتی و، ئەوەش گەورەترین سەلمێنەری کۆڵۆنیبوونی کوردستانە.

بەڵام گەورەترین کێشە لێرەدا گوتاری پارتی سیاسیی کوردییە. لە باری گوتارییەوە کوردیان تووشی سەرلێشێواوییەکی زۆر جیددی کردووە و زۆر لە هەوڵی دەوڵەتانی زاڵ

مەترسیدارترە. ڕۆژانە گەورەترین مەسەلە مێژوویی‌یەکانی کورد لە مانا بەتاڵ دەکەن و بە ئیبتزالیان دەکێشن. بۆیە ڕوونە نییە چ چەمک و دەستەواژەیەکی سیاسیی، بە چ مانایەک و بۆ چ مەبەستێک بەکار دەهێنن. ئەگەر هێزێکی سیاسیی بەڕاستی پێی وابێ کوردستان داگیر کراوە، یەکەم، ئەو هێزە، هێزێکی ناسیۆنالیستیی کوردییە. دووهەم، پرۆژەی سیاسیی و ستراتیژییەکەی دەبێ لەسەر مێحوەرییەتی ڕزگاریی کوردستان لە داگیرکەری بێ. سێهەم، هێزێکی ئاوا ناتوانێ هەم بڵێ کوردستان داگیرکراوە و هەم سیاسەت و یاسای هێزی داگیرکەریش لە کوردستان پەسەند و پەیڕەو بکات. چوارەم، ناکرێ کوردستان وەکوو بەشێک لە وڵاتی داگیرکەر بناسێت و بشڵێت کە دەبێ یەکگرتوویی وڵاتێک کە کوردستانی داگیر کردووە، بپارێزرێت. ناکرێ هەوڵی پەرەپێدانی کولتووری و سیاسیی تورکیایەتی و بەتورکیا کردن یان ئێرانچییەتی و بەئێرانی کردنی کورد بدات. ناکرێت هەم تورکیا بە وڵاتی داگیرکەری کوردستان بزانێت و هەم لە سەر ویستی تورکیاش داوا لە هێزی پارێزەری نەتەوەییی کوردستان بکات کە کوردستان بەجێ بهێڵێت. بەڕاستی ئەو لۆژیکە سیاسییە لە هەموو جیهاندا نموونەیەکی تری نییە.

دەکرێ ئەو هێزانە باسی داگیرکراوی کوردستان نەکەن. دەتوانن داوای ماف لە چوارچێوەی قەوارەی دەوڵەتی تورک یان فارس بکەن. بەڵام، هەم دەوڵەتی غەیرە کورد لە کوردستان بە داگیرکەر زانین و هەم چاولێکردنیان لەو دەوڵەتانە وەک دەوڵەتانێک کە حاکمییەتیان بە سەر کورددا شەرعییەتی هەیە، لۆژیکێکی سەرسوڕهێنەرە. بەتایبەت کە سیاسەتی بەتورکیای کردنی کورد ڕەچاو دەکەن و شتێکی زۆر زۆر مەترسیدار و دژە کوردە. ناکرێ هەم لەسەر بنەمای خۆ جیاوازکردنەوەی نەتەوەیی، نەتەوە و دەوڵەتی ئەوەی دیکەی کورد بە داگیرکەر بزانی و هەم سیاسەتی سەد ساڵەی ئەو دەوڵەتەش بۆ تورکاندن و بەتورکیا کردنی کورد، وەستۆی خۆت بگری. بەتایبەت کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا، کورد لە بەرامبەر بەتورکیایی کراندا بەرخۆدانی کردووە. بەتایبەت کە تورکیا تەنیا وڵاتێکی زاڵ لەسەر کوردە کە ناوێکی تەواو ئیتنیکی و پڕ لە ئینکارگەریی کوردی بۆخۆی هەڵبژاردووە.

یاسای بنەڕەتیی تورکیا دەڵێت کە ئەو یاسایە لەسەر بنەمای ناسیونالیزم کمالیستی دامەزراوە کە بریتییە لە یەکێتیی نەتەوەیی و لێکدانەبڕاوی نەتەوەی تورک و خاکی تورکیا و بایەخەکانی نەتەوەی تورک کە ئەوەش یەکێک لە ۳ مادەی نەگۆڕی ئەو یاسایەیە. بە پێی ئەسڵی ۳۰۱ی یاسای جەزای تورکیا، ئەگەر هاووڵاتییەک بڵێ من تورک نیم، هەم خەڵکی دژی یەکگرتوویی نەتەوەیی هان داوە، هەم ئیهانەی بە تورکبوون

کردووە و هەمیش هەوڵی دابڕینی بەشێک لە «نیشتمانی» تورکی داوە. چۆن دەکرێت بێ کێشە سازکردن بۆ ئەو پێناسە لە تورکیایی بوون، هەوڵ بۆ بەتورکیایی کردنی کورد بدەی؟ لەو پێناسەیەدا، هەموو بنەما مێژوویی، یاسایی، سیاسیی و کولتوورییەکەی ئینکاری کوردە و، هێزی کوردیش لە باکوور کردوویەتی بە ستراتیژیی سەرەکیی خۆی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد. ئەو چارەسەرییە بۆ پرسی کورد لەگەڵ چارەسەریی دڵخوازی دەوڵەتی تورک چ جیاوازییەکی هەیە کە لە ١٩٢٤وە گرتۆیەتە پێش؟ چ پێویستیەک کە کچ و کورد بۆ چارەسەرە بە کوشت بدەی؟ لە لایەکیش بێی تورکیا بە داگیرکەر بناسێنی و لە لایەکی تریشەوە باسی بەتورکیایی کردنی کورد بکەی، کێ لەوە دەگات؟

**پرسیار**

ئەگەر پێناسەیەکی چەمکی کۆڵۆنیالیزم بکەن و جیاوازی و وێکچوونی کۆڵۆنیالیزم بۆ وێنە لە سەدەکانی نێوەڕاست و دوای سەدەکانی نێوەڕاست و ١٤٠٠.ز بۆ ئەم لاوە، ئەو کۆڵۆنیالیزمەی ئەو دەمە شکڵی گرتووە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە دوای ڕزگاریی هیندوستان و ئەلجەزایر و.... تایبەتمەندییەکان، جیاوازییەکان و وێکچوونەکانیان چییە؟ ئەگەر سەرەتا بە شێوەیەکی مێژوویی، چەمکەکە پێناسە بکەن، دواتر دەچینە نێو پرسیارەکانی دیکەوە.

**وەڵام**

لە ڕوانگەی منەوە کۆڵۆنیالیزم دەگەڕێتەوە سەر پێشێل کردنی مافی سەروەریی نەتەوە، سەرەڕای هەوڵی سیاسیی و نیزامی، هەوڵی جۆراوجۆر و بەمەبەستی ئابووری، شێوەی جۆراوجۆری هەوڵی کولتووری و سیاسییش لە گۆڕێدایە. کاتێک باس لەوە دەکەین نەتەوەیەک بە کۆڵۆنی یان ئیستیعمار کراوە، لە ڕاستیدا باس لەوە دەکەین ئەو نەتەوەیە قەدەری خۆی لە دەست خۆیدا نییە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی فۆڕمی و شکڵیش بێ. ئەو نەتەوەیە لە لایەن نەتەوە یان وڵات یان دەسەڵاتێکی دیکەوە --کە هیچ جۆرە هێمایەکی ئەو خەڵک و نەتەوەیەی بن دەستی نییە-- حوکمی بە سەردا دەکرێت و حوکمەکە، حوکمی بێگانەیە و داسەپاو بەسەر خەڵکی خۆجێییدا. ئێمە لە عەسر و چەرخێکدا دەژین کە مەسەلەی شەرعییەتی حاکمییەت و سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیرادە و ڕای خەڵک.

خەڵک یان ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (people) کێیە؟ خەڵک شەخسیەتێکی سیاسیی-حقووقیی کە لە ئەساسدا بۆ خۆی توانای پێناسەکردنی خۆی هەیە. باسی مافی خۆ پێناسەکردنی خەڵکێک، گرێ دراوە بە مافی چارەی خۆنووسین کە ئەویش بە

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مژاری کۆلۆنیالیزمەوە هەیە. نەتەوەی کۆلۆنیزەکراو ئەو نەتەوەیە کە «خۆ»یەتیی بەکۆمەڵی پێشێل کراوە و مافی نییە بڵێ کێیە. یان خەڵکانی تر کە زاڵن بە سەریدا جۆرێک لە کێیەتی و شوناسی بەسەر دا دەسەپێنن. بۆ نموونە، دەڵێن: عەشیرەیە، دەڵێن قەومە، یانی بە شێوەیەک پێناسەی دەکەن کە بتوانن مافی سەروەریی لێ بستێنن.

نەتەوەیەک کە مافی خۆ پێناسەکردنی لێ ستێنرابێت، مافی سەروەریشی لێ دەستێنرێت. لەبەر ئەوەی مافی سەروەری، مافێکی نەتەوەییە. نەتەوەیەک کە «خەڵک» بوونی لێ ستێنرا، بوو بە هۆز، بوو بە گەل یان هەر جۆرە چەمکێکی دیکەی کە بۆ بەکار هێنرا، مافی سەروەریی لێ زەوت دەکرێت. ئیتر ئەوە نەتەوەیەکی کۆلۆنی کراوە. لەبەر ئەوەی ئەگەر بوو بە هۆز و عەشیرە ١) مافی حاکمییەتی نامێنیت. ٢) دەبێ ئاسیمیلە بکرێ (بتوێنرێتەوە). لە بەر وەی کە بە دژی یەکگرتوویی نەتەوەیی، دژی پێشکەوتن و سەروەریی یاسا و شارستانییەتە دەناسرێ و دەبێ لەناو بچێ. ئەگەر قەوم و گەلیش بێ، لە باشترین حاڵەتدا کەمینەیە و، ناتوانێ نەتەوە بە حیساب بێ و بڕیار لەسەر قەدەری خۆی بدات. نەتەوەیەکی تر یان وڵاتێکی دیکە حوکمی خۆی یان شێوەیەک لە ئیدارەییی خۆی بەسەردا ئەو قەوم و گەلەدا دەسەپێنێ و دەیچەوسێنێتەوە. چونکە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئەو نەتەوەیە یاسایی بن دەستە و نە بە تاک و نە بە کۆمەڵ ناتوانێ لەگەڵ نەتەوەی سەروەر یەکسان بێ. بەتایبەتی لە چەرخی ئێمەدا کە نەتەوەی ناسەروەر لە باشترین حاڵەتدا کەمینەیە و ئیرادەی زۆرینە، شکڵ و فۆرم بە ژیانی دەدات.

لێرە باسی کەمینە و زۆرینە، باسی زۆرینە و کەمینەی دەنگدان نییە. باسی ئەوەیە کە ئیرادە و ویستی کێ سەروەرە. لە وڵاتی چەند نەتەوەییدا کە حاکمییت یەکسان و هاوبەش نەبێت، ئیرادەی نەتەوەیەک حاکمە و ئیرادەی ئەوانی تریش لە ژێر پێ نراوە و کۆلۆنی کراون. بۆیە ئێمە لە وتارێکدا یەکێک لە ستراتیژییەکانی کۆلۆنیزەکردنی کوردمان، ناو ناوە ستراتیژیی کەمینەکردن. بۆ نموونە، لە کاتی مافی چارەی خۆنووسیندا، نەتەوەی زاڵ هیچ مافێکی نییە کە بڵێ ئایا نەتەوەی بندەست خەڵکە یان خەڵک نییە: لە بەرەویکە مافی چارەی خۆنوسین یانی بڕیار نەتەوەیەکە سەبارەت بە کێ بوون و خەڵکی بوونی. بۆ خۆی و تەنیا بۆ خۆی مافی ئەو بڕیارەی هەیە کە تەعبیر لە ویست و ئیرادەی خۆی بکات. پێوەر و پێوانەکانی وڵاتی زاڵ یان دەسەڵاتی زاڵ بە هیچ شێوەیەک نابێ دەخیل و ڕێگر بن لەوەی خەڵکێک بۆخۆی دەڵێ من کێم و چۆن چارەنووسی خۆم دیاری دەکەم. ئەگەرنا ئەو مافە پێشێل کراوە. جا نەتەوەیەک پێش لە

تەعبیر لە ویست و ئیرادەی گیراوە لە خەڵک و دێمۆس بوون کەوتووە؛ یانی حاکمییەت تەعبیری ئیرادەی نەتەوەیی نییە و هەر بۆیەش کۆلۆنییە.

جا کە بگەڕێینەوە سەر مێژووی کۆلۆنیالیزم، دیارە ئەو شتە لە ڕابردووشدا هەبووە، یانی لە ڕابردووشدا خەڵک کۆلۆنیزە کراوە. هێندێک خەڵک ویستوویانە زاڵ بن بەسەر خەڵکی تردا و خاکیان داگیر کردوون، لە هەمان کاتیشدا ئیمکانات و سەرچاوەکانی جۆراوجۆری ئابووری و کولتووریی ئەو خەڵکانەیان بردووە. یانی لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا ئەو شتانە زۆر بووە، بەڵام کۆلۆنیالیزم بەتایبەت لە هەڵسوکەوتی ئەورووپییان لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی ئەورووپا، لەگەڵ نموونەکانی پێشتر زۆر جیاواز بووە. هێرشی ئەورووپییەکان فەلسەفەیەکی لەپشت بووە. مومکینە لەوانەی دیکەشدا پاساوی فەلسەفی بۆ تەجاوز بووبێت. چونکە کاتێک عەرەب هاتووەتە وڵاتانی دیکە و ئەو دەسەڵاتانەی هەبوونە، لایان بردوون، بێگومان پاساوی دروستیی بۆچوون و دونیابینی و بیروباوەڕی خۆیان و هەڵەبوونی بیروباوەڕی غەیرە عەرەبیان کردۆتە بنەمای شەرعییەتی داگیرکەری و فتوحاتەکانیان. بۆ نموونە فەرماندەی موسڵمانی عەرەب دەیکوت ئێمە هاتووین ئێوە لە کۆیلەییی دینەکانی تر ڕزگارتان بکەین. ئێ کێ داوای لە تۆ کردووە بێی ئێمە بە شەمشیر ڕزگار بکەی؟ لێرە کەم و زۆر مافی عاملییەت و بکەری نادات بە غەیرە عەرەب و غەیرە موسڵمان. دینەکەمان حەقە و بۆیە داسەپاندنەکەشی هەر حەقە. هیچ کەس مافی پرسیارێکی ئاوای نەبوو، ئەو دەزانێ حەق و ڕاستی چییە و بە شەمشیرش بەرگری لەو بانگەشەیەی خۆی دەکرد.

ئێمە دەبینین کە ئەوە لە کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی ئەورووپیشدا هەیە کە دەیهەوێ لە ڕێی بەکارهێنانی مەسیحییەت و زانست خەڵکی غەیرە ئەورووپایی هەر لە خودی ئەو خەڵکە ڕزگار بکات. هەر وەکوو کەمالیزم و پەهلەویش دەیانویست کورد لە «کوردایەتی» ڕزگار بکەن، بیکەن بە مرۆڤی بەناو شارستانی و فارسی و تورکی فێربکەن. بۆیەش بەردەوام باسی خوێندن و گەشە لە کوردستان وەکوو هەوڵێک بۆ ڕزگاریی کورد لە کوردایەتیی و دواکەوتوویی ناوچەیی و ئێتنیکی کورد دەکەن. ئەرتەش یان لە باشترین حاڵەتدا سپاهی دانش (فارسی نیزامی) دەنێرن بۆ نەجاتی کورد. ئەو گوتارە کۆلۆنیاڵە بە ڕادەیەکی کاریگەر و بەتەواوی بەسەر گوتاری سیاسیی کورد لە بەشێکی وەک باکووریشدا زاڵە و، بە پەیڕەوی لە کەمالیستەکان، پارتە کوردییەکان دەیانهەوێ کورد لە «کوردایەتی» ڕزگار بکەن. بۆیە تەنانەت ئۆجەلان بە کورد دەڵێت "بۆ ئەوەی ڕزگارتان بکەم، دەبێ لە پێشدا بتانکەم بە کۆیلە" (لە بەرامبەر چەتگەری, ٧٩).

له کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپادا بەتایبەت لەو دەورەیەوە کە لە ئەورووپا دەستی کردووە بە کۆڵۆنیزەکردنی دنیای دەرەوە، لەسەر ئەو بانگەشەیە کە دەرەوەی ئەورووپا لە عەقڵانییەت «بێبەرییە» و ئەورووپا ڕێگای ڕووناکییە، پێشاندەری ڕێی شارستانییەتە، ئەو تواناییەی هەیە وڵاتانی دنیا: یەکەم، بکات بە شارستانی و دووهەم لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی تر وەحشین و خۆیان پێ بەڕێوە ناچێت یان لیاقەتی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان نییە، دەبێ ئەورووپا لە ڕووی ئیدارە و مودیرییەتەوە بەڕێوەیان بەرێ. هەمان ئەو شتانەی ئێستا بە کوردیش دەگوترێن. بۆیە دەبێ کابرای سپی ساحیب عەقڵی ئەورووپایی سەروەریی ئەوان بەدەستەوە بگرێت، چونکە حەیفە سەرچاوە و ئیمکاناتی زۆری ئەو وڵاتانە لە ئیختیار «مرۆڤی وەحشیدا» بێت. هەر بۆیە ئەورووپایی دەبێ کاریان لێ بکێشن و فێری کار و چۆنیەتیی ژیانیان بکەن. زۆر جار سەرچاوە و ئاکامی ئەو جۆرە تێڕوانینە بووەتە هۆی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵ. هۆ یەکەشی ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ مافی خۆ پێناسەکردن و بکەری لێ ستێنرا، یانی کۆڵۆنیزە کرا تا ڕادەی بوون بە شت دادەبەزێت و مرۆڤ بکەر و خاوەن دەسەڵات وەکوو «شت و شەیئ» بەکاری دێنێ.

لێرەدا بۆیە بە شێوەیەکی زۆر بنەڕەتی کۆڵۆنیالیزمی مودێرن لە شێوەکانی جۆراوجۆری تری داگیرکردن و فەتح جیا دەکرێتەوە، چونکە کۆڵۆنیالیزم شێوەیەکی تایبەت لە گوتار و ئیستدلال و ئارگیۆمێنتی خۆی هەیە و لە ڕێی پێناسەکردنی "ئەوی دیکەی" خۆی، "ئەوی دیکە" لە مرۆڤبوون دەخات، لە ڕێی ئەم جۆرە پێناسەکردنەوە پاساوی ستاندنی مافی دیاریکردنی قەدەر لە داگیرکراو دەستێنێ. لە ئاکامدا داگیرکردنی "ئەوی دیکە" دەبێت بە کارێکی خێرخوازانەی ڕزگارکردنی لە سیستەم عەشیرە و قبیلە و "وەحشی بوون وەکوو چۆن پەهلەوی خەڵکی پۆشتکووە قەتڵی عام دەکات تا بە وتەی ژێنراڵ دەرخشانی لوڕیش بتوانن" وەکوو خەڵکی دیکەی ئێران بچن"؛ یانی لە ڕێی بەئێرانی کردنیان لە لوڕبوونیان ڕزگار بکەین. یان چۆن تورک، کورد لە کێوی بوون ڕزگار دەکات. منداڵەکانی فێر دەکات کە بەیانان بە خۆشحاڵییەوە بڵێن "چ شانازییەک لەوە گەورەتر کە یەکێک بڵێ تورکم" یان "بڵێ بوونم بەقوربانی بەقا و مانەوەی تورک بێت`` تا دوای سەد ساڵ وای لێ دێت کە ئێستا سیاسیی کورد بۆخۆی هەوڵ بۆ ئەو جۆرە بە تورکیاکردنەی کورد بدات.

**پرسیار**

ئەگەر واز لە وڵاتانی دیکەی دنیا بێنین و بێینەوە سەر کوردستانی خۆمان، ئایا دەتوانین

کوردستان به کۆلۆنی حیساب بکەین؟ ئایا ئەو شتەی بەڕێز بێشکچی دەیڵێت کە کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە، ئایا لەنێوان چوار دەوڵەتاندا دابەش کراوین، جیاوازیی ئەو کۆلۆنییە نێودەوڵەتییە دەگەڵ ئەو کۆلۆنییەی کە لەنێو ئەو چوار دەوڵەتەدایە، لە کوێدا یەکیان گرتووەتەوە و لە کوێدا جیاوازییان هەیە؟

**وەڵام**

هەڵبەت دیارە جگە لە بێشکچی، د. جەماڵ نەبەز و د. عەبدولڕەحمانی قاسملووش باسی هەلومەرجی کۆلۆنی کرانی کوردیان کردووە و بەتایبەت د. جەماڵ نەبەز بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاوتر باسی کردووە. بەداخەوە، من زۆر درەنگ لەگەڵ بەرهەمی دژەکۆلۆنیالیستی د. جەماڵ نەبەز ئاشنا بووم. لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردوودا، هێندێک دۆستی خۆشەویست کاری گرینگیان لەسەر نووسراوەکانی د. نەبەز کردووە و لە سایەی زەحمەتی ئەو دۆستانەوە منیش کەم تا کورتێک بایەخی کارەکانی ئەو نووسەرە دڵسۆزەم زانیوە و لەگەڵی ئاشنا بووم.

شتێکی زۆر گرینگ کە لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کورد و کوردی و تەنانەت سەبارەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بایەخی پێ نەدراوە، ئەوەیە کە مانەوەی هەر جۆرە درێژەیەکی ئیمپراتۆریی و یان بوونی ئیمپراتۆری بە دەوڵەتی مۆدێرن، بە شێوەیەکی جەوهەری هەلومەرجی کۆلۆنیاڵ دەخولقێنێت. یانی درێژەی ئیمپراتۆری لە قالبی دەوڵەت-نەتەوەدا، بێئەملا و ئەولا کۆلۆنیالیزمە. درێژەی دەسەڵات و ساختار و پێکهاتەی ئیمپراتۆری، ئێستا لە قەوارەی دەوڵەت-نەتەوە دا، تەنیا لە ڕێی کۆلۆنیزەکردنی نەتەوە ژێردەستەکان و پێشگرتن لە ڕزگاری ئەو نەتەوانە مومکینە. چونکە ئیمپراتۆری وەک سیستەم، سیستەمی پێش سەروەری نەتەوەیی و بە شێوەیەکی سروشتی نەگونجاوە لەگەڵ مافی سەروەریی نەتەوەیی و سەروەریی گشتی هەیە.

بۆیە لێرەدا بۆچوونی من جیاوازە لەگەڵ تێزی داگیرکرانی کوردستان. بێ شک نەتەوەیەک کە نەتوانێ سەربارەت بە فۆڕمی حاکمییەت و سەروەری قسەی هەبێت یان مافی هەڵبژاردنی پێ نەدرێت، داگیر کراوە. بەڵام بەداخەوە تێزی داگیرکرانی کوردستان، پێویستی بە پشتیوانی و سەلماندنی یاساکانی نێونەتەوەیی هەیە و، ئەم یاسایانەش یارمەتیمان نادەن. بەڵام، تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر، باسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆرییەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاتە کایەوە. مافی چارەی خۆنووسین بۆ بە بنەمای مافی سەروەری نەتەوەیی بۆ زۆرێک لەو نەتەوانەی

کە وەکوو کورد کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، دوایی بوونە کۆڵۆنی ئینگلستان و فەرەنسا.

ئەو نەتەوانە پێشتر مافی سەروەرییان نەبوو، دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبوو، بەشێک بوون لە ئیمپراتۆرییەکانی پێشوو. بەڵام لە باسی مافی چارەی خۆ نووسیندا، ئەوەی کە ئێستا خاوەنی ئەو مافی دەوڵەت، مەرجە نییە کە نەتەوەیەک پێشتر خاوەن دەوڵەت بووبێت. زۆربەی وڵاتانی کۆڵونیکراوی جیهان پێشتر بێ دەوڵەت بوون. لە باری تیۆریکەوە، نەتەوە بوون، تەنیا مەرجی مافی چارەی خۆنووسینە. مەرجی نەتەوە بوونیش، تەسەوری خەڵکێک لە خۆیەتی. خەڵک سەرچاوەی بڕیاری سەرەکییە. زۆرتر بۆ کەیسی داگیرکراوییە، باس لە حوکم بوونی دەوڵەتی پێشوەخت دەکرێت. یەکێک لە هەوڵەکانی دژی کۆڵۆنیالیزم یا ئانتی کۆڵۆنیاڵ ئەوە بووە کە حاکمییەتی ئیمپراتۆرییەکان نابێ درێژەی بێ. دەبێ هەڵبوەشێنەوە، چونکە بەبێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانە وەک ئیمپراتۆری و هێزی کۆڵۆنیال و نەتەوەکانیش وەکوو نەتەوەی کۆڵۆنیکراو دەمێننەوە. ئێستا جیاوازیی کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو عێراق یان هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانە لە چیدایە؟ تەنیا ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە کاتی خۆی ئیزنی پێ نەدرا کە قەدەری خۆی دیاری بکات.

کاتی خۆی هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانە بەشێک لە ئیمپراتۆری عوسمانی بوون؛ هیچیان دەوڵەت - نەتەوەیان نەبووە. ئەگەر کورد لەگەڵ کوەیت و بەحرەین و زۆرێک لەوانە هەڵبسەنگێنین، کورد لانی کەم هێندێک حکومەتی بنەماڵەیی و سلسلەی پادشایەتی بووە، زۆر لەو وڵاتانە، تەنانەت ئەوەشیان نەبووە. دەتوانین باس لە زۆر سلسلە و بنەماڵەی جۆراوجۆری کوردی بکەین کە بۆ نموونە، شام و میسریش دەگرێتەوە لەژێر دەسەڵاتی سەلاحەدین، هیچ دەوڵەت و سلسلەیەکیش نە هی تورک، نە هی عەرەب، نە هی فارس و نە هی کوردیش ناسیۆنالیستە نەبووە. هەر بۆیە دەبینی هەموو ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنانەت ئێران و تورکیاش، هەموویان دوای عەسری کۆڵۆنیالیزم لە دایک بوون. بەو مانایە کە پێشتر هیچ وڵاتێک بەو شێوەیە نەبووە، نە تورکیا، نە عێراق و نە ئێران هەبوون، عێراق ناوی ناوچەیەک بووە؛ شام، ناوی فەلەستین و لوبنان و سووریای ئێستا بووە. بەڵام، هەر ئەو شامەی ئێستا سێ وڵاتی لێ ساز بووە کە پێشتر قەرار وا بوو ببێت بە چوار یان پێنج وڵات و مەنتیقەی سوننییەکان ببێت بە یەک و دروزییەکان ببێت بە بەشێکی تر و پاشان بە هۆی هەلومەرجێک کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە پێش، ئەو سووریای ئێستا ساز بوو.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە لە خوێندنەوەی ئەزەلی کە دەوڵەت-نەتەوەی غەیر خستوویەتە مێشکی ئێمە و زەین و خوێندنەوەی سیاسیی-مێژوویی ئێمەی فۆرم پێداوە دەست هەڵگرین. بنەمای باسی داگیرکرانی کوردستان، خوێندنەوەیەکی ئەزەلی و پرایموردیالە کە پێی وایە بۆ شەرعییەتی ئێستای مافی سەروەری کورد، حەتمەن دەبێ لە مێژوودا لە ڕۆژی داگیرکرانی وڵاتی کوردستان بگەڕێین. ئەگەر مێژوو بکرێتە پێوەر، یەک وڵاتیش لەو وڵاتانەی دەوروبەری کوردستان، پێشینەیەکی مێژوویی کۆنتری نییە. یانی وڵاتێک کە ئێستا پێی دەگوترێ ئێران، پێشتر بەشێک لە حوکمی قاجار بووە، پێش ئەو لەژێر دەسەڵاتی کوردیی زەندی و زەمانێک لە دەست تورکی سەفەویدا بووە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش هەموو مەنتیقەی شامیش لە دەست سەلاحەدینی ئەیووبیدا بووە. بۆیە پێویستە بەتەواوی دەست لەو شێوە خوێندنەوەیە هەڵگرین.

**پرسیار**

کوردستان بۆ کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە؟

**وەڵام**

کوردستان لانیکەم لە لایەن چوار دەوڵەتەوە هەوڵی سڕینەوەی دەدرێت و پێیان وایە هەستی سەروەرییخوازی کورد دەبێت لەناو ببرێت. بۆ ئەوەش، ئەو چوار دەوڵەتە هێزی نیزامی، کولتووری، ئابووری و سیاسیی خۆیان دژی هەستی مافخوازیی کورد یان کوردایەتی بەکار دەهێنن.

باسی کۆلۆنیی ناوخۆیی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە سایەی حوکمی سەد ساڵی ڕابردووی دەوڵەت-نەتەوەی تورک، عەرەب و فارس بەسەر کوردستاندا، ئێمە ئێستا چوار کوردستانمان هەیە. دیارە لەو چوار کوردستانەدا هەستی هاوبەش و عەتف و سۆزی هاوبەش هەیە. تەنانەت، هەوڵ بۆ یەکگرتوویی سیاسیی کوردستانیش بەهێزە. بەڵام، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی چاو لێ بکەین، لانی کەم ئەو چوار سیستەمە سیاسییەی کە بەسەر کورددا سەپێنراون، لەباری کولتووری، گوتاری و ستراتیژیی سیاسیی، لە باری زمانی و ئابووری و ئیداریشەوە کردووە کوردستانیان بە بەشێک لەو وڵاتەکەی خۆیان. تەنانەت، کوردیان بە ڕادەیەک ئاسیمیلە کردووە هێندێک هێزی سیاسیی و گوتاری کۆلۆنیالیزمیان دەروونی کردووە و زیاتر لە زۆر تورک و عەرەب بە پەرۆشن بۆ یەکپارچەیی دەوڵەتی کۆلۆنیالی فارس و تورک و عەرەب و ڕۆژانەش گوتاری کۆلۆنیزەکردنی کورد بەرهەم دەهێننەوە. هەر بۆیە باس لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی هەوڵێکە بۆ نیشاندن و دیتنی ئەو لایەن و توێیەی کۆلۆنیزەکردنی کوردستان.

ئەوە نە بە مانای ئینکاری ئەو واقیعییەتە کە کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییە و نە بە مانای ئینکاری هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ سڕینەوەی کورد و کوردستان و نە بە مانای گرنگ بوونی ئەو کارە تیۆریکانەش کە لە بارەوە کراون. بە پێچەوانە، باسی کوردستان وەکوو کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی هەم ئاماژەیە بەو مێژووە کە کوردی دابڕ دابڕ کردووە و هەم پەردە لابردنە لەسەر هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ شوێنەونیی کوردستان و هەمیش لە سەر هێز و ویست و ئیرادەی کوردی بۆ سەروەریی خۆی.

دکتۆر نایف بەزوان --کە ئەکادیمیسیەنێکی باکوورییە و ئێستا لە ئاڵمان دادەنیشێت-- مەسەلەی کۆڵۆنیالیزم لە کوردستان وەکوو ئینتگڕاڵ کۆڵۆنیالیزم یان کۆڵۆنیالیزمی توێنەرەوە باس دەکات. کە بە پێی ئەو تێزەش کۆڵۆنیالیزم لە کوردستان هەم ناوخۆییە و هەم نێونەتەوەیی. کۆمەڵێک سیاسەت و ستراتیژی لە لایەن چوار وڵات لە ناوخۆ و لە دەرەوەی جوگرافیای دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە دژی کورد بەکار دەهێنرێن. دکتۆر نایف بەزوان پێی وایە کە ئێمە دەبێت باسی ئینتگراڵ کۆڵۆنی بە واتای کۆڵۆنیالیزمی توێنەرەوە بکەین. چونکە هەوڵی ئەو دەوڵەتانە ئەوەیە کە کورد بتوێننەوە و کوردستان بسڕنەوە. پێم وایە ئەو بۆچوونی د. نایف زۆر زۆر گرینگە. سەرەڕای هەوڵی چوار لایەنە و چەندین ئاستی یەکگرتووی ئەو چوار دەوڵەتە بۆ تواندنەوەی نێودەوڵەتی کورد، لە ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەشدا، ئێمەی کورد لەگەڵ پرۆژەی تواندنەوەی سیستەمیک و سیستماتیک بەرەوڕووین. پرۆژەی تواندنەوەی کورد لە زۆر بارانەوە سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە، زۆربەی زۆری حیزبەکانی کوردیی، پاشگری ئێرانی، عێراقی و سووری و تورکییان پێوەیە. کە دەیسەلمێنێ ئێرانیبوون یان کوردبوون، کێشەیەک نییە کە حیزب و سیاسەتی کورد توانیبێتی تەنانەت بە شێوەی مەعریفیش بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوە. بە شێوەی سایکۆلۆژیک و دەروونیش باسێکی ئاواش هەر کوردتۆقێنە. جا چ دەگات بەوەی کە کورد باسی مافی جیابوونەوە بکات. ئەوە پێمان دەڵێت کە لە باری دەروونی، مەعریفی و کولتووری، کورد تا ڕادەیەکی زۆر تواوەتەوە. هەر بۆیەش دیسکۆرس و گوتاری سیاسیی کورد بە گشتی بۆ خۆشی سەرلێشوێنەرە.

لێرەدا باس لە توانەوەی مەعریفیی کوردە نەک بوون و نەبوونە ستراتیژی جیا بوونەوەی. دیارە، ئەگەر کورد باسی جیابوونەوەش بکات، شتێک لە ئەزیەت و ئازارەکەی ئێستای زیاد ناکات. هەر وەکوو باسی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئەو شتانەش لەگەڵ «ئەوی دیکە»، کوردی هەر لە هەڕەشەی جینۆساید ڕزگار نەکردووە. تەنانەت، کوردی باکوور تا باسی سەربەخۆیی دەکرد کەرامەتێکی هەبوو. بەڵام، ئێستا لە بەشەکانی تری

کوردستانیش خەریکن ڕاوی دەنێن لە حاڵێکدا لە هەوڵی بە تورکیا کردنی (تورکیەلەشمە) کوردی باکووردا وەپیش دەوڵەتی تورکیش کەوتووە.

کۆڵۆنیالیزمی مەعریفی و سایکۆلۆژی وای کردووە کە کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشە بکات. تەنانەت، شەڕی پرۆکسی بۆ دوژمنەکانی بکات و نۆستالژیی گەڕانەوەی بکوژی خۆیشی هەبێت. ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ کورد لە باشووری کوردستان، تەنانەت دوای ڕیفراندۆمیش، ناتوانێت خۆی لە ئارەزوویی گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەغدا ڕزگار بکات؛ کە ئەوە جۆرێکی بەکۆمەڵی ستۆکهۆڵم سیندروم و عیشقی بە تەجاوزگەرە. نەتەوەیەکی دیکەم پێ شک نایە کە ئێستاش هیوای گەڕانەوەی هێز و حوکمی ئەو نەتەوەیەی کە دوو جار کوردی جینۆسایدی کردووە. بۆیە کاتێک باسی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی دەکەم، باسم لەو توێیەی دیکەی کۆڵۆنیزەکردنی کوردە.

کوردێک کە لەبری بەرخۆدان دژی بەتورکیایی کردن، چەندین دەیە بە «کێوی»یان دەناساند. ئێستا هەر ئەو کوردە، ئەرکی خۆ زرگارکردنی لە «کێوی» بوونی خۆی گرتۆتە پێش. ئێستا لە بەر کوردایەتی هەڵ دیت و بە عیشقەوە تورکایەتی و بەتورکیایی کردنی خۆی بۆخۆی گرتۆتە ئەستۆ. بۆ خۆفریودانیش هەموو ئەو هەنگاوانە بە ناوی دێمۆکراتیزە کردن هەڵدێنێتەوەە. دیسان لە هیچ کوێی ئەو جیهانەدا، هیچ نەتەوەیەکی بندەست، سڕینەوەی ناسنامەیی، کولتوری، سیاسیی و جوگرافی خۆی ناکات بە زەمینە و مەرجی هاتنە دی دێمۆکراسی. لە حاڵێکدا دوژمنەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی سەربازگەکانی دەباتە سەر، خۆی بە فریوی ئەو جۆرە خەیاڵاتە نابات. تەنانەت، دوایی چەندین سەدە، سوورپێستەکانی ئەمریکا و کەنەدا، ئەبریجناڵەکانی ئوسترالیا ڕۆژ بە ڕۆژ گوشار دەخەنە سەر دامەزراوە حکومییەکان بۆ ئیعتراف بە مالیکییەتی ئەو خەڵکانە بە سەر خاک و زەوی. گەورەترین زانکۆیەکانی ئەمریکا و کانەدا، ئێستا دەنووسن کە سوورپێستەکان خاوەنی ئەو زەوییانەن کە زانکۆکەیانی لەسەر سازکراوە. بەڵام کورد تازە خەریکی لە گۆڕ نانی نێوی خۆی و کولتوور خۆی و خاکەکەیەتی، گوایە ئاوا دێمۆکراسی دێنێت بۆ جیهان. لە حاڵێکدا دێمۆکراسی نە تەنیا ئیعترافە بە نەتەوە، بەڵکوو لە باری تیۆریکە هێمای هاتنە دی مافی سەروەری نەتەوە و دێمۆسە.

کۆڵۆنیزەکردنی کوردستان نێودەوڵەتییە: چوار دەوڵەت بە کۆ هەوڵی سڕینەوەی کوردیان هەیە یان لانیکەم هەوڵی سڕینەوەی ئیرادەی سیاسیی کوردیان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هەر چوار دەوڵەتیش لەسەر ئەوە کۆکن.

کۆڵۆنیزەکردنی کوردستان ناوخۆییە: هەر یەک لەو دەوڵەتانەش هەوڵی تواندنەوەی کوردی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە جیا هەیە، لە کوردی بەشەکانی تریش بۆ تواندنەوەی کوردی ژێردەستی خۆی کەڵک وەردەگرێت، تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە. ئەو دوو ڕەوت و سیستەمە لێک جیا نین، بەپێچەوانەوە یەکتر تەکمیل دەکەن. کۆمەڵێک سیاسەت و ستراتیژی لە لایەن چوار وڵات لە نێوخۆ و لە دەرەوە دژی کورد بەکار دەهێنرێن.

**پرسیار**

زمانی کوردی لە ماوەی ئەو ۸۰ ساڵەدا بە شێوەیەک کە من دەچمە سەر باسی ئێنتگراڵ کۆڵۆنیالیزم، لەو ۸۰ ساڵەیە زمانی کوردی قەدەغە بووە و زۆربەی خەڵک بە تورکی قسە دەکەن و بە جۆرێکی لە زمانی تورکیدا ئاسیمیلە بوون، بەڵام ئەو دەمی فارسەکان بۆ وێنە دەتوانن بڵێین خۆ ئێران ناومان فارسستان نییە، ئێرانە کە هەموو نەتەوەکانی لە خۆی گرتووە و کورد لە ئێراندا زمانەکەی ڕاگرتووە، بەڵام ئەو خەتەرە لە ئێرانیش هەر هەیە و لە پرۆسەیەکی ۵۰ ساڵەدا زمانەکەت لە بەین بچێت و بە فارسی قسە بکەیت. جا ئەگەر بێینەوە سەر باسی داگیرکاری و کۆڵۆنیالیزم، دیسان موتەمەرکز بین لە سەر داگیرکەری و کۆڵۆنیالیزم، تاکی کۆڵۆنیکراو و تاکی داگیرکراو چۆن دروست دەبێت؟ و چۆن بیر و هزری دەگۆڕدرێت؟

**وەڵام**

دەقیقەن جا ئەوە بەشێکی مەسەلەکەیە؛ دکتۆر «نایف بەزوان»یش هەر باسی ئەوە دەکات کە چەمکی کۆڵۆنیالیزمی ئینتگڕاڵ یان توێنەرەوە، جیاوازی لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی کلاسیک ئەوەیە کە لە فۆرمی کلاسیکدا هەوڵی جیددی بۆ تواندنەوەی مرۆڤی کۆڵۆنیزەکراو نادرێت. مرۆڤی کۆڵۆنیزەکراو هەمیشە لە دوورەوە ڕاگیراوە. بەردەوامیی ئەو نێوان و جیاوازییە کە لە قازانجی هێزی کۆڵۆنیکەردا دەپارێزرێت. ئەو نێوانە وەکوو سەرچاوەی کار و چەوسانەوە کۆڵۆنیکراو دەمێنێتەوە و بۆ کاروباری ئابووری و دزینی سەروەت و سامانەکەی کەڵکی لێ وەردەگرێت. بەڵام لەو جۆری کۆڵۆنیالیزمەی کە کورد لەگەڵی تێکەوتووە، دوژمنەکەی هەوڵی سەرەکی بۆ ڕزگارکردنی کورد لە کوردایەتیە؛ بۆ ڕزگارکردنی کورد لە کوردبوونە و لە کولتووری، لە زمانی، لە سیاسەتی، لە مێژووی کوردییە. هێزی کۆڵونیاڵی تورکی و ئێرانی هەوڵیان ئەوەیە کە هیچ سەرچاوەیەکی مەعنەویی ئیلهامبەخشی خۆجیاکردنەوەی مرۆڤی و مافخوازیی مرۆڤی کورد نەهێڵن. بۆیەش دەبێ کوردی کۆڵۆنیزەکراو هیچ جۆرە هەستێک و تەنانەت ورەیەکیش بۆ خۆ

جیاواز دیتنی نەمێنێت. هێزی کۆڵۆنیال هەوڵ دەدا کە تەواوی ئەو جیاوازییانەی کورد بۆ مانەوەی پێیانەوە دەنووسێت، نائەخلاقی و دواکەوتوویان بناسێنێ یان بیان بکات بە کێشەی ئەمنییەتی. چاو لێ بکە بۆچی مرۆڤی ئیسلامیست، چەپ و لیبراڵی کورد لە بەرامبەر هەر جۆرە پێداگرییەک، لەسەر هێماکانی کورد کێشە ساز دەکات. کورد بۆ خۆی ئەو دیسکۆرسە دژە کوردەی دەروونی کردووە. وای لێهاتووە ئەوەندەی هێزی کوردی بە مافخوازی کورد دەڵێن ناسیۆنالیزمی دواکەوتوو، قەت غەیرە کورد ئەوەندەی وای پێ ناڵێت. ترس لە کوردایەتی و کوردۆفۆبیا لەنێو کورددا زیاترە تا لەنێو ئەو نەتەوانەی کە لە فۆرمی بێ هیوایی بە سیاسەتی کوردی، بە داهاتووی کورد و بە لێهاتوویی کورد ڕۆژانە بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەڵام، بە پێچەوانە، تاک و ڕێکخراوی کورد، هێماکانی ناسیۆنالیزمی ئەوی دیکە، دەوڵەت-نەتەوەی ئەوی دیکە یان پێداگریی ئەوی دیکە لەسەر زمان، کولتوور و مێژووەکەی بە سروشتی دەزانێ.

کۆڵۆنیالیزم هێندێک میکانیزم و ڕێکار دەبینێتەوە کە بە تێپەڕبوونی زەمان و لە ڕێی پەروەردە و میدیا و دامەزراوەکانیتر، ئەو جۆرە هەستانە لە مرۆڤی بندەستدا دەکات بە شتێکی سروشتی. یەکێک لەوانە هەر خودی مەسەلەی ئاسیمیلەکردنە؛ کاتێک بۆ نموونە زمانەکەت ڕەسمییەتی نەبوو، بە شێوەیەکی سروشتی زمانی ڕەسمیکراو زمانە بێ دەسەڵاتەکەت قووت دەدا و بەو باوەڕەت دەگەیەنێت کە زمانەکەت بۆ ئەو نابێ کە جگە بۆ قسەکردن لەگەڵ پیرە نەنکی نەخوێندارت بەکاری بێنی. بۆیە، بیرمەندانی وەکوو «جەیمز سکات» و «یوجین وەیبر» پێیان وایە بوونی زمانێکی ڕەسمی لە کۆدەقێکی چەند زمانەدا بە تەنیایی سەلمێنەری بوونی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی‌یە:

١-لە وڵاتیکی چەندزمانی یان فرەزمانیدا، فەرمی‌بوونی زمانێک بەتەنیا بۆخۆی بەڵگەیەکی جیددییە بۆ بوونی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی. یانی بۆ سەلماندنی بوونی کۆڵۆنیالیزم هەر ئەوەندە بەسە. چونکە نایەکسانیی و هایرارشی زمانی ساز دەکات و بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی نایەکسانی کولتووری، دەسەڵات و ئابووریی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی فەرمی و ئەوانیتر. بۆیە پرۆسەی ئاسیمیلەبوون دڵخواز و نەخوازراو دەست پێدەکات و زمانەکانی دی لە ژیانی ڕۆژانە، لە بەرهەمهێنانی زانست و حەوزەی سیاسەت وەلادەنرێن و کوێر دەبنەوە.

٢- کاتێک ئەوە ساز بوو، خەڵکی بندەست بە زمانی زاڵ بیرکردنەوە و لە ڕوانگەی کولتووری زاڵەوە خۆیان دبینن، ئیتر وێڕای لە خۆ و لەمافی خۆ بێگانەبوون، دەبن بە بەشێک لە دنیابینیی مرۆڤی کۆڵۆنیزەکراو. چونکە گوتار و دنیابینیی زاڵ دەروونی

دەکەن. بۆیە ئێستا کێشەی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیەتی. دوای ئەوەی کورد ڕاهات لەگەڵ لە پشت چاویلکەی مەعریفەی سەردەست یانی پەهلەویزم و کەمالیزم و بەعسیزمەوە خۆی بینی، تێگەیشتنی تەنانەت لە چەمکێکی وەکوو کۆلۆنیالیزمیش بنەماکەی دەبێتە ئەو مەعریفەیەی کە کتێبی دەرسیی ئێران، تورکیا و عێراق پێی داوە. لە کتێبی دەرسیدا خوێندوویەتی کە کۆلۆنیالیزم تەنیا پرۆژەیەکی ئەورووپایی بۆ بە کۆلۆنیکردنی نائەورووپییە. تەنانەت، کۆماری ئیسلامی، تورکیا و عێراقی سەددامیش خۆیان بە دژە ئیمپریالیست و دژە کۆلۆنیالیست دەناساند و دەناسێنن. پرسی کوردیش هەمیشە لەو چوارچێوە گوتاریی دنەی دەوڵەتانی خارجی و هەوڵی دەوڵەتە ئیستعمارییەکان بۆ دووبەرەکی خستنە نێو موسلمانان باس کراوە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا، تورکیا شۆڕشی شێخ سەعیدی بە ئاکامی دنەی کورد لەلایەن ئینگلیسەوە لەقەڵەم داوە. ڕێبەرێکی کوردی وەکوو ئۆجەلانیش هەر هەمان شت دەڵێتەوە کە لە قوتابخانەی کەمالیستی فێری بووە. بۆیە دەڵێت ئەگەر لەبەر "یاخیبوون" و هاوکاریی شێخ سەعید لەگەڵ ئینگلیسیان نەبووایە، مستەفا کەماڵ هێندە کێشەی لەگەڵ مافی کورد نەدەبوو. دەشڵێت ئەو کارەی شێخ بوو بە هۆی ئەوە کە "مستەفا کەماڵ پاشا یاخیبوونی شێخ زۆرتر وەک هەڕەشە لە جمهورییەت ببینێ تا کێشەی کورد."

**پرسیار**

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خودی داگیرکراوی و کۆلۆنیبوونی دەوڵەتی داگیرکەر و دەوڵەتی کۆلۆنی، ئەوانەی کە لانی کەم ئێستا لە دەوروبەری ئێمەن و کوردیان داگیر کردووە، هەر نەبێت هێندیک جیاوازییان لەگەڵ ئینگلستان هەبوو کە هێندی داگیر کردبوو، لەوێدا هێندێک شت ئەو جۆرە نەبوو کە ئێستا ئەوانە بە قەولی خۆیان لە سیمی ئاخریان داوە و هیچ سنوورێکی ئەخلاقی نەماوە، نەیبەزێنن. لە بیرمە کچەکەم بچووک بوو، ڕۆژێک لە قەتاردا دانیشتبووین و بە کوردی قسەم لەگەڵ دەکرد، خانمێک پێی گوتم: تۆ بۆ بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکەیت، بۆ بە فارسی قسەی لەگەڵ ناکەی؟ گوتم زەروورەتێک نابینم لەگەڵ منداڵەکەم بە فارسی قسە بکەم. دوای ١٩٧٩ ئەو شتەی بە نێوی ئینقلابی ئێران بوو و کابرا لە ئیسفەهانێرا هەڵدەستا، دەهاتە کوردستان خەڵک بکوژێت، ئەو تاکەیان وا بار هێناوە کە بە مافی خۆی دەزانێت، هەستیت بڕواتە کوردستان، کەسێک بکوژێت کە نایناسێ و بەلاشییەوە ئاسایی بێت.

**وەڵام**

بەڵێ وایە، ڕاستە! یانی ئێمە کۆلۆنیزەکەرمان هەیە، کۆلۆنیزەکراومان هەیە. کابرا لە

ئیسفەهان ڕا دێت، لە کوردستان کورد دەکوژێت؛ ئەوەی کە لە ئیسفەهان ڕا دێت لە کوردستاندا کورد دەکوژێت، بێشک کێشەیەکی جیددیە، بەڵام لەوەی کێشەتر ئەوەیە کە بۆ خودی کورد شتێکی سەیر و عەجیب نییە. کاتێک باسی تراژیدیای کۆڵبەری دەکەین، زۆر کەس باس لەوەی دەکات، کابرای کۆڵبەر کە دەکوژرێت یان ئەگەر مین لەژێر پێی دا دەتەقێتەوە، لەبەر تەماعە یانی قوربانی بە تاوانبار دەزانێ، یانی ئەگەر نەشڵێت جێی خۆیەتی و، کۆڵبەر ئەوە چارەنووسیەتی، دەڵێ تاوانی خۆیەتی، یانی کۆڵبەر ئەو چارەنووسەی بۆخۆی هەڵبژاردووە. فرانتز فانۆن شتێکی جوان دەڵێ کە «لە وڵاتی کۆڵۆنیکراودا، ژێرپێکهاتەی ئابووری خۆی سەروو پێکهاتەیە. هۆکارەکەش دەرەنجامەکەیەتی؛ تۆ دەوڵەمەندیت، چونکە سپیپێستی، تۆ سپیت، لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندیت». یانی دەیهەوێ بڵێ کە کێشەکانی کابرای کۆڵۆنیکراو ساختارین، ئاکامی هەڵبژاردنی ئەو نین. ئێمەی کورد نابێ بپرسین کە بۆ تەنیا لە کوردستان کۆڵبەری هەیە؟ بۆ تەنیا لە بەلووچستانیش سووتەمەنیبەری هەیە؟ ئایا بوونی دیاردەیەکی بێوێنەی سیاسیی- ئابووریی لە جێگایەک، خۆی گوزارشت لە هەلومەرجێکی بێوێنە لەوێ ناکات؟

بەڵام کابرای کورد دێت وەپێش کۆڵبەرکوژ دەکەوێت و کێشەکە دەگێڕێتەوە بۆ نیەت و مۆتیڤ و کارەکتەری مرۆڤی کورد. چاو چۆن کوردۆفۆبیا و ترس لە کوردایەتی دەبێت بە بەشێک لە میکانیزم و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد. یانی کابرای کورد بۆ خۆی دەڵێت کاتێک دەزانین کە دەمانکوژن، خەتای خۆمانە و بیانوویان دەدەینە دەست بۆ کۆشتنمان. کاتێک ئەو لۆژیکە زاڵە، مرۆڤ چی دی خۆی وەک مرۆڤی خاوەن ماف نابینێت. هەر جۆرە باسێکیش دەگێڕێتەوە سەر تاوانی تەسلیم نەبوونی کورد؛ ئەگەر تەسلیم بی، ئاوات بەسەر دێ. چەندین دەیەیە کە دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵ وای بە کورد گوتووە، ئێستا کورد بۆخۆی وا بە خۆی دەڵێتەوە. وەک دوژمن لەگەڵ خۆی دەدوێت و ئیستدلال دەکات. تەنانەت، ئەکادیمیسیەنێکی وەکوو دکتۆر عەبباس وەلی لە وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز محەممەدی خاکی ـدا، بە شێوەیەک سەرمایەداریی کورد سەبارەت بە کوژرانی کۆڵبەر تاوانبار دەکات.

مانای ئەو جۆرە ئیستدلالە باوانە ئەوەیە کە کۆڵبەر یان بەشێکی کورد، بە شێوەیەک خۆیان تاوانبارن لە کوژرانی کۆڵبەر. زۆربەی پاساوی ئەخلاقی بۆ کولبەرکوژیی کۆماری ئیسلامی دەگێڕنەوە بۆ تەماعی کۆڵبەریی کورد. ئێمە باس لە کوژرانی کۆمەڵە مرۆڤێک دەکەین کە سەرەڕای ئەوەی قوربانیی سەدان جۆرە زوڵم و هەڵاواردنی دینی، ئیتنیکی و زمانین، پنچکە گیایەکیشیان لە ژیاندا نییە بۆ ئەوەی کە خۆیانی پێ لە خنکان ڕزگار

بکەن. ژنێکی بێ مێرد لە وڵاتێی نێرسالار کە چەند منداڵی هەیە و لە ناچاریی جلوبەرگی پیاوانە دەبەردەکات و دەچێت لەگەڵ سەدان کەس کە نەدەزانێ کێن و چۆنن، دە خڕ و دۆڵان هەڵدەبێت. لە ئاکامدا هەڵدەدێرێ و دەکوژرێت، دەکرێ تۆمەتی تەماعی لێ بدرێت. ژنێک کە مەترسیی گیانی و جەستەیی و تەنانەت بە بەردەوامی بۆ مانەوەی خۆی و منداڵەکانی ترسی تەجاوزی جینسی ئەموزن دەکات، منداڵەکانی بەتەنیا بەجێ دێڵێ، نازانێ دەگەڕێتەوە یان نا. بەڵام خودی کورد قەزاوەتی ئەخلاقی لەسەر دەکات. ئەگەر کوژراش نەک بکوژەکەی، بەڵکوو ئەو ژنە وەکوو تاوانبار بۆ کوژرانی خۆی دەناسرێ. لە هیچ جێیەکی جیهاندا، تەماع نایاسایی نییە، کەس لەبەر تەماع ناکوژرێت، تەنانەت ئەگەر تەماع لە کۆماری ئیسلامیدا ببێتە پاساوی کوشتن، دەبێ بەرپرسانی دەوڵەت یەکەم کەس بن کە بکوژرێن. کۆماری ئیسلامی نە تەنیا سەڵاحیەتی ئەخلاقی نییە کە کۆڵبەر بکوژێت، بەڵکوو پێچەوانەکەی دروستە.

بەڕاستی تێڕوانینێکی ئاوا لە کەیسێکی پڕ لە بژاردەی مان و نەماندا چۆن دەتوانێ کوردی بێت؟ چۆن کوردێک دەتوانێ تراژیدیای خۆی ئاوا ببینێت؟ ئەو تێڕوانینە، تێڕوانینی غەیرە کوردە لە تراژیدیای کورد کە پێی وایە کورد شایەنی لەوەش خراپترە. بەڵام کورد بەتەواوی بۆچوونی ئەوی دیکەی سەبارەت بە خۆی دەروونی کردووە. دواترین شت کە کوردێک دەیبینێ، سەربازێکە کە لە تارانەوە هاتووە و بە چەکەوە کوچە و کۆڵان و بەردەرگای لە کورد گرتووە؛ لە بیانوویەکیش دەگەڕێت کە کورد بکوژێ. بەڵام، گوایە کوردی کوژراو، قوربانیی تەماع و لە ژێرپێنانی ئەخلاقە، نەک ئەو سەربازەی دایکی چەند منداڵی برسی دەکوژێت. چاو تا چ ڕادەیەک کێشەی زەینی و دەروونی بۆ مرۆڤی کورد ساز بووە. کاتێک شتەکە ئاوای لێهات، هەر شتێک کە هاتە گۆڕێ، مرۆڤی کورد خەڵکی خۆی بە شایانی کوشتن دەبینێ و بۆ پاساو هێنانەوە وەپێش بکوژی کوردیش دەکەوێ. ئاوا دوژمنایەتی لەگەڵ کوردایەتی و ترس لە کوردبوون یان کوردۆفۆبیا لەنێو کورد دا دەروونی کراوە. زەینی کۆیلەکراو، ئاوا حەقیقەت و ڕاستییەکانی دەسەڵاتی ئەوی دیکەی کوردی سەبارەت بە خۆی دەروونی دەکات. ئەو حەقیقەتانەی دەسەڵات کە لە تورکیا و ئێران سازیان دەکات، تەنیا بۆ تورک و فارس نین. لەپێشدا بۆ کۆیلەکردن مرۆڤی بندەستی کوردن. تاکی کوردی ڕۆژانە قوربانییە و ڕۆژانەش شاهیدی تەسلیمبوون بە گوتاری ئەوی دیکەی زاڵە. ڕۆژانەش سنووری فارس و تورک دەروونی دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش زەینی خۆی لە قاڵبی تورک و فارس

دەدات. بۆیەش ئێستا بەشێکی جیددی لە خودی سیاسەتی کوردی ترسێنەرترین سیاسەتی دژی کوردە.

**پرسیار**

ئەگەر بچیینە سەر باسی فتووحاتی ئیسلامی و ... بوو، ئێستا کورد لەنێوان ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش بووە، زۆربەی زۆری خەڵکەکە و دینی ڕەسمیی ئەو وڵاتانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیسلامە، ڕاستە لە یاسای بنچینەییی تورکیا تۆزێک جیاوازی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ئەو ستەمەی کە لە توێژی سەرەوەی کولتوری کار دەکات، دین و باوەڕە ئیسلامییەکانە. ئایا لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ڕاستەوخۆ دینی ئیسلام یا ئایین لەسەر ئەو کۆڵۆنی بوونەی کورد کاریگەری داناوە و یەکێک لەو ئێلێمێنتانەیە کە توانیویەتی ئەو کۆڵۆنییە بەهێزتر بکات، یان ئەو پێوەندییە چۆناوچۆنە؟

**وەڵام**

پێش دەوڵەت-نەتەوە، ئیسلام تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی دەوڵەتدا بوو. نەتەوە جۆراوجۆرەکان خوێندنەوەی جۆراوجۆریان لە ئیسلام هەبوو. کوردیش خوێندنەوە و مەعریفەی ئیسلامی سەربەخۆیی خۆی هەبوو. یانی کوردیش بە گشتی خوێندنەوەیەکی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ کولتوور و شێوەی ژیانی خۆ هەبوو. ئێمە ئەو ڕاستییە دەبێ بسەلمێنین دروستە کە کۆدەقی یەکەمی ئیسلام، کۆمەڵگەی عەرەب یان مەکە و مەدینە و شێوە جەزیرە عەرەبی بووە، بەڵام هەر لە یەکەم سەدەکانەوە، خوێندنەوەی جۆراجۆر لە دنیای ئیسلامدا بوون بە باو. کابرای تورکیش توانی حاکمییەتی دینیی خۆی هەبێت. دوای ٥-٦ سەدە کابرای کوردیش توانی ببێ بە حاکم و کێشەی ئیتنیکیی جیددیش بۆ حاکمییەتەکەی ساز نەبێ. بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەکوو سەلاحەدینی ئەیووبی کوردبوونەکەی کێشە نەبووە و بەشێکی زۆری خەڵکی عەرەب و غەیری عەرەب قبووڵیان بوو. دیارە حاکمییەتی بە مانای خەلافەت نەبوو. بەڵام، خۆی بە خزمەت کاری دوو حەڕەمی شەریف (خادم الحرمین الشریفین) دەزانی. بەڵام زۆریش بوون کە کێشەیان لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی لەبەر عەرەب نەبوونی هەبووە. ئەو ڕاستییە هەیە کە ئیسلام بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ وەکوو هەر دینێکی دیکە خوێندنەوەی و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لێ دەکرێ.

هەم ئیسلام و هەم مەسیحییەت قابیلیەتی ئەوەیان هەبووە کە بۆ هەیمەنە و سوڵتە کەڵکیان لێ وەربگیرێت و بەتەواوی ڕۆڵی پاساوچی بۆ حاکمییەتی زوڵم بگێڕن. هەر ئێستاش لە ئێران و تورکیا و عەرەبستان و بە شێوەیەک لە هەموو دونیای ئیسلام

ئەوە دەبینین. لە بەشێکی زۆر لە دونیای ئیسلام بەڕەسمی کۆیلەتی هەیە. لە زۆربەی وڵاتەکانی کەنداو بە هەزاران منداڵ و مرۆڤی باشووری ئاسیا ئێستاکە کۆیلەن. ئەو بێچارانە هەر کە بۆ کار گەیشتنە ئەو وڵاتانە، پاسپۆرتیان لێ دەستێنن و بە دەیان جۆر و بە نامرۆڤانەترین شێوە تەعەددایان لێ دەکەن، لێیان دەدەن، تەجاوزی جینسیەن پێدەکەن. منداڵ دەکڕن نانی زۆر کەم دەدن. تاکوو ئەو منداڵە کزتر بێت ئیمکانی بردنەوی کێبەرکێ لە وشترسواری دا زۆرترە. ئەوە سەرگەرمی دەوڵەمەندی خەلیجییە، قەتیش نوێژ و ڕۆژوەکەی ناچێت. لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکی دینداری ئێمە، ئەو وڵاتانە لووتکەی مەعنەویەتی دینیین. ئەوانە هەموو ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر لەو جێگایانە کە زۆرترین مەراسیم و شیعاری دینی هەیە، زۆرترین ڕادەی ئەسارەت و کۆیلەتی مرۆڤیشی لێیە؟ ئەگەر ئەوە بە هەڵکەوتیش بێت، مرۆڤی بە ئەخلاق و لایەنگری ئازادی و عەدالەت چاوپۆشی لێ بکات.

کە بگەڕێینەوە بۆ مێژووش، لە ئەمریکای لاتین مەسیحییەت بەشێک لە ئامرازی جددیی کۆڵۆنیالیزم بووە و بەشێکی زۆر لە ئەمریکا و ئەفریقا لە ڕێگەی مەسیحییەتەوە کۆڵۆنیزە کراوە. دەبینین وەکوو ئیهانەتێک ئەو جێیەی پێشتر مەعبەدێکی ئەو خەڵکە خۆجێیەی لێ بووە، هەڵیان وەشاندووەتەوە و هەر لەسەر گۆڕ و جێگای ئەو و بە بەردەکانی ئەو مەعبەدە، کلیسایەکیان لێ سازکردووە. بە هەمان شێوەش، ئێمە دەبینین بۆ نموونە لە تورکیا ئێستاش خەریکی ئازار و ئیهانەت بە مەسیحییانن و زۆر جێگای وەکوو ئەییاسووفیا کە پێشتر کلیسا بوون، ئێستا کراون بە مزگەوت. لە ئیسپانیاش ئەو شوێنانەی مزگەوت بوون، کراون بە کلیسا. جا ئەوە خەتای پەیڕەوانی دینەکەیە یان دینەکە بۆخۆی ئەوەی لە زاتیدایە، مژارێک کە تەنیا دەمانبات بەرەو دونیایەک لە ڕاڤە و تەفسیر. دیارە لە هەمان کاتیشدا ناتوانن ئەو پرسیارە لە بیر بکەین کە ئایا دینی تەریک خراوە لە پەیڕەوانی، هەر مومکینە؟

بەڵام ئەگەر بە گشتی چاو لێ بکەین، پێش ئەوەی دەوڵەت-نەتەوە بتوانێ بەسەر کورددا زاڵ بێ و زەینی کۆیلە بکات، لێکدانەوە و خوێندنەوەی دینیی کوردی دژایەتییەکی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردی نەبووە. ئێمە دوای شۆڕشی ئێرانیش دەبینین حیزبە سێکۆلەرەکانی کورد، پشتیوانیی زۆر جیددیی مەلا و کەسی خوێندەواری دینیی کوردیان لەپشت بووە. ئاپۆرەی خەڵکی کورد لە ساڵانی ٥٧ بەشی زۆری دیندار بوو، ئێستاش زۆری دیندارە. بەڵام پێشیان وا بووە کە پێشمەرگە منداڵی خۆیانە و هەمیشە بە شەهید ناویان بردووە. خەڵکی کورد بۆ کەسانێک کە بە هێزی ڕزگاریی

نەتەوەیی ناسیون لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە تێرم و دەستەواژانە کە لە لایەن خەڵک پیرۆز و موقەدەسەن، هیچ کێشەی نەبووە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جگە لەو مەلا تازە موسڵمان بووی ئیخوانی و سەلەفیی، مەلای کورد، پێشمەرگەی کۆمەڵەش - کە ڕەنگە کێشەشی لەگەڵ دینداری هەبێ- بە شەهیدی کوردستان دەزانێت. جگە لە مێشکی تەعریب کراوی ئیخوانی، پێوەری مەلای کورد بۆ بە شەهید ناسینی پێشمەرگە، ڕۆڵی پێشمەرگەیە؛ کە وەکوو پارێزەری ماف و کەرامەتی کورد دەیبینێ، ئەگەرچی دینداریش نەبێ. لە ساڵانی یەکەمی شۆڕش لە کوردستان یەکێتیی مامۆستایانی ئایینیی کوردستان هەبوو. ئەوە لە لایەک سەرکەوتنی حیزبە کوردییەکان و توانایی ئەوانی لە تەعامول و هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤی دیندار دەنواند. لە لایەکی دیکەشەوە نیشان دەدا کە توانیبوویان بۆ دینداران لەنێو چوارچێوەی بزاڤی نەتەوایەتی سیکۆلەری کوردیدا جێیەکی جیددی بکەنەوە، کە بەڕاستی زۆریش دێمۆکراتیکە. بەڵام، نیشانیش دەدات کە دینداریی کوردیش دەتوانێ خوێندنەوەیەکی سیکۆلەر و نەتەوەخوازانەی کوردی لە ئایین هەبێ.

ئەگەر پێش ٥٧یش چاو لێ بکەین، بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەران و پێشەنگانی مەسەلەی نەتەوەییی کوردی، مەلا و شێخ بوون، لە شێخ عوبەیدیلا ڕا بگرە تا دەگاتە سەعید نوورسی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ ئەحمەدی بارزان و قازی محەممەد. یانی کورد توانیبووی ئیسلامی خۆی بکوردێنێ. چونکە لەو کاتانەدا سەرچاوەی خوێندنەوەی کورد لە ئیسلام، کورد بۆ خۆی بووە. مەعریفەی دینی کوردی، مەعریفەیەکی سەربەخۆ بووە. وەکوو ئێستا، لە تاران، قاهیرە و ئیستەنبوڵەوە نەدەهات تاکوو لەگەڵ کوردایەتی نەگونجێ. بەڵام، لەو کاتەوە کە سەرچاوەی مەعریفەیی کوردی دەبێت بە میسر، عەرەبستانی سعوودی، تاران، یان سەید قوتب، شەریعەتی، یاشار نووری ئۆزتورک و ئەوی دیکە، دینی کوردی لە تورکیا دەبێتە دینێکی کەمالیستی، گەرچی حیزبوڵلاشی لێ ساز بێت. دینی کوردی لە ڕۆژهەڵات، ئەگەر ئیخوانیش نەبێت، تەششەیوعی سوری ئێرانگەراییی شەریعەتییە. بۆیە دەکرێ خوێندنەوەیەکی کوردی لە ئیسلام، یەزیدییەت، مەسیحییەت، یەهوودییەت و لە هەموو دینەکان هەبێت. چونکە دینەکان دەتوانن لە کۆدەقی جۆراوجۆردا بخوێنرێنەوە بە شەرتێک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی جیا بن. بەڵام، ئەو ڕاستییە کە بەشێکی گەورە لە دینداریی کوردی ئێستاکە سەرچاوەکەی دەرەوەی کوردستان و کوردە، دینی کوردی کردووەتە عەرەبی و تورکی و فارسی. بۆیە کێشەی لەگەڵ سەروەریی کورد هەیە و تەنیا ئەوی دژی مەسڵەحەتی ئوممەی ئیسلام دەزانێت.

هەر وەکوو کابرای چەپ پێی وایە تەنیا ڕێگری ئینتەرناسیۆنالیزمەکەی، کوردستانی سەربەخۆیە.

**پرسیار**

لەو باسەدا دەتوانین شتێک هەڵێنجین، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئەو چینە لە پیاوانی ئایینی (زۆرتر پیاوان نەک ژنان)، ئەگەر ئەوانە وەکوو ئێلیتی خۆیان لە قەڵەم بدەین و دوایە بیهێنینە سەر باری سیاسیی و فکری و.... وەکوو لە شیعرەکەی خانیی مەزندا دەبینین، ئایا باسەکە دێتەوە سەر ئەوە کە ئێلیتێکمان نەبووە، چونکە تورکەکان دەوڵەتی خۆیان دروست کرد و ئێرانییەکان بە هاتنی ڕەزا شا دەوڵەتی خۆیان دروست کرد، بڵێی بتوانێ دەوڵەتی کوردی دروست بکات یان دۆخی ناوچەکە ئەوە بووە؟ کورد چ جیاوازییەکی لەگەڵ فارس و تورک هەبووە کە ئەوان دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان دروست کرد و ئێمە نەمانکردووە؟

**وەڵام**

بە باوەڕی من هێندێک شتمان نەبووە و ئەوانەش کەموکوڕیی جیددی بوونە. هێندێک لەمپەری جیددیشمان لەپێش بوون. لە کاتێکدا دەوڵەت-نەتەوە دەبوو بە شێوەی باوی خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان بێ، کەچی کورد و کوردستان خاوەنی کۆمەڵە دامەزراوەیەک نەبوو، زانکۆی نەبوو، تەنانەت ئەلئەزهەرێکی نەبوو، شارێکی کاسمۆپۆلیتەنی وەکوو ئیستەنبوڵی لە ئیختیاردا نەبوو. قەوارەیەکی عەسکەری نەبوو، ئەوەی لە ئیمپراتۆریش بەجێما یان کورد نەبوو یان هەستی کوردایەتی نەبوو، ئەگەرچی زۆرێک لەوانە بەشێک بوونە لە دامەزراندنی عێراقی و سووریاش، کورد لە سووریا بوون بە سەرۆک کۆماری، بەڵام زەینەکەیان زەینی کوردایەتی نەبوو. ئێمە وەکوو کورد میراتگری دەوڵەتێک نەبووین و ئەوەش بۆخۆی مەسەلەیەکی زۆر زۆر جیددییە. لە هەمان کاتیشدا تەنانەت جوگرافیاش یاریدەرمان نەبوو. بۆ نموونە تا سی-چڵ ساڵ لەوە پێش زۆر دێهاتی کوردستان شەش بۆ حەوت مانگ ئیمکانی پەیوەندی و تێکەڵاوییان نەدەما. خەڵکی شاری گەورە و بە قەولی قەدیمیان جێی سیاسەتی مودوون و لەدایکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی نەبووین. شارەکانمان، زۆرتر بازاڕچە و جێگای دەڵالی و ئاڵوگۆڕی وەرزی بوون. ئەو شارانەی خەڵک خۆی لە سیاسەت وەردەدا و، پێشکەوتنی زانستی، سیاسیی و کۆمەڵایەتی خەمی سەرەکیی بووبێت، نەمانبوو. بۆیە نە توانای گەمەی سیاسییمان زۆر بوو، نە زمانی سیاسەتمان دەزانی، نە پوتانسیەلی وەڕێخستن و مۆبۆلیزەکردن و ڕێکخستنی نەتەوەیەکەمان هەبوو. ڕێکخستن هەم تواناییی ماڵی

دەوێ، هەم مەعنەوی و هەمیش دواڕۆژبینیی سیاسیی و ڤیزیۆن کە بتوانێت لەنێو نەتەوەیەکدا ئەو باوەڕە ساز بکا کە ئەو قوربانییەی دەیدەین، هەم پێویستە و هەمیش ئاکامی دەبێت. ئێستاشی لەگەڵ بێ کورد کێشەی ڕێکخستن و دواڕۆژبینی و ڤیزیۆنی هەیە.

بەڕاستی نەبوونی ئێلیتێکی جیددی کە ئەو کەسایەتییە گەورانەی کورد باسیان کردووە بە بەردەوامی مەسەلەیەکی زۆر زۆر جیددی بووە. ئێستا نموونەی باشوور و پرسی ڕیفراندۆم کە هاتە گۆڕێ، زۆرینەی خەڵکی کورد هیچ متمانەی بە هیچ ڕێبەرێکی کورد لە باشوور نەبوو. بەڵام ئەو کێشە ئی ٢٠١٧ نەبوو، ئی ساڵی ١٩٩٠ بوو، یانی ٢٧ ساڵ پێش بەڕێکەوت کورد لە سەددام ڕزگاری ببوو و لە تەواوی ئەو ٢٧ساڵەشدا کەس بەرنامەیەکی تۆکمەی نە بۆ نەتەوەسازی و نە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەلی ڕزگاری دانەڕشت. ڕێبەرێکی دواڕۆژبین و ڤیژنەری (visionary) لە ١٩٩٠ڕا پێشی لە بەتاڵانچوونی سەروەت و سامانی خەڵک و تەنانەت دزرانی داربەرق و سەدی بێخمە و چی و چی دەگرت. مەبەست ئەوە نییە کە ڕێبەری دواڕۆژبین هیچ کەموکوڕییەکی نییە، بەڵکوو هەموو ژیانی بۆ وە دەست هێنانی متمانەی خەڵک و متمانە بە پرۆژەی نەتەوەسازی تەرخان دەکات. هیچ ڕێبەرێک کە لە تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە دەرنەچووبێت، ناتوانێت چاوەڕوان بێ خەڵک چارەنووسیانی بدەنە دەست.

وەکوو ڕاستییەک ئەو شتانەمان نەبوو، کۆمەڵێکی مەعریفی و مرۆڤی خوێندەوارمان نەبوو کە هاوڕا و هاوفکر بن و خوێندنەوەیەکی جیددییان لە بەشەکانی کوردستان هەبێ. گرووپێکی لێهاتوومان نەبوو کە سەرمایە و تواناکانی کورد لێک بدەنەوە و بزانن کە چۆن دەتوانن کورد ڕێک بخەن و موبلیزەی بکەن. ڕووناکبیری تاکەکەس و تاکووتەرامان بە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەبووە. بەڵام، لەگەڵ هێندێک نەتەوە ڕووبەڕوو بووین کە میراتگری دەوڵەت بوون، هێزی نیزامی، فکری، سیاسیی و ئابوورییان هەبوو. بەپێچەوانەی کورد لە هەمان کاتدا، بەرژەوەندیشیان لەگەڵ بەرژەوەندیی زلهێزی دەرەکیش یەک بوو. یارمەتیی کورد بۆ بوون بە دەوڵەت، لە بەرژەوەندیی زلهێزەکانیشدا نەبوو. دیارە لە باری ئیمکاناتی مادی و مەعنەوییەوە، کورد لە کوەیت و ئیمارات و...ئەو جۆرە نەتەوانە زۆر پێشکەوتووتر بوو. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەوان، مەسڵەحەتی کورد لەگەڵ زلهێزەکان یەک نەبوو. بۆیە لەمپەر و مانعی زۆر لە پێش دۆزی کورد بوو، ئەگەر مەسڵەحەتی فەڕانسە یا ئینگلستان لەوەدا با کە کوردستانێکی سەربەخۆ هەبێ، بەڕاستی وەزعی کوردستان لەوەش خەراپتر بوایە، ئێستا کوردستانێکمان

هەر دەبوو یان ئەگەر هاتبا و شێخ عوبەیدیلا یان سمکۆ سەرکەوتبا، ئێستا کوردستانێکمان دەبوو، یانی دەتوانین خوێندنەوەی جۆراوجۆر دژ بە واقیعی مێژوویی (counterfactual) مان هەبێت.

**پرسیار**

ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێک کرد، کە ئەوانە هێزیان هەبووە بەتایبەت هێزی نیزامی و ئەوانە. زۆر جار باسێک دێتە گۆڕێ، بۆ نموونە هەر ئێستا لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ڕابردوو تا ئێستا، دادگای حەمید نووری بەڕێوە چووە، باسی ئەوە کراوە کە باشە کوردەکان چییان دەوێ، دەی ئەوە لە فارسەکانیش ئیعدام کراوە. باسی زەبروزەنگ کە دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی بەسەر خەڵکانی دیکەی وەکوو کورد، بەلووچ و تورکەمەن و... دا دەسەپێنن، یان تەنانەت لە باشوور دەبینی هەر هەڵێک کە بۆیان دەڕەخسێ، دەیقۆزنەوە و بە جۆرێک فشار بۆ هەرێم دێنن. کەوابوو مەسەلەی زەبروزەنگ لە کۆڵۆنی بوونی کورددا تا چ ڕادەیەکە؟ ئەودەم ئێمە ئەو پرسیارەمان بۆ دێتە پێش کە مەسەلەن ئەو زوڵمەی لە ئینسانی کورد دەکرێ و ئیعدام دەکرێ، لەگەڵ ئەو کەسەی لە تاران زوڵمی لێ دەکرێت و ئیعدام دەکرێت، جیاوازییەکەی چییە و کاربۆرد و فاکشێنەکەی لەو سیستەمە کۆڵۆنیالیستییەدا چ جیاوازییەکی هەیە؟

**وەڵام**

هەرێم ڕووی داوە؛ ئەویش ئەوەیە کوردبوون لەوێ پرسی ئەمنییەتی نییە. کورد بەهۆی شوناسی کوردی و پەیوەندیی ئیتنیکیی خۆی لەژێر هەڕەشەدا نییە. ئێستا لە باشوور کوردبوون نە گوناهە و نە سووچ و نە تاوان. بەڵام، لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی غەیرە کورددا، کوردبوون بە بەردەوامی و لە زاتی خۆیدا پرسێکی ئەمنییەتیە. یانی هەر کوردێک وەکوو سووژەیەکی ئەمنییەتی دێتە هەژمار. بۆیە وەکوو واڵتر بنیامین دەڵێت «دۆخی نائاسایی، دۆخی هەمیشەیی ستەملێکراوەکانە» یانی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، لەژێر حوکمی غەیرە کورددا لە ئێران، عێراق، تورکیا و سووریادا، کورد لە دۆخی نائاساییدا ژیاوە. ئەوە شتێکە ئەو کەسانەی باس لە برایەتی و پێکەوەژیانی گەلان دەکەن، بەئەنقەست خۆی لێ دەبێرن. ئەگەرنا چاو لێ بکە هەر ئێستا لە کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات حکومەت نیزامی حاکمە. بۆیە، پێویست ناکات مرۆڤ فەیلەسووفی سیاسەت بێ تا لەو ڕاستییە بگات. یانی ئیدارەی کوردی لە سووریا و لە باشوور کێشەی ئەمنی بوونی ئێتنیسیتەی کوردی چارەسەر کردووە و تاکی کورد لە دۆخی نائاسایی هێناوەتە دەر.

جیاوازیی زەینەبی جەلالیان و نەسرین ستوودە لە چیدایە؟ ئەوە ڕاستییەکە و هەردووکیان لە زینداندان و هەردووکیشیان عەزاب دەبینن. بەڵام، ئەوەی کە نەسرین ستوودە هیچ کاتێک وەکوو کەسێک نابینرێت کە کێشەی ئەمنی بۆ ئێران سازکردووە یان هەڕەشەیە لەسەر ئێران، ئەوە جیاوازییەکی بنەڕەتییە کە لەگەڵ زەینەبی جەلالیان هەیەتی. ئەگەر نەسرین ستوودە شیعری کوتبا یان کاری موسیقی کردبا، کێشەیەک بۆ نەسرین ستوودە نەدەهاتە پێش. بەڵام، ئەگەر زەینەبی جەلالیان هەر ئەو باسانەی کردبا، شیعری نووسیبا یان گۆرانی کوتبا یان دەرسی کوردی گوتباوە، وەکوو زارا محەممەدی تووشی زیندان دەبوو. زارا محەممەدیش ژنە، وەکوو ژنیش زوڵمی لێ دەکرێ و هەر کۆمەڵگەی کوردیش لە پیاوی هەڵداوێریت. بەڵام، سەرەڕای ژن بوونەکەی، کێشەی زارا محەممەدی کوردبوونەکەیەتی. ئێستا سەدان و هەزاران کەس لە ئێران لە ژن و لە پیاو لەسەر ئەدەبیاتی فارسی کاردەکەن. نەک هەر دژی دەوڵەت لە قەڵەم نادرێن، بەڵکوو --بەبێ ئەوەی بۆ خۆشیان بیانهەوێ-- هاوڕێ و هاوبیری حکومەتیشن. لەگەڵ هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامیش لە یەک سەنگەردان، چونکە کۆماری ئیسلامی دەڵێ بۆ پاراستن و ئاگاداری لە ئەدەبیاتی فارسی ئێمە هێزی ئینتزامی بەکار دێنین. کاری ئەدەبی لەسەر فارسی، بەبێ ئەوەی بۆ خۆت بتەوێت هاوئامانج و هاوسەنگەرییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێزی ئەمنیی ئەو. کاری ئەدەبی کردن لەسەر هەر زمانێکی دیکە، لانی کەم لە ڕوانگەی وەزیری ئیرشادی کۆماری ئیسلامییەوە، هەڵسوکەوتێکە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزی ئینتزامیی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووت دەکاتەوە. چونکە لە باری زمانی و کولتووری و ئیتنیکییەوە --تەنانەت بۆ کابرای کورد و بەلووچی سوننی لە باری مەزهەبیشەوە-- ئەوانە هەموو بەشێکن لە شوناسی غەیرە فارسی --غەیرەشیعە و پرسی ئەمنییەتین. هەر وەکوو چۆن کەسێک بەبێ قانوون چەکی پێ بێت کێشەی ئەمنییەتییە، کەسێکیش باسی زمانی کوردی بکات و پێداگری لەسەر شوناسی غەیرەڕەسمی بکات، دەکەوێتە حەوزەی ئەمنییەتییەوە.

ئەو کەسە دەکرێ ژن بێ یان هەر جۆرە شوناسێکی دیکەی جنسییەتی هەبێ. دیارە هەمووی ئەوانە گرنگن بە تایبەت لە جێگایەک وەک ئێرانی کە یەکسانی جنسییەتی نییە، دەبنە هۆی زوڵم و نایەکسانی و هەڵاواردن. بەڵام بۆ نموونە کێشەی زەینەب جەلالیان سەرە ڕای کێشەی ژن بوونی، کێشەی ئێتنیکی و زمانیشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کوردبوونەکە فاکتەرێکی بە تەواوی چارەنووسسازە. چەند ساڵ پێش ئێستا، خاتمی سوڕەییا فەلاح کە تێکۆشەرێکی کوردی مافی مرۆڤە، داوای کرد نامەیەک کە بۆ

شیرین عیبادی نووسیبوو، بۆی بکەمە ئینگلیسی. سوڕەییا خانم ئەو نامەیەی نووسیبوو بۆ ئەوەی کە شیرین عیبادی پشتیوانی و دیفاع لە زەینەب جەلالیان بکات. لەو نامەیەدا، سوڕەییا خانم باسی ئەوەی کردبوو کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی فارس هیچیان ئامادە نەبوون پارمەتیی کەیسی فەرزادی کەمانگەر بدەن و لە ئەمریکا باسی کەیسەکەی ئەو بکەن بۆ ئەوەی پێش بە ئیعدامی فەرزاد بگرن. ئەو فارسانەش گوتبوویان فەرزاد تیرۆریستە و ناتوانن بەرگری لە کەیسێکی ئاوا بکەین.

گریمان فەرزاد تیرۆریست بووبێت، مافی مرۆڤ دەقیقەن لە مافی تیرۆریستەوە دەست پێدەکات، چونکە زۆربەی زۆری حقووقی جەزایی نێگەتیڤە؛ تاکوو کەیسێک خەتەرتر بێت، ئیمکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەوێدا زۆرترە. بۆیە هەر کەس کەیسێکی ئاوای بۆ گرنگ نەبێ، مافی مرۆڤی بەلاوە گرنگ نابێ. دووهەم، تیرۆریزم پێناسەیەکی سیاسییە نەک مافناسانە. سێهەم، ناساندنی فەرزاد وەکوو تیرۆریست بڕیاری سیاسیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە ڕواڵەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی فارسەکان، هەموویان لە هێڵی بەناو ئۆپۆزیسیۆندا بوون. بەڵام لێرەدا دەبینین کە چۆن ١) مافی مرۆڤ لە دونیای دەوڵەت-نەتەوەدا، مافی مرۆڤی خاوەن نەتەوەیە. لە هیچ جێیەکی ئەو جیهانەدا، مافی مرۆڤی بێ دەوڵەت و مرۆڤی خاوەن دەوڵەت یەکسان نین. چونکە ئەگەر مرۆڤ دەوڵەتێکی نەبێ پشتیوانی لە مافی بکات، زۆر بەکەمی مافەکەی گرنگی پێدەدرێ، هەر وەکوو چۆن کورد ڕۆژانە یان لە کێوەکاندا دەکوژرێت یان لە دەریاکاندا دەخنکێت و کەسیش گرنگی پێ نادات. ٢) هەر لەو هەڵسوکەوتەی ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤی فارسدا دەیبینین کە ئەوان پێش هەموو شتێک لایەنگری مافی مرۆڤی فارس و سەروەریی مرۆڤی فارسن. ئەو بۆچوونە سیاسییە شکێک ناهێڵێتەوە کە بۆ ئەوان مرۆڤ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامە بێمانایە. وەکوو بە ناو «حقووق بەشەری» ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی، ئەوە ڕادەی "خودی" بوونە کە ڕادەی شایان بە مرۆڤ ناسرانی کەسێک دیاری دەکات. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ غەیرەفارسدا یەکەم، دەتوانن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاوڕا بن و غەیرە فارس بە سووژەی ئەمنییەتی ببینن. دووهەم، جیاوازییەک لەنێوان فارسی ژن و پیاو دانانێن.

بەڵام بۆ ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک شەرعییەت بە پرسی کورد و بە جیاوازبوونی دۆزەکەی نەدرێت، فارس بە بەردەوامی باسی یەکسانبوونی زوڵم لە هەموو ئێراندا دەکات. زۆر جاریش تەنانەت بوونی ئیتنیکیی فارسیش ئینکار دەکات. دەیهەوێ بڵێ فارسی لە ئێران، وەکوو ئینگلیسی لە هیندوستانێ، زمانی ئیتنیکی تایبەتی نییە. دیارە

کورد، تورک، عەرەب و بەلووچ ئەدرەسەکەیان دەزانن، چونکە تەنیا فارس کە خۆیان بە خاوەنی ئێران و هەموو ئێرانیش دەزانێ. بۆیە ئەگەر فارس هێندەی دیکەش خۆی بشارێتەوە و بووین ئیتنیکی فارس ئینکار بکات، غەیرەفارس دەزانێت کێ حکومەت دەکات و کێ خەریکی زوڵمە لە ئێران.

**پرسیار**

کورد چۆن دەتوانێ دژی ئەو کۆلۆنیالیزمە بەرخۆدان بکات؟ ڕێگاکان چین؟ میتۆدەکان چین؟ دەبێ چی بکەین؟ ئێلیتی کورد دەبێ چ بکات؟ خەڵک دەبێ چ بکا؟ دیارە جەنابت مامۆستایەکی زانکۆی و ناتوانی وەکوو حیزبێک بێی ڕێنماییانامە دابنێی و بڵێی ئەوە و ئەوەی بکەن، بەڵام لە ئاکامدا پێم وایە وەختێک باسێک دێنینە گۆڕێ، دەبێ فکریشمان کردبێتەوە کە چارەسەرەکانمان چین، هەروەها ڕەخنەگرتن یا باسکردن بۆخۆی حەقانییەت نادا بە قەزییەکە، بەڵکوو ئەوەی ڕێگا چارەکانمان چین؟ دەبێ چی بکەین؟ زۆر جار کە فکر دەکەمەوە، دەڵێم باشە چۆن هەموو دەوڵەتانی دونیا لەسەر شانی دەوڵەمەندەکانیان دروست بوون؟ دەوڵەمەندی تورک، دەوڵەمەندی فارس، دەوڵەمەندی ئاڵمانی، دەوڵەمەندی فەڕانسەوی، دەوڵەمەندی سوئێدی کە من لەو سوئێدەی دەژیم کە بە سەرمایە و پووڵی خۆیان وڵاتیان دروست کرد، دەوڵەمەندی ئێمە پووڵەکەی دەبا لە ئانکاڕا، لەگەڵ سپای پاسداران، لە تاران ئەوە ڕێک دەخات، ئەو خەباتە دژی کۆلۆنیالیستە دەبێ چۆناوچۆن بێت؟

**وەڵام**

لە دەوڵەمەند ڕا دەست پێ بکەین؛ ئەگەر دەوڵەمەندی کوردی بێت لە کوردستان کارگە و کارخانە دابنێ و هەلی کار بۆ ٥-٦ کورد بڕەخسێنێت، سپای پاسداران دێ شوێنەونی دەکات و دەڵێ کاری فاعیلی مەجهووله: کەس نازانێ قاتڵ کێیە. ئەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەبووە و هەیە. دەیان بازرگانی کورد لە ٩٠کان لە باکوور کوژران. دەوڵەتی تورک کە هەستی دەکرد ئەو دەوڵەمەندانە بەکردەوە یارمەتیی بزاڤی کوردی دەدەن، یانی پێی وابوو وێدەچێ کە سەمپاتی و سۆزیان بۆ بزاڤی کورد هەبێ، دەیکوشتن. نە دادگایی دەکران، نە ڕۆژێک بەڵگەیەکیشیان لێ ئاشکرا دەبوو کە هاوکاریی پەکەکەیان کردبێت. ناڵێم نەیاندەکرد، بەڵام بە شێوەی یاسایی دەوڵەت نەیدەتوانی هیچیان لەسەر بسەلمێنێ، بۆیە شوێنەونی دەکردن. دەوڵەتەکانی غەیرەکورد تەنانەت، وەکوو پۆتانسیەلی هاوکاری بۆ هێزەکانی کوردی یان کردنی کار لە ناوچەی کوردستانیش تەحەممول ناکەن. دوای ڕووداوی سوسورلوک (لە ١٩٩٦)، دەوڵەتی تورک

ناچار بوو باسی کوشتنی هەڕەمەکیی نزیکەی ٥٠٠٠ کورد بکات. بە گوتەی حەنفی ئاوجی، جێگری ئەو کاتی بەرپرسی میت، هەر کەس ڕاپۆرتی هاوکاریی هێزە کوردییەکانی لەسەر بوایە، ئەگەر تورک با، لێیان دەکۆڵییەوە، ئەگەر کوردیش بوایە، یەکجێ دەیانکوشت. ئەوەش هەمووی بە ناوی "فاعیلی مەجهووله جیناتلەری یان ئەو تاوانانەی کە قاتڵەکانی نەناسراوە"، ناوی دەرکردووە. فاعیل و بکەرەکەش لە خۆر ئاشکراتر دیارە کە دەوڵەتی تورکە.

ئەوە بەشێکە لە هەوڵی کۆلۆنیالیستیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە ئیزن نادەن سەروەت نە لە کوردستان کۆببێتەوە و نە لە دەست کوردێکدا بێت کە وەکوو تاکیش، خوازیار بێت کە لە دەرەوەی ویستی دەوڵەت سەروەتەکەی بەکار بێنێت. سەروەت و مەسەلەی ئابووری لە ڕوانگەی دەوڵەتانی وەکوو ئێران و تورکیا، سیلاحێکە کە جموجۆڵی لە کوردستان، لە ئاستی تاکەکەسیشدا، دەبێ بە پێی ویستی دەوڵەتان بێت. ئەگەر لە ڕادەیەکی دیاریکراو تێپەڕێت، تەنیا دەبێ لە دەست تاکی کوردی سەر بە دەوڵەتدا بێت. سەروەت و سامانێکی جیددی لە دەرەوەی ویستی دەوڵەت لە کوردستان، سەری ساحیبی دەخوات. چونکە کۆنترۆڵی جموجۆڵی ئابووری لە دەست دەوڵەتدا ئامرازێکی یەکجار زۆر جیددی بۆ کۆنترۆڵی کوردە، لەو ڕێیەوە دەیەوێت کوردستان بێ داهاتوو بکات. کۆنترۆڵی سەروەت و سامان و کاروباری ئابووری بۆ دەوڵەت ڕێگەی هێمنانەی لەباربردنی ژیان لە کوردستان فەراهەم دەکات، جێ بە کورد لێژ دەکات بۆ کۆچ و گۆڕینی دێمۆگرافی. لە هەمان کاتیشدا ژیان بۆ تاکی کورد دەبەستێتەوە بە بەشێک لە پرۆژەی ئەمنییەتی کردنی هەرچی زۆرتری کوردستان. هەر وەکوو دەوڵەت، لە هەر هەلێکدا بەشێک لە دێیەکان بە بیانووی جۆراوجۆر دەگوازێتەوە، هێندێک ئیمکانات و پیشەسازییش بۆ ئامانجی ئەمنییەتی دەخاتە خزمەت هێندیک جێگا لە کوردستان. شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتان لەگەڵ کورد وەکوو شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستین و بەتایبەت لەگەڵ غەززەیە.

تەواوی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە قاڵبی سیاسەتی ئابووریدا، ستراتیژیی ئەمنییەتی و نیزامین. هەوڵی هەرچی زۆرتری ئەمنییەتی کردنی ئابووری بۆ ئەوەی توانستی کورد بۆ بەربەرەکانی لەنێو بەرێ و ئیمکانی مانەوەی هەمیشەیی کورد و قەوارەی دێمۆگرافیی ئەو نەتەوەیە تووشی کێشە بکات. بۆیە کەسانێک کە لەسەر ئابووریی کوردستان کار دەکەن، پێش هەموو شتێک ستراتیژیستی نیزامین و بەشێکن لە سپای پاسداران. بەرخۆدانی کورد و شێوەی دژایەتییەکەی لە دەوڵەت گرنگترین فاکتەرە کە

ڕەنگ و فۆرم دەدات بە سیاسەتی ئابووری لە کوردستان. ئابووری بۆ دەوڵەت سەربازگەیەکی گەورەتر لە پایەگا نیزامییەکان لەنێو دڵی کوردستاندایە. ئەوە هەمان هەڵسوکەوتە کە دەوڵەتی کۆڵۆنیاڵ لە چوارچێوەی گەشەبڕی یان (de-development) دەیباتە پێشەوە. دیارە، ئەو باسە پێویستی بە کاتی زۆر هەیە کە چۆن ئابووری و ئیقتساد دەبێتە وەسیلەی سەرکوت و پێشگرتن لەوەی کە کوردستان داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت و وردە وردە کارەکتەری کوردایەتی لەدەست بدات. گەشەبڕی، سیاسەتێکی ئابووریی کۆڵۆنیاڵیستییە کە دەوڵەتان لەو چوارچێوەیەدا بە شێوەیەکی سەرلێشێوێنەرانە گەشەی ئابووری هیدایەت دەکەن و هێزی بەربەرەکانی لە نەتەوەی بندەست زەوت دەکەن. لە حاڵەتێکی وەهادا گەشە یان تەوسەعە بە جۆرێک دەچێتە پێش کە مەسەلەن لە لایەک دەوڵەت گاز و تەلەفۆن دێنێ بۆ دێهات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گاز و تەلەفۆنەکە دەکات بە بەشێک لە ئەپاراتووسی ئەمنییەتی دەوڵەت لە دژی خەباتی کورد، یانی دەوڵەت لەژێر پەردەی ئەرکی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی مۆدێرن، گەشەی ئابووری دەکات بە ئامرازی تواندنەوەی ئەوی دیکەی بندەست.

**پرسیار**

من دەچمە سەر پرسیارێکی دیکە، بە قەولی جەنابت فێمینیزمی کوردی هەر دەبێ هەبێ. لەو سیستەمی کۆڵۆنیالەدا زۆر جار کە دادەنیشم فکری لێ دەکەمەوە کە ژن چەند قات زوڵمی لێ دەکرێت. ئێوە لەو شتەی بۆ خۆتان موشاهیدەتان کردووە یان لە نەزەرتان گرتووە یان کارتان لەسەر کردووە، ڕۆڵی پیاوی کورد لەو سیستەمی کۆڵۆنیالەدا چۆن دەبینی و وەکوو کەسێکی ئەکادیمیسیەن، چ ئەرکێک وە ئەستۆ دەگرن. ئێلیتی کوردی ئەکادیمیسیەنی کوردی لەو سیستەمی کۆڵۆنیالەدا بە نیسبەت ژنەکەی چ ئەرکێکی هەیە؟ دەبێ چ بکا؟ چۆن دەتوانێت لەو زوڵم و ستەمە چەند قاتەی کەم بکاتەوە؟

**وەڵام**

پرسیارێکی زۆر جیددییە، من وەکوو مرۆڤێکی مافخوازی ژن، فێمینیزمی کوردی بە زەروورەتێکی حەیاتی بۆ ژیانێکی ئینسانیتر دەزانم. ئێستا خانمێکی فێمینیست لە ژیانی شەخسیی هەر کوردێکی وەک من بکۆڵێتەوە، وێدەچێ بۆی دەربکەوێت کە من تا بیست و یەک دوو ساڵ، بۆچوونی زۆر نێرسالارانەی دژە ژنم هەبووە. لێرەدا مەبەستم نیشاندانی تەوازوعی بێ‌جێ نییە، مەبەستم لەو جۆرە بۆچوونانە، کۆدەقی کولتووری و کۆمەڵاتییە کە من تێیدا گەورە بووم. ئەوە شتێکە و هەموومان لەم کولتوورەدا گەورە

بووین. دین و مەزهەبی من ئیزن دەدا کە با پیرە گەورەیەک، مەلۆتکەیەک لەسەر پشتی لانکێ بە مێرد بدات، ئەوانە ئینکار ناکرێن. باسی من لێرەدا لەسەر فێمینیزم و فێمینیزمی کوردییە. فێمینیزم لە هەموو کۆدەقێکدا ڕەنگی کانتێکست و کۆدەقی خۆی هەیە. فێمینیزمی کورد ناتوانێ ڕێگاچارەی کۆنکرێتی بۆ کێشەی نێرسالاری لە ئەمریکای لاتین پێ بێت. بەڵام چونکە لە ناخی ژانی ژنی کورد هاتووەتە دەرێ، نابێت نە هێز و توانای خۆی بۆ دەردی ژنی کورد ئینکار بکات و نە تووشی جۆرێک لە جیهانوەتەنی بێت کە ماڵوێرانیی تایبەتی ژنی کورد نەبینێت، کە --هاوکات لەگەڵ کێشەی نایەکسانیی جینسییەتی-- نەبوونی سەروەری و بێدەوڵەتیی مرۆڤی کورد، چی بەسەر ژنی کوردیش هێناوە. فێمێنیزمی کوردی، مافی خۆیەتی دەوڵەت وەکوو دامەزراوەیەکی نێرسالار ببینێت. بەڵام ئەمە لەو بەرپرسیارێتییەی ئازادی ناکات کە هەوڵ نەدات کە دەوڵەت ئینسانیتر و یەکسانیخوازتر بکات. ئەوە نە تەنیا بە مانای گرینگیدان بە ڕەخنەی ناوبراو لە پیاوسالارییە؛ بەڵکوو گرینگیدان و باوەڕ بە ڕۆڵی بێ ئەملا و ئەولا و بنەمایی ژنە لە ڕزگاریی نەتەوەیی و ئینسانی کردنی ڕزگارییەکی وەها.

پیش سەروەریی نەتەوەیی و سەروەریی گشتی، باسی مافی مرۆڤ مومکین نەبوو. سەروەریی نەتەوەیی، مەسەلەی مافی هاوڵاتیی هێنایە گۆڕێ. لەوێشڕا ژن و فێمێنیزم پێناسەی سەقەتی هاوڵاتیی کێشەدار کرد و لایەنی جینسی و نایەکسان و دژە ژنی ئەو پێناسەیەی خستە بەرچاوی مرۆڤایەتییەوە خەباتی دژی ئەو نایەکسانییە کردوە. یانی هەر کانتێکست و کۆدەقی نەتەوەیی و مافی هاوڵاتی، سەرەڕای نێرسالاربوونی، ئەوەندەشی پۆتانسییەلی ڕەخنە لێگران و دێکانستڕاکت کردن (و هەڵوەشاندنەوەی گوتاری لەنێو خۆیدا) هەبووە کە ژن و لایەنگرانی یەکسانی بتوانن شەرعییەتی مافی یەکسانی جینسیەتی هەر لەنێو دیسکۆرسی هاوڵاتیبووندا بسەلمێنن. هەر لە شۆڕشی فەڕانسە ڕا، ژن نیشانی دا کە دەوڵەت-نەتەوە، باسی مافی مرۆڤی لە مرۆڤی نێردا سنووردار کردبوو. ئەوە فێمێنیزم بووە کە بە شێوەی مێژوویی هەم مافی مرۆڤ، هەم مافی هاوڵاتی و هەم دەوڵەت-نەتەوە و سەروەریی گشتیی ڕۆژبەڕۆژ ئیسانیتر کردووە.

لە هەموو جیهاندا سەرەڕای هاودڵی و پشتیوانیی ژنانی دونیا لە یەکتر، ژنانی هەر نەتەوەیەک گەورەترین چاکسازییان لە پێشدا وڵاتی خۆیاندا کردووە. ئاوڕدانەوەی فێمینیزمی کوردیش لە کێشەی نەتەوەییی کورد، وەکوو ئاوڕدانەوە لە کۆدەقی تایبەتیی ژنی کورد و لە مافی ژنی کورد، پێویستییەکی ئەخلاقی-مرۆڤییە. بەبێ ڕۆڵی فێمینیزمی کورد، مافخوازیی کورد سەقەت و جینسییە. فێمینیزمی کوردی ناتوانێ چاوپۆشی لە

دەردی کۆڵبەری ژن بکات. کۆڵبەری ژن بە ئێتنیک کوردە. ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە تەنیا ژنی کورد کۆڵبەرە. ژن کورد بۆیە کۆڵبەرە چونکە کوردە. ئەوە ڕاستییەکە و هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ناتوانێ کوردبوون وەکوو یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی کۆڵبەری نەبینێت.

بێشک پێش مەسەلەی دەوڵەت-نەتەوە، باسی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی نەبوو و پێش مافی مرۆڤ و هاووڵاتیش، باسی مافی ژن لەگۆڕێ نەبوو. دەبێ ئەو لێکگرێدراوییەی مافەکان لەبەرچاو بگرین. بەڕاستی هەموو مافێک لە چوارچێوە و کۆدەقی تایبەتدا دێتە بەرباس. مافی ژن و حەققانییەتەکەی تەنیا ئەو مافە نیشان دەدات کە لە مافی هاووڵاتیی سەقەت و نێرسالارانەدا پێناسە کراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا پێمان دەڵێ هەر مافێک لە سایەی هاوڵاتیبووندا دەستەبەر دەکرێت. کورد کە هاووڵاتی نییە، ژن و پیاوی بێمافە. بەڵام ژنی کورد، لەبری کوردبوون و ژن بوون چەندین قات بێمافترە. ژنی کوردیش سەرەڕای ژنبوونی، وەکوو پیاوی کورد بەکەمینە کراوە، ژیانی ئەمنییەتی کراوە و، یاسای دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی وەکوو کۆماری ئیسلامیش سەد قات پتر لە پیاوی کورد زوڵم لە ژنی کورد دەکات و ئەو یاسایە لە خزمەت نێرسالاریی سوننەتی لە کوردستاندایە.

ئەوی دیکەی کورد، جیاوازی لەنێوان ژن و پیاوی کورد دانانێت، تەنانەت ئەگەر جیاوازیش دابنێت بە شێوەیەکی دادەنێ کە هەر وەک کۆماری ئیسلامی زوڵمی زیاتر لە ژنی کورد دەکات. یان وەکوو ئەوەی تورکیا دەیکات. ناسیۆنالیزمی تورک بێئەملا و ئەولا زۆرترین دوژمنی ژنی کوردە. هێمایی ترینی ئەو دژایەتییانە لە سووکایەتی کردن بە تەرمی ژنە گەریلای شەهیددا دەبینین، کە چۆن بە ڕووتکردنەوەی تەرمی ژنی گەریلا، مەیلی تەجاوزی ناسیۆنالیزمی تورک دەخاتە بەرچاومان. لە ٢٠١٥ کاتێک دەوڵەت ئۆپەراسیۆنی وێرانکردنەوەی باکووری کوردستانی دەست پێکرد، هەر لەو کاتەدا هێندێک مەلای کورد دوعایان بۆ سەرکەوتنی ئەردۆغان دەکرد، ئەرتەشەکەی سەرلەنوێ ژنی کوردی کردە یەکەم ئامانجی ئەو تەجاوزە. کاتێک کۆڵانێکیان دەگرتەوە و غەزو و هێرشییان دەبردە سەر بنەماڵەی کورد، سەربازانی تورک جلوبەرگی ژێری ژنانی کوردیان دەکردە هێمای تەجاوز بە ژنی کورد و نمایشیان دەکرد و ڤیدیۆیان لێ هەڵدەگرتەوە.

بەڵام لە هەموو ئەم ساڵانەدا، چاو لە هەڵوێستی فێمینیزمی فارس بکەین، قەت بزووتنەوەی فێمینیستیی کوردی، بە فێمینیست نەزانیوە و لەبەر شوناسی فێمینیزمی کوردی بەناو «حەرەکەتی مافخوازی»ی ژنی فارس، ئیمکانی فێمینیست بوونی بزاڤی

مافخوازیی ژنی کوردی ئینکار کردووه. تەنانەت، هەڵوێستی سەبارەت بە فێمینیزمی کوردی لەگەڵ ئی سپای پاسداران جیاوازی نەبووە. خەتە سەرەکییەکانی فێمینیستی فارس دەڵێن، فێمینیزمی کوردی، فێمینیزم نییە؛ چونکە مەیلی جوداییخوازی هەیە و هەر بۆیەش بە گوتەی ئەوان توندوتیژی تێدایە. نە تەنیا وەکوو هەر ڕەوتێکی دیکەی فیکریی فارس، فێمینیزمی فارس هیچ جۆرە مافی سەربەخۆییی بڕیاردانی بۆ ژن و فێمینیستی کورد قایل نییە؛ بە مافی خۆی دەزانێت، دەرسی فێمینیزم بە فێمینیستی کورد بدات.

فێمینیستی فارس پێی وایە کە ئەو مافەی هەیە کە فێمینیزمی کوردی پێناسە بکات و لە باری ڕادەی فێمینیست بوونییەوە لە محەکی فارسییەتی بدات. فێمینیزمی کوردیش، وەکوو هەر بزووتنەوەیەکی تری کورد، بە لایەنگری توندوتیژی و بە دوور لە سەداقەت و نائەخلاقی لەقەڵەم دەدات. کەچی بەداخەوە ئێستاش ئێمە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی سەربەخۆییخوازی فێمینیستیی کوردیمان نییە. فێمینیزمی فارس، فێمینیزمی کوردی تەنیا بەهۆی گرینگیدان بە شوناسی کوردی و باس لە "تایبەتیبوونی" ژانی ژنی کورد، مافی فێمینیستبوونی لێ دەستێنێتەوە. ئەو دەتوانێت فێمینیستی فارس بێ؛ دەتوانێت باسی مافی ژن سنووردار بکات بە مافی «ژنی ئێرانی» و لە کۆدەقی ناسیۆنالیستیی خۆیدا شرۆڤەی بکات و بێنێتە زمان. بەڵام، ئەو مافە بە فێمینیستی کورد نادات. تەنیا لەبەر ئەوی فێمینیستی کورد ناتوانێ دەردی ژنی کۆڵبەر و ژنی شومالی تارانی وەکوو یەک چاو لێ بکات، لە ڕوانگەی تێکۆشەری فارس، ژنی کورد ناتوانێت فێمینیست بێ. فێمینیستی فارس، وەک سوپای پاسداران، هەر جۆرە پێداگرییەک لەسەر هەلومەرجی تایبەتیی ژنی کورد بە توندوتیژی ناوزەد دەکات.

لە ڕوانگەی فێمینیستی فارس، فێمینیستی کوردی مافی چارەی خۆنووسینی نییە. تەنانەت مافی شرۆڤەی سەربەخۆ و هەڵوێستی جیاواز لە نەتەوەی زاڵی نییە. تەنیا بە مەرجی خۆئینکاری و ئینکاری ئەیجنسی و بکەریی خۆی، فێمینیستی کورد وەکوو فێمینیست دێتە هەژمار. ئەگەرنا تەنیا "تەجزیەتەڵەب" و جوداییخوازە. جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ڕوانگەی زاڵی فێمینیستیی فارس و ڕوانگەی بزووتنەوە شۆڤێنیستییەکانی دیکەدا سەبارەت کورد و ژنی کورد نییە. جوداییخوازی بە هەر هۆیەک و بە هەر مەرجێکیش تاوانە و قەت ماف نییە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەو، جوداییخوازی، دژبەری هەموو جۆرە مافخوازییەکە و وەک پەیوەندی لەگەڵ مافیایە.

ئەحمەدی خوراسانی نموونەیەکی زۆر هێمنی فێمینیزمی مەرکەزگەرا دژبە فێمینیزمی کوردیە کە دەڵێت: "کێشەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان لە ئێرانی هاوچەرخدا... ڕووبەڕووی جۆرێکی دیکەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەبێتەوە کە خۆی لە چوارچێوەی جیابوونەوە دایە... سروشتییە ئەو ئامانجەی بزووتنەوەی جوداییخوازە نەتەوەیییەکان باسی دەکەن، وەدیهێنانی» یەکسانی و هەڵاواردنی یاسایی" نییە، بەڵکوو "دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکەیە لە دەوری یەک نەتەوە. بێگومان ئەم جۆرە بزووتنەوە جوداییخوازە نەتەوەیی‌یە دواجار ناتوانێ خاڵی هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان بدۆزێتەوە".

لە ڕوانگەی "مەنسووره شوجاعی" ژنە کوردی شۆڕشگێڕ وەک ژنە داعشی، ناتوانێت ژنی نموونە بێ، چونکە هێمای توندوتیژییە و دەفەرموێت "قوتابخانەی فێمینیستی وێنەی ئەو ژنانەی لە مووسڵ کە لە چنگی فەتوای 'خەتەنەکردنی مێیینە'دا دەگیرێن، لەگەڵ وێنەی ژنانی کۆچبەری موسڵمانی نەوەی دووەم و سێیەم کە خۆبەخشانە لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەورووپاوە ڕوویان لە بوون بە 'بووکی جیهادی سوپای داعش'" کردووە، هەروەها "وێنەیەکی دیکە کە ژنە چەکدارە کوردەکان بە دەمانچەوە نیشان دەدات کە ئامادەن بۆ بەرەکانی شەڕ، سێ وێنەیە کە لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ هەواڵی داعش لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە". درێژەی دەدات و دیسان دەفەرموێت کە: "بەڵام، لەم سێ وێنە باوەدا، هیچیان وێنەی ژنانێکی چالاک وەبیر ناهێننەوە کە لە سەرەتای بزووتنەوەی سەوز بۆ دێموکراسی لە ئێران یان بزووتنەوەی بەهاری عەرەبی بە جیهان ناسێنران". ئەوەی کە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە چوارچێوەی "مەردم سالاریی دینی" و ویلایەتی فەقیەدا چەند دێموکراتیکە، ڕوونکردنەوەکەی ئەرکی محەممەدی خاتەمییە. بەڵام، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، تەنیا ڕێی مانی فیزیکی و مەعنەویی ژنی کورد، دەست بردن بووە بۆ چەک لە بەرامبەر تەجاوزی جنسی، سەمبۆلیک و نەتەوەییی شۆڤێنیزمی زاڵ و ئیسلامیزم. دیسانیش لە ڕوانگەی خانمی فێمینیستی فارسەوە، هەر ئەو مەرجە وجوودییەی فێمینیزمی کوردی، ئەو فێمینیزمە دەکات بە هێمای توندوتیژی، نەک ئایدیاڵی مافخوازیی ژنی کورد. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو خانمی فێمێنیستە دژ بە توندوتیژییە، هەر ئەو کێشەی لەگەڵ بوونی چەک لەدەستی سپای پاسداران، ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و ئەرتەشی کۆماری تورکیاشدا، هەیە؟

## دواوتە

گەر کەسێک خەم و مەینەتییەکانی نەتەوەی کوردی بۆ گرینگ بێ، ناتوانێ لەهەمبەر هەلومەرجی ماڵوێرانکەر و دۆخی سەرلێشێواوی سیاسیی کوردستان بێدەنگ بێ و ئەم دۆخە نالەبارە نەبێتە بەشێکی سەرەکی لە کەڵکەڵەکانی ژیانی. هەر بۆیە هەر کەس کە لە ژیانی شەخسی خۆی یان لە ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەیی خۆیدا هەوڵ دەدات هەنگاوێک بۆ کورد هەڵبهێنێتەوە، دەبێ پێش هەموو شتێک خۆی لە بەهێزکردنی ئەو گوتار و کردەوانە بپارێزێ کە بوونی نەتەوەیی و مافی سەروەریی کورد دەخەنە ژێر پرسیارەوە، یان ڕەتی دەکەنەوە. پاراستنی ئەم پرەنسیپە بەمانای پێداگریی لەسەر یک فۆڕموڵی تاقانە بۆ چارەسەریی پرسی کورد نییە. بەڵکوو بەم مانایەیە کە هەر گوتارێک کە مافی نەتەوەبوونی کورد دەخاتە ژێر پرسیار، یان ڕەتی دەکاتەوە، هاوکات و بەشێوەی ئۆتوماتیک هەموو جۆرەکانی مافخوازیی کوردیش دەباتە ژێر پرسیار و ڕەتی دەکاتەوە؛ جا گرینگ نییە ئەم بردنە ژێر پرسیار و ڕەتکردنەوەی مافخوازیی کورد لە ژێر ناوی دێمۆکراسیدا، خودموختاری، کۆنفیێدێرالیزم، یان خود فیێدڕالیزم دەکرێت. هەر چەشنە مافخوازییەکی کورد شەرعییەتەکەی گرێدراوی پێداگری لەسەر جیاوازی نەتەوەیی کوردە. ئامانجی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانیش لە ڕەتکردنەوەی ئەم هەبوونە جیاوازەی کورد وەک نەتەوەیەک، ستاندنەوەی مەشروعییەتە لە داخوازییەکانی.

بێگومان باشترین گەرەنتیی سەرەوەریی نەتەوەیی کورد، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یان کوردستانییە. بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ سەربەخۆیی سیاسیی تەنیا فۆڕموڵی گەیشتن بە سەروەرییە یان نا فۆرموڵی دیکەیش دەتوانن هەبن، دەگەڕێتەوە سەر هاوسەنگیی هێز، بکەری سیاسیی، و داهێنەریی کورد. ئەگەر فۆڕموڵی دیکە هەبن کە

بتوانن ئیمکانی یەکسانیی نەتەوەیی کورد لەگەڵ ئەوانی تری گەرەنتی بکەن، پێویستە کورد دەستپێشخەری بکات و پێش هەموو کەس ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆی بیورووژێنێ و باسی بکات. بەڵام لێرەدا خاڵی بنەڕەتی پێداگرییە لەسەر سەرەوەی سیاسیی، پێش لەبەرچاوگرتنی جۆری سیستەم یان ئەوەی کە فۆڕمولی چارەسەرییەکە چ قەوارەیەک دەبێ:

١) لە باڵانسی هێزدا، کورد کەمینە و بێ پشتیوانە. باسی بەڕێوەبەریی ناوچەیی لە فۆڕمولەکانی ئۆتۆنۆمی، فیدیڕالیزم، و کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتیکدا، گەرەنتیی داهاتووی کورد ناکات. ئەو بەڕێوەبەرییە ناوچەییەی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا هەیە، دەسەڵاتەکانی زۆر لە ئۆتۆنۆمی و کۆنفێدرالیزمی دێمۆکراتیک زیاترن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئێستا باشووری کوردستان هەڕەشەی لەنێوچوون و تەعریبی هەر لەسەرە؛ هەروەک چۆن پێشترین لە دوای ساڵی ١٩٧١ باشووری کوردستان بەڕێوەبەریی ناوچەیی هەبوو، بەڵام دواتر بەڕیوەبەرییەکە لەنێوچوو و کوردستان تەعریبیش کرا، و ئەنفال و کیمیابارانیشیان کرد. لە ئێستادا، لە باشووەی کوردستان سەروەریی سیاسیی بە ئاشکرا ئی عەڕەبە، گۆڕانکاری و ڕێککەوتنی دیکەی ژێئوپۆلەتیک دەتوانن ڕێگە بۆ حزووری سەربازی بەغدا لە کوردستان خۆش بکەن (هەر ئێستاش ئەمنییەتی زۆر جێگەی باشوور، تەنانەت بەسەر ڕاگەیشتنی فڕۆکەخانە و سنووریش بە دەست بەغدایە). لە وەها دۆخێکدا، بە کردەوە و دیفەکتۆ هەرێم نامێنێ. ئەم بابەتە بابەتێکی مێژوویە و ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین.

٢) من لێرەدا کەمتر باسم لە فۆڕموڵ و فۆڕم - یانی ئەوەی کە ئاخۆ فیدیڕالیزم، کۆنفیدیڕالیزمی دێمۆکراتیک، کۆنفێدراسیۆن، یان سەربەخۆیی - کردووە. باسی من لێرەدا زۆرتر لەسەر شێوەی پاساوهێنانەوەی دیسکۆرسیڤ و گوتارییە؛ ئەوەی کە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ شەرعییەتدان بە ستراتیژییەکانیان چ گوتارێک دەگرنە پێش. ئەگەر ڕێکخراوێکی کوردی تەنانەت داوای خودگەردانیش بکات، بەڵام بنچینەی گوتارەکەی سەروەری نەتەوەیی کورد بێت زۆر کەمتر لە ڕێکخراوێک زیان بە کورد دەگەیێنێت کە داوایەکی زۆر گەورە هەڵگرێ، بەڵام گوتارەکەی دژی مافی سەرووەریی نەتەوەیی کورد بێت، یان ئەم مافە بباتە ژێر پرسیار. هۆکارەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوەها دۆخێکدا، ئەو ڕێکخراوەی کە گوتارەکەی پێداگریی لەسەر سەرووەریی نەتەوەیی کورد دەکات، گەرچی وێدەچی سیاسەتێکی ترسەنۆکانەی بێت، بەڵام لەکاتی

ئیرجاع و گەڕانەوە بۆ کورد، بنەما سیاسیی، ئەخلاقی، و فەلسەفییەکانی مافخوازیی کوردی نەبردووەتە ژێر پرسیارەوە، و نکۆڵی لێ نەکردوون.

ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە هەر مافخوازییەکی ئیتنیکی، ریشەی ناسیۆنالیستی هەیە و لەو سەردەمەشدا کۆدەق و کانتێسکتی مافخوازی ناسیۆنالیزمە. فێمینیستێکی تارانی ناتوانێ داواکاری یەکسانی جێندەری و چارەسەریی پرسی جێندەری لە ناو ئێران، لە دەوڵەتی ئاڵمان بکات، یان هەوڵ بدات لە کۆمەڵگای ئاڵمان هۆشیاریی جێندەری بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئێران یەکسانی جێندەری بێتە دی. لایەنگرێکی یەکسانی جێندەری بۆ باش کردنی ژیانی ژن لە ئەمریکا، دەبێ لە پێشدا لە هەوڵی گۆڕینی یاساکانی ئەمریکادا بێت. ئەو پارادیمی ناسیۆنالیستییەوە بەسەرماندا سەپاوە. ئێمەی کوردیش دەبێ لە خەیاڵات بێینە دەر و دەبێ ڕاستییەکانی سەردەمی ناسیۆنالیزم ببینین.

کاتێک کە پەکەکە لە ئۆسلۆ لەگەڵ تورکیا دانیشتی هەبوو، داوای مافی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە دەوڵەتی تورک نەدەکرد. یان کاتێک لە ۲۰۱۲ بەملاوە باسی پرۆسەی ئاشتی هەبوو، پەکەکە تەنیا هەوڵی چارەسەریی پرسی کوردی لە باکووری کوردستان دەدا. تەنانەت، هەر هێنانە گۆڕی ئەو باسەش بەو شێوەیە (یانی ئەوەی کە پەکەکە داوای مافی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەوڵەتی تورک بکات) شتێکی سەیر و شێتانە دێتەبەرچاو. سەیرییەکەیشی لەوە دایە کە هەموو کەسێک واقیعی دەوڵەت-نەتەوە و شێوەی تەعامول لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەی قبووڵ کردوە. هەر چەندە بڵێین سنوور نامێنن، ئۆجەلان کە هاتەسەر تەعامولی سیاسیی، هەرگیز داوا لە دەمیرتاش ناکات کە خۆ بۆ سەرۆک کۆماری عیراق کاندید بکات یان کوردێکی ڕۆژهەڵاتیش نانێرێت کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە مافی کوردی باکوور دانووستان بکات.

ئەو شتانە پێمان دەڵێن کە سەرەڕای دروشمی گەردوونی و خەیاڵاتی جیهان نیشتمانی، لە کردەوەی سیاسییدا، لەکۆتاییدا ستراتیژیی پەکەکە ستراتیژی پارتییەکە کە لە چوارچێوە و کانتێکستی وڵاتی تورکیادا هەڵسوکەوت دەکات. هەر وەکو دیتمان ئۆجەلان دەڵێت کە کەجەکەم دامەزراندوە بەو مەرجە کە حوکوومەتی ئاکەپە، سیاسەتی دێمۆکراتی کردنی تورکیا بگرێتە پێش. کە ئەوە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەو بانگەشەیەی منە کە پەکەکە هەموو بەشەکانی تری کوردستان بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ تورکیا بەکار دێنێت. ئەگەرنا، لە سازکردنی وەها سیستەمێک بۆ دێمۆکراتیک کردنی ناوخۆی تورکیا، چ پێویست دەکات بەشی ڕۆژهەڵاتی، باشووری یا ڕۆژئاوایشی هەبێت.

هەرچۆنێک بێ، ئینکاری درۆینی کانتێکست و کۆدەقی سایکس-پیکۆ لە سیاسەتی حیزبە کوردیەکاندا، ئێمە بە هیچ جێگایەک ناگەیەنێت و تەنیا کورد فریودانە. بەتایبەت حیزبێکی وەکوو پەکەکە لە کردەوەدا هەموو هەوڵێکی بۆ بردنە پێشی ستراتیژی حیزبیەکەی لە ناو سنووری تورکیادایە.

لە بەرامبەردا، کوردایەتی و سیاسەتی کورد-مەکەز، لانیکەم خاوەنی ئەو سەلامەتە مەعریفیە کە لە سەردەمی ئێمەدا، لە ئاستی پارادیمیدا، نەتەوەی بنەمای سەرەکی مافخوازی بە کۆمەڵە. ئەو ڕاستییەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨وە تا ئێستا هەرهاتووە و زۆرتر سروشتی مافخوازی بە کۆمەڵی دیاری کردووە. نکۆڵی لەم ڕاستییە، ئەگەر لە ڕوویی نەزانیش بێت، تەنیا دەبێتە هۆی لەنێوچوونی شەرعییەتی مافخوازی کورد. ئەوە شتێکە کە دەوڵەتانی دژە کورد، سەد ساڵە هەوڵی بۆ دەدەن. من ناتوانم سیاسەتێک کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ هەوڵی دەوڵەتانی دژەکورد بۆ سڕینەوەی کورد-مەکەرزی لە سیاسەتی کوردی، بەماڵوێرانکەر نەزانم.

ناونانی گوتارێک یان چارەسەریەک وەکوو گوتار یان چارەسەری دێمۆکراتی بەبێ چوارچێوەی ڕوون و پێداگری لەسەر مافی یەکسانی سەروەری و نەتەوەبوونی کورد، نە گوتارەکە و نە چارەسەرەکە دەکات بە دێمۆکراتیک. بەتایبەت کە ئێمە باس لە هێندێک کۆدەقی سیاسیی وەکوو ئێران و تورکیا دەکەین کە ناسیۆنالیستەکانی تورک و فارس سالانێکە دەڵێن پرسی کورد لە چوارچێوەی دێمۆکراسیدا چارەسەر دەکرێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە کێشەی بنەڕەتی ئەو وڵاتانە و ناسیۆنالیزمە زاڵەکانیان ئەوەیە کە ڕێک ئەو کارە دەکەن کە ئۆجەلان دەیکات. یانی لەپێشدا کوردبوون لە پێناسەی خەڵک و دێموسدا (یانی کوردایەتی) دەکوژن، ئینجا باس لە یەکسانیی دەکەن و حاکمییەتێکی بەناو خەڵکی لەسەر بنەمای نکۆڵی خەڵک و دێموسبوونی کورد دادەمەزرێنن.

ناوزەدکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد، وەک پرسێکی بێبایەخ و ماوەبەسەرچوو، تەنیا بە زەرەری نەتەوەی کوردە. لەبەر ئەوەیکە لەو هاوکێشەیەدا، کورد تەنیا نەتەوەیە کە بێ بەشە لە پشتیوانیی دامەزراوەی سیاسیی، سەبارزی، ئابووری، کولتووری و مێژوویی و تەنانەت لە پشتیوانیی نێونەتەوەییش. ئیمە ڕۆژانە دەبینن کە هەم فارس و هەم تورک، نکۆڵی لە ماهییەتی ئیتنیکیی ناسیۆنالیزمی خۆیان دەکەن. ناسیۆنالیزمی تورک دەڵێت مەبەستمان لە تورک، هەمان هاووڵاتیی تورکە، نەک مرۆڤی بە ڕەگەز تورک. ناسیۆنالیزمی فارسیش لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بە بەردەوامی بانگەشەی کردووە کە لە ئێران ئیتنیک یان نەتەوەیەک بە نێوی فارس، هەر بوونی نییە. تەنیا،زمانی

فارسی هەیە، ئەویش ئی هیچ گروپیکی ئیتنیکی نییە و زمانی هەموو ئەوانەیە لە جوگرافیای ئیران-ناودا دەژین.

ناسیونالیستە زاڵەکان بە نەتەوە بندەستەکان دەڵێن کە ئێوەش پێداگری لەسەر مژار و مافی ئیتنیکی مەکەن و دەڵێن ئەوە قەومگەراییە (ethnocentrism). هەر بەو پێیەش بە بندەستەکان دەڵێن کە مافخوازی لەسەر بنمای ئیتنیکی یان وەک ئەوان دەڵێن "قەومی" دواکەوتووییە. بەڵام، فارس و تورک لە سەد ساڵی ڕابردوودا، نەک هەر هەموو دامەزراوەیەکی ئەو دوو جوگرافیایە، تەنانەت زمان، تێگەیشتن لە مژاری دێمۆکراسی، دیموس، حاکمییەت و نەتەوە و وڵاتیان هەموو تورکاندووە یان فارساندوویانە. ئەو دێت "مەجلیسی موئەسیسان" دەدانێت وقەوارەی سەروەری بە سەروەریەتی خۆی دادەڕژێت، یاسا دەدانێت و نەتەوە پێناسە دەکات و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مافی سەروەری دیاری دەکات. بە کوردیش دەڵێ دەنگی لەسەر بدە، ئەگەر دەنگی کوردیش بەدڵ نەبوو وەکوو ١٩ ئاگوستی ١٩٧٩ جیهاد دژی کورد ڕادەگەیەنێت و بە پێی ئایەی أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات.

ئەگەر خوێنەر بە وردی سەرنجی دابێت، لە بەشی یەکەمی ئە نووسراوەدا، نیشانم دا کە ئەوەی ئۆجەلان دەیکات، بە کردەوە و بە گوتار هێنانەدی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی نەتەوە زاڵ و سەردەستەکانە. بەو مانایە کە وەکو پرەنسیپ کورد دەبێ مافخوازی خۆی ببەستێتەوە بە ناسرانی کورد وەکوو نەتەوە. کاتێک کە دەڵێن ئەوەی دیکەی کورد نکۆڵی لە بوونی کورد دەکات، باس لە نکۆڵی لە نەتەوە-بوونی کوردە. ئەوە باسی نەتەوە-بوونی کوردە کە کێشەی سیاسیی بۆ هێزی کۆڵۆنیال و نکۆڵیەکەر ساز کردوە. ئەگەرنا کوردێک کە پێداگری لەسەر نەتەوە-بوونی کورد نییە، دەتوانی وەکوو تەها محێدین مەعروف، وەک بێژەنی زەنگە، وەک عیسمەت ئینینۆ باڵاترین پلەی سیاسیی لەو وڵاتە دژە کوردانەی پێبدرێت. هەر بۆیەش، بەشێک لە چارەسەری پرسی کورد، دەبێ لە خودی گوتاری سیاسیی کورددا بکرێت.

گوتاری سیاسیی کوردی، گوتارێکە کە پێداگری لە سەر مافی سەروەری نەتەوەی کورد دەکات. بەپێچەوانە، شەڕی سەرەکی ئۆجەلان دژی پێداگری لە مافی سەروەری کوردە و لەگەڵ ئەوەشدا دژی جەختکردن لەسەر ماهیەتی نەتەوەیی حاکمییەتە. ئوجەلان دەیهەوێ کورد قانع بکات کە دەوڵەت ماهییەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی نییە. بۆیە دەڵێ "ئێمە سەر بە دەوڵەتی تورکیاین، سەر بە ناسیۆنالیزمی تورک نین." هەروەها، ئۆجەلان لایەنگری دیمۆکراسی لە ژێر سیبەری حاکمییەتی فارس و تورکیا و پاراستنی کۆدەقی ئاکامی ئەو دوو دەسەڵاتەیە. تەنانەت، بە ڕاشکاوی دەڵێ کە نەک

هەر سنووری ئێستای تورکیا، بەڵکوو هەموو دامەزراوەیەکی تورکیاشی قبووڵە. هەموو دامەزراوەیەکی تورکی، بە ئیعترافی ماددەی ٣ی یاسای بنەڕەتی تورکیا، لە سەر بناغەی ناسیۆنالیزمی کەمالیستی بۆ بەئەبدی کردنی حاکمییەتی ئیتنیکی تورک و بە تورککردنی خاک و وڵات و کولتوور لەو جوگرافیایە دامەزراوە. ئۆجەلان دەڵێ دەبێ کورد لەو چوارچیوەی یاسا و کۆدەقی دامەزراوەیی (Institutional context) تورکییەدا ببێت بە تورکیایی (سیاسەتی تورکیەلەشمە بگرێتەبەر). بەو مانایە کە دەبێت پێداگری لەسەر نەتەوەبوونی کورد نەکات، گرینگی بە مافی سەروەری نەتەوەیی کورد نەدات و لە چوارچێوەی ئەو چەمک و دامەزراوە هێژمۆنیک و کوردکوژانەدا، ڕێگاچارەی دێموکراتی ئۆجەلان قبووڵ بکات. یانی پێناسەیەک لە دێمۆکراسی قبووڵ بکات کە پێشگریمانەکەی ستاندنەوەی مافی دێموس بوونە لە کورد. لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: چ جیاوازییەک لە نێوان چارەسەری دێمۆکراتیی ئۆجەلان و هەوڵی دەوڵەتان بۆ تواندنەوەی کورد هەیە؟

گەر بێینە سەر ئێران، پێویستە بڵێم کە یەکسانی و بەرابەریی کورد لەگەڵ ئەویدیکەی ئێران بەو شێوەیەی کە لە ئێران بۆ کورد پێناسە کرواە مومکین نییە. چونکە هەلومەرج و پێکهاتەی دامەزراوەی ئەو وڵاتە ئیمکانی بەرابەریی ئابووری–سیاسیی کوردستان لەگەڵ جوگرافیای فارس-مەرکەز نامومکین دەکات. بەشێکی کێشەکان ساختاری و پێکهاتەی مێژووییان هەیە و هیچ جۆرە حاکمییەتێک یان جۆری سەروەریش ناتوانێ بەئاسانی ئەو نایەکسانییە پێکهاتەیی مێژووییانە ( historical and structural asymmetries) بگۆڕێت. جگە لەوەیش، لە تەسەوری حاکمییەت و فەلسەفەی سەروەریی لەو وڵاتەدا، ئەو هێما و دالانەی کە کوردبوون ساز دەکەن لە بنەڕەتەوە ئەمنییەتین: جا لە زمان و ئێتنیسیتەڕا بگرە تا دەگاتە ڕوانگەی کورد سەبارەت بە خۆبەڕێوەبەری و دێمۆکراسی و سیستەمی حاکمییەت و هتد.

بەم هۆکارانە کورد ناتوانێ دیواری ئیتنیکی بشکێنێت. بەتایبەت کە دوای سەدساڵ ئیتنیکی بوونی حاکمییەت و سەروەری لە ئێران، شکاندنی دیواری ئیتنیکی، بەمانای نکۆڵی لە جیاوازی نەتەوەیی خۆیەتی. بۆیە هەوڵی و باسی شکاندنی دیواری نەتەوەیی بۆ کورد پێویستی بە جۆرێک لە پرۆکسی پارادۆکسە (proxy paradox)؛ وەکوو ئەوەی کەسێک ئاوت بۆ بخواتەوە. لەبەر ئەوەیکە کاتێک کورد نکۆڵی لە جیاوازی نەتەوەیی خۆی کرد؛ وەکوو کورد، دەلیل و زەمینەی بۆ سیاسەت و بڕیاری بەکۆمەڵی نامێنێت. تەنانەت ئەگەر کورد بەکۆمەڵ بڕیار بدات کە خۆیشی لە ناو کولتووری فارسدا بتوێنێتەوە، ئەو بڕیارەشی ڕەنگی ئتنیکی دەبێت. لەبەر ئەوەیکە ئەو بڕیارە وەکوو یەک

بڕیاری سیاسیی و "رێگا چارە" تەنیا پەیوەندی بە پرسی کوردەوە دەبێت. گەرچی بڕیارێکی ئاواش، کورد لە هەڵاوێرانی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی ( structural and institutional discrimination) ناپارێزێت. کورد لە ڕۆژهەڵات، دیوارێکی ئیتنیکی لە پێشە کە سەد ساڵە لە لایەن ئیتنیکی زاڵەوە بەدامەزراوەیی دەکرێت (Institutionalized).

لە شۆرشی سمکۆ بەولاوە، دیسکۆرسی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات، هەمیشە هەوڵێکی بە دێموکراتی کردنی ئێرانی، پێوە دیار بووە. [8]بەڵام، لە لۆژیک و قاموسی حاکمییەتی ئێرانیدا، ئەگەر سیاسەتێک ئیتنیک-مەرکەزیش نەبێت، کە سەرچاوەکەی غەیرە-فارس بێت، ئیتنیکی دێتە ئەژمار. تێگەیشتن لە سیاسەت و سەروەری سیاسیی لە ئێران زۆر لە ئی تورکیا، ڕاسیستی ترە. تورکیا نکۆڵی لەبوونی کورد وەک نەتەوە کردووە. بەڵام، کوردێک کە نکۆڵی لە خۆی بکات، دەتوانێ لە تورکیا ببێت بە سەرۆک کۆمار. لە ئێران، تەنانەت، خۆئینکاری و خۆتواندنەوەی کوردیش، هەلی ئاوای بۆ تاکی کورد نەرەخساندووە. بۆیە دیواری نێوان کورد و فارس لە ئێران، تەنیا دیواری زمان و سیاسەت و کولتوور نیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی ئتینکی زاڵەوە، ئەو دیوارە پێش هەموو شتێک، دیواری خوێن و "نەژادە." نموونە بەرچاوی ڕوانگەی ئتنیکی زاڵ لە هەڵسوکەوتی فێمینیزمی فارس لەگەڵ فێمینیزمی کوردی دەردەکەوێت کە لە بەشی سێهەمدا ئاماژەی پێکرا.

---

[8]وەکوو بەڵگە بۆ ئەم بانگەشیە، دەگەڕێمەوە بۆ ڕاپرسیەک (Survey) کە ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی لە لایەن دوو کۆمەڵناس لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی تاران، لەسەر شەش ئیتنیکی جوگرافیای ئێران ئەنجام دراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، عەبدوڵلاهی و حوسێن بەر هەوڵیان داوە کە لە ڕێگەی ئەو ڕاپرسیە پەیوەندیی نێوان تێڕوانین بۆ دێمۆکراسی و شوناسی ئتنیکی پێشان بدەن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات کە لە جوگرافیای ئێراندا، کورد زیاترین تێڕوانینی ئەرێنی و پۆزەتیڤی بۆ دێمۆکراسی هەیە. لە بەراورددا فارسەکان لە پلەی چوارەمدا دێن. ئامارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشانی دەدەن کە زیاتر لە ٨٩٪ ی کوردەکان، تێڕوانینێکی ئەرێنیان بۆ دێمۆکراسی هەیە. لە کاتێکدا کە تێڕوانینی تەنیا نزیکەی ٥٠٪ ئیتنیکی زاڵ، واتە فارس ئەرێنییە بۆ دێمۆکراسی. ئیتنیکی فارس دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا قۆرغ کردووە، کەچی لە لووتکەی کراوەیی سیاسیی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەم شێوەیە دەڕوانن دێمۆکراسی. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە سەردەمی بەناو ئیسڵاحاتدا لە ئێران ئەنجام دراوە پێشانی دەدات کە ئتینەکانی دیکە وەکوو بەلووچ و لوڕیش زیاتر لە فارس ئەرێنیی دەڕوانن دێمۆکراسی. (بڕوانە، محمد عبداللهی، ومحمد عثمان حسینبر. هویت جمعی و نگرش به دموکراسی در ایران، مجله جامعه شناسی ایران، دوره هفتم، زمستان ، شماره ١٣٥٨ ،ص4 ).

بۆ گۆڕانێکی ڕادیکاڵ لە ئێران، پێش هەموو شتێک دەبێ شێوەی پێکهاتەی سیاسیی و دامەزراوەیی لەم وڵاتە بگۆڕدرێت. بۆ هاوبەشیی سەروەری لەسەر ئەساسی یەکسانیی نەتەوەکان، پێویستە یەکسانیی نەتەوەکان وەکوو ڕاستییەکی یاسایی بە ڕەسمییەت بناسرێت. بۆ نموونە، پێناسەی ئێستای بە ناو خەڵکی ئێران لەسەر بنەمای نکۆڵیی خەڵکی کورد، تورک، عەرەب، لوڕ و بەلووچ کراوە: پێناسەیەک لەسەر بنەمای درۆی یەکبوون و «نەتەوەیی ساختەی ئێرانی»، وەکوو شتێکی لێکدانەبڕاو و لێکهەڵناوێراو کە گوایە خەڵک یان فارسن یان دەبێ ببن بە فارس. هەر بۆیە لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە لە چەمکی «خەڵک»، هیچ حاکمییەتێک لە ئێران مومکین نییە خەڵکی و دێمۆکراتیک بێت. چونکە پێناسەی خەڵک و دیمۆس خۆی سەقەت و نا دێمۆکراتیک و نکۆڵیکەرە. لە باشترین حاڵەتدا دەبێ بە دیکتاتۆری زۆرینەی فارس-شیعە.

ئەو نایەکسانییە سیاسیی-ئابوورییانەی کورد (یان غەیرە فارس بە گشتی) لەگەڵ فارس لە دوو ڕێگەوە دەکرێ چارەسەر یان شتێکی نزیک لە چارەسەری ڕادیکاڵی بۆ ببینرێتەوە. ئەوانیش بریتین لەوەی کە یان کوردستان جیا ببێتەوە و سەروەریی خۆی هەبێت، یان لانیکەم حاکمییەت و سەروەرییەکی هاوبەش و شەراکەتی لە ئێران دابمەزرێت. سەروەریی شەراکەتی لە دانپێدانانی ڕاستیی چەند نەتەوەیی ئێرانەوە دەست پێدەکات. زۆری دەوێت تا سەروەریی شەراکەتی بتوانێ ئاکامی نایەکسانیی مێژوویی لەنێوان نەتەوەی زاڵ و نەتەوە بندەستەکاندا بەتەواوی خاشەبڕ بکات. بەڵام، لە سەروەرییەکی تەواو سەربەخۆ زۆر بێکێشەتر دێتە بەرچاو، بەتایبەت ئەگەر ئەوە ببێت بە ئەجێندا و ستراتیژیی هاوبەشی هەموو نەتەوە کۆڵۆنیکراوەکان لە جوگرافیایی ئێراندا. ئەوە دەکرێ فۆڕمۆڵێک بێت کە لە ڕێی یاسایی کردنی مافی جودایی نەتەوەکان، هەم ئیمکانی پوتانسیەلی جینۆسایدی غەیرە فارس نەهێڵێت و هەمیش مافی سەروەریی یەکسان بکات بە واقیعییەتی سیاسیی کە ڕەوابوونەکەی بە هەموو کەس هەزم بکرێت.

دیارە، لێرەدا باسەکە زۆرتر لە سەر واقیعیبوون و ئیمکانی فۆڕمۆڵەکانە تا باو و لە ئارادا بوونی ئەوان لە گوتاری سیاسیی ئەمڕۆیی لە ئێران. بۆ یەکسانیی نەتەوەکان یەکەم هەنگاو ئیعترافی یاساییە بە بوون و یەکسانیی سیاسیی ئەوان. دەبێ فۆڕمۆڵێک ببینرێتەوە کە لەوێدا لانیکەم بە شێوەی تیۆریک و لە باری سیاسییەوە بڵێن کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە، وەکوو نەتەوە، نوێنەرایەتیی سیاسیی یەکسانیان هەبێت. مەرکەزییەتی هێمایی، مەعریفی، سیاسیی و بەتایبەت نیزامی فارس دەبێ تێک بشکێنرێت. دیارە بە شێوەی گوتاری، هەر ئێستا کورد دەستی بەو کارە کردووە.

جەسارەتی گوتاری ئێمە دەتوانێ هەنگاوێک و ئاڵنگارییەکی زۆر گرینگ بێت کە شەرعییەتی هەیمەنە و هێژمۆنیی فارس تەنانەت بۆ فارسیش تێک بشکێنێت.

یانی ئەگەر لە باری گوتاری سیاسیی و تیۆریکەوە، کورد، عەرەب، تورک و بەلووچ یەک بگرن و بتوانن لە پلاتفۆرمێکی سیاسیی جیددیدا فارس-مەرکەزییەت و دیسکۆرسی فارسی ئیزۆلە و تەریک بکەن، دەتوانێ یەکەم هەنگاوی زۆر جیددی بێت. بێشک تورک بێمنەت دیارە و، کێشە لەپێش یەککگرتنێکی وەهادا هەیە. بەڵام، کورد ناچارە ئەو تورکانەی دژی هەوڵێکی وەهان، وەکوو جاشی ئێران و تورکیا بیانناسێنێت و ئیعتیباری نوێنەرایەتیی تورکی ئازەربایجانیان پێ نەدات. هەر وەک جاشی کوردمان هەیە، جاشی تورکیشمان هەیە.

ئەگەر گوتاری هاوبەشی غەیرەفارس بۆ یەکسانیی نەتەوەکان و سەلماندنی یاساییی ئەو ڕاستییە هەبێت، فشارێکی زۆر دەخاتە سەر فارس بۆ دان پێدانان بە ڕاستیی چەند نەتەوەییی جوگرافیای ئێران. ئەوە پێشکەوتنێکی گرینگە و دەشتوانێ بەرەو هاتنەدیی سەروەریی هاوبەش بڕوا. بەڵام هاتنەدیی سەروەریی هاوبەشیش کە ئێستا تەنانەت پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەشی جیددی نییە، بە زوویی و ئاسانی ناتوانێ نابەرابەرییە مێژوویی و پێکهاتەیی‌یەکانی نێوان فارس و غەیرەفارس لەنێو بەرێت. چونکە باس لە هەوڵدانی سەد ساڵەی دەوڵەتێکی وەکوو ئێرانە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی نایەکسانیی سیاسیی، ئابووری، کولتووری و نیزامی لەنێوان فارس و غەیرە فارس بە مەبەستی تواندنەوەی کۆتاییی غەیرە فارس.

ئەوانە مژاری زۆر جیدین کە بیرلێکرنەوەی یەکجار زۆریان پێویستە. ئەگەر هەوڵی جیابوونەوەش نەکرێت بۆ یەکسانیی نەتەوەیی، مافی جیابوونەوە دەبێ بەڕەسمیەت بناسرێت. لە باشترین حاڵەتیشدا تا مافی جیابوونەوە بەڕەسمی نەناسرێت، غەیرە فارس وەکوو نەتەوەی بندەست و بەکەمینەکراو دەمێننەوە. تاکوو جودابوونەوە تاوان بێ، غەیرە فارس لە هەڕەشەی جینۆسایددا دژیت و بەپێی توانایی و هێزی، فارس دەتوانێ هەر جۆرە مافخوازییەکی غەیرە فارس بەناوی دژایەتی لەگەڵ جوداییخوازی سەرکوت بکات. هەلومەرجی ئێستای باشوور هەموو ئەو شتانەی زۆر بە باشی خستووەتە بەرچاومان. مەرکەزییەتی سیاسیی و یاسایی لە دەست عەرەبی شیعە دایە و بە ئاشکراش دەست و پێی کوردی پێ بەستووە. هەر ئێستا دادگای باڵای عێراق وای کردووە کە تەزمیناتی یاسای بنەڕەتیی عێراق، مانایەکی وای بۆ کورد نییە. مەلایەکی ئێران یان پاسدارێکی وەکوو سمایلی قائانی دەتوانێت بە قازییەکی عێراق دەستوور بدات هەموو جۆرە بەربەستێک لەپێش ویست و ئیرادەی کورد دابنێت.

ئێستا کورد قورساییی هێزی نییە و گرینگایەتیی نێونەتەوەییی ساڵانی پێشووشی نەماوە و ناتوانێ یەکگرتووش بێ، چونکە پاراستنی نەتەوەییی کورد و بەرژەوەندیی هێزە سیاسییەکانیەتی و دوو شتی دژبەیەکن. بە هۆی جۆراجۆر قورسایی و مەرکەزییەت و هاوسەنگی نییە و دەبێ ئەمر لە مەرکەزییەتی عەرەبی وەربگرێت. تاکوو کورد بە جێگای شەریک و هاوبەش هێمای ئەمنییەتی و هەڕەشە بێت بۆ یەکگرتوویی عێراق و ئەو دەستبەستراوییەی کورد درێژەی دەبێت. ئەو کاتەی مافی سەروەریی کورد (بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرمەکەی) نەبێت بە ئەمرێکی ئاسایی بۆ نەتەوەی زاڵ، وەکوو هێمای هەڕەشەی ئەمنییەتی دەمێنێتەوە. هەر بەو جۆرە بوونی کوردیش بۆخۆی بە بەردەوامی لە هەڕەشەی وجوودیدا دەمێنێتەوە.

کورد چارەی نییە جگە لە گرتنەپێشی ستراتیژییەکی چوار قاتی یان چوار توێیی. یەکێک لە توێیەکان ئەوەیە، کە کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ بە شێوەیەکی جیددی ئەیجنسی و بکەری یان فاعلیەتی لە ڕۆژهەڵات بگرێتە دەست. کوردی باشوور لە باشوور، کوردی باکوور لە باکوور و، ڕۆژئاواش لە ڕۆژئاوا. ئێمە دەبێ واقیعییەتی چوار کۆدەقی سیاسەتی کوردی زۆر بە جیدی قبووڵ بکەین. کوردی باکوور تەنانەت نازانێ پیتی عەرەبیش بخوێنێتەوە، نابێ ببێت بە کوێخای کورد لە بەغدا یان ببێتە بەشێک لە حەشدی شەعبی. یان کوردی باشوور وردەکە حیزبۆکان ساز بکات بۆ سات و سەودا لەگەڵ ئەردۆغان و تورکیا و کەمکردنەوەی تواناییی سیاسیی هەدەپە و هێزەکانی دیکەی باکوور. ئەوە خۆی شەڕی پرۆکیسی و جۆرێک جاشێتی پۆستمۆدێرن دەخزێنێتە نێو سیاسەتی کوردییەوە. کوردی بەشێکی کوردستان نابێ لەسەر حیسابی بەشێکی دیکە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەتە دژە کوردەکان بکات. دڵنیام هەر کات کوردی هەر بەشێک خۆی ڕزگار کرد، کوردی بەشەکانی دیکە بە منەتەوە داوا دەکەن کە لە ئەزموونەکەی ئەو کەڵک وەربگرن. تا ئێستا مۆدێلی سەرکەوتووی سیاسیی کوردیمان نییە، بۆیە پێویست ناکات کەس ڕەچەتەی شۆڕشی ناسەرکەوتوو هەناردەی هیچ بەشێکی دیکەی کوردستان بکات.

هێزە کوردییەکان، لەبەر ئەوەی دەوڵەت نین، مافی یاساییی سات و سەودای نێودەوڵەتییان نییە، سات و سەودایان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و دژەکورد، تەنیا دەتوانێ بە قازانجی حیزبی ئەوان بێت. بەڵام، دژی بەرژەوەندیی کورد بە گشتی و بەرژەوەندیی کوردی بەشەکانی تر بەتایبەتی بێت. هاوکاریی کورد لەگەڵ دەوڵەتان بە قازانجی بەشێک و بە زەرەری بەشەکانی دیکە، سیاسەتێکی کوردی نییە. بۆیە توێیەکی تری سیاسەتی کوردی دەبێ سیاسەتی کوردستانی بێت؛ بە مانای—یان لەسەر پرەنسیپی—زەرەر نەگەیاندنە بە بەشەکانی دیکەی کوردستان. پێویستە کوردی هەر بەشێک هاوکات

هەوڵی بردنەپێشی سیاسەتی ناوچەییی خۆی، زەربە لە هیچ بەشێکی دیکە نەدات. بێشک لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، هێزی هیچ پارچەیەک ناتوانێ لە یەک کاتدا لەگەڵ دوو دەوڵەتی دژە کورد سیاسەتێکی یەکسانی هەبێت. ئەوەش بەکردەوە یانی ئەگەر هێزێکی کوردی بیەوێت نوێنەرایەتیی زیاتر لە یەک بەشی کوردستان بکات، ئەو کارە بە نرخی قوربانیکردنی ئەوانی دیکە دەکات. هەر چوار دەوڵەتە دژە کوردەکە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورد، هەڵسوکەوتی بەکارهێنانی ئامرازیی کوردە. تەنیا هونەری هێزە کوردییەکان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، دەتوانێت ڕاگرتنی باڵانسی مەنفی و زەرەر نەدان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێت. ئەوە واقیعێکی مێژوویی‌یە و بەسەرماندا سەپاوە. ئێمە ناچارین ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین و لەم بەستێنەدا سیاسەت بکەین.

لایەنی سێهەم، سیاسەتی کوردی دەبێ ئەوە بێت کە سەرەڕای ئەوەی کە لە ناوچەدا کێشە بۆ یەک ساز ناکەن، لە دەرەوە، لە تاراوگە، کوردەکان دەبێ هەوڵ بدەن و تا ئەو جێیەی دەگونجێت سیاسەتی تێکۆشانی یەکگرتوویان بە قازانجی هەموو کوردستان هەبێت. کاتێک کۆڵبەرێک لە ڕۆژهەڵات دەکوژرێت یان نوێنەرێکی کورد لە باکوور دەگیرێت یان هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژئاوا، کورد لە دەرەوە دەبێ سنووری حیزبی و ناوچەییی خۆی بشکێنێ و سۆزی یەک نەتەوەبوونی خۆی زیندوو ڕابگرێت. ئەوە نەک هەر کارێکی ئەخلاقییە، بەڵکوو دۆزی کوردیش لە هەموو جیهان دەباتە پیشەوە. ناچارین لانیکەم لە ڕۆژهەڵات توێی چوارەمیشمان لە سیاسەتی کوردیدا هەبێت، بەو مانایە کورد ناتوانێ بە لانی زۆری مافەکانی بگات بەبێ ئەوەی سەنگەری مافخوازیی خۆی گەورەتر بکات. یانی هەر لەو کاتەدا کە خەبات بۆ مافی کورد دەکات، دەبێ بەرەیەکیش دژی هێژمۆنی و پاوانخوازیی فارس بکاتەوە و لە بەرەیەکی ئاوادا دەبێ لەگەڵ هەموو غەیرە فارسەکان لە جوگرافیای ئێران و تەنانەت ئەگەر فارسی دێمۆکراتیش هەبن، بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنێت. ئەگەرچی ئێستا وێدەچی ئاسۆی بەرەیەکی ئاوا زۆر بەڕوونی دیار نەبێت، بەڵام بەبێ کارکردن و داهێنانی ستراتیژییەکی جیددی، دەستپێشخەریی ئەو ئاسۆیە قەت ڕوون نابێ. بەڵام لە یەک دووساڵی ڕابردوودا زۆر گۆڕان لەم بارەیەوە دەبینرێت و تەنانەت ئێستا گیلەک و مازەنیش لەژێر کاریگەریی گوتاری کوردی باس لە کۆڵۆنیالیزمی فارس دەکەن.

دیارە لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە هیندێک کەس وێدەچی لەو بارەوە ئاماژە بە بوونی پلاتفۆرمی "کنگرە ملیتهای ایران فدرال" بکەن.[19] گەرچی بوونی پلاتفۆرمێکی ئاوا دەیتوانێ باش بێت، بەڵام ئەو کۆنگرەیە هەر لە نێوەکەی ڕا تا دەگاتە ڕێکخستن، کاریگەری، داهاتووبینی و کردەوە، هەندێک کێشەی بنەڕەتی هەیە. ئەلترنەتیڤی غەیرەفارس، پێویستە نێوێک هەڵبژێرێت کە نێوەکەش پرسیار بۆ پێناسەی ئێران و ئێرانی بوون ساز بکات. ئەو کۆنگرەیە لەباری گوتاریی و لە باری سیاسیشەوە هیچ کاریگەری و دەستپێشخەریەکی وەهای نەبووە کە تەنانەت لایەنگرانی حدکا و کۆمەڵەش--کە ئەندامانی بنیاتنەری کۆنگرەکەن--ئەو کۆنگرەیە بە جیددی وەربگرن. لە باری کاریگەری "کنگرە ملیتها" بەبەراورد لەگەڵ "شورای گذاری" حەسەنی شەریعەتمەداریدا--کە بە بەردەوامی خەریکی عیشوە و ناز بووە لەگەڵ کۆڕی شای دەرکراو لەگەڵ "سپاهیان شریف" [20]--وەک نەبێ وایە. تەنانەت، دوو حیزبی کوردیش یانی کۆمەڵەی موهتەدی و حدک بە دزی و بە ئاشکرایی کەین و بەینیان لەگەڵ "شورای گذار" هەبووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵەی موهتەدی یەکێک لە ئەندامی بنیاتنەری کۆنگرەی نەتەوەکانە... کە ئەوە هەم ڕادەی جیددیەتی ئەو پێکهاتە و هەم جیددیەتی ئەندامانی دەسەلمێنێت.

---

[19] https://archive.fo/KkcBF.

[20] بڕوانە وتوێژی شەریعەتمەداری لەو بارەوە https://www.facebook.com/watch/?v=1952514318218097

# سەرچاوەکان

Abdullah Öcalan Sosyal Bilimler Akademisi. Demokratik Ulus ve Siyaseti. Azadî Matbaası. 2013.

Alakom ،Rohat. ÇağdaŞ Türk Edebiyatında Kürtler . Istanbul: Avesta. 2010

Chernilo, Daniel. A social theory of the nation-state: The political forms of modernity beyond methodological nationalism. Routledge, 2008.

Cronin, Stephanie. The making of modern Iran: state and society under Riza Shah, 1921-1941. Routledge, 2003.

Daniel J. ،Elazar "Contrasting unitary and federal systems." International political science review 18.3 (1997): 237-251.

Ihrig, Stefan. Atatürk in the Nazi imagination. Harvard University Press, 2014.

Matin, Kamran. "Deciphering the modern Janus: societal multiplicity and nation-formation." Globalizations 17.3 (2020): 436-451.

Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East." The British journal of sociology 70.5 (2019): 1799-1824.

K. N. Llewellyn . The Constitution as an Institution. Columbia Law Review, 34(1), (1934):1–40 .

Öcalan, Abdullah. "DEMOKRATIK KURTULUŞ VE ÖZGÜR YAŞAMI İNŞA." (2016).

Öcalan, Abdullah. Bir Halki Savunmak. Istanbul: Cetin Yayinlari, 2004.

Öcalan, Abdullah. Çeteciliğe KarŞı Mücadele. Mem Yayınları, 2002.

Öcalan, Abdullah. Demokratik KurtuluŞ ve Özgür YaŞamı inŞa (imralı Notları). WeŞanên Mezopotamya. 2015

Öcalan, Abdullah. Demokratik ulus. Mezopotamya Yayınları, 2016.

Öcalan, Abdullah.Turkiye'de demokratiklesme sorunları Kurdistan'da cozum modellerı (yol haritası). Neuss Mezopotamien-Verl. 2011

Peymannamey KCK. Koma Jvakên Kurdstanê. Chapxaney Azadi. 2008.

Soleimani, Kamal. Islam and Competing Nationalisms in the Middle East, 1876-1926. New York: Palgrave Macmillan, 2016.

Von Der Goltz, Baron. The Nation in Arms Pasta blanda. 2018.

Zizek, Slavoj. Iraq: The Borrowed Kettle. London: Verso. 2004a.

رهبریت و خلق. گفتگویی نیبل الملحلم با عبدالله اوجالان. برگردان شهید دیاکو امد. چاپخانه ازادی. ۱۳۸۷.

متن کامل قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران همراه با اصلاحات سال 1368. https://www.lu.ac.ir/uploads/123456_20436.pdf

معمر القذافي. الكتاب الأخضر. المركز العالمي لابحاث ودراسات الكتاب الأخضر. ٢٠٠٩

محمد عبداللهی، و محمد عثمان حسینبر. هویت جمعی و نگرش به دموکراسی در ایران، مجله جامعه شناسی ایران، دوره هفتم، زمستان ۱۳۸۵ ، شماره ٤، ص ٣-٣٧.

# PKK and the Kurdistan Question

A Critical Reading of the of KCK's program

Kamal Soleimani

دکتۆر "کەماڵ سولەیمانی" پسپۆڕی مێژووی سیاسیی جیهانی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری فەلسەفە، لە ساوتێرن مەین یونیڤێرسیتی وەرگرتووە. لە ساڵی 2009 بڕوانامەی ماستەر و لە 2014ش بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، لە نیویۆرک وەرگرتووە. ناوبراو لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، تێزی دکتۆراکەی سەبارەت بە ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکابەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیوە. سولەیمانی لە زانکۆکانی تورکیا، ئەمریکا و ئەمریکای لاتین وانەی گوتووەتەوە. نووسەری کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆری زانستی لە ژورناڵ و کۆڤارە ئەکادیمی و بەناوبانگ و نێونەتەوەیی‌یەکاندا لەبارەی سیاسەت، ناسیۆنالیسم و ئیسلامگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستان، بڵاو کردووەتەوە. هێندێک لەو ژورناڵانە بریتین لە:

Current Anthropology, Security Dialogue, Nations and Nationalism, Third World Quarterly, Ethnicities, The British Journal of Sociology, Postcolonial Studies, and The Muslim World

زۆربەی نوسینەکانی سولەیمانی لە ئینگلیسی را بۆ سەر زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکی، ئیسپانی و یونانی وەرگێڕدراون. سولەیمانی لە یەکەم کتێبیدا بە ناونیشانی "ئیسلام و ناسیۆنالیزمە ڕکابەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (کە ساڵی 2016 لەلایەن پاڵگرەیڤەوە بڵاو کراوەتەوە)، بە تەرکیز لەسەر ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی دین لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەییدا بینیویەتی، بنەما مەعریفییەکانی دەوڵەت-نەتەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ناوبراو نیشان دەدات کە چۆن تێکەڵاوبوونی ناسیۆنالیزم و بیری ئایینی لە مێژووی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە خزمەت یەکتر و لە خزمەت نەتەوە زاڵەکاندا بوون.

ISBN 978-82-693019-2-2